# تورکیاناسی

گۆڤارێکی سیاسی و کولتووری گشتییە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد - تورک (KTFA) دەردەچێ.. (ژمارەی متمانە: ٣٢١)










هەواڵنامەی کتێب










سەرۆکی کۆمەڵە و خاوەن ئیمتیاز:
■ فەلەکەددین کاکەیی

سەرۆکی ئەنجومەن و سەرنووسەر:
■ شوان تاڤینگ

دیزاین و گرافیک:
■ شاخەوان جەعفەر

■ **ناونیشان:** هەرێمی کوردستان/ عێراق ـ هەولێر، دریم ستی، ژمارە (U4/779)
■ ***Tel:*** *00964 66 451 4080 & 00964 770 235 6000* ***Email:*** *turkiyenasi@yahoo.com*

# لە بارەی فەلسەفەی دۆستایەتییەوە



فەلەکەددین کاکەیی

(١)

دۆستـــایەتی و هاوکاریی نێوگەلان بە درێژایی سەدەی بیســـتەم، وەکو چەمکێک و بەهایەکی بـــەرزی مرۆڤایەتـــی، لە ئـــارادا بـــوو، بەڵام لـــە مـــاوەی جەنگـــی ســـارددا (١٩٥٤-١٩٩٠) رێکخراوەکانی دۆســـتایەتی لە زۆربەی وڵاتان رەنـــگ و مۆرکـــی ئایدیۆلۆژی و سیاســـییان وەردەگرت، هەر بۆیەش لە دوای جەنگی سارد ئەو رێکخراوانەش ساردبوونەوە، چونکە رەنگی ئایدیۆلۆژی کاڵبووەوە.

وەلێ ئێســـتا پێویســـتی قووڵتر و پەتوتر بە دۆستایەتی راستەقینە و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە، تا بـــە بەرەیەکی جیهانـــی رووبەرووی کارەســـات و نەهامەتە سروشـــتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ببینەوە.

(٢)

ئەمەش پوختەی کورتکـــراوەی وتارەکەمە لە بارەی دانیشـــتنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد-تورکە، کە لەم دواییە، لە هەولێر، بەڕێوەچوو. ئێســـتا کە دەڵێن دۆســـتایەتی تورک و کورد، ئەوە لەسەر حسابی هیچ میللەتێکی دیکە نییە، بەڵکـــو بڕوامان وەهایە کـــە دەبێ پێوەندیمان لەگەڵ میللەتانی عەرەب و فارس و هی دیکەی رۆژهەڵات لەسەر بناغەی دۆستایەتی و هاوکاری و هاوسۆزی بێت، ئەم دەقەرە، واتە رۆژهەڵاتی ناڤین دەشـــێ ببێ بە نموونەیەکـــی زیندووی کەشـــی دۆســـتایەتی و هاوکاریـــی نێوان ئەم میللەتانە.

بەڵکو لۆژیکی یاسای ژیان ئەوە دەخوازێ، کە هەمووەمـــان بە تورک و عەرەب و فارس و کورد و تورکمان و سریانی و ئاشووری و ئەرمەنی و خەڵکی دیکە بە ئاشتی و دۆستایەتی بژین و، پێکەوە ناوچەکەمان لە دواکەوتوویی و هەژاری نەهامەتی رزگاربکەین، بە هەموومانەوە سامان و ســـەروەت و ســـەرچاوەی زیادی سەر زەوی و ژێر زەویمان هەیە، توانا و وزەی بەشـــەریی فراوانمـــان هەیە، تەکنولۆژیـــا و جیهانگەرایی و ئـــازادی بازرگانـــی و هاتووچـــۆ و میدیا و پێشـــکەوتنی زانســـت و هونـــەر، رێگەمان بۆ خۆشتر دەکات تا ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و دڵنیایی بۆ میللەتەکانمان دروست بکەین.

نەبەس ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بەڵکو تـــەواوی میللەتانـــی جیهان پێویســـتیان بە پێوەندیـــی دۆســـتانە و هاوکاریـــی یەکدین، فەلسەفەی دۆســـتایەتی لەو بارەوە گرنگە کە هەموو ئادەمیزادەکانی ســـەر ئەرز پێویستیان بە پشتیوانی یەکترە.

(٣)

بـــاوەڕم بە یەکبوون و یەکێتی بەشـــەرییەتە، وەختی هاتـــووە بەها گەشـــەکانی کولتوور و کەلەپـــووری گـــەلان ببوژێنینـــەوە، لەوانەش کولتووری مرۆڤ دۆســـتانەی ئێمەی میللەتانی رۆژهـــەڵات، لەمێـــژە فەیلەســـووفی دانایی و ماریفەت سەعدی شیرازی ١١٨٩- ١٢٩٢) بانگی یەکبوونی ئینسانەکانی هەڵداوە.

هەروەهـــا مەولانا جەلالەدینـــی روومی، بەر لە شەشسەد ساڵ، ئینسانەکانی بە ئاگادەهێنا، تا لە (مافی ئازادیی و ویژدان) تێبگەن، کە لە نێوان مەسەلەکاندا ئازاد و سەربەستن لە هەڵبژاردنی هـــەر ئاراســـتەیەک، هەر بۆیـــەش دەیوت کە ئازادی ویـــژدان وەکو (خۆیی) عیبادەتە، واتە: مرۆڤ دەبـــێ عیبادەتیش بە ویژدانی ئازادەوە هەڵبژێرێت، دەیوت: چ سوودێک لەو عیبادەتە هەیە کە بە زۆرو ناچاری بکرێت، دین، یا ئایین، ئەخلاق و ویژدانە.

(٤)

فەلســـەفەی (ئـــازادی و ویـــژدان) جەوهەری زەردەشتە، کە زیاتر لە سێ هەزار و پێنجسەد ســـاڵە بۆ ئادەمیزاد ماوەتەوە، ئـــەم ئازادییە ماکی سۆفیگەری و عیرفانە، چونکە دەروازەیە بـــەرەو رزگاربی رۆحی — مەعنەوی مرۆڤ، کە پەیامـــی جەلالەدین روومی و ســـۆفی و عارفە مەزنەکانە.

ئا ئەوەیە بناغەی دۆستایەتی راستەقینە کە لە سەرچاوەی ئازادیی ویژدانەوە دێ.

لێرەشـــەوە، بە یەکێتی ئایینەکان دەگەین، کە بە مانای یەکبوونی پەیڕەوەکانیان، کە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

(٥)

بابا تاهیری هەمەدانی کە بەر لە هەزار ســـاڵ ژیاوە لە شـــیعرێکی عیرفانیدا بەشـــێوەزاری کوردی لـــوڕی دەیوت (. کەنشـــت و کەعبە و پوتخانە و دیر) لـــە دولبەری دلۆڤان (واتە پەروەردگار) خالی نین، کەواتە لەلای بابا تاهیر هەموو جێگەیەک مەنزڵی عەشقی خواوەندییە، چ کەنیسەبێ یا مزگەوت، پوتخانە بێ یا دێری رەبەندەکانی کریستیانی و ئایینەکانی تر.

شاعیرێکی هاوچەرخ چوارینەیەکی بابا تاهیری بە کرمانجی خواروو بەم شێوەیە هۆنیوەتەوە:

لە ناو مەستانا مەست بم، رووم لە تۆیە
لە دێر پوتپەرست بم، رووم لەتۆیە
ئەگەر هیندو کافربم، یا موسڵمان
لە هەر جۆرە مەبەست بم، رووم لەتۆیە

واتە: لەسەر ئاینێک بێ سەرانجام رووی لە یار و دولبەرە کە یەزدانی میهرەبانە، فەلســـەفەی یەکێتی ئاینیەکان و یەکبوونی ئادەمیزاد لەلای بابـــا تاهیر زەمـــەن و دیـــارە، دوای نزیکەی (٢٥٠) ســـاڵ فەیلەسووفی گەورەی ئەندلوسی موحیدینی ئیبنو عەرەبی، بە شیعرێکی جوانی عەرەبی هەمان تێگەیشتنی یەکێتی ئاینییەکان دێنێتەوە، کە بە کورتی، مانای ئەوەیە:

– بەر لە ئێستا حەزم نەبوو لە کەسێکی جیاواز لە ئاینەکەم، بەڵام ئێســـتا دڵـــم بۆ هەمووان کراوەیـــە، هەموویانـــم قبووڵە، دڵـــم جارێک وەکـــو لە وەرگای ئاســـکانە، جارێکیش دیری رەبەنەکانـــە، جارێک خانەی پوتپەرســـتانە، جارێکیش کەعبەیە، (واتە مزگەوتە)، جارێک تابلۆی تەوراتە جارێکیش لاپەرەی قورئانە...

ئەم شـــیعرە، لە رواڵـــەت و مانای دەرەکیش دا، لـــە کوفـــر و شـــرک و، لادان و لە یەکتا پەرســـتی، دەچێت، دەڵێ کەسانێکی سۆفی و عارفـــی مەزن وەک ئیبنو عەرەبی، باوەڕ دار و یەکتاپەرست و خواناسن، ئەو تێکەڵوپێکەڵییە لە حزەیەکی سەرخۆشـــی و مەســـتی عەشقی خواوەندییـــەوە دێ، ئەویش کاتێکە کە لە یاد و وجودی پـــەروەردگار زیاتر هیچی لەبەرچاو نامێنێ، بەڵکو هەمـــوو جێگەیەکی لێدەبێ بە پەرســـتگا..(روو لە هەر کـــوێ بکەی بەرەو رووی خوا دەبیتـــەوە). دیارە کە دین ئەخلاق و ویژدانە.

(٦)

جەلالەدینی روومی، فەیلەســـوف و شـــاعیر و بـــاوەڕدار مانـــای یەکبوونی وجـــود و یەکێتی ئاینیەکان و ئینســـانەکان بە هێمایەکی ئیجگار ســـادە و روون دەهێنێتەوە، دەڵێ کە (ترێ) هەر ترێیە، سروشتی ناگۆڕێ، هەر چەندە لای هەر کەســـێ ناوێکی هەیە، عەرەب پێی دەڵێ: (عنەب) تورک دەڵێ: (ئۆزم) فارسیش دەڵێ: (ئەنگور) کەواتە یەک شـــتە بەناوی جیاواز، لێرەوە دەچێتە سەرباســـی یەکبوونی وجود و یەکێتی ئاینییەکان.

کەواتـــە، جیـــاوازی زمـــان رێگە ناگـــرێ لە تێگەیشـــتن و دۆســـتایەتی، هیچ سنوورێک لە پێش یەکبوونی ئینســـانەکانا نییە، هەموو کەسێک پێویســـتی بە دۆستایەتی و هاوکاریی ئەوانی ترە، ئەوەیە ماکی فەلسەفەی دۆستایەتی مرۆڤدۆستانە.

هەوڵنامەی کتێب

# بەکوردی؟



بەهرۆز گەلالی*

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام،عیراق ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بوە، ناوەنـدی ململانێی بەهێزی نێـوان وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئێران .ئاشکراشـە کە ئێران کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر پێکهاتەکانی عێراق هەبوەو هەیە. بەتایبەتیش لەناوشـیعەکان نفوسێکی بڕیاردەری خۆی هەیەو لەناو عیراقیشـدا ئێران ڕۆڵێکی گەورەو بەچاوی هەیە. .ئەم ململانێیە زۆرجار بەڕونی لە نێوان ئەمەریکاو ئێـران لە زۆر بواردا بەرچاو کەوتووە .تەنانەت لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشـدا ئەم ململانێیە زیاتر بووە .بـەڵام ئەمجارەیان هەندێ هێـزی دەرەکی تریش خۆیان خسـتۆتە ناو دۆسـیەکە ی عێراق و موعادەلە سیاسـییەکەی . لەوانـەش تورکیـاو وڵاتانی عەرەبی .کەجاران ڕاسـتەوخۆ تەداخولی ئیشـو کاری ناوخۆی عێراقیـان نەدەکرد. دەسـتیان لەکاروبـاری ناوخۆی عیراق بەڕاسـتەوخۆ وەرنەدەدا .بەڵام ئێستا ڕاستییەک خۆی دەسـەلمێنی .ئەویش هەم وڵاتانی عەرەبی،وەک سـعودییەو سـوریاو میسـر،هەمیش تورکیا بەئاشکرا دەیانـەوێ لەپێکهێنانـی حکومەتی داهاتـوی عێراقدا قسـەی خۆیان هەبێ. باشـترین نمونەش ئەنجامدانی کۆبونـەوەی سـێقۆلی هەرسـێ سـەرۆکی ( قەتەر و سـوریاو تورکیا)بو کەلە٥/٩ لە ئیستانبول ئەنجامدرا. لەوبارەیـەوەش تورکیا بەڕوونی دەیەوێ،لە داهاتودا لە عێراق هەم ڕۆلی سیاسـی و نفوسی زیاتر بێ،هەمیش لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراقدا قسـەی خۆی هەبێـت و بەرژەوەنـدی وڵاتەکەی لەبەرچـاو بگیرێ، لەهەمانکاتیشـدا ئەنجامدانـی ئـەو کۆبونەوە، سـێ قۆلییـە، پەیامێکیش بوو بۆ ئیران،بـەوەی کە ئیران تەنیـا لەبڕیاردان لە چارەنوسـی عێـراق و پێکهاتنی حکومەتەکەی تەنیا خاوەن هەڵویسـت و بڕیاردەر نیەو مەیدانەکـەش بەس بۆ ئیران چـۆل ناکەن.هەرئەوەش هۆکاری ئەوەبوو کە لەوکۆبونەوەیەدا ئیران بەشـداری پێنەکـرا. دوای تەواوبونی کۆبونەکـەش، لاری جانی هات بۆ ئیستانبول، سـەرۆکی تورکیای بینی. سەرۆک کۆماری تورکیا گویل ڕاکانی هەرسـێ وڵاتی دەربارەی عیراق بە ئیران ڕاگەیاند. لەلایەکی تریش تورکیاو هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی بە ئاگاداری ئەمەریکا، پشتیوانی تەواو لەلیسـتی ئەلعیراقییە دەکەن. ململانێیەکە ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر تازە .ئەگەرسەیر بکەین، دەبیین عەلاوی لەماوەی دوای هەڵبژاردنی پەڕلەمانی عیراق، تا ئێستا چوار جار هاتۆتە تورکیا. تاریق هاشمی سێ جار هاتووە بۆ تورکیا..ئەمـەش هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ زەعیفی لە هەلوێسـتی هەندێ لە سەرکردەکانی عێراق وهەندێکیان بەئاشکرا وابەستەی بیروبۆچونەکانی وڵاتانی دەوروبەرن .ئەمەش وایکردووە ململانێیەکە قولتربێتەوە، تەداخولاتی دەرەکی لە ئیشوکاری ناوخۆی عێراق زیاتر ببێ. هەرچەندە وڵاتانی هاوسێ لە لێدوان و هەڵوێستە ڕەسمییەکانی خۆیان دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوان لەگەڵ هەڵوێستی عراقییەکانن و هەرحکومەتێکی کە ئەوانیش پێکی بێنن هاوکاری دەکەن.بەڵام لەمەیدانی پراکتیکدا هەمولایەک دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن. دیارە لیسـتی عێراقییـەش کەعەلاوی سەرپەرسـتی دەکات،لیسـتێکە لەناوخۆیدا هەرچەنـدە خیلافاتێکی زۆری تێدایە .بەڵام لەبەرانبەر لیستەکانی شیعەو کورد، ڕێکیان خستون. تورکیا هەوڵیداوە خیلافاتایان نەهێلی و توانیویەتـی هەمویان لەناو ئەو لیسـتەداکۆبکاتەوە. ئەمـەش هەقیقەتێکـی حاشـا هەڵنەگـرەو لیسـتی ئەلعیراقیەو سـەرکردەکانی بەبـێ تورکیا ناجولێنەوەو تەنسـیقێکی تەواویـش لەنێوان تورکیـاو سـوریاو سـعودیەلەوبارەیەوە هەیە .ئەنجامـی هەلبژاردنەکانی ئەم دواییەی عیراقیش زۆر ڕاسـتی تریشـی دەرخست .لەوانە شـۆڤینیزم لەعیراق زیادی کردووە .بزوتنەوەی رادیکالی مەزهەبی زۆر گەشەی کردووە .هێزە چەپەکان بەداخـەوە بەرەو لاوازی ڕۆیشـتون و پاشەکشـەیان کردووە .کولتوری دیموکراسـی لەعیراق بەداخەوە بەرەو لاوازی دەڕوات،لەهەموی ناخۆشـتر ئەوەیەکە دەرکەوت خەڵکـی عیـراق زۆر بەکەمی دەنگ بەژنـان دەدەن. هەروەهـا تەداخولاتی ئیقلیمـی و دەرەکی زۆر زیادی کردووە. هەندێ هێز لەعێراق هەن بەتەواوی وابەستەی دەرەوەن .لەناویانـدا لایەنـی مەزهەبـی هەیە،هەوەک ڕایەلەی نەتەوەپەرسـتیش هەیە، .لەهەموی ترسناکترو خەتەرتر یش ئەوەیە، خۆڕێکخستنەوەی بەعسییەکانەکە بـە ئاشـکرا دەردەکەوێت . لەو دواییەشـدا سـوریا بواری بۆ ڕەخسـاندن کە کۆنگەرەی خۆیان بەئاشکرا ئەنجام بدەن. . ئەم دیاردانە، ئەم مەترسـیانە،جێگای هەڵوەستە لەسەرکردن و لێکدانەوەو دیراسەتێکی قولی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی عیراقە. بەتایبەتیش سـەرکردایەتی هەرێمی کوردستان،پێویسـتە لەئاست ئەو دیاردانە دا هەڵوەستەیەکی جدی بکات .بەکوردی تەداخولاتـی دەرەکی لەداهاتودا زیاتر زیان دەگەیەنێ بـە تەجروبەی هەرێمی کوردسـتانی عێـراق .ئەگەر لەئێسـتاو ە خەمی لێ نەخۆین و تەگبیری دروسـتی بۆنەکەین!!!

*



# «کرانەوە» پرسی کورد لەرۆژەڤ دەهێڵێتەوە



حالم ئیپەک*

ئەندامێتـی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و شـەرعیەتی قانوونی سـتاتۆی باشووری کوردستان، دوو هۆکاری سەرەکین لەدەسـتپێکردنی پرۆسەی کرانەوە لەلایەن حکومەتـی تورکیـاوە. هەرچەنـدە حکومەتی داد و گەشـەپێدان سـەرەتا بەناوی «کرانـەوەی کورد» دەسـتی بەم پرۆژەیە کرد، بـەڵام دواتر ناوەکەی بۆ «کرانەوەی دیموکراتی» گۆڕی، لەکۆتاییشدا ناوی نا «پرۆژەی یەکێتی میللی».

پێویستە رای گشتی ئەم پرۆژەیە پشتگوێ نەخات، کە لەبنەڕەتدا ڕێگا کردنەوەیەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و چەکداماڵینی (PKK)، لەبەرئەوەی لە ٨٧ سـاڵی رابردوودا حکومەتی تورکیـا هیچ هەنگاوێکی لەمجۆرەی نەهاوێشـتووە، هیچ کاتێک بەمشـێوەیە فراوان و کراوەیە، گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە نەکراوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گرنگە، مرۆڤ دەتوانێت بە کرانەوە لەرووی هزری و تێڕوانینەوە ئەژمار بکات. ئەم پرۆژەی کرانەوەیە ڕەنگە کێشەی کورد چارەسەر نەکات، بەڵام لەشـوێنی خۆی نامێنێ و سـوودی بۆ کوردان دەبێت، پرسـی کورد لەرۆژەڤدا دەهێڵێتەوە، من لەلایەن خۆمەوە هیوادارم ئەم پرۆژەیە، دەرگایەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بکاتەوە.

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە وای دەبینین، کە پێویسـتە کـورد خۆی ئیدارەی خۆی بـکات، ئازادانە و لەڕێی ریفراندۆمێک سـتاتیۆیەک بۆ خـۆی هەڵبژێرێت، بۆ ئەمەش پێویستە هەلومەرج ئامادە بکرێت، لەسەرەتادا پێویسـتە بەشێوەیەکی فەرمی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەدەستووری بنچینەییدا ناسـنامەی کوردی قەبووڵ بکەن و بەشـێوەیەکی یەکسـان و بەبـێ جیاوازی چەمکی هاوڵاتی دەسـتووری بچەسپێنن و پەروەردە بەزمانی کوردی گشـتگیر بکرێ، کۆسپەکانی بەردەم راگەیاندنـی کـوردی لاببرێـت. هەروەهـا دەزگای سـوپای تایبەت، تیمەکانی سـیخوری و جاشایەتی هەڵوەشـێتەوە. جگە لەسەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوەی گوند و ئەو شوێنانەی لەسەردەمی شەڕدا زەرەرمەند بوون و کەسانی زەرەرمەند قەرەبوو بکرێنەوە.

ئێمە لەسـاڵانی ١٩٧٠ دەسـتمان بەکاری سیاسی و ڕێکخسـتن کردووە، یەکێک لەڕێکخراوە زۆر کۆنەکان بـۆ یەکەمجـار داوایکرد پـەروەردە بەزمانی کوردی سەربەسـت بێت، لەڕێگـەی چەندیـن چالاکی ئەم داخوازیەمان کردۆتەوە بەشـێکی گرنگی خەباتمان، ئەمڕۆ ئەم داخوازییە لەدوای ٣٠ ساڵ بووەتە داخوازی بنچنەیی سـەرجەم ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردی و تورکییەکان، ئێمەش ئەمڕۆ پێداگیری لەسـەر هەمان داخـوازی دەکەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەم داخوازییە لە شـەو و ڕۆژێکـدا پێکبێت، بەڵام وەکو هەنگاوی سەرەتا دەتوانرێت:

- لەزانکۆکان بەشـی خوێندنی کوردی بکرێتەوە، بۆ ئاشنابوون بە زمان و ئەدەبیات و مێژووی کوردان، تا کادری پەروەردەیی پێبگەیەنرێت.
- لەسـەرجەم دامودەزگا حکومییەکان، نووسینگەی وەرگێـڕی کـوردی بکرێتەوە لەپێنـاو خزمەتکردنی هاووڵاتییان.
- نـاوی کوردی بۆ گوند و شـار و چیاو گەڕەکەکان بگەڕێتەوە.
- لەسـەر چیـاکان، قوتابخانـەکان، پەرلەمـان و دەزگا فەرمییـەکان دروشـمی سەردەسـتی نەژادی بسڕێتەوە، لەشوێنی ئەمەشـدا بەگوێرەی پرەنسیپە دیموکراتییـەکان و پێداویسـتییەکانی کۆمەڵـگا زەمینەسازی و هەلومەرجی تازە ئامادە بکرێت.
- یاسـا و بڕیاری تازە دەربچێت بۆ دانانی تەلەڤزیۆن و رادیۆی تایبەت بەزمانی کوردی.
- نەهێشـتنی ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم ئازادی بیروڕا.
- یاسایەک دابنرێت بۆ دامەزراندنی پارتە کوردییەکان و پرۆگرام و خەباتی سیاسی و کولتووری ئەو پارتانە بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردندا.
- پـارت و ڕێکخـراو بۆ نەتەوە و کەمـە نەتەوەکان دابمەزرێت.

مرۆڤ دەتوانێت چەند خاڵێک ریز بکات، بەڵام گرنگترین خاڵ بوونی ستاتیۆیەکی کوردییە. لەمڕۆ بەدواوە نابێت کوردان بەبێ سـتاتیۆ بژین و لەلایەن خەڵکی ترەوە ئیدارە بکرێن. پێویستیمان بەدەستوورێکە، کە تێیدا سەرجەم کوردستان و سیمبولەکانی بەفەرمی بناسرێن و ماف سیاسییەکانی گەرەنتی بکرێت. لەپێڤاژۆیەکی درێژدا لەنێـو کەشـوهەوایەکی دیموکراتیک و ئازاد لەچوارچێوەی سیسـتمێکی فیدراڵیدا بەشـێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیار لەسـەر مافەکانی بدات، کە ئایا بەچ شێوە و سیستمێک دەیەوێ لەگەڵ تورکیا بژی.

***سکرتێری تەڤگەری دیموکراتی شۆڕشگێڕ**

**بەرشنامەکەی بێشکچی بۆ فەلەکەددین کاکەیی**

# نووسینەوەی مێژوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چ واتایەکی هەیە؟



ئیسماعیل بێشکچی

**بەڕێز/ فەلەکەددین کاکەیی سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد-تورک (KTFA)**

**سڵاو بەڕێز فەلەکەددین،**
**لەگەڵ ڕێز و حورمەتم دا...**

نامەکەی جەنابتانم پێگەیشت. سوپاسی بانگهێشتەکەتان و گرینگیپێدانتان دەکەم...

بە بۆنەی ئەو بانگهێشتەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بابەتێک بدەم، کە پێموایە گرینگە.

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و دوای تەواو بوونی جەنگیش، کوردەکان ڕووبەڕووی کارەساتێکی زۆر گەورە بوونەوە. جوگرافیای کوردستان و کوردەکان، کەرت کران، پارچە پارچە کران و پەرشوبڵاو کرانەوە. بەریتانیا و فەرەنسا وەک هێزە ئیمپریالەکانی ئەو سەردەمە، ڕۆڵێکی گرینگیان لەو مەسەلەیەدا هەبوو. بەریتانیا و فەرەنسا، لەو قۆناخەدا لەگەڵ تورک، عەرەب و فارسەکان ڕێککەوتن و گرینگیان بە وەرگرتنی دەنگی یەکیەتیی سۆڤییەت دا.

دابەشبوون و پارچەبوونی کوردستان و کورد لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵانی ١٩٢٠ەکاندا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات؛ ئەگەر نەتەوەیەک یان وڵاتێک لە قۆناخێکی دیاری مێژوودا پارچە و دابەش بکرێن، جارێکی دیکە ناتوانن خۆیان کۆ بکەنەوە و بێنەوە سەر خۆ. کەرتبوون، پارچەبوون و دابەشبوون، هێشتا بەردەوامە. کەرتبوون، دابەشبوون و پارچەبوون، گەلێک بەرهەم دەهێنێت کە خۆیان دروست دەکەن و زیاد دەکەن.

کوردستان کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٦یەمدا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان و ئێراندا دابەش کرابوون، لە چارەکی یەکەمی سەدەی ١٩یەمدا جارێکی دیکەش دابەش کرانەوە. لە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئێراندا لە ساڵی ١٨٢٨، ناوچە باکوورییەکانی پارچەی ژێر دەستی ئێران، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا. لەم چوارچێوەیەکاد دەبێ چۆرۆکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەبیر بهێنرێتەوە.

بەڵام کاریگەرترین و ماوەدرێژترینیان کە کاریگەریی لەسەر ئەم سەردەمەش هەیە، ئەنجامی کۆنفرانسی لۆزانە کە ساڵی ١٩٢٠ بەڕێوە چوو. تەنانەت دوای گۆڕانکارییەکان، پارچەبوونەکە بە شێوەیەکی زۆر قووڵتر دەرکەوت و عەشیرەتەکان، خێزانەکان و تەنانەت لە نێو خێزانەدانیشدا بۆ چەند پارچە دابەش بوون. ئەم قۆناخە لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویداوە.

نووسینەوەی مێژوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم بارودۆخەدا چ واتایەکی هەیە؟ وا بزانم بە واتای هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کورد و کوردستان لە مێژوو دێت.

ئەمڕۆ ٤٧ دەوڵەت لە کۆمیسیۆنی پەرلەمانی ئەورووپادا ئەندامن. ئاندۆرا، سان مارینۆ، مۆناکۆ و لینخن شتاین، چوار لەو دەوڵەتانەن. حەشیمەتی ئەو دەوڵەتانە، لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ هەزارە کەسەوەیە. ئەو دەوڵەتانە هەروەها لە نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا ئەندامن. ڕووبەری ئەو وڵاتانە، ئەوەندەی شارێکی کوردستان دەبێت.

ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا ٢٧ وڵاتە. حەشیمەتی لۆگسەمبۆرگ و ماڵتا، نیو ملیۆنە، حەشیمەتی قوبرسیش لە خوار یەک ملیۆنەوەیە. سلۆڤێنیا، سلۆڤاکیا، لیتۆنیا و لیتوانیا، خاوەنی ٢ تا ٣ ملیۆن حەشیمەتن. لە یەکێتیی ئەورووپادا، تەنیا حەشیمەتی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگیلتەرا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا لە حەشیمەتی کورد زیاترە. حەشیمەتی پۆلۆنیاش ڕەنگە ئەوەندەی هی کوردەکان بێت. حەشیمەتی ٢١ وڵاتەکەی دیکەش، لە کۆی گشتی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمترە.

ئەمڕۆ ٢٠٧ دەوڵەت لە دنیادا هەن. ١٩٢ دەوڵەتیان، ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانن. لە نێو ئەم ٢٠٧ەدا، دەیان وڵات هەن کە حەشیمەتەکەیان، لە یەک ملیۆن کەمترە.

کوردەکان سەرەڕای ئەو حەشیمەتە زۆرە و ئەو جۆگرافیا بەرفراوانەیان، خاوەنی گرینگییەکی سیاسیی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی نین. ئەمە لایەنێکی بەرچاوی مێژوویی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوینە.

ساڵانی ١٩٢٠ەکان و لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، کوردەکان و کوردستان کەرت کران، پارچە کران و دابەش کران. ئەمە بە واتای دابەشکردنی ئیسکلێت و بڵاوکردنەوەی مێشکی کوردستانە. بۆ قووڵترکردنەوە و بڵاوترکردنەوەی دابەشبوونەکە، هەموو جۆرە ڕێکارێک دەگیرێتە بەر. بەکارهێنانی ئەلف و بێی جیاواز لە ناوچە جیاوازەکانیدا، ئەم پارچەبوونە قووڵتر و درێژخایەنتر دەکات. دروستکەری ئەو خاڵە لاوازانە، ئەو خەڵکەن کە ڕوو لە زیادبوونن. ئەمڕۆ لە تەواوی چینەکاندا، خاڵی لاوازیی زۆر بوونی هەیە. زانستی مێژوو، بە سەرکەوتوویەوە دەتوانێ تەواوی ئەم خاڵە لاوازانە ئاشکرا بکات. دانەبەزینی کوردەکان لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا لە هەڵبژاردنی ٧ ئاداری ٢٠١٠دا، یەکێک لە نیشانەکانی ئەو لاوازیانە بوو. بەم هۆیەوە، لە بەغدا ئەگەری کەمبوونەوەی دەنگەکان هەیە.

لە ساڵانی ١٩٢٠کاندا و لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلاندا، کوردەکان لە بەرامبەر کارەساتێکی گەورەدا هێڵدرانەوە. هەڵبەت کە نابێ خاڵە لاوازەکانی کوردەکان پەراوێز بخرێن. دوژمنانی کورد، بە کەڵکوەرگرتن لەم لاوازیانە، توانیویانە ڕەوشێکی وەها بخولقێنن. هەڵبەتە دەبێ ڕەخنە لەو لاوازیانە بگیرێت. بەڵام بەرپرسی ڕاستەقینەی ئەم قۆناخە، ئەورووپا و بەڕێوەبەرانی ئەورووپان. کوردەکان، لەگەڵ بەڵاکانی عەرەب، فارس و تورکەکان بەجێهێڵدراون. لە کشتوکاڵدا کۆمەڵێک بەڵای وەک وشکەساڵی، هێرشی کوللە و کۆمەڵێک کارەساتی دیکە هەن. ئەمانە کۆمەڵێک بەڵای کاتین. بەڵام بەڵای عەرەب، تورک و فارسەکان درێژخایەنتر و بە شێوەیەک کە کاریگەریی لەسەر تاک هەبێت، بیری لێکراوەتەوە و خراوەتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەمڕۆ، هەندێک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، ڕۆژێک لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا و ڕۆژێکیس لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی ئێرانەوە بۆردوومان دەکرێن، ڕۆژی سێیەمیش لەلایەن هەردوو لاوە بۆردوومان دەکرێت. سووریا بە هاندانی ئەم پێڤاژۆیە، چاودێری ڕەوشەکە دەکات. هەرچی حکوومەتی عێراقیشە، هیچ جۆرە هەڵوێستێکی لە بەرامبەر ئەمەدا نییە. وڵاتانی دراوسێی عێراق و وڵاتانی دنیاش هیچ هەڵوێستێکیان نییە. تەنیا حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەم هەڵوێستە وەربگرێت و شەرمەزاری بکات.

بەرپرسی تەواوی ئەمانە، لە سەرەتادا یەکێتیی ئەورووپا و لە سەروویانەوە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی سەردەم، واتە بەریتانیا و فەرەنسان. ئەورووپا هێشتا خەباتی کوردکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بە «تیرۆر» ناو دەبات. دامەزراوی وەک کۆمیسیۆنی ئەورووپا و پەرلەمانی ئەورووپا، ئەو مافانەی بۆ میللەتی بچووکی وەک ئاندۆرا، سان مارینۆ، لیختن شتاین و مۆناکۆی بە ڕەوا دەزانێت، بۆ گەلێکی گەورەی وەک کورد بە ڕەوای نابینێت. لە کاتێکدا کە ئەو گەلانە، بەبێ هیچ قوربانییەک بوونەتە خاوەنی دەوڵەت، کەچی کوردەکان نزیکەی ٢٠٠ ساڵە، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی قوربانی دەدەن. سەرەڕای کوشتار و جینۆساید، توانیویانە بوونی خۆیان بپارێزن و هێشتا خەباتیان لە پێناو ئازادی بەردەوامە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕەخنە لەو هەڵوێستە دەگرم و پرۆتیستۆی دەکەم و ناچم بۆ ئەورووپا. ئەمە بڕیاری خۆمە. ئەمڕۆ هاوڕێی زۆر بەڕێز هەن کە لە وڵاتی جیاوازدا دەژین. کاری زۆر باش لە پێناو زمانی کوردی، کولتووری کوردی، کۆمەڵگەی کوردی، مێژووی کورد، ئەدەبیاتی کورد و ژیانی کورد دەکرێت. ئەوەی من دەبێ وەک هەڵوێستێکی تاکەکەسی لێک بدرێتەوە. هیچ پێشنیارێکم بۆ هیچ کەس و دامەزراوێک نییە.

ئاشکرایە کە پەیوەندیی نەرێنیی قۆناخێکی نەرێنیم ڕوون کردووەتەوە. بەڵام ڕەوشەکە لەوەش زۆر خراپترە. گەلێک کە ژمارەکەی لە ٤٠ ملیۆن تێدەپەڕێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هیچ مافێکیان نییە، کاتێک باس لە ئازادیی و مافی گەلان دەکرێت، هیچ بەرچاو ناگیرێن و خەباتەکەیان تەنیا بە «تیرۆر» لێک دەدرێتەوە. دەزانرێت کاتێک باس لە «تیرۆر» دەکرێت، چۆن بەرامبەری هەڵوێست وەردەگیرێت؛ «تیرۆر»ەکە لەناو دەبەین، بناغەی «تیرۆر» هەڵدەکۆڵین و ...هتد.

لە ماوەی ٤٠-٥٠ ساڵی ڕابردوودا، خەباتی ئەرێنی کراون و مافی گەورە بەدەست هێنراون. بەڵام کاتێک بە گشتی باسی کورد دەکرێت، ساڵی ١٩٢٠ەکان و لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلاندا، تەنانەت کاتی دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا، هەڵوێستێکی تەندروستیان بەرامبەر ئەو ڕەوشە نەبووە و دەتوانین بڵێین ئەو گەلەیان پەراوێز خستووە. کاتێک باسی ئەمانە دەکەم، هەڵبەتە خەباتی عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحموود بەرزنجی، شێخ سەعید، ئیحسان نووری پاشا، سەید ڕەزا، قازی محەممەد، مەلا مستەفا بارزانی، عەبدولڕەحمان قاسملو، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ساداتی نەهری، بەدرخانەکان و ئەوانی دیکە لەبەرچاو دەگرم. هیچ گومانیش لە شکۆمەندی و بەنرخیی ئەم خەباتانەدا نییە، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە هێشتا بەردەوامە. ٤٠ ملیۆن کەسی، بەڵام هێشتا لە پەیوەندیی دەوڵەتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێگەیەکی گرینگت نییە. بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی، لەم ڕوانگەیەوە پێموایە دەبێ ڕەخنە لە خودی کوردەکانیش بگیرێت. پێویستە بڵێم کە ئەمەش هەڵوێستێکی تاکەکەسییە. زۆر هاوڕێی بەڕێزم هەیە کە سەردانی باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بابەتێکی گرینگی دیکەش بدەم. لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کورد و کوردستان لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی سەردەم و هاوکارەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کەرت کرا، پارچە کرا و دابەش کرا. ئەو ڕەوشە، نزیکەی ٩٠ ساڵە دەپارێزرێت. لە سەرەتای سەدەی ٢١ەمدا، دەوڵەتێکی ئیمپریالیستیی نوێ، بە دەستتێوەردانی سەربازی لە عێراقدا، چاڵێکی نوێی دروستکرد. کاتێک لە نیسانی ٢٠٠٣دا ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق، بێگومان بە گوتنی «با چاکەیەکیش لەگەڵ کوردەکان بکرێت...» ئەوەی نەکرد. بەڵام لەناوچوونی ڕژێمی سەددام، بڵاوبوونی حزبی بەعس، بڵاوبوونی موخابەرات، بڵاوبوونی سوپا و لەناوبردنی چەکی کۆکوژ، ڕێگەی بۆ کوردەکان کردەوە. کوردەکان بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە، بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی سەقامگیر، عێراقێکی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بونیات نا. ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە لە سەرەتای سەدەکانی ٢٠ و ٢١، دەبێ ببنە بابەتێکی گرینگی گەرایش، فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی سیاسەت، فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان.

بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی

سوپاس بۆ گرینگیپێدانی تایبەت و بانگهێشتەکەتان.. بەڵام ناتوانم وەڵامێکی ئەرێنی بە بانگهێشتەکەتان بدەمەوە.

هیوای تەندروستی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

هەواڵنامەی کتێب

# كۆمەڵەی دۆستایەتی و ژووری بازرگانی نێوارە خوانێكی هاوبەش بۆ سەركۆنسوڵی كۆماری توركیا لەهەولێر ساز دەكەن







بە بۆنـــەی نزیكبوونـــەوەی دەســـتبەكاربوونی كۆنسوڵخانەی گشتی توركیا لەهەرێمی كوردستان هەریـــەک لە دەزگاكانی كۆمەڵەی دۆســـتایەتی كورد-تـــورک و یەكێتـــی ژووره بازرگانییەكانی كوردســـتان رۆژی ١٦ی مانگی مایسی رابردوو لەســـەر شـــەرەفی بەڕێـــز ئایـــدن ســـەلجین سەركۆنســـوڵی كۆماری توركیا لەهەولێر ئێوارە خوانێكی لەهۆڵی ئۆتێل شیراتۆن بۆ ژمارەیەک لەكۆنســـوڵی وڵاتان لەهەولێر و هەندێ لە وەزیر و پەرلەمانتـــاران و میدیاكاران و مامۆســـتایانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان سازكرد.

بە ئامادەبوونی بەڕێـــزان فەلەكەددین كاكەیی ســـەرۆكی كۆمەڵەی دۆســـتایەتی كورد-تورک و دارا جەلیـــل خەیات ســـەرۆكی یەكێتی ژووره بازرگانییەكانی كوردســـتان و ســـەرۆكی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆک و سلێمانی بەڕێز ئایدن سەلجین سەركۆنسوڵی كۆماری توركیا و جێگرەكەی د. سینان ئیلهان هاتنە داوەتكردن.

ســـەرەتا بەڕێز فەلەكەددین كاكەیی سەرۆكی كۆمەڵـــەی كورد-تـــورک بـــە نـــاوی لیژنـــەی ئامـــادەكاری رێكخســـتنی ئێـــوارە خوانەكـــە بەخێرهاتنی میوانەكانی كـــرد و لە گوتەیەكدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بۆنەی نزیكبوونەوەی دەســـتبەكاربوونی بەڕێـــز ئایدن ســـەلجین و ســـتافەكەی لە كۆنســـوڵخانەی گشتی كۆماری توركیا لە هەولێر و كردنەوەی كۆنســـوڵخانەی توركیـــای لەهەرێـــم بەهەنگاوێكـــی گرنـــگ و زەرورەتێكـــی مێـــژووی لە قەڵەمـــدا بۆئەوەی پێوەندییەكانی نێوان هەردوولا لەســـەر هەموو ئاستەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و كولتووری و ئابووریی بچنە قۆناخێكی گرنگتر و گەشاوەتر.

هەروەک هیواشـــی خواســـت بەڕێز كۆنســـوڵی توركیا لەو ئەركە تازەیەیدا ســـەركەوتن ببێتە دوا ئاكامی و رۆڵی خۆی ببینێت لەباشتركردنی پێوەندییەكانی نێوان هەرێم و توركیا.

پاشـــان بەڕێز ئایدن ســـەلجین سەركۆنسوڵی كۆماری توركیا لەهەولێر لەگوتەیەكدا خۆشحاڵی خۆی نیشـــاندا بۆ رێكخستنی ئەو ئێوارە خوانە و میواندارێكردنـــی. هیوای خواســـت ئاســـۆی پێوەندییەكانـــی نێوان توركیا و هەرێم رووناكتر بێت و لەسەر هەموو ئاستەكاندا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت.





# سەردانی شاندی گرووپی كۆمپانیاكانی (ES-CEREN GRUP)ی توركی بۆ بارەگای كۆمەڵەی دۆستایەتیی كورد-تورک



شـــاندێكی گرووپی كۆمپانیاكانی (ES-CEREN GRUP) بەســـەرۆكایەتیی ســـەرۆكی گشـــتی كۆمپانیـــاكان ئەندازیـــار بەشـــار كایا ئەســـڵان و بە ئەندامەتیی ئەندازیاران حیشـــمەت جـــەلال بیلیجی و نەوزاد ئاكیوز و قۆلكان ســـایدام رۆژی ٢٠١٠/٥/١٢ لە هەولێر سەردانی بارەگای كۆمەڵەی دۆستایەتیی كورد-توركیان كرد و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بەهەبوونی دەزگایەكی لەو جۆرە و جەختیان كرد ئێدی كاتی ئەوە هاتووە لە هەموو روویەكەوە پەرە بە پەیوەندیی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا بدرێت.

بەشـــار كایا ئەســـڵان لە لێدوانێكدا بۆ توركیاناســـی ئاماژەی كرد بـــۆ هۆكاری ســـەردانەكەیان بۆ هەولێر و گوتـــی «كۆمپانیاكانـــی ئێمە لە بواری بیناســـازیی ژێرخانیـــی و ســـەرزەمینیدا و لە بـــواری گەیاندن و تەلەكۆمینیكاسیۆندا كار دەكەن. لەم كاتەدا لە توركیا و رووســـیا و ئۆكراینیا و بێلارووســـیا دەیان پرۆژەی گەورە ئەنجام دەدەین. لەسەر ئاستی جیهان لە لیستی كۆمپانیا ناودارەكانداین و چەندین خەڵاتی جیهانی و ناوخۆییمان وەرگرتووە. پاش ئەم سەردانەشـــمان بۆ كوردســـتان بڕیارمان دا بەشێک لە توانا و شارەزاییی خۆمـــان بگوازینەوە بۆ ئەم هەرێمە و بەنیازین لێرەش چەند پرۆژەیـــەک وەک جێبەجێكـــردن و وەبەرهێنان بـــە ئەنجـــام بگەیەنیـــن. بۆ ئـــەم مەبەســـتەش لەم سەردانەماندا كە ســـەردانی یەكەممانە بۆ كوردستان، گرووپی كۆمپانیاكانی خۆمانمان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەســـازیی هەرێمی كوردســـتان تۆمار كرد و بەم نزیكانەش نووســـینگەی خۆمان لە هەولێری پایتەخت دەكەینەوە و پاشـــان روو لە هەردوو شاری سلێمانی و دهۆک دەكەین.»

ئەندازیار حیشـــمەت جەلال بیلیجیش سەرســـوورمانی خۆی بەرامبەر بەو شەپۆلی ئاوەدانكردنەوەیە دەربڕی كە كوردستان بەخۆیەوە دەبینێت و گوتی «كوردستان ســـەرزەمینێكی زۆر لەبـــارە بـــۆ ئەنجامدانی پرۆژە و وەبەرهێنـــان. ئێمە تەنیا چاومـــان لەوە نییە لێرە كار بكەین و دەســـتكەوتی مادیمان دەســـتگیر بێت، بگرە دەمانەوێت ئەزمـــوون و چۆنایەتیی بهێنینە ئەم وڵاتە و هەلی كار بۆ ســـەدان كەس لە دانیشـــتووانی هەرێم بڕەخسێنین.»

ئەندازیـــار نـــەوزاد ئاكیوزیـــش دامەزراندنی كۆمەڵەی دۆســـتایەتیی كورد-توركـــی بـــە هەنگاوێكـــی گرنگ دانا لەســـەر رێی پەرەپێدانـــی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردســـتان و توركیادا و پشتیوانیی گرووپی كۆمپانیاكانـــی (ES-CEREN GRUP)ی ڕاگەیاند بۆ هەموو هەنگاوێكی لەو جۆرە.

هەواڵنامەی كتێب

# سەرۆک بارزانی: "میللەتان پێویستیان بـــە لەیەکتێگەییشتن و پێکەوەژیان هەیە"



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندێکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد - تورک



هەواڵنامەی کتێب

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شانـــدی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کـورد ـ تـورک کرد

سەرۆک بارزانی دەڵێت: "هەر چوار میللەت ـ کورد و عەرەب و فارس و تورک ـ پێکەوە وەک برا لەو ناوچەیەدا دەژین. بە شەڕ هیچ کێشەیەک نایەتە چارەکردن، بۆیە زمانی دیالۆگ و لەیەکتێگەییشتن، تەنیا ڕێگەچارەیە بۆ ئەو کێشانەی کە هەن."

سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی)، لە سەلاحەددین پێشوازی لە شاندێکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی (کورد ـ تورک) کە پێک هاتبوو لە ژمارەیەک کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاکادیمیی ناوداری کورد و تورک بە سەرۆکایەتیی (فەلەکەددین کاکەیی)، کرد.

لە دیدارێکدا، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکە خاتوو (نایلە ئاراس)، ئاماژەی بە چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە و مەبەست لە دامەزراندنەکەی کرد و، ڕوونی کردەوە کە لە پێناو قوڵکردنەوەی دیالۆگی کولتووریی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا و، هەروەها نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و تورک، ئەم کۆمەڵەیە هاتە دامەزراندن .

(سەرۆک بارزانی)، ئاماژەی دا کە دامەزراندنی ئەو جۆرە کۆمەڵانە، دەبێتە پاڵپشتییەکی گرنگ بۆ هەوڵەکانی هەرێم و کۆماری تورکیا لە بەرەوپێشبردن و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان هەردوو لادا هەیە .

(سەرۆک بارزانی)، هەروەها ڕایگەیاند کە میللەتان پێویستیان بە لەیەکتێگەییشتن و پێکەوەژیان هەیە و، ناخۆشترین شتیش لەوەدایە کە گیروگرفت بکەوێتە ناو میللەتان یان فەرهەنگێک بێتە ئاراوە کە ببێتە هۆی ئاڵۆزیی نێوانیان.

لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا هاتوون، وەک کیمیاباران و ئەنفالکردن و قڕکردن و وێرانکردنی گوندەکان، بەڵام ئەم کارەساتانە نەبوونەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و عەرەب.

(د. فەیسەل ئایهان)، ئاماژەی دا کە سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی (سەرۆک بارزانی) بۆ تورکیا، دەبێتە هۆی لاچوونی ناقبرەکان و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکان هەڵدەداتەوە.

(سەرۆک بارزانی)، دووپاتی کردەوە کە بەم زووانە، سەردانە فەرمییەکەی بۆ تورکیا ئەنجام دەدات و ئامانجیش لەو سەردانە، نەهێشتنی لەمپەر و ناقبرەکانە و هەروا بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانە.

# مەراسیمی ناساندنی کۆمەڵـــەی دۆستایەتی لە هەولێر سەرکەوتووانە بـــەڕێوەچوو

## چالاکیەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد-تورك



تیپی بێسارانی لە کاتی پێشکەشکردنی چەند پارچە میوزیکێکی کلاسیک

ڕۆژی ٢٠ی ئایاری رابردوو لە شاری هەولێر لەژێر چاودێری بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەبەشداری میوانان لەتورکیا و هەرێمی کوردستان لەئوتێل شیراتۆنی هەولێر بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک بەبۆنەی بەفەرمی راگەیاندنی زنجیرەیەک چالاکی ئەنجامدا.

لەمەراسیمی راگەیاندنی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک، کە ژمارەیەک میوان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان بەشدارییان تێداکرد، ژمارەییەکی بەچاو لەکۆنسوڵی وڵاتانی جیهان لەشاری هەولێر، ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتار و نوێنەری دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و بەرپرسانی حزبی و حکومی تێیدا بەشداربوون، بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەگوتەیەکی کورتدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، کە ئەمڕۆ لە پایەختی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی ئەو میوانە بەڕێزانە کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک لەپێناو قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان و بنیادنانی دیالۆگی هەوچەرخانە و پردی پێوەندی لێکتێگەیشتن بەفەرمی ناساندنی خۆی رادەگەیەنێت.

پارێزگاری هەولێر ئاماژەیکرد پایەختی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەرگای واڵا بووە بۆ سەرجەم نەتەوە و کەمەنەتەوە و دراوسێکانی هەرێم بۆ ئەوەی باشترین جۆری پەیوەندیان هەبێت، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتی تورکیا کە لەچەند ساڵی رابردوودا پەیوەندی نێوان هەردوولا قۆناخی باشی بڕیوە و بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیووە.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە کۆتایی گوتەکەیدا هیوای خواست چالاکی ٣ ڕۆژەی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک سەرکەوتوو بێت و میوانان کاتێکی خۆش لەشاری هەولێر بەسەربەرن.

دواتر سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک و وەزیری رۆشنبیری پێشوو بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی دامەزراندنی کۆمەڵەکەی



تیپی بیسارانی لە کاتی پێشکەشکردنی چەند پارچە میوزیکێکی کلاسیک

بەفەرمی راگەیاندو لەبارەی مێژووی دۆستایەتی نێوان هەردوولا بۆ ئامادەبوون دوا و ئەو راستییەی بەبیری ئامادەبووان هێنایەوە کە هەردوولا (کوردو تورک) ساڵانێکی زۆرە زۆر شت لەدراوسێ زیاتر کۆیاندەکاتەوە و تێکەڵی یەکتری بوون و خاڵی هاوبەش لەنێوانیان زۆر و پتەوە.

هەرلەمەراسیمی ناساندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک گرووپی موزیکی بێسارانی تایبەت بە ئامێری تەمبوور چەپکێک مۆسیقای کلاسیکیان پێشکەشکرد، کە لەناخەوە هەستی برایەتی و ئاشتی و دیالۆگ و مرۆڤدۆستانەیان بەمرۆڤ دەبەخشی. دواتر تیپی هەڵپەرکێی کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵات بەپێشکەشکردنی چەند پارچە هەڵپەڕکێیەکی کوردی میوانانیان خستە نێو جۆش و خرۆشێکی کەم وێنەوە.

لەدووەم ڕۆژی چالاکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک مێزگردێک (پانێلێک) بەئامادەبوونی ژمارەییەک توێژەر و ئەکادیمیسیەن و ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان و تورکیا پرسی بونیاتنانی «دیالۆگی بونیاتنەرانە» گفتوگۆیەکی بەرفراوانی لەبارەییەوە کرا کە زیاتر لە ٤ کاتژمێری خایاند.

لەسێیەم ڕۆژی چالاکیەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک شاندی میوان سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی-یان کرد و زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. سەرۆک بارزانی لەلایەن خۆیەوە دەستخۆشی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورکی لەمیوانەکان کرد و ئەو هەنگاوەی بەکارێکی گرنگ وەسفکرد.

هەر لەهەمان ڕۆژدا شاندی میوان سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز د. کەمال کەرکوکی زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی گرنگی دیالۆگی کەلتووری و دۆستایەتی نێوان گەلان کرد و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورکی بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ خواستن و پشتگیری خۆی بۆ چالاکی لەمجۆرە نیشاندا.

شاندی میوان ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەپارێزگای هەولێر لەلایەن بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرەوە پێشوازییان لێکرا، جەنابی پارێزگار وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بەبینینی ئەو میوانانە بەئامادەبووانی ڕاگەیاند ئەو خۆی بەئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە دەزانێت و بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی لەچالاکییەکانی دەکات، کە لەخزمەت دۆستایەتی نێوان هەردوو گەل دابێت.

شایانی ئاماژە بۆکردنە، لەئێوارەی یەکەم ڕۆژی چالاکییەکاندا پارێزگاری هەولێر ئێوارە خوانێکی بۆ سەرجەم میوانەکان لەپارکی ئەشکەوتی شانەدەر ڕێکخست.

لەدوا ڕۆژی مانەوەی میوانەکان لەشاری هەولێر، شاندی میوان سەردانی چەند ناوچەیەکی گەشتیارییان کرد (شەقڵاوە، سۆران، گەلی عەلی بەگ، هاوینەهەواری بێخاڵ) و چەند ساتێکی خۆشیان بەسەربرد.

جێی باسە، کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەستپێکردووە، دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە بەشێک لە کارەکانیان تەرخانکردووە بۆ دەرخستنی هەردوو گۆڤاری (تورکیاناسی) و (دیالۆگ) بەزمانی کوردی و تورکی کە مانگانە لەدوو توێی یەک بەرگدا دەردەچێت، بابەت و ناوەڕۆکی هەردوو گۆڤار بۆ پرسە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، گۆڤارەکە هەوڵدەدات هەردوولا زیاتر بەیەکتر بناسێنێت و کولتووری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و یەکترناسین لەنێوانیان گەشە بکات.



تیپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات چەند نمایشێکی قەشەنگیان پێشکەش کرد

هەواڵنامەی کتێب

>>> شاندی میوان لە دیداری پارێزگاری هەولێر



>>> چەند دیمەنێک لە مەراسیمی راگەیاندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک




هەواڵنامەی کتێب

>>> شاندی میوان لە دیداری سەرۆکی پەرلەمان





>>> چەند دیمەنێک لە مەراسیمی راگەیاندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و تورک

# لە دیالۆگێکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد - تورك دا

# ڕۆشنبیرانی کورد و تورک بەدوای خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیاندا دەگەڕێن



دیمەنێک لە پانێلی ڕۆشنبیرانی کورد و تورک



چالاکییەکان
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

ڕاپۆرت: هێمن میرانی



دیمەنێک لە پانێلی ڕۆشنبیرانی کورد و تورک

ڕۆژی هەینی ٢٠١٠/٥/٢٠ لەسالۆنی هوتێلی شیراتۆن- هەولێر، کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد- تورک (KTFA) پانێڵێکی دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی «دیالۆگی بونیاتنەرانە» ڕێکخست. دانیشتنەکە بە میوانداری ژمارەیەک ئەکادیمی و ڕۆشنبیری کورد و تورکی کۆماری تورکیا و ژمارەیەک ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوونی ژمارەیەک لە بەشداربووانی پانێڵەکە بەپێویستمانزانی پوختەکەی بخەینەروو.

### شۆڕکردنەوەی پەیوەندییەکان

کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد- تورک شەرەفی بەڕێوەبردنی پانێڵەکەی خستە ئەستۆی ئامادەکاری ئەم ڕاپۆرتە، بەندیش بەمەبەستی خۆشکردنی زەمینەی ڕاگۆڕینەوە، وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبوان، باسم لە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و شۆڕکردنەوەی بۆ خوارەوە کرد، پێویستە ئەم دانیشتنە بکرێتە سەرەتایەکی باش بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوان و ئەکادیمیسانی نێوان هەردوولا، چونکە پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا تەنیا بە سیاسییەکان ناکرێ، بەڵکو زەمینە خۆشکردنی لەلایەن ڕۆشنبیران و پێکهێنەرانی ڕای گشتی پێویستە. هەرێمی کوردستان و تورکیا خاڵی زۆری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، پێویستە ئێمە خاڵە هاوبەشەکان زەق بکەینەوەو پارێزگاری لە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی یەکتر بکەین. زۆرم پێ خۆش بوو کاتێک پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی کوردستانی کرد، لە پرێس کۆنفرانسەکەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی هەڵوەستەی لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کرد، ئۆغلو گوتی: چیاکان ئێمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە نیشانەی گەڕانە بەدوای خاڵە هاوبەشەکان، هیواداریین ئەم دیالۆگە هۆکارێک بێت بۆ گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکان و شۆڕکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ شەقام.

### کاتی دۆستایەتی هاتووە

پرۆفیسۆر د. تەیار ئاری پسپۆڕی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زانکۆی هالین ئۆلوداغ لە ئەنکەرە، یەکێک بوو لە بەشداربووانی پانێڵەکە، ناوبراو لە سەرەتادا بایەخی دایە ڕۆڵی دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ شۆڕکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ خوارەوەو گوتی: بەهۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانرێ پەیوەندییەکان پەرەیان پێبدرێ، پێویستە پێشبینی هەڵە لە بەرامبەر یەکتری نەهێڵین، ناتوانین بەمجۆرە پەیوەندییەکانمان بەرەو پێش بەرین، میللەتانی ئەم ناوچەیە زۆر لە مێژە لەگەڵ یەکتر دەژین، ماندووبوون لەشەڕکردن لەگەڵ یەکتری، ئیدی کاتی دۆستایەتی هاتووە. ناوبراو هەڵوەستەی لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا کردو خواستی پەرەپێدانی پیشانداو گوتی: خاڵی زۆری هاوبەش لە نێوان هەردوولادا هەیە، سەدەها ساڵە پەیوەندی هەیە، دەتوانین پەرە بەخاڵە هاوبەشەکان بدەین، بۆ نموونە شێخ سەعیدی نورسی باسی برایەتی کوردو تورکی کردووە، قوتابخانەی بۆ پێکەوە خوێندن و برایەتی نێوان کوردو تورک داناوە، ورده ورده بۆچوونی توندو هەڵە لە شەقامی تورکیاو لەناو ڕۆشنبیرانی تورکیا دەسڕێتەوە، پێویستە لەمەولا دان بە ناسنامەی یەکتری دابنێین.

هەوالنامەی کتێب







دیمەنێک لە پانێلی ڕۆشنبیرانی کورد و تورک

### وەکو عەزیز نەسین بن

مێژوونووسی گەورەی کورد پرۆفیسۆر د. کەمال ئەحمەد مەزهەر یەکێک بوو لە بەشداربووان و دوو نموونەی لە قسەو چیرۆکەکانی عەزیز نەسین هێناوەو داوای لە ڕۆشنبیرانی تورک کرد هەمان ڕۆڵی نەسین بگێڕن، لەمبارەیەوە د. کەمال مەزهەر گوتی: عەزیز نەسین چیرۆکنووسی بەناوبانگی تورکیا دەڵێ، سەرکردەکانی تورکیا باش دەکەن کە لەسەر تورکەکانی تورکیا دێنەگۆ، بەڵام وەکو سەرکردەکانی بولگاریا مامەڵە لەگەڵ کورد دا دەکەن. هەروەها چیرۆکێکی عەزیز نەسینی گێڕایەوە کە، پیاوێکی کورد ژنێکی هەبوو ناوی عەدالەت بوو، پیاوەکە دەچێتە ئەستەنبوڵ و ژنەکەی لێ ون دەبێ، هاوار دەکات عەدالەت. عەدالەت، عەدالەت، خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە وادەزانن داوای عەدالەت دەکات. د. کەمال مەزهەر بە ڕۆشنبیرانی تورکی گوت تکایە ئێوەش داوای عەدالەت بۆ کورد بکەن.

### ناوچەی بازرگانی یەکگرتوو

پرۆفیسۆر جەبار قادر پسپۆڕ و چاودێری سیاسی کاروباری تورکیا جەخت لەسەر پێویستی ناوانی شتەکان وەکو خۆی دەکات و گوتی: پێویستە ناوی پرسەکان وەکو خۆیان بڵێین ئینجا باسی دیالۆگ بکەین، بۆ نموونە تا نەڵێی کوردو تورک ناتوانی باسی دیالۆگ بکەین. ناوبراو هەڵوەستەی لەسەر ئەو دەرفەتانە کرد کە لە دەست تورکیا چوون، لەمبارەیەوە گوتی: تورکیا گەلێ دەرفەتی لەدەستچووە، ئێستا تورکیا کار بۆ وەسفکردنی کێشەکانی لە سیاسەتی دەرەوە دەکات، هێشتا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر کێشە ماوە. د.جەبار قادر ڕەخنەی لەو بۆچوونانە گرت کە تەنیا لە ڕوانگەی ئەمنی و ئابوورییەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، لەمبارەیەوە گوتی: ڕاست نییە تورکیا تەنیا لە ڕووی ئابووری و ئاسایشەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکات، خاڵ و فاکتەری زۆر هەیە کە کۆمان دەکاتەوە، کورد لەو ناوچەیە دەتوانێ ببێتە خاڵی لەیەک نزیککردنەوەی نەتەوەکان، خەونی ئێمە وەکو گەلی کورد ئەوەیە کە لە جیاتی شەڕ، بازاڕێکی یەکگرتوو لەو ناوچەیە دروست بێت، بۆ ئەمەش لە تەک جموجوڵی سیاسی و ئابووری و بازرگانی، دایەلۆگی هاوسەنگ پێویستە.

### دیالۆگێکی فراوان

د.جەبار قادر تۆپەکەی خستە گۆڕەپانی تورکیا و داوایکرد کە دیالۆگ فراوان بکرێ، لەمبارەیەوە گوتی: خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە داوای دیالۆگ دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، تورکیا زۆر بواری دیالۆگی لەدەستداوە، تا ساڵی ٢٠٠٣ تورکیا باوەڕی وابوو کە ئەو واقیع و ڕیالیتەی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە دەگۆڕێ، تورکیا هەوڵیدەدا فاکتەری کورد لە سیاسەتی ئێراق لاواز بکات، ئەمانە هەمووی بووە ڕابردوو، ئێستا ئێمە بۆ داهاتوو کاردەکەین، پێویستمان بە دیالۆگ و یەکترناسین و فراوانکردنی پەیوەندییەکان هەیە.

### سیاسەتی نەگۆڕی کوردستان

فەرید ئەسەسەرد سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان هەڵوەستەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا کرد، ئەسەسەرد سیاسەتی هەرێمی بەرامبەر بە تورکیا بە ستراتیژیەت


>>> د. كەمال مەزهەر و د. تەلار میوانانی پانێلەكە

وەســـفكردو گوتی: لە هەرێمی كوردستان سیاسەتێكی نەگۆڕ بەرامبـــەر بە دراوســـێكان و توركیا هەیە، هەر كەســـێك ســـەرۆكی هەرێم بێت ئەو سیاسەتە ناگۆڕێ، بەڵام ئەمە لە توركیـــا وانییە، ئێمە تەنیا پەیوەندیمان لەگەڵ AKP هەیە، نیگەرانین لە گۆڕانی هاوكێشـــەی سیاســـی لە توركیا، هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بەڕای شەقامی توركیاوە هەیە، بەڵام هاووڵاتیانی كوردستان نیگەرانـــن لە هەر جۆرە گۆڕانێكی سیاســـی لە پێگەی پارتە سیاسییەكان، لەمبارەیەوە پێویستمان بەوە هەیە كە پەیوەندییەكان بۆ خوارەوە شـــۆڕبكەینەوە، ئەمەش بە تەنیا كۆمەڵەیەك یان دەزگایەك ناكرێ.

**هەمواركردنی دەستوور**

ئەســـەرد هەڵوەستەی لەســـەر پرۆسەی كرانەوەی دیموكراســـی كردو، وێـــڕای ســـەرنجەكانی بەكارێكی شیاوی زانی، لەمبارەیەوە گوتی: كرانەوەی دیموكراسی كارێكی زۆر باشـــە و لە هەرێم پاڵپشتی لێدەكرێ، بەڵام بەداخەوە بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشـــتووە. چاوەڕوانمان دەكرد كە لە هەمواركردنی دەســـتووردا چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە، بەداخەوە هیچ چارەســـەرێكی بۆ پرسی كورد پێ نەبـــوو. چاوەڕێمان دەكـــرد هەمواركردنەكە پەراوێزێكـــی بۆ مافەكانی كـــورد تێدابێ. لایەنی كورد وەكو دەستووری ساڵی ١٩٢٥ی ئێراق. ئەو دەستوورەی ئێراق هیچ ناوی كوردی تێدانەبوو، بەڵام دەقێكی تێدابوو كە هەموو ئێراقییەكان لەبەردەم یاســـا یەكسانن بەبێ گوێدانـــە نەتەوەو مەزهەب و ئاییـــن. ئەمە پەراوێزێكی باش بوو بۆ مافەكانی كورد. هەروەها دەستووری ئێران دەقێكی تێدایە كە هاووڵاتییانی ئێران دەتوانن ســـوود لە زمانەكانی خۆیان وەرگرن بۆ بڵاوكردنەوەی رۆژنامەو كتێب، ئەمە پەراوێزێكی باشە. ئەسەسەرد هەڵوەستەی لەسەر پێویستی هەمواركردنی دەستووری توركیا كردو گوتـــی: ئەوانەی لە توركیا بۆ كورد هاتوونەتە كایەوە، هـــەر حكومەتێكی دیكە بێتە ســـەر دەتوانێ لێیان بسەنێتەوە، چونكە پاڵپشتی لە دەستوور تێدا نییە.


>>> د. جوتیار


>>> د. عەزیز بارزانی



هەواڵنامەی كتێب

ضالاكييـــــەكان
ساڵی یەكەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠


>>> د. عارف حیتۆ، هۆشەنگ حوسەن و رێبین رەسوڵ

**چارەسەری پرسی كورد**

پرۆفیســـۆر دكتـــۆر موحیەددین ئاتامان پســـپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییـــەكان، كە لەوڵاتی توركیاوە تەشـــریفی بـــۆ كوردســـتان هێنابوو، هەڵوەســـتەی لەســـەر پێویستی چارەســـەركردنی دۆزی كورد كردو گوتی: سیســـتەمی نوێ لە توركیا دەستی پێكردووە، لەســـەردەمی ئۆزالـــەوە دەســـتپێكردووەو ئەردۆگان درێـــژەی پێدەدات، توركیا بەو قەناعەتە گەیشـــتووە كە پێویســـتە چارەســـەری كێشـــەی كورد بكات، تا چارەســـەری كێشـــەی كورد نەكات، ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكات.

**زەمینەی دۆستایەتی یەكسانیە**

نایلە ئـــاراس چالاكوانـــی سیاســـییە و یەكێك بوو لەمیوانەكانـــی توركیا، ناوبراو بناغەی دۆســـتایەتی و پێكەوە ژیانی بۆ پێویستی بوونی یەكسانی گەڕاندەوە، ناوبراو گوتی: زەمینەی دۆستایەتی یەكسانیە، زۆرجار دەگوتـــرێ كـــوردو تورك برانـــە، لە ڕاســـتیدا ئەمە وانیـــە، لە توركیا خەڵكانێك هـــەن هیچ مافیان نییەو خەڵكانێكیش هەموو مافێكیان هەیە، دیالۆگ پێویستی بە یەكســـانی هەیە. نایلە ئاراس هەڵوێســـتەی لەسەر پێویســـتی فێربوونی زمانی یەكتـــری كردو گوتی: لە هەولێر قوتابخانەی فێربوونی زمانی توركی و توركمانی كراوەتەوە، پێویستە لە توركیاش قوتابخانەی فێربوونی زمانی كوردی بكرێتەوە بۆ ئەوەی گەنجانی تورك فێری كوردی بن.

**پوختـــە:** بەشـــداربووانی ئـــەم پانێڵـــە لـــە كۆتاییدا بە پێویســـتیانزانی كـــە لەداهاتوودا دیالۆگێكـــی فراوانترو گەورەتـــر بە بەردەوامی لە هەولێر و شـــارەكانی توركیا پەرەی پێبدرێ و میدیـــاو رۆژنامەوانان هەوڵی پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە بدەن و بۆ خوارەوەو ناو شـــەقام شۆڕی بكەنەوە.


>>> پ. د. جەبار قادر


>>> فەرید ئەسەسەرد

# دیالۆگا تورک و کوردێن هەرێمێ



د. عارف حیتۆ

ل رۆژێن ٢٠ و ٢١ گولانێ، ب سەرپەرشتی یا کۆمەلەیا دۆستانیا کورد-تورک و بەرهەڤبوونا کۆمەکا رەوشەنبیر و رۆژنامەڤان و ماموستایێن زانینگەهێ ژ هەر دوو لایەنێن کوردستانێ و تورکیایێ دیالۆگا کوردی-تورکی ل هەولێرا پایتەخت هاتە ل دارخستن.

مەرەما سەرەکی ژ ڤێ دیالۆگێ ئەوە کو خالێن هەڤپشک و هاریکار دناڤبەرا هەردوو گەلێن هەڤدەر و هەڤسوودا دیارکەن و ژبو چێکرنا هەڤبەندییەکا دۆستانە یا ب هەڤالینی و هەڤبەرژەوەندییێڤە نەخشکری، ب کار بینن. دبیت ئەڤە پێنگاڤا ئێکێ بیت یان ژی سنسلەکا هەولدانان بیت ژبو هاڤێتنا پێنگاڤا ئێکێ. لێ چونکو هەر دیالۆگەکا هەبیت، هەوجەی دوو جەوسەر یان لایەنانە کو دانوستاندن ئەکتیڤ ببن، ئوو ئەم وەکو رەوشەنبیر و نڤیسەرێن کورد جەوسەرەکین، دێ ڤان چەند هزرێن کەتوارکی یێن نە ڤالا ژ دلینیێ و نە دوور ژ سیاسەتێ پێشکێشکەم.

## دیالۆگ

دیالۆگ وەکو کریارا دانوستاندن و دئێکگەهشتنا هەست و رەفتار و هەلویستێن مرۆڤاندا، دناڤبەرا دوو کەساندا، گرۆپاندا یان ژی دناڤبەرا دوو گەلاندا دهێتە کرن. بنەما یێ هەرە سەرەکییێ کو فەرە ددیالۆکێدا جهێ باوەری و دانپێدانێ بیت، رێزگرتن و قەبوولکرنا هزرا بەرانبەرە. داخوازکرنا هەر دیالۆگەکێ، داخوازکرنە ژبو گوهدانا هزر و هەلویستێن بەرانبەر. ل ڤیرە پرسیارەکا فەر خوە خویا دکەت. ئەرێ لایەنێ تورک یێ بەرهەڤە گوهداری یا هزر و هەلویستێ کەسێ کورد بکەت وەکو نەتەوە نە وەکو قەوارەکێ بازرگانی یان هەرێمەکا ستراتیژی؟ بنەمایێ دی یێ گرنگ ژبو بەردەوامبوون و ئەکتیڤکرنا دیالۆگێ یەکسانییە، ئانکو ئێکسانی یا هەردوو جەمسەرێن دیالۆگکارە. ژبو ڤێ ئێکسانیێ ژی یان ب کێمی حسابکرن وەکو ئێکسانی، فەرە ئەم بزانین کا چەوا ئەم د خوە دگەهین ل هەمبەر تورکان و ئەو چەوا د مە دگەهن؟ ئەم چەوا بەرێ خوە ددەینە وان و ئەو چەوا بەرێ خوە ددەنە مە؟ ئەگەر دوو بەرێخۆدانێن گەلەک جودا هەبن، دێ چەوا شێین ڤان بەرێخودانێن دوور نێزیک بکەین و بگەهینە ئێک؟ ل سەر ئاستێ کەسێن تاک؛ دشیاندایە کو کەسەکی کۆمەکا هەڤالێن خۆشەڤی و گرنگ ژ نەتەوێن جوداجودا هەبن، لێ ل سەر ئاستێ دوو گەلێن ژێکجودا (ئوو کووراتییەکا هەڤرکی یێن نەتەوی هەبن) دێ چەوا بیت؟ ئەرێ رامانا هەڤالینیێ ل دەڤ بندەست و زالدەستی وەکهەڤە؟ یان دشیاندایە ئەڤ هەڤالینییە دروست ببیت؟ ئەڤ هەمی پرسیارە ل پێشی یا هەردوو لایەنان ئازرینێ دئێخنە هزرینێ و نیشانێن پرسێ و گومانێ ل سەر نەخشەیا رێکێ دنەخشینن.

## ڤەگەران بو کلتۆری و دیرۆکێ

هەلبەت کۆمەکا وەلاتێن هەرێما رۆژهەلاتێ دجغزا هەمان کلتۆردا دزڤرن، یان ژی کلتۆرێن ئاکامدار و پێ ئاکامبوویی دناڤ هەڤدا دبەهوژن و دلەحزەیەکا دیرۆکیدا وەکو هەڤکلتۆر لێ دهێن. کلتۆرێ ئیسلامێ و هەڤبەندی یان دویڤەلانکی یا میرنشینێن کوردی ب دەولەتا ئۆسمانلیڤە بابەتەکێ گەرم و سەرنجراکێشە ژبو تێکهەلکرنا کلتۆری و هەبوونا دیرۆکەکا هەڤپشک. هەروەسا پێکڤە گرێدان و سنسلەیی یا دەولەتێن زەنکی و ئەتابەکی و ئەیۆبییان ئیشارەتەکا مەرەمدار و ساویلکەهزرکرنێ ددەتە هەڤپشکی و تێکهەلبوونا دەستەلاتێن هەردوو نەتەوەیێن کورد و تورک. ئەڤ چەندەیە بەرێ ڤەکۆلەرەکێ تورک ددەتە وێ چەندێ کو د دیالۆگێدا بێژیت، هەردەمێ کورد پشکداری لەشکەرێ تورکی و شەرێن پاراستنا دەولەتا ئۆسمانلی بوو بوون، چ ئارێشەیێن کوردی نەبوون، ئارێشە ل وی دەمی پەیدا بوون، دەمێ کوردان ژ دەرڤەی جغزا لەشکەرێ تورکی هزر کری!! (خودانێ ڤێ بوچوونێ کوردەکێ دیاربەکری بوو). ئەز ل خواندەڤانێ هێژا نا ڤەشێرم کو ئەز وەسا تێگەهشتم کو هەردەمێ کورد جاش و چەتە بیت، چ ئارێشە نا بن، لێ دەمێ هزرەکا نەتەوەیی بکەت و هزرکەت کو کلتۆر و زمان و تایبەتمەندییەک هەیە، هینگی ئارێشە پەیدا دبن!!

ڤەلکۆلەرەکێ کوردستانی ژی، دا خویا کرن کو ل سالا ١٩٢٢ێ، پەرلەمانتارێن کوردی داخوازا ئوتونۆمیێ بو کوردستانا باکۆر کرییە و ل وی سەردەمی ٧٢ ئەندام پەرلەمان کورد بوون! ئەڤ داخوازە ژ ١٩ ماددەیان پێکهاتییە و هەشت ماددە بەحسی ئەنجومەنی نیشتمانیێ کوردستانێ دکەن. هەروەسا ئیشارەت کرینە دەستەلاتا قەزایی و ئیداری رەوشەنبیری ژی!! ژ لایەکێ دیڤە ژی کوردەکێ دی دبێژیت کو دسەردەمێ دەسپێکا دامەزراندنا دەولەتا نوو یا تورکیدا، ئەتاتورکی گۆت بوو کو دوو نەتەوە ل تورکیایێ هەنە، ئەو ژی تورک و کوردن.

ژ خالێن دی یێن هەڤپشک هەبوونا دینەکێ ئێکگرتی و رۆلێ بەرچاڤێ دەولەتا ئەیوبییان و سەعیدێ نەورەسی.. هد. دیرۆکا شەرێن دەولەتا ئۆسمانلی ل دژی دوژمنێن دەستەلاتا خوە کرین گرۆڤەکێ دی یێ هەڤپشکی یا دیرۆک و کلتۆرییە.

ب راستی ئەگەر ل خالێن پۆزەتیڤێن هەڤپشکی و هەڤکاری یا کورد و تورکان دناڤ جەرگێ کلتۆری و دیرۆکێدا بگەرێین، بێگۆمانە کو دێ هندەک خال هێ،ە دیتن. لێ دهەمان دەمدا و دناڤ بازنەیێ هەمان دیرۆک و کلتۆردا کۆمەکا خالێن دی یێن ژ هەڤدووری و هەڤجوداییێ هەنە. باشە چارە چییە؟

دا کلتۆری و دیرۆکێ بهێلین و بەحسی ئەڤرۆکە بکەین..

## تورکیا و هەرێما کوردستانێ

ناهێتە ڤەشارتن کو هەر چوار ئەلەمێنتێن ژیان و هەبوونێ دتێگەهێ کوردیدا کو ئاگر و با و ئاڤ و ئاخە، دناڤبەرا کورد و تورکاندا هەڤپشکن. ئاخ وەکو چیا و سنوور، ئاڤ و ئاسمانێ هەڤپشک هەرێما کوردستانێ ب تورکییێڤە گرێددەت، هەروەسا ئەگەر بۆیەر و کارەساتەکا ئاگرین ژی ل هەر لایەنەکی پەیدا ببیت دێ ئاکامێ کەتە سەر لایەنێ دی ژی. ئەڤجا ژ لایێ سرۆشتی و جیوپولیتیکیڤە چارەنڤیسێ مە پێکڤە دهێتە گرێدان. هەروەسا کەرتێ ئابۆری و بازرگانی کو لایەنەکێ گرنگێ کلتۆرێ هەر وەلاتەکییە تا رادەیەکێ زۆر هەماهەنگە دگەل وەلاتێ تورکیا. گرۆڤێن بەرچاڤێن ڤێ چەندێ ژی دەرگەهێ براهیم خەلیلە ل بەری سالا ٢٠٠٣ و هەبوونا کۆما کۆمپانی یێن ئیستسمارا سامانێ تورکییە ل کوردستانێ پشتی سالا ٢٠٠٣ێ. هەبوونا بەرژەوەندێن بلندێن ئابۆری و سیاسی یێن تورکی ل کوردستانێ، گرنگییەکێ ددەتە کوردستانێ کو ببیتە ژێدەرەکێ ئاساییشا نەتەوەیی یا تورکی. لێ ڤێ چەندێ ژی چەند ئاستەنگ و هزرتێکرن هەنە:

١. هەتا نهۆ، هەڤبەندی یا هەرێما کوردستانێ دگەل تورکیا د رێکا پارتا دەستەلاتداردایە. ئانکو چ دەمان و پروتوکۆلێن فەرمی یێن پاراستن و بەردەوامبوونێ نینن. هەرچەندە پارتا دەستەلاتدار تا راددەکێ زۆر پشتەڤان و پالپشتێ وەرارکرنا ڤێ هەڤبەندییێیە. لێ ئەگەر ئەڤ پارتە ددەستەلاتێدا نەما، ئەرێ دێ هەمان هەلویست مینیت؟ ئەرێ سیستەمێ عەسکەرتارییەتا تورکی تا چ راددە دگەل ڤێ ڤەکرن و هەڤکاریێ یە؟ پروتوکۆل دناڤبەرا گەلان و وەلاتاندا ب رێکا دوکیومێنتێن فەرمیدا دهێتە کرن کو هەمی لایەنێن وەلاتی نەچارن پێگیریێ پێ بکەن. لێ ئەڤ شێوازێ هەیی دگەل پارتا دەستەلاتدار نیشانا نە جێگیری یا هەڤبەندی یێن کوردی — تورکییە. ئەڤجا ژبو چارەسەرکرنا کێشەیان هەردوو لایەن پێدڤی ب پروتوکۆلێن فەرمی و جێگیرن.

٢. نە چارەسەرکرنا دۆزا کوردی ل تورکیا بابەتەکێ گرنگ و سەرنجراکێشێ نە جێگیربوونا هەڤبەندی یێن کوردی-تورکینە. بێگۆمانە کو هەر پێشداچوونەکا د رەوشا کوردێن باکۆردا هەڤبەندییەکا راستەوخۆ ب پێشداچوونا هەڤبەندی یێن کوردی-تورکیڤە هەیە. هەرچەندە کورد ل سەر چوار دەولەتێن سەرەکی و هەڤسوودا هاتینە دابەشکرن، لێ دۆزەکا هەڤگرتی هەیە و هەر ئێشانەکا ل لەشێ کوردەکێ هەر پارچەکا کوردستانێ هەبیت، ئێشانا لەشێ هەمی کوردستانێیە.

شاندێ تورکی داکۆکیێ ل سەر وێ چەندێ دکەن کو دۆزا کوردی ل تورکیا پرسەکا نافخۆیی یا تورکانە و فەرە تورک سەرەدەریێ دگەلدا بکەن. شاندێ هەرێمێ وەسا هزر دکەت کو چارەسەرکرنا پرسا کوردی ل تورکیا زەرۆرەتەکا گرنگ و کاریگەرە د هەڤبەندی یێن هەرێما کوردستانێ و تورکیادا. هەلبەت ئەڤە رامانا وێ ئەو نینە کو دەستێوەردانێن پرسێن نافخۆیی یێن تورکیادا بکەین. پرسا کوردی ل هەر چوار وەلاتێن دەردۆری هەرێمێ پرسەکا نافخۆیی یە!! لێ ژبو هندێ کو ئەم بکارین دیالۆگێ بکەین فەرە ئەڤ بابەتێ گرنگ و چارەنڤیسی نەهێتە ڤەشارتن یان پاشئێخستن، چونکو هەتا مرۆڤ بکاریت دیالۆگێ بکەت پێدڤییە د ئێکودوو بگەهیت یان ب کێمی تەقەبولا هەڤ بکەت.

هەردەم هەمی وەلاتێن دەڤەرێ ژبەر دژاتیکرنا پرسا کوردی دگەهشتنە هەڤ و پروتوکۆلێن ستراتیژی دادنان، ئانکو پرسا کوردی خالا ڤێکرا گەهشتنا دەولەتێن دەڤەرێ بوو. ب هەمان شێوە ل گورەی سیستەمێ نوو یێ جیهانێ و حەزێن نوو یێن دیالۆگێ، هیڤیدارین کو هەرێما کوردستانێ ببیتە خالا سەرنجراکێشان و ڤێکرا گەهاندنا وەلاتێن دەڤەرێ کو رۆلەکێ کاریگەر د دانوستاندن و پێکڤە ژیانێدا ببینن.

## تورکیا ل شوینا ئەمێریکا

خویایە کو ئەمێریکا رۆلەکێ کاریگەر و بالکێش ل پشتی هەلوەشیانا رژێما گوربەگورا عیراقێدا دیتییە. نە ڤەشارتییە کو ئەمێریکا رۆلەکێ بەرچاڤ د ئاشتکرن و ژێک نێزیککرنا لایەنێن عیراقیدا هەبوویە و هەیە. گەلەک ئارێشەیێن ئەتنی و مەسەبی و نەتەوی ب رێکا هەبوونا هێزێن ئەمێریکی هاتینە چارەسەرکرن کو عیراق شێوازێ دەولەتەکا دیموکراسی ب خۆڤە ببینیت. هەر گرژییەکا ل دەڤ لایەنەکێ عیراقی ل هەمبەر لایەنەکێ دی دروست ببایە یان دروست ببیت، تەناکرن و پاراستنا ئارامی و بەرژەوەندا هەمی لایەنان ژ لایێ هێزێن ئەمێریکیڤە دهێتە کرن. لێ ئەگەر هێزێن ئەمێریکی ل سالا ٢٠١١ ب ڤی شێوازێ دەستەلاتدارێ هەیی نەمینیت، کی هەیە ل دەڤەرێ ڤی رۆلی بگێریت. بێگۆمانە کو هەمی وەلاتێن دەردۆر و نەدوورە وەلاتێن دی یێن ل پشت دەریایان ژبلی ئەمێریکا دێ هەولدەن کو جهێ ئەمێریکا بگرن و ب شێوەیەکێ راستەوخۆ بێنە دناڤ عیراقێدا.

ب هزرا من، دشیاندایە کو تورکیا ڤی رۆلی بگێریت و ببیتە ناوبژیوان ژبو هەمی هێز و لایەنێن هەڤرک و هەڤدژ. نە دوورە تورکیا ژ هەمی دەولەتێن دی یێن دەڤەرێ گونجاوتر بیت ژبو گێرانا ڤی رۆلێ دیرۆکی کو دێ بیتە شەهنازی و ئەرکەکێ دیرۆکیێ گەلێ تورک ددەڤەرێدا. هەلبەت ئەڤ کارە بێی هەرێما کوردستانێ ئەرکەکێ هێسان نا بیت. لەوا ئەم دکارین بێژین کو تورکیا ژی ژبو گێرانا ئەرکەکێ دیرۆکی پێدڤی ب هەڤکاری یا هەرێما کوردستانێیە. ژبەر مۆزاییکی یا جڤاکێ عیراقی و هەبوونا کۆما نەتەوە و ئایین و مەسەبێن جوداجودا یێن وەلاتەکی گەهاندینە ئێک و تا راددەکێ زۆر دیرۆک و کلتۆرەکێ هەڤپشک پەیداکری. نە دوورە عەرەب و فارس هەردوو (هەرچەندە حەز دکەن و هەولددەن ژی) نەکارن ب ڤی رۆلی رابن. لەوا نە دوورە کو تورکیا باشترین و



دیمەنێک لە بەشداربووانی پانێلی دیالۆگی بنیاتنەرانە

گونجاوترین وەلات بیت، بکاریت ڤی رۆلێ ب ئەکتیڤی بگێریت. د. عەزیز بارزانی کو ئەندامەکێ شاندێ هەرێما کوردستانێ بوو، زێدەباری ڤێ چەندێ ژی دا خویا کرن کو بارزانییێ نەمر ئێکەمین کەس بوویە هەولدای دۆستانی و هەڤالینییەکێ دگەل مللەتێ تورک پەیدا کەت، چونکو مە بڤێت یان نەڤێت تورکان رۆل و ئەرکەکێ دیرۆکی ددەڤەرێدا هەیە.

ل هەمبەر ڤی تێگەهی د. فەیسەل ئایهان کو ئەندامەکێ شاندێ تورکانە، دبێژیت کو ئەرکێ سەرکەفتنا دیالۆگا کورد-تورک دکەفتە د ستوکورکا کورداندا. ئەڤ تێگەهە دگەل گیانێ دیالۆگێ ناگونجیت، چونکو دەمێ ئەرکێ پێشڤەبرنا دیالۆگێ بکەفتە دستوکرا لایەنەکی ب تنێدا، هینگی تێرمێ دیالۆگ نامینیت دێ بەر ب تێرم و رامانەکا دیڤە چیت، مەرەما مە ژی دیالۆگە نە چ شێوازێن دی یێن دانوستاندنێ. لەوا ئەم وەسا دبینین کو پرۆسا ئەکتیڤکرنا دیالۆگ و چێکرنا دۆستینی و هەڤالینیێ ئەرکەکێ هەڤپشکە و فەرە هەردوو لایەن ب هەڤرا کار بکەن و سەرەدەرییەکا ئێکسان دگەل هەڤ بکەن ژبو گەهشتنا ئارمانجێ.

## کی پێدڤی کێیە

هەلبەت دیرۆکا پر کارەسات و تەپەسەرکرنا کوردان ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ رۆلەکێ کاریگەر هەبوویە د چێکرنا کەساتییەکا لاوەکی و شەرمکری یان ڤەچغاندیدا (نە یا هەفکویف دگەل لایەنێ زالدەست ئەگەر نە بێژم داگیرکەر). زانا یێن دەروونی ڤێ رەفتارێ ب گرێیا خوەکێمدیتنێ ل قەلەم ددەن. هەرچەندە ئەڤ نڤیسینە نە جهێ شرۆڤەکرنا کەساتییێیە، لێ نەچار بووم ئیشارەتێ ب دەمێ کو بشێم تێ بگەهم کا بوچی موجامەلە و خوەشرینکرنا شاندێ کوردی دووجاران یان سێ جاران هندی موجامەلەیێن شاندێ تورکی بوون (ئوو پرانیا شاندێ تورکی کوردێن باکۆر بوون!!). دبیت کەسەک بێژیت ئەڤ چەندە نیشانا مجدی و حەزا کوورا لایەنێ کوردییە ژبو چەسپاندنا دیالۆگ و دۆستینیێ، خۆ ئەگەر وەسا بیت ژی، چونکو ئەم نە هێزەکا هەفکویف و خوەسەرین ل هەمبەر تورکیێ، ئەڤجا ژ وێ هەستا دەروونی یا خوە بچووکدیتنێ نە دوورە. پرانیا ئەندامێن هەردوو شاندان وەسا هەست پێ دکرن کو کورد پێدڤی تورکانە، لەوا ئەندامەکێ شاندێ تورکی گۆت کو ئەرکێ پێشڤەبرنا دیالۆگێ دکەفتە دستوکرا کورداندا، هەروەسا موجامەلە یێن کوردان ژی ڤێ چەندێ خویا دکەن.

ئەرێ ب راستی ئەم پێدڤی دیالۆگێنە و تورک نە پێدڤینە؟ یان راستتر بێژین: ئەرێ راستە کو ئەم پتر ژ تورکان پێدڤی ڤێ دیالۆگێینە؟

ژیێ فەرمیێ هەرێما فیدرال ژ هەفت سالان تێ ناپەرێت و بو جارا ئێکێیە ددیرۆکا نوودا، پشتی کۆمارا ساڤا یا مەهاباد، ملەتێ کورد ب ڤی شێوەیێ هەیێ تا رادەکێ زۆر خوەسەر، هەرسێ دەستەلاتێن خوە یێن تەشریعی و قەزایی و تەنفیزی ب رێڤە دبەت و ب شێوەیەکێ فەرمی ل سەر ئاستێ دەولەتا عیراقا فیدرال باوەرپێکرییە. ب ڤێ چەندێ ژی پرسا کوردان ژ چوارچۆڤێ نافخۆییێ عیراقێ دەرکەفتییە و بوویە پشکەک ژ پرسێن دەڤەرێ. ئەڤجا هەرێما کوردستانێ پێدڤی ب هەمی لایەن و دەولەت و رێکخراوێن خێرخواز و نەتەوێن ئێکگرتی هەیە کو بهێنە کوردستانێ و سەرەدەرییەکا ل گورەی جڤاکێ مەدەنی و مودرێن دگەل بکەن. ژ هەمی وەلاتان پتر ژی کوردستان پێدڤی هەڤبەندی و هەڤکاری یا هەرچوار دەولەتێن دەردۆرە، نەمازە تورکیێ ژبەر گەلەک سەدەمێن جوداجودا. پرانیا مە، کوردێن هەرێما کوردستانێ ل وێ باوەرێنە کو ئەم پێدڤی دەولەتا تورکینە ببیتە هەڤالبەند و پشتەڤانێ مە ژ هەمی لایەنێن ژیانێڤە. لێ ئەرێ رەزامەندی یا تورکی ژبو ڤێ هەڤالینی و هەڤکاریێ پرسەکا مرۆڤانییە یان سیاسی و ئابۆری و ستراتیژییە؟ ئەگەر ئەم ب هووری ل تێگەه و هەڤبەندی یێن نوو یێن جیهانێ بنێرین، دێ بینین کو تورک ژی ب هەمان ئاست پێدڤی هەڤالینی یا هەرێما کوردستانێنە (دبیت رەنگ و شێوازێن پێدڤیێ نە وەکهەڤ بن، لێ ئاست و گرنگی یا پێدڤیێ دناڤبەرا کورد و تورکاندا وەکهەڤە). ئەڤجا ب ڤی تێگەهی کریارا دیالۆگێ دێ بەر ب ئاسۆیێن گەش و بەرهەمدارڤە چیت.



دیمەنێک لە بەشداربووانی پانێلی دیالۆگی بنیاتنەرانە

## ژ دەرڤەی دیرۆکێ

هەلبەتگەلەک خال و بۆیەرێن هەڤپشکێن کورد و تورکان دکلتۆر و دیرۆکێدا هەنە. لێ دهەمان دەمدا ژی گەلەک خالێن دی یێن نە دلخۆشکەر ژی هەنە. راستە خالێن هەڤپشک هاریکار و هێسانکارێن چێکرنا هەڤبەندی و هەڤالینیێنە. لێ ئەگەر ئەم تنێ پشتا خوە ب دیرۆکێ ببەستین، هینگی دێ پێدڤی کا دیرۆکێ ل گورەی تێگەهشتن و تێگەهێ کیژان لایەنی وەرگرین. د ئاخفتنەکا خوەدا پروفیسۆرێ تورک د. تەیار ئەرەە خویاکر کو کورد و تورکان گەلەک شەر کرینە و نها دەم هاتییە ببینە دۆست. هەروەسا هزرمەندێ کورد ژی فەرید ئەسەسەرد خویا کر کو فەرە ئەم هانا بو دیرۆکێ نەبەین و هەولدەین هەڤکاری و دۆستینی یا خوە ل سەر هەڤبەندی یێن هەنۆکەیی و ل گورەی سیستەمێ نوو یێ جیهانێ ئاڤاکەین.

هەلبەت ئەگەر ئەم هەمی دیرۆکێ ژبیرا خوە ببەین و سەحکەینە ڤان سالێن ژیێ هەرێما کوردستانێ و هەڤبەندی یا وێ ب دەولەتا تورکڤە. ل دەسپێکێ و هەر ژ سالێن پشتی سەرهەلدانا پیرۆزا بوهارا ١٩٩١ێ دەرگەهێ براهیم خەلیل وەکو دەروازە و ژێدەرەکێ بازرگانی هاتە ڤەکرن و تورکان ب رێکا بازرگانیێ سەرەدەرییەکا پۆزەتیف دگەل کوردستانێ کر. هەلبەت سال بو سالێ ئەڤ بازرگانییە ب هێزتر کەفت و بەرفرەهتر لێهات، هەتا گەهشتییە وی رادەی کو هژمارەکا زۆر ژ کومپانی و کەساتی یێن ناڤدارێن تورک سامانێن خوە ل کوردستانێ ئیستسمارکەن. پاشی تورکان وەکو سیاسەت سەرەدەری دگەل هەرێمێ کرییە (هەم ژبو پاراستنا کومپانی و بەرژەوەندێن خوە و هەم ژبو دارشتنا نەخشەیا ستراتیژیکا سیاسەتا خوە ل دەڤەرێ). ئاستێ سێیەمێ هەڤبەندی و سەرەدەریێ د بیاڤێ پەروەردێدایە کو تورکان کۆمەکا دبستان و زانینگەهێن تورکی ل کوردستانێ ڤەکرینە و خەلکێ کوردستانێ ب هەمی ئایین و نەتەوە و مەسەبڤە سەرەدەریێ دگەل سیستەمێ پەروەردەییێ تورکی دکەن. ب هزرا من ئەڤ هەرسێ ئاستێن سەرەدەریێ ب تەنا خوە تێرا هندێ دکەن کو ببنە زەمینەخۆشکەر ژبو ئاڤکرنا پرەکا هەڤالینی و هەڤکاریێ ژبو سال و سەردەمێن بهێن. لێ ئەڤ زەمینەخۆشکرنە، دهەمان دەمدا وی مافی ددەتە لایەنێ هەرێمێ ژی کو هندەک پرسێن گرنگ و هەلاویستی یێن نە چارەسەرکری یێن وەکو پرسا کوردان ل تورکیا ب ئازرینیت و پێشنیازان بو پێشکێشکەت کو چارەسەرکرنا پرسا کوردێن تورکیا دێ ئاسۆیەکێ نوو ل هەمبەر تورکیا ڤەکەت و ئەرک و رۆلەکێ نوو یێ کاریگەرتر ددەتە تورکیێ ل دەڤەرێ هەمیێ (نە تنێ دگەل کوردان).

ئەم وەکو کورد حەز دکەین هەڤالینییەکا ستراتیژی دگەل تورکان چێکەین، لێ هەڤالینی یا دوو لایەنێن خوەسەر و ئازاد بیت، نە مینا هەڤالینی یا شەرڤانی و تفەنگا وی بیت، نە مینا هەڤالینی یا سواری و هەسپێ وی بیت. مە دڤێت هەڤالینی یا مە هەڤالینییەکا مجد و ب ئێکسانی بیت. ئەو هەڤالینی یا دناڤبەرا دوو نەتەوە یێن هەڤدەر و هەڤسوودا. هەڤالینییەکا مشت ئەڤینی و رێزگرتن و حەزا پێکڤە ژیانێ بیت.

## داوەتکردنی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا..

# فەلسەفەیەکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم







سەردانە دراماتیکییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و تورکیادا بەئاشکرا یان لەپشتی پەردەدا هەڵگری چەندان مانا و دەلالەتی جیاوازە، لەبەرئەوەی چەند ڕۆژێکە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بەقۆناخێکی گرنگ و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. بۆیە ڕەنگە ئەم سەردانە بۆ ماوەیەک ببێتە سەنتێزی قسە و باسەکان و لەڕۆژەڤی میدیا و چاودێرانی سیاسی بمێنێتەوە. بەتایبەتیش لەو ڕوانگەیەی، کە ئایا سەردانەکەی بارزانی تا چ ڕادەیەک ناکۆکییەکانی ڕابردوو لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کۆتایی پێدەهێنێ؟

### گەڕانەوەی بەها
### بۆ جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، بەرژەوەندی و داهاتوو

دوای ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) دەسەڵاتی سیاسی تورکیای گرتە دەست لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ستراتیژی دوورمەودا، بەهێزکردنی توانای دانوستاندنی لەگەڵ ڕۆژئاوا سیاسەتی کرانەوەی بەڕووی دراوسێکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی دەستپێکرد. ئەحمەد داود ئۆغڵو وەزیری دەرەوە و ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، پرەنسیبەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە ناوی لێنرا «عوسمانیزمی تازە» لەسەر سێ بنەما، بنیاتنا:

**یەکەم:** پرەنسیبی هاوسەنگی لەنێوان لەنێوان ئازادی و ئاسایش.

**دووەم:** سیاسەتی دەستپێشخەریکردنی ئاشتیانە.

**سێیەم:** بەشدارییەکی کارا لەو ناوچانەی کە تێیدا تورکیا چالاک و زیندووە.

بەپشت بەستن بەم پرەنسیبانە، تورکیا هەستیکرد کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەناوچەکانی دیکە لەبارترە بۆ ئەنجامدانی قەڵەمبازێکی نوێی سیاسی، بێگومان بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەم هەنگاوە پێویستبوو تورکیا تۆمارە خراپەکەی کە پەیوەستە بە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرودراوسێ سپی بکاتەوە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهان دەسەڵاتدارانی تورکیا هیچ بایەخێکیان بە لایەنی جوگرافی نەدەدا، هەستی ناسیۆنالیستی و پاراستنی سێکولاریزم بەرچاوی نوخبەی سیاسی ئەو وڵاتەی تاریک



سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا

کردبوو. تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش نکۆڵیان لەنەتەوەی کورد کرد، کە کۆنترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بەوەش نەوەستان بەچاوی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەوڵەت سەیری هەموو بزاڤێکی نەتەوەیی و ئایینیان دەکرد، ئەمەش دوژمنایەتییەکی هەمەلایەنەی لەناوخۆ و دەوروبەر بۆ ئەو وڵاتە دروستکرد. تورکیا لەجیاتی ئەوەی لەناوخۆ پشت بەسەرجەم پێکهاتەکانی خۆی و لە دەرەوەش پشت وڵاتانی دراوسێ و دیموکراسیخوازانی ناوچەکە ببەستێت، بە پلەی یەکەم دەستی بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا درێژ کرد. بەهۆی ئەو سیاسەتەشەوە ئەو وڵاتە دووچاری چەندین گێرمە و کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هات، بەڵام بەهاتنی AKP بۆ سەر دەسەڵات ڕەوشێکی تازە لەپێوەندی ئەو وڵاتە بەدراوسێکانی هاتۆتە کایەوە و پێشکەوتنی بەرچاوی تۆمارکردووە. بۆیە کاتێک تورکیا دەرگای سنوورەکانی بەڕووی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی دەر و دراوسێی دەکاتەوە، دووبارە نرخ بۆ جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، بەرژەوەندی و داهاتوو دادەنێت، چونکە پێکهێنانی هێزی نەرم و یەکێتی هەرێمایەتی سیمای گەشەی ئەمڕۆی جیهانە، ئەزموونی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، کە ئەمڕۆ ٢٥ وڵات لەنێو سنووری شینگنا دەرگای سنوورەکانیان لەسەر یەکتری ئاوەڵا کردووە، نموونەیەکی پرشنگداری ئەو یەکترتەواوکردنە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەیە.

عەراب و ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو لەو بڕوایەدایە، کە سیاسەت بە واتا تەسکەکەی، جگە لە دەرەنجامی ژێرخان کە ڕەگی لە پێوەندی ئابووری نێوان گەل و نەتەوەکاندا هەیە، شتێکی دیکە نییە. ئاڵوگۆڕی پێوەندی کولتووری و ئابووری ئەگەر هەبێت لەنێوان وڵاتاندا زەروورەتی پێوەندی سیاسی و ئابووری گەشەکردووی هێناوەتە کایەوە، لەسەر ئەم بنەمایە سیاسەتی هەمە لایەنە و فرە ڕەهەند کە داود ئۆغلو لە (قوڵایی ستراتیژیی)دا نووسیویەتی و لە ٢٠٠٢ وە لەوکاتەی ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکوەزیران بووە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێی دەکات، لەوەتای لە ئایاری ٢٠٠٩ بۆتە وەزیری دەرەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕیالیزەی دەکات. ئەمەش پشت بەوە دەبەستێت کە گەلانی دراوسێی گەلی تورکیا بە پلەی یەکەم، ئەوانەی لە سنووری تورکیاشەوە دوورن، شتێک هەیە کە بە گەلی تورکی ببەستێتەوە و خاڵی هاوبەشیان هەیە، جا ئەوە سیاسی بێت یان کولتووری، مێژوویی بێ یان زمانەوانی یان ئابووری.

دیپلۆماسیەتی تورکی لە ٢٠٠٢ وە بڕیاریداوە وڵاتەکەی لەبەردەم زۆرترین گەلانی دنیا بخاتە



سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا

سەرپشت، ئەنقەرە ئەم هەنگاوەی لە سیستمی نوێی جیهاندا بە کارێکی گرنگ دەزانێ، پێیوایە دەبێتە دەروازەیەک کە تورکیا ڕۆڵێکی ناوەندی بگێڕێت، لێرەوە ئەمڕۆ هاوڵاتیانی زیاتر لە ٦٢ وڵات دەتوانن بێ ڤیزا سەردانی تورکیا بکەن، ئەم هەنگاوە بە «سیاسەتی بێ ڤیزا»ی تورکیا ناسراوە، کە سەبارەت بە وڵاتێکی وەک تورکیا ڕەهەندێکی ئابووری گرنگی هەیە.

ئەم هەنگاوەی ئەنقەرە بەکردنەوەی سنوورەکانی جگە لەوەی دەسکەوتە ئابووری و دیپلۆماسیەکانی تورکیای تەشویق کردووە، لەهەمانکاتدا هەڵگری چەند مانا و دەلالەتێکی گرنگیشە، یەکێک لەوانە دەرچوونە لە بەرەی یەکێتی ئەوروپا، بە واتایەکی دیکە تورکیا تەنیا ئەورووپی نییە، بەڵکو کۆسمۆپۆلیتیکیە بەرادەیەک پێشوازی لەهاوڵاتی گەلانی جیهان دەکات تەنیا ئەگەر پاسپۆرتیان هەبێت. پەیام و دەلالەتی دووەم لەبواری ئەمنیە، بەو واتایەی کە تورکیا لە ناوخۆ ڕەوشێکی ئارام و سەقامگیری هەیە و دەتوانن سنوورەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و ئاسایشی ناوخۆ بپارێزن. ئێستاش پاش هەریەک لەمیسر و ڕووسیا، تورکیا لەوە نزیکبۆتە کە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە لەگەڵ عیراقیش ئەنجامبدات. زیندووترین بەڵگەش کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیایە لەشارەکانی بەسرا، موسڵ و هەولێر.

**گەڕانەوە بۆ مێژی مەنتیق**

ئەگەرچی تورکیا بەشێوەیەکی بێ هاوتا دەسکەوتی گەورەی بەدەستهێنابێت لەسیاسەتی دەرەکیدا و وەکو گەمەکارێکی هەرێمایەتی گرنگ ئامادەبوونی خۆی دووپات کردبێتەوە، دیارە ئەمە لەمیانەی ئەو سیاسەتە فرە ڕەهەندەوەیە کە لەگەڵ گەیشتنی AKP بۆ کورسی دەسەڵات لەساڵی ٢٠٠٢ دەستی پێکردووە. وەلێ ئەمە بەس نییە و بڕیارگەلی ڕادیکالیانەتر دەخوازێت، چونکە ئیتر ئەوە ڕێنادات بە بەفیڕۆدانی زیاتری کات دوای چەندین دەیە لەسیاسەتگەلی هەڵچوون و دەمارگیری و نائەقڵانی. بێگومان بەڕێز عەبدوڵڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیا بەراستی بۆی چوو، کاتێک لەئەنقەرە گوتی: «ئێمە مێژوو نانووسین، بەڵکو ئێمە مێژوو دروستدەکەن». بۆیە پێویستە لەداهاتوودا هەوڵەکانمان فراوانتر بکەین بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان. چونکە ئێمە تائێستا زۆر بواری دیالۆگمان لەدەستداوە، هەموو بەدگومانی و بەدحاڵیبوون و ناسۆر و ئازارەکان بوونە بەشێک لەڕابردوو، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئێستا و داهاتوومان کار بکەین و دیالۆگێکی بونیاتنەرانە بکەینە سەنگی مەحەکی پێوەندییەکانمان. ئەو بۆچوونەش تەواو لەجێگای خۆیەتی و دروستە.

لێرەدا هارمۆنیەتێکی گرنگ بەدیدەکەین، سەرنجدەدەین ئەم دیدگا ستراتیژییەی سێکوچکەی «گویل،

هەواڵنامەی کتێب



سەرۆک بارزانی لەکاتی پێشوازیکردنی لەلایەن ئەحمەد داود ئۆغلو

ئـەردۆگان و داودئۆغلو» هەمان دیـد و تێڕوانینی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیشە. ئەمڕۆ سـەرکردایەتی هەرێم لەجیاتی هەڵدانەوەی مێژووی پڕ لەبرک و ژان و کێشـەو کوشتاری کوردو تورک، بەدوای دیالۆگی بونیاتنەرانە و خاڵە هاوبەشـەکاندا دەگـەڕێ، لەجیاتی ڕەتکردنەوەی یەکترو سـەنگەر لەیەکتر گرتن، دۆسـتایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش و پێوەندیی دراوسـێیەتی دروست دەکاتە سەنگی مەحەک. لەپێناوی بەرژەوەندی هەردوولا ئەم شێوازە سـتراتیژیی و دوورمەودایە پەیڕەو دەکات. بۆیـە کاتێک تورکیا ئـەو پێشـڤەچوونە خێرایەی هەرێمی کوردسـتانی بۆ زەلال بـوو و بینی دەیان کۆمپانیـای بیانـی سـەرمایەگوزاری ڕوو لە هەرێم دەکـەن، نەیتوانـی درێژە بە مەنتیقـی هێز بدات، لەجیاتی ئەمە هەوڵیدا بۆ هێزی مەنتیق بگەڕێتەوەو لەجیاتی دوژمنایەتی، دەستی دۆستایەتی بۆ هەرێمی کوردستان درێژبکات.

## فەلسەفەیەکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم

پێوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و تورکیـا بەدرێژایی ١٩ سـاڵی ڕابردوو هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، سـەرەڕای هەبوونی چەندین گرفتی چارەنووسسـازی وەک (پەکەکە، کەرکوک، تورکمان) لەوکاتەی سـتاتۆی هەرێمی کوردسـتان دامەزراوە بەهۆی بارگرژی و ناسەقامگیری ناوچەکە سنوورێک بۆ هێرشەکانی چەکدارانی پەکەکە دابنێن نەتوانراوە دانوستانێکی ڕاسـتەقینە و یەکلاکەرەوە بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـە هەڵواسـراوەکان ئەنجامبدەن و کێشە خەوتووەکانیان لەگەڵ یەکتری چارەسەربکەن.

سەرەتا تورکیا بە دیدێکی ئاسایشی سەیری ستاتۆی هەرێمی کوردسـتانی عێراقی دەکـرد، بەڵام لەدوای نەمانی ڕژێمی سەددام و لەساڵانی ٢٠٠٣ بەملاوە ئەو دیدە ئەمنیەی تورکیا گۆڕا بۆ دیدێکی «پۆلەتیکاڵ-ئیکۆنۆمی».

لەگەڵ ئازادکردنی عێراق، تورکیا یەکسـەر پشـتی بـە کارتـی تورکمانەکان بەسـت و ئامـادە نەبوو لەگەڵ لەگـەڵ کوردان کۆببێتەوە و دان بە قەوارەی هەرێمـی کوردسـتان دابنێت. بـەڵام لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکـەی ٢٠٠٥ تورکمانـەکان کە خۆیان بە نەتەوەی سێیەمی عێراق هەژمار دەکرد تەنیا توانیان یەک کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن. ئەمەش واتای شکسـتێکی گەورە بوو بۆ تورکیا، بە کوردییەکەی تورکیا لەعێراقی نوێ دەسـتی لـە بنی هەمبانەکە هاتە دەرەوە، لە بەرامبەریشـدا ئێـران پێگەیەکی بەهێزی لەعێراقی نوێ دەسـتکەوت. لەم ڕەوشـەدا تورکیا سـەرەتا ئامادە نەبوو نـە پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم ببەسـتێ، نە بـەرووی حکومەتی نوێـی عێراقدا بکرێتەوە، بگرە دەیویسـت لەرێگەی ئەمریـکا گوشـار بخاتە سـەر هەرێـم و بەغدا تا



هەواڵنامەی کتێب





سەرۆک بارزانی لەکاتی پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆک وەزیر ئەردۆگان

و ئاسایشـی سـنوورەکان بپارێزن. بەڵام بەهاتنی ئەحمـەد داود ئۆغلو بەپێی بەرنامەیەکی هەمەلایەن هەوڵیـدا بـەرووی وڵاتانـی دراوسـێ و ڕۆژهەڵات بکرێتـەوە، بەهەمانشـێوە لەبەرامبـەر هەرێمـی کوردستانیشدا کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێ، ئـەم دیدە نوێیەی داود ئۆغلو بەشـێوەیەک ئازایی و بوێری تێـدا بەدیکرا کە سـەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ سـەرکردایەتی کـورد کۆببێتەوە. هەروەها سـەردانی بەغداش بکات و هەوڵی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان بدات و لەسـەر بنەمای لێکتێگەیشتن و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و سازکردنی پێوەنـدی دوولایەنە لاپەڕەیەکی نـوێ هەڵداتەوە. ئەگەرچی تورکیا سـەرەتا ئامادە نەبوو ئەو واقیعە نوێیەی عێراق پەسندبکات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەدیارکەوت کە دەسـت و پەنجـەی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان نەرم بکات، بێگومان ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات.

## چی جەسارەتی بەتورکیا بەخشی؟

هەرچەنـدە دەوڵەتـی تورکیـا هەر لەسـەرەتاوە بەچـاوی گومانەوە تەماشـای ئەزموونـی هەرێمی کوردستانی عێراقی دەکرد و بەشێوەگەلی جیاوازیش هەڵوێستی دژبەری بەرامبەر نیشانەدا. بەڵام بەهۆی پێڕەوکردنـی سیاسـەتێکی نـەرم و ژیرانە لەلایەن سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردەوە لەماوەی چەند سـاڵی ڕابردوودا، تورکیا تـا ڕادەیەکی باش چاوی بەهەڵوێسـتەکانیدا خشـاندوەوە، لەمەش زیاتر ئەم سیاسەتەی سـەرکردایەتی هەرێم جەسارەتی ئەوەی بەتورکیا بەخشی کە باس لەچارەسەری مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کورد لەسنووری وڵاتەکەی خۆیـدا بکات. لێرەدا هەوڵدەدەیـن لەچەند خاڵێکدا ئـەو فاکتەرانە بخەینەڕوو کە جەسـارەت و بوێریان بەتورکیا بەخشـی و کاریگەری ئەرێنیان کردە سەر حکومەتی تورکیا لەداڕشتنی ئەم فەلسەفە نوێیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم:

یەکەم/ لەدوای کەوتنی ڕژێمی سەددام لەساڵی ٢٠٠٣ سەرکردایەتی هەرێم خۆی و بەبێ ئەوەی کەس داوای لێبکات لەپێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم وەکو هێزێکی کاریگەر بەشـداری لەپرۆسەی سیاسـیی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق کرد. جگە لەمە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەماوەی ٦ سـاڵی ڕابـردوودا لەمیانی سیاسـەتێکی ورد و واقیعیانەوە مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا کرد و لەهەموو کێشـەکاندا گەڕاوەیەوە بۆ دەسـتوور و دانوستاندن بەمەبەسـتی گەیشتن بەچارەسەریی گونجاو. ئەم سیاسـەت و هەڵوێستە بەرپرسیارانەیە جۆرێک لەدڵنیایی بەکاربەدەسـتانی تورک بەخشی و بۆیـان ڕوون بۆوە کە ئەگـەر دەرفەتیش هەبێت کورد جیانابێتەوە و دەیەوێ لەسـنووری ئەو وڵاتەی تێیدا دەژێت کێشـەکانی بەئاشتی چارەسەر بکات.



سەرۆک بارزانی لەگەشتێکدا بۆ یەکێک لە مۆزەخانەکانی ئەستەنبوڵ

**سیاسەتی هەمەلایەنە و فرەڕەهەند کە داود ئۆغلۆ لە (قوڵایی ستراتیژی)دا نووسیویەتی و لە ٢٠٠٢ وە لەوکاتەی ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکوەزیران بووە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێی دەکات**

هەروەک سەرۆک مسعود بارزانیش لەوتارەکەی خۆیدا لەمیانەی مەراسیمی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمدا ڕوونیکردەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگە لەعێراقی فیدراڵ و بەجیددی بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی بەغدادا دەکات.

دووەم/ وڵاتانی دراوسێی هەرێم -بەهۆی هەبوونی کێشەی کورد لە وڵاتەکانیان- ئەزموونی هەرێم بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەک پارچەیی خاکەکەیان دەزانن، ئەمە لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان تەنیا خۆی بە نوێنەری هەرێمی کوردستان زانیوەو نەهاتووە خۆی بکاتە خاوەنی سەرجەم گەلی کوردستان و هەڕەشە بۆ سەر ئەو وڵاتانە دروستبکات. بۆیە لەماوەی ١٩ ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتیش ئەم ٧ ساڵەی دوایی، هیچ کاتێک هەرێمی کوردستان نەبۆتە فاکتەری هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان هەمیشە خوازیاری پێوەندییەکی باش و دۆستانە بووە و بەردەوام بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسی و ئابووری و کولتوورییەکان دەرگای کراوە بووە. تەنانەت لەو کاتانەی بارگرژی و ئاڵۆزی ڕوویانداوە و تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشی کردووە، ئەوا سەرکردایەتی سیاسی کورد هەوڵیداوە کەشوهەواکە هێور بکاتەوە و لەڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە کێشەکان چارەسەر بکات. دیارە

ئەم سیاسەتە نەرم و ڕاسیۆناڵ-ەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد تورکیای ناچاری بەخۆداچوونەوە کردووە. سەرەنجام بینیمان ئەو سەردانەی پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغڵوی بۆ هەولێر لێکەوتەوە، وای لەوەزیری دەرەوەی تورکیا کرد بەسەرسامییەوە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بنرخێنێت، کاتێک گوتی: «هەولێر بەماڵی خۆمان دەزانین، وەرن با پێکەوە زیاتر هەولێر تەشویق بکەین..، هێنانەکایەی ئەو ڕۆژە خۆشانەش بەهەوڵ و هیممەتی سەرۆک بارزانی و کەسانی وەک ئەو ئەنجامگیر دەبێت.. ئێمە دەرگای ئێوەیەن بەڕووی ئەوروپا، ئێوەش دەرگای ئێمەن بەڕووی باشوور و کەنداو»، ئەم لێدوانەی داودئۆغڵۆ بەموجامەلەیەکی سیاسی و ئابووری گرنگی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

ئینجا داوەتکردنی هەریەک لەنێچرڤان بارزانی و پاشان سەرۆک مەسعود بارزانی بە سیفەتی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا پێوەندییەکانی هەردوولای گەیاندە چڵەپۆپە. تورکیاش بەم هەنگاوەی سەلماندنی کە لەمەودوا هیچ دوودڵ نییە بەئاشکرا و بەشێوەی فەرمی مامەڵە لەگەڵ ئیدارەی هەرێمدا بکات، بەتایبەتی کە ئێستا کۆنسوڵخانەی گشتی خۆی لەهەولێر کردۆتەوە و خەریکە ناوچەیەکی بازرگانی و پیشەسازی ئازاد لەشاری زاخۆ و هەردوو لقی (ئیش بانک و زراعەت بانک) لەهەولێر و دوو دەروازەی دیکەی سنووری لەگەڵ هەرێم دەکاتەوە و سیستمی ڤیزا هەڵدەگرێ

هەواڵنامەی کێتب





سەرۆک بارزانی

**کاتێک تورکیا دەرگای سنوورەکانی بەڕووی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی دەر و دراوسێی دەکاتەوە، دووبارە نرخ بۆ جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، بەرژەوەندی و داهاتوو دادەنێت**

و هێڵی ئاسمانی فەرمی (Turkish Airline) لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، بەڵام لەمانەش گرنگتر، دەبێ لەمەودا هەوڵبدا پاشەکشێ بەسەرباز و دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆی لەهەرێم بکات و ڕێککەوتننامەیەکی فرەلایەنەش لەبواری ئابووری و بازرگانی و کولتووری و زانستی و بوارەکانی دیکەی «نەوت و گاز و وزە و ڕێگاوبان و بیناسازی» لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم ئیمزا بکات.

سێیەم/ بوونی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بەهێزێکی مەعنەوی گەورە بۆ کوردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی ئەوانیش بکەونە خۆ و لەمیانی خەباتێکی سیاسیی و دیموکراتیانە داوای ماف و چارەسەری کێشەکانیان بکەن لەچوارچێوەی سنووری تورکیادا. هەر ئەمەش وایکرد لەتورکیا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی نێو پەرلەمان و شارەوانییەکان تاڕادەیەک سەرکەوتوو بێت و ئەم سەرکەوتنەی کوردەکانی تورکیا لەهەڵبژاردنەکان پەیامی ئەوەی بەکاربەدەستانی تورک دا، کە ئەوانیش دەیانەوێ بەشێوازێکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە کێشەکانیان لەچوارچێوەی سنووری تورکیادا چارەسەربکەن. واتە بوونی قەوارەیەکی سیاسیی وەکو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیجابیانە کاری کردە سەر هەڵوێستی کورد لەتورکیا و حکومەتی تورکیا بۆئەوەی تاڕادەیەک لەیەکترگەیشتن لەنێوانیاندا دروستبێت و دەرگای دیالۆگ بەڕووی یەکتردا بکەنەوە، بەمەش حکومەتی مەدەنی تورکیا لەبواری ماف و ئازادییەکانی کوردەکانی باکووردا دەتوانێ ئاسانتر و دەستکراوەتر هەنگاو بنێت.

لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر تورکیا بەپێی ڕێبازی سیاسیی و دیموکراسی و بە میکانیزمەکانی «دیالۆگ و بەرژەوەندی هاوبەش»دا ڕێگاکان ئاوەڵابکات، ئەوا هەردوو پارچەی کوردستان نزیکی یەکتر دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هێڵی «ناسیۆنالیزم و شەڕخوازیی» بەسەربکەوێت ئەوا تورکیا لەئازادی و دیموکراسی و یەکێتی ئەوروپا دووردەکەوێتەوە. هەروەک کوردی هەردوو پارچەکەش لەیەکتر دووردەکەونە و هەرێمی کوردستانیش پتر لەگەڵ دنیای عەرەب و ڕۆژهەڵات ئەنتیگرە دەبێت، لەجیاتی ئەوەی بەرەو دنیای مۆدێرنی دیموکراسی بچێت.

### بایەخی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی و ئاسۆی پێوەندییەکانی هەردوولا

سەردانەکەی سەرۆک بارزانی لەکاتێکی زۆر گرنگ و هەستیاردا ئەنجامدرا، بەو پێیەی گەلێ کێشەی ژیانی و ستراتیژیی گرنگ لەنێوان هەردوولادا هەیە. گرنگی و تایبەتمەندیی ئەو سەردانە لەوەدایە، کە تورکیا وەکو دراوسێیەکی گەورەی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە خاوەن نفوزی پتر ٧٠ ملیۆن کەسە و دووەم ئەندامی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)یە و لەڕووی ئەوروپا لەسەرانسەری دنیادا لەپلەی ١٧مدایە و لەنێو گروپی ٢٠یشدایە،

**ئەم سیاسەتەی سەرکردایەتی هەرێم جەسارەتی ئەوەی بەتورکیا بەخشی کە باس لەچارەسەری مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کورد لەسنووری وڵاتەکەی خۆیدا بکات**



هاوکات لەسەروبەندی پرۆسەی بەئەندامبوونیەتی لەکۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپادا، کە لەم ساڵانەی دواییدا هەم لەڕووی ڕیفۆرمی سیاسیی و ئیداری و هەم لەبواری پێشڤەچوونی ئابووریی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ دنیای گلۆباڵدا تەکانێکی گەورەی بەخۆوە دیوە، کە ئەمەش گرنگییەکی بەرچاوی بۆ هەرێم هەیە.

هەروەک ئەمڕۆ لەدابینکردنی پێدوایستییەکانی ژیاندا، وەک وزە و جموجوڵی سەرمایەگوزرای و بازرگانی، تورکیا لەنێو بازاڕەکانی هەرێم ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، هاوکات بۆ داهاتووش تورکیا دەتوانێ بۆ هەرێمی کوردستان ببێتە یەکێک لەکلیلەکان بەرەو ئەنتیگرەبوونی کوردستان بۆ نێو دنیای گلۆباڵ، بەو پێیەی تورکیا تاکە دەروازەی ئەوروپا و جیهانی ڕۆژئاوایە. ئەمە ڕەهەندێکی مەسەلەکەیە.

ڕەهەندێکی دیکە ئەوەیە، تورکیا وڵاتێکە کە بەهەندێ تایبەتمەندییەوە، خۆیی و عێراق دەخاتە نێو هاوکێشەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە. یەکێک لەوانە، «پرسی کورد»ە. بەڵام لەڕاستیدا بوونی ئەزموونێکی مەدەنی دەسەڵاتی کوردی لەکوردستانی عێراق گەورەترین یارمەتیدەرە بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لەقەیرانە سیاسیی و ئابوورییەکانی. هەروەها بوونی قەوارەیەکی ئارامی کوردی بۆ ئەو وڵاتە دەروازەی بازاڕێک دەکاتەوە کە ئایندەکەی ئێجگار گەش و ڕووناکە، کەوابوو ئەو پێوەندییە دەبێت لەهێڵی ئەمنییەوە دەربێت و ئاراستەیەکی ئابووری سیاسی و کولتووری بەخۆوە بگرێت. کورد چەندە پێویستی بەهاوسێیەکی هێمن و هاوکار هەیە، تورکیاش ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بەدراوسێیەکی کوردی دۆست هەیە. لەغەیری ئەو حاڵەدا تورکیا لەهەرێمی کوردستان زیاتر زەرەرمەند دەبێت.

ئەوکاتەی مرۆڤ بەمشێوەیە لەبارگرژی نێوان هەرێم و تورکیا بڕوانێت، بۆی دەردەکەوێ کە لەبنەڕەتدا کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو وڵات، لەنێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقدایە. بەو مانایەی تورکیا لەپرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا تەنها بەهۆی کارتی کوردەوە دەتوانێ باڵانسی ئیقلیمی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ڕابگرێت. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ پێگە و هێزی تورکمان و عەرەبە سوننەکانی عێراق سست و پاسیڤە، بەڵام هەرێمی کوردستان خاوەنی جۆرێک لەکەسایەتی یاسایی دەسەڵات و قەوارەیەکی دانپێنراوە. بۆیە کاتێک هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ عێراق جێدەهێڵن، دەبێ پێوەندییەکانی هەرێم و تورکیا بەتەواوی بەرەو ئاساییبوونەوە بچن.

لەسەرێکی دیکەوە، لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمریکا بەشێوەیەکی وا ئاوێتەی یەکتری بوونە، کە ڕۆڵێکی ستراتیژیی هەرێم بەخشیوە. پاراستنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە خۆی لەخۆیدا بۆتە ئامانجێکی ستراتیژیی دوورمەودا و هەروەک بۆتە لەمپەر لەبەرامبەر دەستێوەردانی سەربازی وڵاتانی دراوسێ. لەبەرئەوە ئەمڕۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە پەی بەو هەقیقەتە دەبەن.

عێراق لەڕووی دەوڵەمەندی بە نەوت و سامانە سروشتییەکانەوە لەپۆلینی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتدا لەڕیزبەندی سێیەمدایە و ڕێژەی ٤٠٪ی ئەو داهاتەش لەهەرێمی کوردستاندایە. ئەمەش لەکاتێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوا پێویستییەکی زۆریان بەسەرچاوەکانی وزە، وەک نەوت و غاز و، شەڕی ئابووری، دیپلۆماسی و قانوونی هەیە. لەبەرئەوە عێراق و هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتێکی بەرهەمهێنەر لەنێو ئەو بازاڕە جیهانییەدان و تورکیاش بۆ هێڵەکانی ڕاکێشانی بۆڕی نەوت و گازی عێراق بەرەو بازاڕەکانی جیهان و بەستنەوەی غازی کوردستان بەهێڵی نابوکو ئێجگار گرنگە. بەتایبەتیش بۆ ئەو سەرچاوە نەوت و گازییانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێت.

هەر بۆیە لەهەنگاونانی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمدا ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی زۆر گرنگە. سەرۆک بارزانیش لەو سۆنگەیەوە سەردانەکەی ئەنجامدا و دەبێ هەموو لایەنەکان بەو لۆژیکە تەماشای سەردانەکەی بارزانی بکەن. بەڵام ئایا پرۆسەکە بەکام لادا ئاراستەگیر دەبێت؟ هێشتا دیار نییە. ئێمە دەزانین کە ئەو هێزانەی لەدژی ئەو سەردانە و ئامانجە ئاشتیخوازانەکانی دان، لەتورکیا زۆر بەهێزن و میدیایەکی زۆر زەبەلاح و خاوەن هەژموون لەژێر دەستیاندایە. هەندێ لەم هێزانە هەر زوو هەوڵیاندا کە ئامانجی ئاشتیخوازانەی ئەو سەردانە ژەهراوی بکەن و، ڕۆڵ و کاریگەری سەرۆک بارزانی بچووک بکەنەوە، بۆئەوەی سەردانەکە لەسوود و قازانج زیاتر، زیان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. لەلایەکی دیکە، سەرۆک بارزانیش، کە هەرچەندە لەنێو ئەرک و کاروباری دیپلۆماسیدا بوو، بەڵام بەهۆی تیژبینی و لێزانی و ڕوانینی پراگماتیزمانەی خۆیەوە، توانی تەرکیزی پتر لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکانی هەرێم بهێڵێتەوە، ڕێگە بە ناحەزان نەدات هەستی ناسیۆنالیستی و دەمارگیریی تورک بجوڵێنن بۆئەوەی لەگەڵ دەسپێکی سەردانەکەیدا ئامانجی گەشتەکەی ژەهرخوارد بکرایە. بەڵام خەونی ئەو لایەنانە زیندەبەچاڵکرا و ئەو سەردانە بەهەموو مانایەک ئومێدبەخش و شادروستکەر بوو، کە هیوایەکی گەورەی بەکورد و ئاشتیخوازانی ناوچەکە بەخشی. سەردانێک بوو بەهەقیقەت لەئاستی سەدەی بیست و یەکدابوو. هاوکات سەردانەکە زمانی لێکتێنەگیشتنیشی گۆڕی بۆ پرەنسیبی پێوەندی دوولایەنە و بەرژەوەندی هاوبەش، بەمەش هەوڵەکان لەقۆناخی دیالۆگەوە گواسترانەوە بۆ قۆناخی جێبەجێکردن. بۆیە لەهەموو ڕووێکەوە، ئەم سەردانە، لایەنی تروسکایی زیاترە لەو لایەنەی کە مرۆڤ بخاتە نێو تاریکی و دڵەڕاوکێوە. تەواوی تروسکایی و هیواکانیش ئەوەیە کە ئەم سەردانە ببێتە دەسپێکی قۆناخێکی نوێ و گەشاوەتر لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم سەردانە، لایەنی تروسکایی زیاترە لەو لایەنەی کە مرۆڤ بخاتە نێو تاریکی و دڵەڕاوکێوە. تەواوی تروسکایی و هیواکانیش ئەوەیە کە ئەم سەردانە ببێتە دەسپێکی قۆناخێکی نوێ و گەشاوەتر لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا**

# «ئیتر پێویستە واز لە تۆمەتبارکردنی یەکتری بهێنین و لەسەر بابەتە بونیاتنەرەکان بوەستین»

## وتوێژ تورکیاناسی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر تەیار ئاری لەزانکۆی ئولوداغ



پرۆفیسۆر دکتۆر تەیار ئاری، سیاسەتوان و مامۆستای زانکۆی ئولوداغ، کە بە بۆنەی مەراسیمی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد-تورک، لە ٢٠ی نیسان بەڕێوەچوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، روونیکردەوە کە بە داهاتوو گەشبینە و هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا بە پێچەوانەی باس و خواستەکان هیچ کێشەیەکی ئاسایشی بوونی نییە.

پرۆفیسۆر دکتۆر تەیار ئاری (شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆرێک لە کتێبەکانی وەک مەنهەج لە زانکۆکاندا دەخوێندرێن، یەکێک لە سێ شارەکەی تورکیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاسته) ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە ژیانی ئاکادێمی خۆی کردووە و ساڵی ١٩٩١ وەک جێگری پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە بە مامۆستای زانکۆ، ساڵی ١٩٩٦ بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ساڵی ٢٠٠٢ پلەکەی بۆ پرۆفیسۆر بەرز کراوەتەوە. پرۆفیسۆر تەیار ئاری کە زۆرێک لە کتێبەکانی وەک مەنهەج دەخوێندرێن، بۆ بەشداری لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و لێکۆڵینەوەی ناوچەیی سەردانی ئەمریکا، ئێران، سووریا، لوبنان، ئوردون، عەرەبستانی سعودی، میسر، ئیسرائیل، کوێت، فەلەستین، ئیماراتە یەکگرتووە عەرەبییەکان، بەحرەین، قەتەر، عەممان، مەقدۆنیە، کۆسۆڤۆ، یۆنان، ئەڵمانیا، فەرەنسا، نەمسا و ئازەربایجانی کردووە. ئێستا لە زانکۆی ئولوداغ وانە دەڵێتەوە.

> دیدارمان لەگەڵ سەرۆک بارزانی تا دوا رادە ئەرێنی بوو، وەک مرۆڤێک بینیم کە جێگەی بڕواپێکردنە





❖ **دەتوانین بزانین تێڕوانینتان بۆ داهاتوو چییە؟**

– لەو بڕوایەدام کە پەیوەندییەکان لە داهاتوودا بە هۆی بەشداریی نووسەر و ئاکادێمیسییەنەکان لە پانێلەکاندا و دەوڵەمەندترکردنیان زیاتر پێش دەخرێت. لە سایەی چالاکییەکانی دیالۆگدا پێشداوەرییەکانیش لەناو دەبرێن.

❖ **روانینتان بۆ دیدارەکەتان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چییە؟**

– تا دوا رادە ئەرێنی بوو. باس لە کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیف و بونیاتنەر کرا. وەک مرۆڤێک بینیم کە جێگەی بڕواپێکردنە. لەو بڕوایەدام کە ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ بارزانی درێژەیان دەبێت. هەڵبەتە کە چالاکییەکانی کۆمەڵەکەش زۆر گرینگن، بەڵام لەو پێناوەدا دەبێ چالاکیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش پەرەیان پێ بدرێت.

❖ **کاریگەریی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا لەسەر قۆناخەکە چی دەبێت؟**

– لەو بڕوایەدام کە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر رەوتی بەرەوپێشچوونی قۆناخەکە دەبێت. سەردانەکە لە لایەکەوە ئەو روانگە هەڵەیەی بۆ هەرێمەکە دروستبووە دەگۆڕێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو روانگە هەڵەیەی بۆ بەڕێز بارزانی هەیە دەگۆڕێت.

❖ **چۆن دەڕوانە هەرێمی کوردستان؟**

– ئێمە کە بە هۆی چالاکییەکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد-تورک هاتین بۆ هەولێر، بە راستیش پێشوازییەکمان لێ کرا کە زۆر لە چاوەڕوانییەکانمان زیاتر بوو کە تا دوا رادە خۆشحاڵی کردین و بینیمان کە خاوەنی ئەو بنچینەیەین کە بتوانین داهاتوویەکی گەشتری لەسەر بونیات بنێین. گەیشتینە ئەو شەرەفەی کە چەندین کەسایەتیی گەورە بناسین. هەروەها ئەو کەسانەی دیدارمان لەگەڵ کردن، چ جەنابی بارزانی و چ جەنابی پارێزگار، هەستێکی میوانپەروەرانەی زۆر بەهێزمان تێیاندا بینی. لە کۆبوونەوەکاندا قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە چی دەبێ بکرێت و پەیوەندییەکانمان چۆن بەرەو پێش بەرین. ئیتر پێویستە کە واز لە تۆمەتبارکردنی یەکتری بهێنین و لەسەر بابەتە بونیاتنەرەکان بوەستین. گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە هیچ گفتوگۆیەک بەدەر لە ئاشتی لە نێوانماندا نییە. کەشێکی ئەرێنی بەسەر پانێلەکەدا زاڵ بوو و هەموو کەس ئەرێنیانە بیری دەکردەوە و بە دوور لە کێشەکان، جەخت لەسەر مێژوو، کولتوور و ئابووری و داهاتوویەکی هاوبەش کرایەوە. زۆر خۆشحاڵم کە بەو چالاکییەدا کە گرینگی بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەدا بەشداریم کرد و لە چالاکییەکانی دوای ئەمەدا بەشدار دەبم. کاتێک هاتم بۆ ئێرە، بینیم کە بە هۆی مەسەلەی ئاسایش و ئابووری، هەردوو لایەن دەبێ پێکەوە بژین. هەموومان پێویستیمان بە دەوڵەمەندیی ئابووری و ئاسایش هەیە، لەم روانگەیەوە دەبێ پێکەوە بژین. بینیم بڕوای خەڵکی ئێرە بە ئێمە، واتە بڕوای گەلی کورد بە گەلی تورک، بۆ من زۆر گرینگ بوو و زۆر پێی خۆشحاڵ بووم. ئەمە رێک بە پێچەوانەی ئەو پێشداوەرییانەیە کە لە تورکیا هەن، ئەگەر ئەو پێشداوەرییە لای هەموو کەسێکیش نەبێت، لە لای هەندێک کەس بوونی هەیە. دەبێ لەو مەسەلەیە رزگار بین. زۆر سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمە دەکەم کە لێمان کرا.

❖ **چۆن دەڕوانە ئەم گۆڤارە؟**

– لەو بڕوایەدام کە ئەم گۆڤارە پەیوەندییەکان پێشدەخات و لەم پێناوەدا رۆڵێکی زۆر ئەرێنی دەگێرێت.

سیاسی
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

# هەموارکردنی دەستوور تـــــورکیا بەرەوکوێ دەبات؟



**پرسی هەموارکردنی دەستوور تەنیا هەموارکردنی چەند بڕگە و ماددەیەکی دەستوور نییە، بەڵکو جیاوازی دوو بیرکردنەوە و دیدگای ناکۆکە لەسەر (دەوڵەت، کۆمەڵگا، ئایین) و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی وڵات**

پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) کە لە ٢٠٠٢ هاتۆتە سەر تەختی دەسەڵاتی تورکیا لەسەرەتاوە رەتیکردەوە بە پارتێکی ئیسلامی پێناسە بکرێ، بەردەوام پابەندبوونی خۆی بە عەلمانیەت دووپات کردەوە و وەرگرتنی تورکیاشی لە یەکێتی ئەورووپا لە ریزی پێشەوەی کارەکانی داناوە، بەڵام بەو پێیەی کە سەرکردەکانی ئەو حزبە پێشتر لە پارت و رێکخراوی خاوەن مەیلی ئیسلامی کاریانکردوە، بۆیە بە درێژکراوەی پارتی رەفا و فەزیڵە دادەنرێت و هەڕەشەی داخستنی لەسەر هەبووە، بەتایبەتیش لەوەتای دادگای دەستووری لە ١٩٦٣ دامەزراوە، زیاتر لە (٢٥) پارتی سیاسی بە پاساوی هەوڵدان بۆ زیانگەیاندن بە عەلمانیەتی کۆماری تورکیا، یان رووخاندنی کۆمار داخستووە، بۆیە ئاساییە کە پارتێکی وەکو AKP کە رەگوڕیشەیەکی ئیسلامی هەیە بەردەوام ملی لەژێر رەحمەتی شمشێری دیمۆکلێس ئاسای دادگای دەستووری دا بێت و نەتوانێ سیاسەتەکانی لەسەرجەم بوارەکاندا جێبەجێ بکات. AKP لەهەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠٠٧ هەموارکردنی دەستووری وڵاتەکەی بە خاڵێکی سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دانا، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنیشدا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنا و بەتەنیا توانی حکومەت دروست بکات، کەوتەخۆ بۆ هەموارکردنی دەستوور.

**شەڕ لە سەر دەستوور**

**شەڕە لەسەر ئایندەیەکی تورکیا**

هەموارکردنی دەستوور مشتومڕێکی زۆری لەنێوان AKP (کە باڵادەستە بەسەر حکومەت و پەرلەمان) و هێزە تەقلیدییەکان کە خۆیان بە پارێزەری سیستمی عەلمانی تورکیا دەزانن (دامەزراوەی سوپا، دامەزراوەی دادوەری، خوێندنی باڵا) هێناوەتە کایەوە. لەڕاستیدا ئەم مشتومڕە و شەڕی هەموارکردنی دەستوور گوزارە لە قەیرانێکی جیددی دەکات کە پەیوەندی بە سروشت و پێکهاتەی سیستمی تورکیا هەیە. لەراستیدا پرسی هەموارکردنی دەستوور تەنیا هەموارکردنی چەند بڕگە و ماددەیەکی دەستوور نییە، بەڵکو جیاوازی دوو بیرکردنەوە و دیدگای ناکۆکە لەسەر (دەوڵەت، کۆمەڵگا، ئایین) و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی وڵات. پارتی داد و گەشەپێدان بەرێبەرایەتی ئەردۆگان بە هەموارکردنی دەستوور دەیەوێ دوو ئامانجی ستراتیژی بەدەستبهێنێ:

یەکەم: پەرەپێدانی دەرفەتی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا لەرێگەی جێبەجێکردنی پێوانەکانی «کۆپنهاگن»، هەر بۆیە یەکێتی ئەورووپا بە ناراستەوخۆ پشتگیری لەو سیاسەتەی AKP دەکات.

دووەم: AKP لەوەتای لە ٢٠٠٢ دەسەڵاتی وەرگرتووە دەیەوێ لەچوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی سیاسی و ئابووری رەوشی ناوخۆی تورکیا باشتربکات، گرنگترین خاڵەکانی ئەو چاکسازییەش بریتین لە (سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی- ئەمەش واتای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپایە لەژیانی سیاسی- کە بە درێژایی دەیان ساڵ فەرمانی بەحکومەتداوە و حکومەتیش ناچار بووە گوێڕایەڵی بێت.

لەبەرامبەریشدا بەرهەڵستکارانی هەموارکردنی دەستوور پێیانوایە کە AKP لە پشت هەموارکردنی دەستوور دەیەوێ دەستبخاتە سەر دامەزراوەی دادوەری و کودەتایەکی مەدەنی ئەنجامبدات، دواتریش سیستمی عەلمانیەتی تورکیا هەڵبوەشێنێتەوە. پارتی کۆماری گەل (CHP) کە خۆی بە میراتگری کەمالیزم دەزانێ، دژی هەموارکردنی دەستوورە، دەنیز بایککال کە ماوەیەک پێش ئێستا بەهۆی ئابڕووچۆوونێکی سێکسی دەستی لە سەرۆکایەتی CHP کێشایەوە، رایگەیاندبوو ئەگەر AKP بەردەوام بێ لەسەر هەموارکردنی دەستوور، ئەوە واتای بانگەوازیکردنە بۆ سوپا تا کودەتای سەربازی ئەنجامبدات، لەلایەن خۆشیەوە پارتی بزووتنەوەی میللی (MHP)ی نەژادپەرست لەو بڕوایەدایە کە هەر هەموارکردنێکی دەستوور بە قازانجی بزووتنەوەی کوردی دایە و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر نەتەوەی تورک، بۆیە رازی نییە دەستوور هەموار بکرێ.

**کوردیش دەنگ بۆ هەموارکردنی دەستوور نادات!**

لایەنی کوردی لە تورکیا سەرەتا هیوایەکی زۆری بە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی و هەموارکردنی دەستوور هەبوو کە AKP بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هیواکان کاڵ بوونەوە، چونکە AKP لەبواری چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەنگاوی کۆنکرێتی نەهاویشتووە، بگرە فشارخستنە سەر سیاسەتمەداران و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و گرتن و ئازاردانیان پەرەی سەند، تا کار گەیشتە ئەوەی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) دابخرێت و سەرۆکەکەشی (ئەحمەد تورک) حەسانەی پەرلەمانی لێ بسەنرێتەوە و لە پەرلەمان دەربکرێ. سەبارەت بە پرۆژەی هەموارکردنی دەستووریش، دوای ئەوەی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (DBP) چەند ماددەیەکی پێشکەش بە AKP کرد، بەتایبەتیش (کەمکردنەوەی رێژەی گەیشتنی پارتەکان بۆ پەرلەمان لە ١٠٪ بۆ ٣٪ کەم بکرێتەوە، هەروەها ماددەی تایبەت بە زمانی دایک، هەڵوەشانەوەی سزای قەدەغەکردنی کاری سیاسی) لەلایەن AKP رەتکرایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەدانیشتنی پەرلەمانی تورکیا تایبەت بە دەنگدان لەسەر پرۆژەکەی AKP، پارتی ئاشتی و دیموکراتی (BDP) وەکو پارتە بەرهەڵستکارەکانی دیکە دەنگی بۆ پرۆژەکە نەدا و بڕیاریاندا ریفراندۆمی دەستووری بایکۆت بکەن، بەمەش AKP نەیتوانی پرۆژەکە لە پەرلەمان پەسەند بکات، بۆیە دەبێ راپرسی لەسەر بکرێت.

بەڵام هەرچی پارتە کوردییەکانی دیکەی وەک (KADEP) و (HAK-PAR) کە لەدەرەوەی پەرلەمانن، بڕیاریاندا بە دەنگی (بەڵێ) بەشداری لە راپرسییەکە بکەن. لەمبارەیەوە سەرۆکی گشتی HAK-PAR بەیرام بۆیزەل روونیکردەوە، کە لەگەڵ ئەوەی ئەو پرۆژەیەی AKP وەڵامی تەواوی داخوازیی و پێداویستییەکانی تورکیا ناداتەوە، بەڵام خواستی ئێمە ئەوەبوو دەستووری کودەتای ١٢ی ئەیلول فڕێ بدرێتە زبڵدانی مێژوو و دەستوورێکی تازە بەگوێرەی پێویستییەکانی تورکیا، کە گوزارە لەپێکهاتەی مۆزائیکی تورکیا بکات، ئامادە بکرێت. تا نەبینە خاوەن دەستوورێکی لەم چەشنە ناتوانین خۆمان لەو رەوشە رزگار بکەین. هەروەها بۆیزەل گوتیشی: «لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو هەنگاوانەی کە تائێستا هاوێشتراون نادیدە و بەکەم سەیر نەکرێن، لەتورکیا گەورەترین کۆسپ لەبەردەم دیموکراسیدا خۆ نەدۆزینەوەی سەرجەم پێکهاتەکانە لەنێو دەستووری بنچینەییدا، بەڵام ئێمە لەراپرسیدا دەنگی بەڵێ بەکاردەهێنین، چونکە راستترین شت ئەوەیە، کە ئێمە لەتورکیا پێویستمان بەدەستوورێکی بنچینەیی تازە هەیە، کە تێیدا سەرجەم پێکهاتەکان خۆیان تێدا بدۆزنەوە». لەلایەکی دیکەوە جێگری سەرۆکی گشتی KADEP یوکسەڵ ئاقشار رایگەیاند، کە ئەوان لەئەنجامی دەستووری کودەتای ١٢ی ئەیلول زەرەری زۆریان پێگەیشتووە، لەبەرئەوە دەستووری سەردەمی کودەتا مایەی قەبووڵکردن نییە. بۆیە ئێمە پشتیوانی لەگەڵاڵەنامەی گۆڕینی دەستوور دەکەن و لەگەڵ پارتەکانی وەک CHP و MHP لەیەک سەنگەر یەکناگرین».

لەلایەن خۆشیەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) پرۆژەی هەمواکردنی دەستوور و پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی AKP بە هەوڵێک بۆ چەواشەکردنی کورد بەتایبەتی و رای گشتی تورکیا دەزانن، پێیانوایە کە AKP بەم هەوڵانە دەیەوێ پێگەی سیاسی خۆی لە کوردستان و تورکیا بەهێزتر بکات و بەرەکە لە ژێر پێی PKK و DBP دەربێنێ، لەم چوارچێوەیەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان رۆژی ٢٠١٠/٥/٢٦ لە دیداری لەگەڵ پارێزەرەکانی رایگەیاند کە AKP هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا نییە، بەڵکو دەیەوێ کات بکوژێ. ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەیەکی زۆر بە دوا موخاتەبێکدا گەڕاوە و سەبر و ئارامی نواندووە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ شەڕ بەرپا نەبێ و کێشەکان بە دیالۆگ و شێوازی ئاشتیانە چارەسەربکەن، بەڵام AKP هیچ وەڵامێکی نەبووە، لەبەر ئەمە ئۆجەلان دەڵێ: «لەمەودوا لە پرۆسەکە دەکشێمەوە، PKK و دەوڵەت خۆیان بەرپرسیارن». بێگومان PKK بەردەوام ئاماژە بەوە دەدات کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان تاکە موخاتەبی کێشەی کوردە، بە ناڕاستەوخۆ بڕیاری شەڕ و ئاشتی لەلایەن ئۆجەلانەوە دەدرێ، بۆیە کاتێک ئۆجەلان پاشەکشێی خۆی رادەگەیەنێ و دەڵێ PKK و دەوڵەت لەبەرپابوونی شەڕ و ئاڵۆزبوونی رەوشەکە بەرپرسیارن، ئەمە بە ناراستەوخۆ واتای ئەوەیە کە نابێ چیتر PKK چاوەڕێی هەوڵەکانی AKP بکات، بۆ فشار خستنە سەر حکومەت و دەوڵەت ناچارە سەرلەنوێ پەنا بۆ چەک ببات، بەکرداریش لە ٢٠١٠/٦/١ هێزی پاراستنی گەل (HPG) باڵی سەربازی KCK ئاگربەستی یەک لایەنەی شکاند و هێرشی کردە سەر بنکە و مۆڵگە سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری کوردستان، لێرەوە بە دیار دەکەوێ کە لایەنی کوردی دوای بێ هیوایی لە چارەسەرییەکی سیاسیانە، جگە لە شەڕ شتێکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە، بە هەڵگیرسانەوەی شەڕیش سەرلەنوێ باری ئەمنی باکووری کوردستان و تورکیا پشێوی تێدەکەوێ و جگە لەزیانی ماددی، بە سەدان سەرباز و گەریلا دەبنە قوربانی، بێگومان ئەمەش حکومەتەکەی AKP تووشی رەوشێکی دژوار دەکاتەوە، لەوانەیە ببێتە سەرەتای تێکچوونی دەسەڵاتی AKP.

**سیناریۆکانی هەموارکردنی دەستوور**

دوای ئەوەی دادگای باڵا لە تورکیا ئەو تانەیەی پەسەند کرد کە لەلایەن پارتی گەلی کۆماری (CHP) دژ بە هەموارکردنی دەستوور پێشکەشی کردبوو، شەڕی هەموارکردنی دەستوور کەوتە نێو تونێلێک کە کۆتاییەکەی روون و ئاشکرا نییە.

AKP گەیشتۆتە بڕوایەک کە دادگای دەستووری لەتورکیا ناوبژیوان نییە، بەڵکو دوژمنی AKPیە، دوای ئەوەی دادگای ناوبراو بۆتە قەڵای ئۆپۆزسیۆنی عەلمانی. لەمبارەیەوە خودی ئەردۆگان دەڵێ « دادگای دەستووری بۆتە دادگای ئۆپۆزسیۆن و لەوێوە بڕیارەکانی جێبەجێ دەکات»، بە رەچاوکردنی ئەو پێگەیەی دادگای دەستووری، لەوانەیە پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور رووبەڕووی ئەگەرێکی تراژیدی ببێتەوە، دادگای ناوبراو پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور رەت بکاتەوە بەو پێیەی کە ناکۆکە لەگەڵ ماددە دەستوورییەکان، لەهیچ بارودۆخێکدا قابیلی دەستکاریکردن نین، چونکە ستوونی سیستەمی عەلمانییەتی تورکیان و لەسەر ئەو کۆمارە بنیاتنراوە، لەم حاڵەتەدا دادگا تەنیا پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور رەت ناکاتەوە، بەڵکو بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەی کە پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور زیان بە سیستمی عەلمانیەتی تورکیا دەگەیەنێ و AKP خاوەنی پرۆژەیەکە، کەواتە AKP دژی سیستەمی عەلمانییە، ئەمەش بەسە بۆ داخستنی ئەو پارتە. سیناریۆکە لێرە کۆتایی نایەت، هەندێ لەچاودێران پێیانوایە کە کاری سیاسی لەسەرکردەکانی AKP قەدەغە بکرێ و مافی ئەندامێتی پەرلەمان لەنوێنەرانی AKP وەربگیرێدرێتەوە، ئەمەش واتای رووخاندنی حکومەتی AKP و، دروستکردنی حکومەتێکی نوێیە لە پارتەکانی دیکەی ناو پەرلەمان.

هەندێ لەچاودێرانی دیکەش لەو بڕوایەدان کە دادگای دەستووری هۆکارگەلی پێویستی نییە بۆ رەتکردنەوەی پرۆژەی هەموارکردنەکە، چونکە ئەمە ئایندەی دیموکراسییە لە تورکیا و پەیوەندییە دەرەکییەکان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە، هەروەها چاوخشاندنەوە بە ناوەرۆکی پرۆژەی هەموارکردنەکە ناکەوێتە چوارچێوەی دەستڕۆیی (×لاحیات)ەکانی دادگای دەستووری، لەبەرئەوە ناتوانێ رەتی بکاتەوە، ئەگەرەکان بەهەرشێوەیەک بن رەتکردنەوەی پرۆژەی هەموارکردنەکە لەلایەن دادگای دەستووری واتای رۆیشتنە بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت.

لەم حاڵەتەشدا شیمانەش دەکرێ وەکو ٢٠٠٧، پارتی داد و گەشەپێدان زۆرینەی دەنگەدان قازانج بکات، چونکە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پاشەکشێی بەردەوام دان، ئەگەر ئەم سیناریۆیە چانسی سەرکەوتنی زیاتر بێت، واتای ئەوەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوو AKP زۆرینەی رەهای کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستدێنێ و هەر لەچوارچێوەی پەرلەمان دەتوانێ پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور تێپەڕ بکات و پێویستی بە راپرسی نەبێ، بەڵام ئەگەر دادگای دەستووری رەزامەندی لەسەر پرۆژەکە و ئەنجامدانی راپرسی دەربڕی ئەوا وەکو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە تورکیا رۆژی ٢٠١٠/١/١٣ رایگەیاند لە ٩/١٢ راپرسی ئەنجامدەدرێ و پەسەندکردن و رەتکردنەوەی پرۆژەکە بۆ هاووڵاتیانی تورکیا بەجێدەهێڵدرێ و لەوانەشە لە راپرسییەکەدا زۆربەی هاوڵاتیان دەنگی بۆ بدەن.

**بەرهەڵستکارانی هەموارکردنی دەستوور پێیانوایە کە AKP لە پشت هەموارکردنی دەستوور دەیەوێ دەستبخاتە سەر دامەزراوەی دادوەری و کودەتایەکی مەدەنی ئەنجامبدات، دواتریش سیستمی عەلمانیەتی تورکیا هەڵبوەشێنێتەوە**

هەواڵنامەی کتێب



سیاسی
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

# هەموارکردنی دەستوور لە پەرلەمان قەبووڵکرا، بەڵام...



موراد جوان- ستۆکهۆلم

رۆژی ٢٠١٠/٥/٧ ماراسۆنی گۆڕینی دەستووری تورکیا لە پەرلەمان کۆتاییهات و هەندێک ریفۆرمی دەستووری کە لەلایەن پەرلەمانتارانی پارتی داد و گەشەپێدان پێشکەش کرابوو، پەسەند کرا، جگە لە مادەی (٨)ی تایبەت بە داخستنی پارتە سیاسییە فەرمییەکان نەبێت.

پاکەتی گۆڕینی دەستوور لە ٣٠ ماددە پێکهاتبوو، کە ٣ مادده لەوانە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێک لە نێوان هێزە ستاتۆخواز و لایەنگرانی سوپا و پارتی داد و گەشەپێدان AKP.

یەکێک لەو ماددانە کردنەوەی دۆزی داخستنی پارتی سیاسەکان بوو کە پێویستە بە بڕیاری پەرلەمان بێت. بە گوێرەی دەستووری ئێستا سەرۆکی داواکاری گشتی کۆمار هەر کاتێک بخوازێت دەتوانێت لەبەردەم دادگای باڵای دەستوورەوە دەربارەی داخستنی پارتییەک دۆز بکاتەوە. بە گۆڕینی ماددەی (٨)ی دەستوور ئاک پارتی دەیخواست دۆزی کردنەوەی سەرۆکی داواکاری گشتی کۆمار بە مۆڵەتی پەرلەمان بێت، بە گوێرەی ئەو مادده ئەو کاتە داوای گشتی بخوازێت دۆز لە بەرامبەر پارتییەکی سیاسی بکاتەوە پێویستە سەردانی سەرۆکی پەرلەمان بکات و لە پەرلەمان لەگەڵ لیژنەیەک کەلە (٥) پەرلەمانتار پێکهاتووە و نوێنەری (٥) پارت و گروپ لەخۆدەگرێت، کۆببێتەوە، ئینجا بڕیار بدات ئایا مۆڵەت دەدرێتە داواکاری گشتی یاخود نا. بڕیار لەم لیژنەیەدا بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی پەسەند دەکرێت.

ماددەیەکی دیکە کە شەڕێکی قورسی لەسەر دەکرا لەبارەی پێکهاتەی دادگای باڵای دەستووری بوو، پەرلەمان ئەو مادەیەی قبوڵکرد. لەرابردوودا دادگای باڵای دەستوور دەتوانیی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دارێژراون ڕەتیانبکاتەوە و پارتی سیاسی دابخات و وەکو دیوانی باڵای دادپەروەری سەرۆک وەزیر و وەزیر و سەرۆک کۆماران دادگایی بکات، کە لە (١١) کەس پێکدەهات، ئەندامەکان تا مردن یاخود کاتی خانەنشین کردن لەسەر کورسی خۆیان دەمانەوە. بڕیار لەم دادگایە بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی وەردەگیرا. ئەندامانی ئەو دادگایە، لە خزمی سەرباز ئەو کەسانە کە لەنێو ستاتۆ دەناسرێن لەلایەن سەرۆک کۆماری رابردووە دەست نیشان دەکران.

ئێستا لەدوای هەموارکردن ژمارەی ئەندامانی ئەو دادگایە بووەتە ١٧ ئەندام، دادگای باڵا بۆ هەر پۆستێک سێ کەس هەڵدەبژێرێت، سەرۆک کۆمار لەهەر یەک لەم سێیەدا کەسێک هەڵدەبژێرێت تا ١٤ پۆست تەواو دەبن، ٣ پۆستەکەی دیکە لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن، لە سیستەمی تازەدا هەندێک گۆڕانکاری بەرەو دیموکراتی لەم دادگایەوە دەکرێت، بەم شێوەیە دەتوانێت لەگەڵ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک ئەرکان بەشدار بێت.

**مادەی سێیەم کە شەڕی لەسەر دەکرا بریتی بوو لە دەستەی باڵای داواکاری گشتی و داوەران بوو.**

بە گوێرەی دەستوور ئەو دەستەیە لە (٧) کەس پێکدێت، وەزیری داد و راوێژکارەکەی، هەروەها (٥) ئەندامی دیکە کەلەلایەن دادگای باڵای ئیداری جێبەجێکردنەوە هەڵدەبژێردران. ئەو دەستەیە پۆستێکی ئیدارییە بۆ دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە و لێسەندنەوەی پلە بۆ هەموو دادوەران و سەرۆکی دادگاکانی تورکیا تاکە پێگەی بڕیاردانە. دەستەی داواکاری گشتی و دادوەران بەوە دەناسرێن کە ئەو دەستەیە لە تورکیا وەکو ناوەندێکی گرنگی ستاتۆ پارێزگار، هەتا پشتگیریان لە ئەرگەنەکۆن کردووە هەر دادوەرێک و پارێزەرێک کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێت لەسەر کار دوور دەخەنەوە. ئەوانە پارێزەری دۆزی شەمزینان (فەرهاد ساری کایا)ن لەکار دوورخستەوە لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر سەرۆک ئەرکانی ئەوکات (یەشار بیوک ئانت) دۆزی کردۆتەوە، پارێزەری دۆزی شەمزینان ساڵێکە دەخوازێت دادوەر و پارێزەری دۆزی ئەرگەنەکۆن لەسەر کار دووربخرێنەوە، بەڵام لەلایەن وەزیری دادەوە بە هەندێک بیانووی (شەرعییەوە) ناتوانێت ڕێگایان لێبگرێت، هەروەها ئەوانەی دادوەر و پارێزەری دۆزی ئەرگەنەکۆنی ئەرزنجان دەکرد لەکارەکانیان دوورخرانەوە، هەندێک پارێزەری دیکە لە شوێنی ئەوان دانراون.

پارێزەری دۆزی ئەرزنجان دۆزی دەربارەی فەرماندەی هێزی ٣ی تورکیا جەنەراڵ (سالدریە بەرک) و دادوەری ئەرزنجان جیهانلەر و دارودەستەی Mit لە ئەرزنجان دەستی پێکردبوو، جیهانلەر و دارودەستەی Mit لە ئەرزنجان دەستگیر کراون، بەڵام فەرماندەی هێزی ٣ی تورکیا جەنەراڵ (سالدریە بەرک) لەبەردەم دادگا ئامادە نابێت و قسە ناکات، لە دوا دانیشتنی دادگادا فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری F16 بەشێوەیەکی زۆر نزم بەسەر باڵەخانەی دادگای ئەرزەرووم سووڕانەوە و هەڕەشەیان لە دادگا کرد.

ئێستا لە دوای گۆڕانکارییەکان ژمارەی ئەندامانی دەستەی باڵای داواکاری گشتی و دادوەران لە ٧ کەسەوە بوو بە ٢٢ کەس.

کارەکانی ئەو دەستەیە دابەش دەبێت بۆ سەر سێ شاند و هەر شاندێک بەرپرسی هەندێک کار لەئەستۆ دەگرێت، ئەو بڕیارانەی وەردەگیرێن دەتوانرێت تانەی لێبگیرێت. لە رابردوو هیچ بڕیارێکی ئەو دەستەیە ڕەخنەی لێنەگیراوە.

**ماددەی گرنگی دیکەش هەیە**

لەنێو گەڵاڵەنامەی گۆڕانکاری دەستووردا هەندێک ماددەی گرنگی دیکە گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. AK پارتی لە سەرەتادا دەیخواست تەنیا ئەو سێ مادەیەی کە لەسەرەوە باسمانکرد گۆڕانیان تێدا بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی پارتەکانی دیکە پشتگیریان نەکرد و کەمتر لە ٣٦٧ دەنگیان بەدەستهێنا، ئەوکات قبوڵکردنی ئەو گۆڕانکاریانە لە ڕێگای ریفراندۆمەوە دەبێت. لەبەر ئەمەش AK پارتی بۆئەوەی پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور لەنێو رای گشتیدا سەربخات، هەندێک بڕگە و ماددەی دیکەی زیاد کرد بەتایبەت ئەو ماددانەی پەیوەندیان بەبەرژەوەندی و ئازادی خەڵکەوە هەیە، لە کۆتاییدا ئەو مادانەی AK پارتی داوای هەموارکردنیان دەکات بوو بە ٢٨ مادده.

یاسای دیکەش کە داوای هەموارکردنیان کراوە زۆر بە نرخن وەکو یاسای باشترکردنی ڕەوشی ژنان و منداڵ و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پەیمانی باشترکردنی ژیانی فەرمانبەران، بەشێکی ئەو یاسا و بڕگانە لە دەستووری سیتسەمی سۆسیال دیموکراتی سوید وەرگیراوە.

لە یاسایەکی دیکەدا قەدەغەکردنی لەسێدارەدانی ژەنەراڵ و بەرپرسانی کودەتای ١٢ی ئەیلول هەڵدەگیرێت، ئەوانە دەتوانرێت دادگایی بکرێن، مافی تانەیان لە دەستەی باڵای سەربازی قبوڵدەکرێت.تا ئێستا دەستەی باڵای سەربازی چەندین ئەفسەری لە ریزەکانی سوپا دوورخستۆتەوە کەسیش نەیدەتوانی تانە بگرێت. بە گوێرەی ئەو یاسایانەی کە داوای هەموارکردنیان کراوە فەرمانبەر، دەتوانن تانە بگرن لە بڕیارەکانی دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و بەپێچەوانەش لە پێگەی بەرزی دەوڵەتەوە کە دەربارەی ئەوان بڕیاردراوە، تا ئێستا هیچ فەرمانبەرێک بۆی نەبووە تانە بگرێت.

هاوکات بەگوێرەی یاسا هەموارکراوەکانی ئێستا سەرباز جگە لە تاوانەکانی کاری سەربازیدا پێویستە لە دادگا مەدەنییەکان ئامادەبن، لە رابردوودا سەربازەکان تەنیا لە دادگای سەربازی دادگایی دەکران، هیچ دادوەرێکی سڤیل نەیدەتوانی بەبێ مۆڵەتی فەرماندارەکەی سەربازێک دادگایی بکات، هەروەها ئێستا هاووڵاتییان تەنیا بە بڕیاری دادگا لە پاسەپۆرت و گەشتوگوزاری دەرەوە بێبەش دەبن، کە لە رابردوودا پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش ئەو بڕیارەیان دەدا.

**پرۆسەی قبوڵکردنی ماددەکان بووبە ماراسۆنێکی درێژ**

قبوڵکردنی پرۆژەی هەموارکردنی دەستووری لەلایەن پەرلەمانەوە بە سێ قۆناغ تێپەڕی، دوو قۆناغ یەکە بەیەکەی ماددەکان گفتوگۆی لەبارەیەوە کراو خرایە دەنگدانەوە، قۆناغی سێیەم کۆی گشتی ماددەکان خرایە دەنگدان. لە قۆناغی یەکەمدا هەموو مادەکان لە سەرووی (٣٣٠) دەنگیان بەدەستهێنا و هەموویان پەسند کران، بەڵام لە قۆناغی دووەم مادەی (٨) تایبەت بەداخستنی پارتە سیاسییەکان تەنیا ٣٢٧ دەنگی بەدەستهێنا. لەبەر ئەوەی لەنێو ئاک پارتیدا لە (١٢ تا ١٥) پەرلەمانتار کە وەکو خزمی ئەردۆگان دەناسرێن ئەوان دەنگیان بۆ ئەو ماددەیە نەدا، لەبەرامبەر (٥) پەرلەمانتاری (BDP) دەنگیان بۆ ئەو مادەیەدا، بەڵام لە دانیشتنی دووەمدا ئۆجەلان لە ئیمیرالی زۆر ڕەخنەی لەو پەرلەمانتارانە گرت و بانگەشەی ئەوەی کرد ئەوان بوونەتە سێبەری ئاک پارتی و داوای کرد بە هیچ شێوەیەک دەنگ نەدەن و لەگەڵ پارتی (CHP) و (MHP) دیدار ساز بکەن لەبەر ئەوەی ئەو هەردوو پارتە دوژمنی سەرسەختی گۆڕانکاری دەستوور بوون. لەسەر هەڕەشەکانی ئۆجەلان لە دانیشتنی دووەمدا پەرلەمانتارانی کورد سەر بە پارتی BDP دەنگیان نەدا و وایانکرد ماددەی (٨) کە لە هەموو لایەک زیاتر پارتی کوردان زەرەریان لێبنیوە پەسەند نەکرێت.

دەوورووبەرە سیاسیەکان و چاودێرانی سیاسی ئاماژە بەوە دەکەن سوپای تورکیا لەکاتی دەنگدان لەسەر دەستوور لەگەڵ CHP و MHP و لە سایەی سیاسەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە پارتی BDP ی ناچار کردووە پشتگیری لە گۆڕینی دەستوور نەکەن، ڕێکبکەون. بەمشێوەیە روناکبیرانی تورک و کورد ڕەخنەی زۆر گران ئاراستەی ئەندامانی BDP لە پەرلەمانی تورکیا دەکەن و ئێستاش گفتوگۆیەک دەستی پێکردووە، بەمشێوەیەش دەبێتە سەرەتای سەرلەنوێ چاوپێخشاندنەوە بە سیاسەتی PKK و BDP و تەڤگەری کورد کە لە کاتی ئێستادا لە دۆخێکی چەقبەستوودایە.

**ئەوکاتە چی ڕوودەدات؟**

بە گوێرەی دەستووری ئێستا گۆڕانکاری بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت. یەکەم ڕێگا هەر مادەیەک لەسەرووی ٣٦٧ دەنگ بەدەست بهێنێت ئەوکات دەچێتە بەردەستی سەرۆک کۆمار، سەرۆک کۆمار ئیمزای دەکات لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە و کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر کەمتر لە ٣٦٧ دەنگی بەدەستهێنا و لەسەرووی ٣٣٠ بێت ئەوکات سەرۆک کۆمار ناچارە بۆ پەسەندکردنی ریفراندۆم ساز بکات. ریفراندۆم لە ئێستا تا ٤ مانگی داهاتوو ساز دەکرێت. بەڵام AK پارتی ماوەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی بۆ ٦٠ ڕۆژ کەمکردەوە.

سەرۆک کۆمار ١٥ رۆژی لەبەردەستدایە بۆ ئیمزاکردن، دوای ئیمزاکردنی لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوەو لەماوەی ٦٠ رۆژدا ریفراندۆم ساز دەکرێت. هەندێک لەم بڕوایەدان ئەنجامدانی ریفراندۆم لە دوای ٦٠ رۆژ بۆ ئەم خولەی پەرلەمان نییە لەبەر ئەمەش چاوەڕێ دەکرێت لە ماوەی ٤ مانگ ریفراندۆم ساز بکرێت، هەروەها دەستەی باڵای هەڵبژاردن دەتوانێت بڕیار بدات، ئایا ریفراندۆم لە دوای ٦٠ رۆژ یاخود ١٢٠ رۆژ دەبێت.

لەم نێوەندەدا CHP خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لەدوای ئیمزای سەرۆک کۆمارەوە سەردانی دادگای باڵای دەستوور بکات، بە بیانووی ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە لە دژی دەستوورە.

شەڕی ستاتۆخواز و ریفۆرمخوازەکان گەیشتۆتە قۆناغێک کە ئەندامانی دادگای باڵا دەتوانن بە بڕیارێک لە دژی ستاتۆخوازەکان بوەستن، لەبەر ئەمەش ماراسۆنی گۆڕینی هەموارکردنی هەندێک بڕگەی دەستووری تورکیا کۆتایی نەهاتووە، لەلایەن ئاک پارتی و هێزە لیبرال و دیموکراتەکان لەلایەک و CHP و MHP و هەندێک لە ئەندامانی ئاک پارتی و BDP ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، گومانێک لە ئارادایە کە سوپا دەتوانێت ئەو شەڕە لە هەندێک شاری کوردان لە هەندێک شوێنی گەورەی تورکان ئەوەندە گەش و گەموگوڕ بکەن لە ئەنجامدا سەرباز و گەریلا بکوژرێن و لەکاتی ناشتنی تەرمی سەربازەکان، مەراسیمی زۆر گەورە ساز بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزم لە دژی کوردان و ریفراندۆم و خەڵک بێزار بکات و ئەندێشەی ئەوە لەلای خەڵک دروست بکەن بۆ ئەوەی دەنگ بۆ ریفراندۆم نەدەن ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت بۆ سەر ئاک پارتی لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو، کەواتە ماراسۆنی تەواو نەبووە رۆژی دژوار چاوەڕێی گەلی تورک و کوردستان دەکات.

> چاودێرانی سیاسی ئاماژە بەوە دەکەن سوپای تورکیا لەکاتی دەنگدان لەسەر دەستوور لەگەڵ CHP و MHP و لە سایەی سیاسەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە پارتی BDP ی ناچار کردووە پشتگیری لە گۆڕینی دەستوور نەکەن، ڕێکبکەون

هەواڵنامەی کتێب

وتوویژی تورکیاناسی لەگەڵ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیا گوڵشەن ئۆرهان

# گۆڕینی سەروبنی ئەو دەستوورەی بەرهەمی کودەتای ١٩٨٠یە، ئاواتی هەموو لایەنێکە



خانمە پەرلەمانتاری کوردی ئاک پارتی گوڵشەن ئۆرهان، یەکێکە لەو پەرلەمانتارە بوێر و بەرچاوانەی سەر گۆڕەپانی سیاسی و کولتووری تورکیا، کە بەهەڵوێستی راشکاوانە و جەسوورانە ناسراوە. خانمی ئۆرهان تەواو هاوکۆکە لەگەڵ سەرۆک کۆمار عەبدوڵلا گوپل، کاتێک گوتی پرسی کورد گەورەترین پرسی سیاسی تورکیایە.

خەڵکی تورکیا و هەرێمی کوردستان گوڵشەن ئۆرهان پتر لەگەڵ گۆرانی «دۆتمان»، کە لە کراناوەی TRT6دا بڵاو کرایەوە دەناسن. ئەو ساڵی ١٩٧٠ لە وڵاتی شاعیری گەورەی کورد، موکوش لەدایکبووە. دوای ئەوەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ و خوێندنی ئامادەیی لەشاری وان تەواو کرد. ساڵی ١٩٩٠ شووی کردووە و ساڵی ١٩٩٢ کوڕێکم بە ناوی میرحەسەن بووە. ساڵی ١٩٩٩ هاوسەرەکەی لە رووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا. ساڵی ٢٠٠٣ دووبارە تاقیکردنەوەی زانکۆی دا. لە بەشی شوێنەوارناسی کۆلێژی زمان، مێژوو و جوگرافیای زانکۆی ئەنقەرە وەرگیراوە. حوزەیرانی ٢٠٠٧ تەواویکردووە. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی تەمووزی ٢٠٠٧دا، لەسەر لیستی پارتی داد و گەشەپێدان بووەتە نوێنەری شاری وان و ئێستاش ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی تورکیایە. ناوبراو لەم دیمانەیەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بۆ گۆڤاری هەردوو گۆڤاری تورکیاناسی و دیالۆگ، بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



**❖ لەم ماوانەی کۆتاییدا گۆڕانکاریی گەورە لە تورکیا روویاندا. لەلایەکەوە کێشەی کورد و لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ دەنگۆی پلانی کۆدەتا کۆمەڵێک دامەزراوەی نایاسایی ئاشکرا بوون، بە بڕوای ئێوە تورکیا بەرەو کوێ دەڕوات؟**

– بۆ بەدیموکراتیکردنی وڵاتێک، قسەکردن پێویست نییە، پێویستیی بە ئیرادەیەکی بەهێز و ماوەیەکی زۆر هەیە و زۆرجار تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی دەبێت. ئەو کۆمەڵگەیانەی دیموکراسییان پراکتیزە کردووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات سەقامگیریان کردووە، دەیان و سەدان ساڵ خەباتیان بۆ کردووە و هەوڵیان بۆ داوە. ئەو لایەنانەی دەیانەوێ رەوشی کۆمەڵگە وەک خۆی بمێنێتەوە، لەبەرامبەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان دەوەستنەوە و بۆ ئەمەش هەر هەوڵێک لەدەستیان بێت، دەیدەن، چونکە بەرژەوەندیی ئەوان، لە مانەوەی ئەم رەوشەدایە، ئەم رەوشە بەسەر تورکیادا زاڵە. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئێستا ئەگەر بە چاوێکی واقیعیانە بڕوانینە تورکیا، ناتوانین بڵێین لە لایەن کەسانێکی دیموکراتەوە بەڕێوە براوە. روانگە ناواقعییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات رێگەیان بۆ بەهێزبوونی شۆڤێنیست و رەگەزپەرستەکان خۆش کردووە و راستیی کۆمەڵایەتیی تورکیا لەبیر کراوە و تەواوی نەتەوەکانی تورکیا لەبیر کراون و سیاسەتێکی ئاسیملەکەر گیراوەتە بەر. گەورەبوونە و ئاڵۆزبوونی کێشەی کورد، عەلەوی و بیر و باوەڕ، ئەنجامی ئەم سیاسەتەن. لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیشدا کۆمەڵێک سیاسەت گیراونەتە بەر کە لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراودا بوونە. لە رەوشێکی وەهادا، بێگومان باسکردن لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و یەکسانی، راستیانە نییە. هەمیشە بچووکترین خەبات لە پێناو دیموکراسی و ئازادیدا، زۆر بە توندی وەڵام دراوەتەوە، مرۆڤەکان بە شێوەیەکی دوور لە مافی مرۆڤ سزا و ئەشکەنجە دراون و ساڵیانی ساڵ لە بەندیخانەدا ماون. لە رێگەی کردەوەکانی بکەری نادیارەوە هەزاران کەس گیانیان لەدەستداوە. ئازادیی بیر و باوەڕ پێشێل کراوە و خراوەتە ژێر رکێفی ئایدیۆلۆژیاوە. بەردەوام دەنگۆی بوونی مەترسیی کۆمۆنیست، مەترسیی شەریعەت یان جیاخواز بڵاو کراوەتەوە و بە شێوازی نادیموکراتیک وەڵامیان دراوەتەوە.

ئێستاش لە بەرامبەر ئەو سیستەمەی ساڵیانی ساڵە لە تورکیا بەڕێوە دەبرێت و ئاستەنگی خستووەتە رێگەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و لە بەرژەوەندیی چینێکی تایبەتدا بووە، کرانەوەی دیموکراتیک هاتووەتە کایە و هەنگاوی جددی لە پێناو سەلماندنی بوون و دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتیکەکانی گەلی کورد دەهاوێشترێن. ساڵیانێکی زۆر دامەزراوە نایاساییەکان ئاستەنگیان بۆ دەسەڵاتی یاسایی دروست کردووە و تا ئەمڕۆیان هێناوە و بەبێ دەستنیشانکردن و دادگەییکردنی ئەوان، رێگە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە خۆش ناکرێت.



هەواڵنامەی کتێب



پارتی داد و گەشەپێدان هەنگاوی گەورەی لە پێناو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا هاویشتووە و رێگەیەکی زۆری بڕیوە. پارتی داد و گەشەپێدان کە خوازیاری ئەندامێتیی یەکیەتیی ئەورووپایە و ئاستەنگەکانی بەردەم یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی هەڵگرتووە، لە پێناو دروستکردنی تورکیایەکی دیموکرات، هەنگاوە ئابووری و کۆمەڵایەتییە پێویستەکان دەهاوێت و گۆڕانکارییە یاساییە پێویستەکانیش جێبەجێ دەکات. بێگومان ئەم هەوڵە، لەگەڵ بەرگریی ئەو هێزانە رووبەڕوو دەبێتەوە کە دەیانەوێ رەوشەکە بەم شێوەیە بمێنێت. بەڵام ئەم هەوڵە لەم سەردەمەدا لە رێگەی هێزی یاسایی پەرلەمانتارەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. لەگەڵ ئەمە، دیموکراسیی تورکیا پێش دەکەوێت، سەقامگیرتر دەبێت، ئابووری بە خێرایی پێش دەکەوێت، کۆمەڵگە دەگاتە خۆشگوزەرانی و کێشە نەتەوەیی و کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەگەنە چارەسەرێک و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی دەستەبەر دەبێت. ئەگەر پێویست بکات بە دێڕێک وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەڵێم «تورکیا بەرەو دیموکراسی دەڕوات، بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران، ئاشتی و یەکسانی بەرەو سەقامگیری دەڕوات».

**❖ لە ماوەی ئەم ١٥ مانگەدا کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ماوە، پارتی داد و گەشەپێدان تا چ رادەیەک دەتوانێ لە چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی وەک کرانەوەی دیموکراتیک، چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گۆڕینی دەستووردا کە لە کۆنەوە ماون سەرکەوتوو بێت؟**

– چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و لە سەرووشیانەوە گۆڕینی دەستوور، پێویستیی بە گۆڕینی چەندین یاسا هەیە، کاتێکی زۆر و یارمەتیی کۆمەڵگەی دەوێت و لەگەڵ زۆر ئاستەنگ و بەرگریی هەندێک لایەن رووبەڕوو دەبێتەوە. بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نییە کە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی و دەسەڵاتێکی سەردەمیانە و هەروەها بۆ ئەندامێتیی لە یەکیەتیی ئەورووپاشدا چارەسەرکردنیان پێویستە. بەڵام هەر وەک ئاماژەم پێ دا، بەر لە هەموو شتێک پێویستیی بە کات هەیە و کێشەکان بە گوتنی «دەی» چارەسەر ناکرێن. چەندین ئاستەنگ لە بەردەم کۆمەڵێک کێشەی وەک پرسی کورد هەن کە ساڵیانی ساڵە بەردەوامن. ئاستەنگە دەستوورییەکان لە سەرووی هەموویانەوەن. لە گۆڕینی دەستووریشدا دووبارە کۆمەڵێک ئاستەنگ هەن. ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤیش زۆر و بەرفراوانن. پارتی داد و گەشەپێدان، سووربوونی خۆی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان راگەیاندووە و بە هیچ شێوەیەکیش بیر لە پاشەکشە ناکاتەوە. لە هەرسێ بابەتدا کە باستان کردن، هەنگاوە پێویستەکان لە لایەن پەرلەمانتارەکانەوە دەهاوێشترێن. بۆ نموونە لە مەسەلەی ئازادی و مافە دیموکراتیکەکانی کورددا، هەنگاوەکان دەنرێن. هەنگاوەکان لە پێناو ئازادییەکانی بواری راگەیاندن، ئازادیی سیاسەت و کردنەوەی کۆرسی کوردۆلۆژی لە زانکۆکاندا، لە مێژووی تورکیادا یەکەمن و هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێت کە هەنگاو بە هەنگاو بەرفراوانتر بکرێن، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە تەواوی هەنگاوەکان لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی کورددا نراون. بەڵام هەروەک ئاماژەم پێ دا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتی پێویست و گۆڕانکارییە یاساییەکان و یارمەتیی خەڵک، پرسەکە چارەسەر دەکرێت و ئاشتەوایی و یەکسانیش دەستەبەر دەبێت.

گۆڕینی دەستووریش ئێستا لە پەرلەمان گەنگەشەی لەسەر دەکرێت. بێگومان گۆڕینی سەر و بنی ئەو دەستوورەی بەرهەمی کۆدەتای ١٩٨٠یە، ئاواتی هەموو لایەنێکە. بۆ گەیشتن بەمەش، سەرەتا هەندێک گۆڕانکاری پێویستن. پارتی داد و گەشەپێدان هەنگاوی پێویستی هاویشتووە و دژایەتیی سێ حزبی دژبەر لە بەرامبەر پێشنیارەکە، لە لایەن تورکیا و تەواوی دنیاوە بە سەرسوڕمانەوە سەیر کرا. ئیتر خەڵکی تورکیا ئاگاداری هەموو شتێک هەن.

کۆمەڵێک پێشکەوتنی باش لە مەسەلەی ئازادیی رادەربڕیندا دەستەبەر بووە. هەموو کەس ئاوات و ئارەزووەکانی دەنووسێت و رێکخراوەکان تووشی ئاستەنگ نابن.

**❖ پلانی کودەتای باڵیۆز و رێکخراوە نایاساییەکانی دیکە چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبێت؟**

– هەڵبژاردن، بە واتای گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل دێت. بەر لە هەموو شتێکیش لە رەوشێکی ئازاددا واتا راستییەکەی دەدۆزێتەوە. ئاشکراکردنی دامەزراوە نایاساییەکان و دادگەییکردنیان، رێگە لە پیسبوونی کەشی هەڵبژاردن دەگرێت. لە لایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردن کە ئەنجامی ئیرادەی دیموکراسییە، نموونەی ئاشکرای بەربەرەکانیی هێزە دژە دیموکراتیکەکانی زۆرە. هەوڵەکانی رەگەزپەرستەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری دامەزراوە نادیموکراتەکان، پووچەڵ دەبێتەوە. خەڵک لە کەشێکی ئازاددا دەتوانن چالاکییە دیموکراتیکەکانیان ئەنجام بدەن.

**❖ پارتی داد و گەشەپێدان لە مەسەلەی کرانەوە بە رووی کورددا، هەڵوێستی روونی پێشووتری لەم دواییانەدا نانوێنێت. بە بڕوای ئێوە هەوڵەکان لە پێناو «کرانەوەی دیموکراتیک»دا بە رەچاوکردنی گوشاری دژبەرەکان، تا چ رادەیەک سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا کوردەکان لە پێشکەوتنەکان رازین؟**

– ئەو بیرکردنەوەیەی کە پارتی داد و گەشەپێدان هەڵوێستەکەی پێشووتری لەمەڕ کرانەوە بەرووی کوردی نەپاراستووە، بە راست نازانم. پرسی کورد، لە چوارچێوەی مەسەلەی «کرانەوەی دیموکراتیک»دا، یەکێک لە پرسە گرینگەکانە. پارتی داد و گەشەپێدان، لە مەسەلەی کرانەوەدا لەگەڵ زۆر رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی گفتوگۆی کردووە و لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان زانیاریی وەرگرتووە. بێگومان لایەنە دژبەرەکان ئاستەنگ دەخەنە بەردەم چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، زۆر ئاستەنگی یاسایی و دەستووریش هەن. پارتی داد و گەشەپێدان

<<<

**پارتی داد و گەشەپێدان هەنگاوی گەورەی لە پێناو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا هاویشتووە و رێگەیەکی زۆری بڕیوە**

ئاگاداری ئەمانەیە و لە هەوڵی تێپەڕاندنیاندایە. پارتی داد و گەشەپێدان لەم مەسەلەیەدا سەمیمی و سوورە و دەیەوێ هەر چۆنێک بێت ئەم کێشانە کە ساڵیانی ساڵە هەن و ئاڵۆزتر بوونە، چارەسەر بکات. دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لەسەر بنەمایەکی تەندروست، پێویستیی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەیە. هەروەها فەلسەفەی پارتی داد و گەشەپێدان، بە توندی دژی ئەوەیە کە هاووڵاتییە کوردەکانمان بە دوور لە مافە دیموکراتیکەکانی خۆیان بژین و لە تورکیادا نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەبێت. بە یارمەتیی خەڵک، پارتی داد و گەشەپێدان، لە چوارچێوەی دیموکراسیدا پرسەکە چارەسەر دەکات. ئەمە شتێک نییە کە بە ئەمڕۆ و سبەی بکرێت.

**❖ هەندێک لە چاودێرە سیاسییەکان پێیانوایە کە پارتی داد و گەشەپێدان بەبێ موخاتەب وەرگرتنی کورد، ناتوانێ پرسی کورد چارەسەر بکات. ئایا پارتی داد و گەشەپێدان بە پەراوێزخستنی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) سەرکەوتوو دەبێت؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان کاتێک دەستی بە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی کرد و چارەسەرکردنی پرسەکانی تورکیا کرد، داوای یارمەتی، بەشداری و رەخنەی بونیادنەری لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە خوازیاری دیموکراسین. پرسی کورد، پرسێک نییە کە بە ئەمڕۆ و سبەی و بە چاوتروکانێک چارەسەر بکرێت، بەڵام لە پێناو چارەسەریدا هەنگاوەکان دەنرێن و یارمەتیدانی ئەم هەنگاوانە، بەدیموکراتیکبوون خێراتر دەکەن. ئەوانەی دەڵێن ئیرادەیەکی ئازادیان نییە و لە شوێنی دیکەوە فەرمان وەردەگرن، چۆن دەتوانن یارمەتیی دیموکراسی بدەن. پارتی داد و گەشەپێدان، سوورە لەسەر کرانەوەی دیموکراتیک. خەڵک لەو مەسەلەیەدا دەیانەوێ چاوەڕوانییەکانیان بەجێ بگات. کاتێک دێینە سەر مەسەلەی بە بەرامبەرەوەرگرتن، هەڵسوکەوتە دیموکراتیکەکان گەردوونین. لە مەسەلەی کرانەوەی دیموکراتیکدا کە پرسی کوردیش لەخۆ دەگرێت، پارتی داد و گەشەپێدان چاوەڕێی پێشنیارەکانی پارتە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بوو کە پارتی ئاشتی و دیموکراسیش یەکێک لەو لایەنانەیە. پارتی داد و گەشەپێدان، هەنگاوەکانی ئاشکرا کردووە و پێشکەوتنی بەرچاوی دەستەبەر کردووە.

پارتی داد و گەشەپێدان تەنیا و تەنیا بە یارمەتیی خەڵک دەتوانێ کێشەکانی تورکیا و لەناویاندا پرسی کورد چارەسەر بکات. سووربوون و بڕواپێبوون بۆ ئەوە بەسن.

**❖ ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان نەتوانێ بە تەنیا بگاتە دەسەڵات، ئەگەری ئەوە هەیە کە لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی هاوپەیمانی پێک بهێنێت؟**

– پێموایە کە لەسەر ئەگەرەکان نابێ لێکدانەوەی سیاسی بکرێت، لەبەر ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەتان نادەمەوە.

**❖ بە بڕوای ئێوە، تورکیا دەتوانێ پرسی پەکەکە بە شێوەیەکی دیموکراتیک چارەسەر بکات؟**

لەم سەردەمەدا، کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بە رەچاوکردنی ئازادی و مافە دیموکراتیکەکان، بە باشترین شێوە چارەسەر دەکرێن. ئەو هەنگاوە دیموکراتیکانەی ئەمڕۆکە لە تورکیا نراون و دەنرێن، تەواوی پرسەکان چارەسەر دەکەن.

**❖ بە بڕوای ئێوە، سیاسەتی ئێستای پارتی ئاشتی و دیموکراسی بە شێوەیەکی جیاواز لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، ئەوە دەردەخات کە گۆڕانکارییەک لەو حزبەدا رووی داوە؟ و کاریگەریی ئەوە لەسەر تورکیا چییە؟**

– پارتی ئاشتی و دیموکراسی، لەلایەن کادیرەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیکەوە دامەزراوە و بە نوێنەری نوێوە سیاسەتەکانی بەڕێوە دەبات. هیوادارم بە رەچاوکردنی خاڵە هەستیارەکانی تەواوی لایەنەکانی تورکیا، سیاسەتەکانیان بەڕێوە ببەن.

**❖ پێشکەوتنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– تورکیا سیاسەتەکانی دەرەوەی بە شێوەیەکی راستیانە بەڕێوە دەبات. لەسەر ئەم بنەمایەش لەگەڵ دراوسێکانی و تەواوی دەوڵەتەکانن سیاسەتێکی دۆستانە و ئاشتیانە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە پێڕەو دەکات. لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوی زۆر بەهێز و روونی هاویشتووە و پەیوەندیی دروستکردووە. لەگەڵ تەواوی وڵاتەکانی دنیا و بەتایبەتیش وڵاتانی ناوچەکە وەک عێراق، ئێران، سووریا، بولگاریستان، رووسیا، یۆنان و ئازەربایجان، پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی زۆر باشی دروست کردووە و دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنیستانیش پێش بخات. بەرژەوەندی و داهاتووی خودی تورکیا، لە ژێر سێبەری پەیوندیی دراوسێیەتیی باشدا مسۆگەر دەبێت. نرخی هەناردەکردنی تورکیا لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا تا ١٠ ملیارد دۆلار بەرز بووەتەوە و هەوڵی ئەوە دەدات ئەوەش تێپەڕێنێت. ئەمەش بە هەوڵی ئاشتیانەوە دەستەبەر دەبێت. هەڵبەتە وڵاتی ئێوەش، دراوسێی تورکیایە، هەروەها لە رێگەی تورکیاوە دەگەنە رۆژئاوا و یارمەتیی تورکیاش بۆ پێشکەوتنی ئێوە پێویستە. تورکیا وەک وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکە لەگەڵ ئەو دراوسێیەشی پەیوەندیی باش دروست دەکات و دروستی کردووە. سەرمایەگوزاریی خاوەنکارەکانی تورکیا بە رێژەی ملیۆنان دۆلار ئەو هەوڵانەی بەرفراوانتر کردووە. سیاسەتە دەرەکییەکانی چەوتەکانی رابردوو، جێی خۆیان بە سیاسەتی راستیانە داوە. هەروەها کردنەوەی کۆنسولخانەی تورکیا لە هەولێر، ئاستی ئەو پەیوەندییانەی بەرزتر کردووە. هەروەها پەیوەندیی مێژوویی، کولتووری، خزمایەتی و برایەتیشمان لەگەڵ ئێوە هەیە. ئەم برایەتی، دراوسێیەتی و دۆستایەتییە، هەم یارمەتی ئاشتەوایی هەرێمەکە دەدەن، هەمیش رێگە بۆ خۆشگوزەرانیی هەردوو گەلەکە خۆشتر دەکەن.

>>>
**جگە لە پەیوەندیی مێژوویی، کولتووری، خزمایەتی و برایەتیشمان لەگەڵ ئێوە هەیە. ئەم برایەتی، دراوسێیەتی و دۆستایەتییە، هەم یارمەتی ئاشتەوایی هەرێمەکە دەدەن، هەمیش رێگە بۆ خۆشگوزەرانیی هەردوو گەلەکە خۆشتر دەکەن**

هەواڵنامەی کتێب



# گۆڕانی دەستوور و کوردەکان



فەتاح کاراگۆز– ئەنقەرە

لە تورکیا هەندێک جار مشتومڕی دەستوور لە لایەن حکوومەتەکانەوە دەخرێتە رۆژەڤەوە. ئەو حکوومەتانەی دێنە سەر دەسەڵات، دەڵێن کە پێویستە دەستوور بگۆڕدرێت و سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. بەڵام بەداخەوە هیچ حکوومەتێک ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو لۆژیکەی لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە بونیات نراوە، بوەستێتەوە. کەمالیزم کە ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتە، هیچ کاتێک مشتومڕی لەسەر نەکراوە.

ئەم قۆناخە کە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیا و قبوڵکردنی پەیمانی لۆزان دەستی پێ کرد، کوردەکان و کەمینەکانی دیکەی تووشی زۆر نەهامەتی کرد. کەمالیستەکان، وێڕای رەچاوکردنی سیاسەتی بەتورککردنی ئاناتۆلی، خاکی کوردستانیان لە رووی سیاسی و سەربازییەوە داگیر کرد و دەستیان بە ئاسیملەکردنی ناوچەکە کرد. بۆ دامەزراندنی مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە، لە دەستووردا ئاستەنگی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان خستە بەردەم ئەوانی دیکە و لەسەر ئەم بنەمایە، ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیان لەسەر مەنتقی یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و یەک زمان دامەزراند.

ئەو سیستەمەی کێشەی کورد و کوردستان لە بنچینەدا رەت دەکاتەوە، بۆ پاراستنی خۆی، دەستوورێکی دارشتووە کە قابیلی گۆڕان نییە و دەوڵەتێکی تاک دەسەڵاتیانەی دامەزراندووە. بە هۆی ئەم پێکهاتە تاکلایەن و لە هەمان کاتدا پاوانخوازەوە، خەباتی کورد و دیموکراسی زۆر بە ئازار و خوێناوی بوو و هەر بەم شێوەیەش بەردەوامە.

ئەو گۆڕانکارییە دەستووریانەی پارتی داد و گەشەپێدانیش خستوونیەتە رۆژەڤەوە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد نین، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، هەندێک لایەن رازی دەکات. کاتێک دەتوانین بڵێین کە پرسی کورد چارەسەر بووە کە هەر نەبێت بۆ بونیاتنانەوەی دیموکراسیی لە تورکیا، دەبێ بەڵگەی سیاسەتی میللی کە لە لایەن کەمالیزم، ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتەوە دانراوە، لاببرێت.

دەستەواژەی نەگۆڕبوونی بەڵگەی سیاسەتی میللی و مادده نەگۆڕەکانی دەستوور، بە واتای هێشتنەوەی پرسی کورد وەک خۆیەتی. پرسەکە بە سەرلەنوێ نووسینەوەی دەستوور کە دان بە مافەکانی گەلی کورد و کەمینەکانی دیکەدا بنێت، سیستەمێکی فیدراڵ کە لە نێوان گەلاندا یەکسانی و رێزلێنان بە بنەما وەربگرێت، سەردەمیانە و دیموکراتیک بێت، چارەسەر دەکرێت.

مەسەلە ئەوەیە کە حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان خۆی لە قەرەی ئەو قاڵبە بەستووانە داوە یان نا. حکوومەتەکان هیچ کاتێک نەیانتوانیوە لەگەڵ سیستەم بکەونە پێکدادانەوە. پارتی داد و گەشەپێدانیش کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیستەم نییە. تەنانەت هەنگاوێک بەرەو پێش چووە و لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا لەگەڵ سیستەم رێک کەوتووە. ئەمە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سیاسەتەکانی دوای ئەوەدا دەردەکەوێت.

قسەکانی سەرۆک وەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لە دەرەوەی وڵات، نیشاندەرێکی روونی ئەمەن. ئەو پەیامە دڵخۆشکە و رێککەوتنی شارستانییەتەکان کە لە پایتەختەکانی ئەوروپا دەدرێن، بە هەر هۆکارێک بێت، لە ناوەوە لەبیر دەکرێن. هەم لە وڵاتی خۆتاندا شارستانییەت و کولتوورە جیاوازەکان پشتگوێ دەخەن، هەم لە وڵاتەکانی دیکەدا داوای ماف و ئازادییەکانی تورکەکان دەکەن، لە هەمان کاتدا لە ئەڵمانیا داوای کردنەوەی قوتابخانەی تورکی دەکەن، بەڵام کە سەرە دەگاتە کورد، ئەو مافانە لەبیر دەکەن. ئەمە نموونەیەکی بەرچاوی ناڕاستگۆییە لە سیاسەتی دەوڵەتدا.

لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا، بێبڕواییەک لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتدا دروست بووە. بە هۆی ئەمەوە، گەلی کورد و کەمینەکانی دیکە، زۆر نەهامەتییان بینی. بۆ تێپەڕاندنی ئەم بێبڕوایی و نەهامەتیانە، دەستوورێک کە رێگە بە بەشداریی هاوبەش و ئازادانە بدات و ئاسایشی نەتەوەیی دەستەبەر بکات، دەبێ کوردەکان لە چوارچێوەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا مافەکانیان دەستەبەر بکرێت و خۆیان بتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، کەمالیستەکان دەبێ بە شێوەیەکی ئەرێنی بڕواننە کورد. رۆشنبیر و سیاسەتمەدارە کوردەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە راحەتتری هەناسە بدەن، لە مشتومڕەکانی دەستووری تورکیادا دەبێ رۆڵێکی کاراتریان هەبێت و ببن بە لایەن. هەڵبەتە کە ئەم گۆڕانی دەستوورە، کێشەی کورد و کوردستان چارەسەر ناکات، بەڵام هەنگاوێکی گرینگە، بە لانی کەمەوە دەسەڵاتی لایەنی سەربازی لەناو دەبات.



## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ پەرلەمانتاری AKP زینەب داغی

# «لەمەسەلەی بەدیموکراتبوونی تورکیادا، قۆناخی ئۆزال و قۆناخی AKP وەک پێشڕەو دەزانرێن»

❖ **هەڵوێستەکانی پارتی داد و گەشەپێدان لە بەرامبەر کێشــەکانی نێو تورکیادا، زۆر جار نادیارە. تەنانەت هەندێکجار کێشەکان پشــتگوێدەخات. پارتی داد و گەشــەپێدان لەم ١٥ مانگەدا کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ماوە، تا چ رادەیەک دەتوانێ لە چارەکردنی کۆمەڵێک کێشەی وەک کرانەوەی دیموکراتی، کێشەی کورد و گۆڕینی دەستووردا کە لە رابردووەوە ماون، سەرکەوتوو بێت؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان لە ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢وەوە کە هاتە سەر دەســەڵات، لەپێناو بەدیموکراتکردنی تورکیادا زۆر هەنگاوی جددی ناوە و لە هەنگاوەکانی بەردەوامە. ئەو مەسەلەیە لە یەکەم روانینەکانمانەوە وەدیار دەکەوێت. زۆر چاکســازیی بەرفراوانی تۆمار کردووە، بۆ نموونە مافی بەدەســتهێنانی زانیاری و هەروەها هەڵوەشــاندنەوەی «باری نائاســایی» لە ناوچە کوردنشینەکاندا.

لەمەسەلەی بەدیموکراتبوونی تورکیادا، قۆناخی ئۆزال و قۆناخی پارتی داد و گەشــەپێدان وەک پێشــڕەو دەزانرێن. لە ســاڵانی ١٩٨٠کاندا، ئۆزال پێشــڕەوی بونیاتنانەوەی تورکیا لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و حقووقی بوو. بەڵام ئەو سیاسەتانەی لە سەرەتای ســاڵانی ١٩٩٠کاندا پەیرەو دەکران، هەم تورکیایان لــە رووی ئابوورییەوە خســتە قەیرانێکی گەورەوە، هەم کرانەوەی دیموکراتییان بە لاڕێدا برد.

هەڵوێستی پارتی داد و گەشەپێدان لەساڵی ٢٠٠٢ بەم لاوە، لەگەڵ چارەســەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکان، ئاستی ســتاندارەی دیموکراتیکەکانی تورکیای بەرز





**زەینەب داغی لە چەند دێڕێکدا**

زەینەب داغی، ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ لە گۆلباشی لە ئەنقەرە لەدایکبووە. ناوی باوکی ئیبراهیم و ناوی دایکیشــی فاتمەیە. ئەکادیمیسیەنە و بەشــی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی ئەنقەرەی تەواو کردووە. ماســتەرەکەی لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دکتۆراکەشــی لە کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردووە. لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی گازیدا وەک لێکۆڵەر کاری کردووە. هەروەها لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن وەک لێکۆڵەری میوان کاری کردووە.

وەک پرۆفیســۆری یاریدەدەر لە بەشــی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ئاتلما مامۆســتایەتی کردووە و لە گۆڤاری پلاتفۆرمی دیموکراسیدا نووسەر بووە و ئێستاش لە هەمان گۆڤاردا گۆشەنووسە. ســێ کتێبی چاپ کراوە و چەندین وتاری بڵاو کراوەتەوە. لە ئاســتێکی زۆر بەرزدا ئینگلیزی دەزانێت و دایکی دوو منداڵە.

کــردەوە. بڕیاری دەســتپێکردنی گفتوگــۆکان بۆ ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتیــی ئەورووپادا لە ١٧ی دێســێمبەری ٢٠٠٤دا، نموونەیەکــی بەرچــاوی ئەو هەڵوێستەیە.

بەمشــێوەیەش کاتێک لە ماوەی ٨ ساڵ دەسەڵاتی پارتــی داد و گەشــەپێدان بڕوانرێــت، وەلاوەنان و پەراوێزخســتنی کێشــەکان لەلایەن دەسەڵاتەکانی پێشــوو و هەنــگاوە شــێلگیرانەکانی لــە پێنــاو چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی وڵات، بەرچاو دەکەون.

❖ **هەندێک چاودێری سیاسی پێیانوایە کە «پارتی داد و گەشەپێدان تا ئێستا، بە پەیڕەوکردنی هەندێک سیاســەتی رۆژانە و کورتخایەن دەیەوێ کێشەکانی تورکیا چارەســەر بکات و لەم رێگەیەشەوە دەیەوێ خۆی حەشــار بدات، بەمەش تورکیــا دەخاتە نێو مەترسییەوە». ئەگەر ئەم بیرکردنەوەیە راست بێت، ئایا پارتی داد و گەشــەپێدان، ئاستەنگ لە بەردەم چارەســەرکردنی کێشــە ســتراتیژییەکانی تورکیا دروســت ناکات کە ئەم ئاستەنگانە کێشەکان چەند ئەوەندە قووڵتر بکەنەوە؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان، بەپێچەوانەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، سیاسەتێکی درێژخایەن و واقیعیانەی گرتووەتە بەر. سووربوونی لەسەر بەدیموکراتکردن، کاریگەریی لەســەر سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی تورکیا دەبێت.

چالاکییەکانی بۆ رێکخستنی ژێرخانی تورکیا لە پێناو ئەوەی کە لە ماوەی ١٠ ســاڵدا وڵاتەکەمان لە رووی

<<<

**جەنابی سەرۆک وەزیرانمان، لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا سووربوونی خۆی لەمەڕ کرانەوەی دیموکراتیک دوویات دەکاتەوە**

هەواڵنامەی کتێب

>>> کرانەوەی دیموکراسی بە رووی کورددا، گرینگییەکی تایبەتی بۆ دیموکراتیزەکردنی تورکیا هەیە. کورد، تورک، عەلەوی، گورجی و لاز، هەموو پێکەوە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرپرسیارن

ئابوورییەوە بێتە ریزی ١٠ وڵاتی یەکەم، بەردەوامن. بۆیەش وەک پەرلەمانتار و ئەکادیمیسیـەنێک، ئەو ئیدعایانە رەت دەکەمەوە.

**❖ با بێینە سەر هەڵوێستی پارتی داد و گەشەپێدان لە بەرامبەر چارەســەرکردنی کێشەی کورد. ئێستا دەبینیـن کە «کرانـەوەی دیموکراتـی» بە رووی کورددا تووشی قەیرانێک بووە و مەسەلەکە دێ لەبیر بکرێتەوە. چۆن ئەو بابەتە هەڵدەســەنگێنن؟ پارتی داد و گەشــەپێدان تا چ رادەیەک دەیەوێ لە پێناو کێشەی کورددا هەنگاو بنێت؟**

– جەنابی ســەرۆک وەزیران ساڵی ٢٠٠٥ لە دیاربەکر زۆر بە روونی باسـی لە پرسی کورد کردووە. لەم پەیوەندەشـدا، گرینگییەکـی زۆری بـە رێگەچارە دیموکراتیکـەکان داوە. لـە راستیدا، رێگارە دژە دیموکراتیەکان، رێگری ســەرجەم پرسـەکانی نێو تورکیـان. بۆیەش بەهێزکردنی مافی تاک، ئاستـی ستـانداردە دیموکراتیەکانی تورکیا بەرز دەکەنەوە و زۆربـەی کێشـەکان و لەناویاندا کێشـەی کورد، چارەسەر دەکەن.

جەنابـی ســەرۆک وەزیرانمـان، لە هەمـوو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا ســووربوونی خۆی لەمەڕ کرانەوەی دیموکراتیـک دووپات دەکاتەوە. هەوڵەکانی گۆڕینی دەسـتووریش، بەشـێک لە کرانەوەی دیموکراتین. پارتی داد و گەشـەپێدان کە لە ٨٠ شار لە کۆی ٨١ شـاری تورکیا نوێنەری لە پەرلەمان هەیە، حزبێکە کە تەواوی چین و توێژەکانی تورکیا لە خۆ دەگرێت و هێزەکەشی لە سەرجەم خەڵکی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت.

**❖هەندێک لە چاودێرە سیاسـییەکان پێیانوایە کە پارتی داد و گەشـەپێدان بەبێ موخاتەب وەرگرتنی کوردەکان دەیەوێ پرسـی کورد چارەسـەر بکات. ئایا پارتی داد و گەشـەپێدان بەبـێ ئەوەی پارتی ئاشتی و دیموکراتیک بـە بەرامبـەر وەربگرێت، سـەرکەوتوو دەبێـت؟ یاخود دەتوانیـن بڵێین کە پارتی داد و گەشـەپێدان بۆ بەدەستهێنانی هەندێک بەرژەوەندیی سیاسـی ئەو مەسەلەیە وەک کارتێک بەکار دەهێنێت؟**

– جەنابی ســەرۆک وەزیران، کرانەوەی دیموکراتیک نەک وەک پرۆژەی پارتی داد و گەشـەپێدان، وەک پـرۆژەی تورکیا دەبینێت. لەبەر ئەمەش، کرانەوەی دیموکراتی، لە هەمان کاتدا وەک یەکێتیی نەتەوەیی و بەرنامەی برایەتیش هەڵدەسەنگێندرێت. کرانەوەی دیموکراتی بـە رووی کورددا، پرۆژەیەکی وەها نییە کـە پارتی داد و گەشـەپێدان لە بـارەگای خۆیدا ئامادە و پێشکەشـی کردبێـت. بەپێچەوانەوە، لە رێگـەی هەماهەنگیی وەزیری ناوخۆ و مشـتومڕی لەگەڵ هەمـوو لایەنەکانی تورکیا، ئامادە کراوە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەگەڵ هەر چینێک، گفتوگۆ بە بنەما وەرگیراوە. لەلایەنـی ئەکادیمییەوە بگرە، هەتا میدیـا و دامەزراوەکانـی کۆمەڵگەی مەدەنی و نووسـەران، هەموو لایـەن و هەموو ئەکتەرەکانی کۆمەڵگە لە پرۆژەکەدا جێ دەگرن. دەتوانین بڵێین کە کرانەوەی دیموکراسی بە رووی کورددا، گرینگییەکی تایبەتی بـۆ دیموکراتیزەکردنی تورکیا هەیە. کورد، تـورک، عەلەوی، گورجـی و لاز، هەموو پێکەوە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرپرسیارن.

**❖ لە تورکیا تێگەیشتنێکی وەها هەیە کە ئەو وڵاتە تەنیا لە تورک پێک هاتووە. لەم وڵاتەدا چەمکەکانی هاووڵاتیبوون، دەوڵەت و ناسـیۆنالیزم، بە شێوازی «یـەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یـەک زمان و یەک خاک و...» لە دەقە یاساییەکاندا بە زمانی تورکی پێناسە کـراون. کەواتە ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت، هەتا ئێسـتاش لەسـەر ئەم بنەمایانە بـووە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە پێناسـەیەکی نوێ بۆ دەوڵەت، نەتەوە و هاووڵاتیبـوون بکرێـت کە گۆمـاری تورکیا بەبێ جیاکاریکردن هی هەموو پێکهاتەکان بێت؟**

– وەک هەموومـان دەزانیـن، دامەزراوبوونـی دیموکراسـی و چەسپاندنی، پرۆسـەیەکی درێژە و کاتێکی زۆری دەوێت. تورکیا لە سەردەمی تۆزاڵەوە، بـەرەو گۆڕانکارییەکی هـزری دەرواتێ. پارتی داد و گەشـەپێدان، لەم سـەردەمەدا تاکە نوێنەری ئەم گۆڕانکارییـە. پارتی داد، لەلایەکەوە کێشـەکانی ناوخـۆی چارەسـەر دەکات و لەلایەکـی دیکەوە، سیاسـەتێکی ئاشـتیانە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پەیڕەو دەکات. لە ژێر تیشکی ئەم پەرەسەندنانەدا، پارتی داد و گەشـەپێدان دەیەوێ ئەو دەستوورەی ١٢ی ئەیلوول بە زۆری داڕێژراوە، بگۆڕێت. هەرچەندە نیوەی ئەم دەستوورەی ١٩٨٢ گۆڕاوە، بەڵام رۆحی ملیتاریستیی ئەو دەستوورە، بووەتە کۆسپ لەبەردەم ئاشـتبوونەوەی کۆمەڵگە. بۆیـەش لەگەڵ گۆڕینی دەسـتوور، چارەسەریی زۆر کێشەی گرینگی تورکیا وەک کێشـەی کورد، ساناتر دەبێت. ئەگەر بروانینە هەڵبژاردنەکانـی ٢٢ی تەمـووزی ٢٠٠٧ کە رێژەی بەشـداریی هاووڵاتیان چەند بووە و هەروەها رێژەی پارتی داد و گەشـەپێدان چەند بووە، دەردەکەوێت کە خەڵک، داوای دیموکراسـی دەکەن. پشـتگیریی خەڵک بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، سەرکەوتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت.





## پرۆفیسۆر بیلال سەمبور بۆ گۆڤاری تورکیاناسی:

# ئاشتبوونەوەی رای گشتی تورک و کورد یەکێکە لە گەورەترین تەحەددییەکانی بەردەم تورکیا



پرۆفیسـۆر بیلال سەمبور، ماسـتەری هەیە لە بواری زانستی لاهوتـی (Theology) لە زانکۆی بێرمینگهام لە بەریتانیا. بیلال سـەمبور لە هەردوو زانکـۆی Selly Oak و هەروەها Woodbrook وانە بێژ بـووە لە بێرمینگهام. هەروەها لە بەشی زانستی لاهوتی (Theology) لە زانکۆی بێرمیگهـام وانەبێژ بووە. ئـەو چەندین وتار و کتێبی بـە زمانەکانی ئینگلیزی و رووسـی و ئیسـپانی و تورکی نوسییەوە بڵاوکردۆتەوە. ئێستا لە زانکۆی سلێمان دیمیرێل کاردەکات لە تورکیا. هەروەها بەڕێوەبەری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایین و ئازادیە لە تورکیا.

هەواڵنامەی کتێب

❖ زۆرجار هەڵوێستەکانی پارتی داد و گەشەپێدان AKP لەبەرامبەر کێشە و ئاریشەکانی تورکیا تەمومژاوی و ناجێگیرن، سەرنجدەدەین سەرەتا زۆر رژد و سەرکێشانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا دەکات، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەست بە پاشەکشێ دەکات و مەسەلەکان بە نیوەچڵی بەجێدەمێڵێ، بگرە هەندێجار ئەو پرسانە لەرۆژەڤی خۆی دەردەهێنێ و دەیانخاتە پەراوێزەوە، ئایا لەماوەی ئەو ساڵەی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو ماوە، AKP تاچەند دەتوانێ پرسە هەڵواسراوەکانی وڵات، وەک دەستپێشخەری دیموکراتی و چارەسەری کێشەی کورد و گۆڕینی دەستوور ئەنجامگیر بکات؟

– بەر لەهەموو شتێک کێشەکانی تورکیا بە تەنها کێشەی AKP نییە. بۆ نموونە، پارتە بەرهەڵستکارەکانیش کێشەی کورد دەخەنەڕوو.

هەرچەندە AKP حکومەتی بەدەستەوەیە، بەڵام هێزی بەدەستەوە نییە. AKP کۆنترۆلی هەموو وڵاتی بەدەستەوە نییە. تائێستاش هێزی راستەقینە بەدەستی سوپا و دەزگا بیرۆکراتیەکانەوەیە لە تورکیا. دەزگا حکومیەکان دوو دڵن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە گەورانە. AKP هەوڵدەدات کێشە گەورەکانی وەکو کێشەی کوردو عەلەویەکان چارەسەر بکات، دواتر دەزانێت ئەگەر لەوە زیاتر بڕوات ئەوا باجێکی قورس دەدات. لەکاتی ئێستادا تاکە هێزێک نییە کە بتوانێت بە تەنها کێشە گەورەکانی تورکیا چارەسەر بکات تەنانەت AKP ش ناتوانێت ئەوە بکات بە تەنها.

❖ با بێینە سەر مامەڵەکردنی AKP لەگەڵ پرسی کورد، سەرنجدەدەین ئێستا کرانەوەی دیموکراتی لەتورکیا لەڕەوشێکی قەیراناوی و بنبەستبوون و لەبیرچوونەوەدا دەژی، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟ ئایا AKP تاچەند دەیەوێ ختووکەی پرسی کورد بدات هەروەک چۆن ختووکەی پرسی هەژموون و باڵادەستی سوپا بەسەر دەسەڵاتی مەدەنییەوە دەدات؟

– لەسەرەتادا کرانەوەی دیموکراسی کەشێکی دڵخۆشکەرو گەشبینانەی لە تورکیا دروستکرد. بەداخەوە بەهەڵستکارانی وەکو CHP و MHP و هەندێک سەرچاوەی میدیایی و ئۆرگانی مەدەنی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی نێگەتیف دژی کرانەوەی دیموکراسی. AKP یان وەکو خیانەتکار پیشاندا. پرۆپاگەندەکانی ئەوان کاریگەری لەسەر بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا دروستکرد و هەروەها بووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی دژی AKP. پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی ئەوە پیشان دەدات کەوا یەکدەنگیەکی جەماوەریی نییە دەربارەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد. هەروەها کوردیش بە گومانن و پرسیار دەکەن لە راستگۆیی AKP لە بارەی کرانەوەی دیموکراسی. کوردەکان پێیانوایە ئەجێندایەکی شاراوە هەیە لەپشت پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی. هەروەها ئەو پرۆسەیە ئەوە پیشاندەدات کە تائەوکاتەی کێشەی کورد لەژێر کۆنترۆلی سوپادا بێت، هیچ حکومەتێکی بە دیموکراتی هەڵبژێردراو ناتوانێت سیاسەتێکی ئەوتۆ جێبەجێبکات کە ببێتە هۆی چارەسەری کێشەی کورد.

❖ هەندێ لەچاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، AKP زۆر بێباکانە دەیەوێ بێ بەشداری پارتە سیاسییەکانی دیکە، لەسەروویانەوە بەبێ موخاتەبی کوردی مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا بکات، ئایا AKP بەبێ بەشداری پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP سەرکەوتوو دەبێت؟ یان AKP دەیەوێ ئەم پرسە پتر وەک کارتێکی گوشار و بۆ دەسکەوتی سیاسیی بەکاربهێنێت؟

– چەندین ئەکتەرو فاکتەر لە کێشەی کورد دا بوونیان هەیە. کاتێک ئێمە بیر لە کێشەی کورد دەکەینەوە پێویستە هەموو ئەو ئەکتەر و فاکتەرانە لەبەرچاو بگرین. دەوڵەت بە تەنها ناتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات. چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەبێ کورد چارەسەر نابێت. کێشەکە لێرەدایە. پێویستە کێشەی کورد بە هاوبەشی لەگەڵ کورد چارەسەر بکرێت نەک بەبێ کورد.

❖ لەتورکیا چەمکی هاووڵاتیبوون و چەمکی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم لە تێکستەکانی دەستووردا بە تورکی پێناسەکراون و وەک ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا تەنها لەتورکەکان پێکدێت و لەو وڵاتەدا «یەک ئاڵا و یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک خاک و یەک ..تد» سەروەرە، واتە تائێستا ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتی تورکیا لەسەر قاچەکانی خۆی وەستاوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شێوازێکی دیکە بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت و نەتەوە و چەمکی هاووڵاتیبوون لەتورکیا بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەک دان بەوەدا بنرێت کە کۆماری تورکیا دەوڵەتێکە بۆ گشت پێکهاتەکانی بەبێ جیاوازی؟

– بەگشتی خەڵک دەوڵەت پێکدەهێنن، بەڵام لە تورکیا دەوڵەت هەوڵیداوە خەڵکێکی (نەیەوەیەکی) نوێ دروست بکات. کۆماری تورکیای نوێ مەبەستی ئەوەبوو نەتەوەیەکی وەک یەک واتە لەهەموو شتێکەوە لێکچوو دروستبکات، بەبێ بوونی هیچ جیاوازییەکی زمانەوانی، نەتەوەیی و ئایینی. دەوڵەتی تورکیا نکۆڵی لە هەموو جیاوازییەکی نەتەوەو کولتوورو ئایینی کردووە لە تورکیاو ناسنامەی تاکە نەتەوەیەکی سەپاندووە بەسەر هەموو ئەوانی تردا. کاری دەوڵەت دروستکردنی ناسنامەیەکی لێکچوو نییە بۆ هەووان، بەڵکو کاری دەوڵەت داننانە بە هەموو جیاوازیەکان لەنێو کۆمەڵگەدا. تورکیا پێویستی بە دەوڵەتێکی لیبرال و پلورالیزم و دیموکراتی هەیە کە لێکتێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵگەکان هەبێت بە رەچاوکردنی مافی هاوڵاتیبوون. پێویستە تورکیا واز لە سەپاندنی تاکە نەتەوەیەکی دیاریکراو هەبێت بەسەر هەمووان‌دا و هەروها پێویستە مافی هاووڵاتیبوون بەپێی دەستوور بۆ هەموو کەسێک وەکو یەک بێت بەبێ ئاماژە کردن بۆ هیچ گروپێکی نەتەوەیی، کەلتوری، ئاینی. پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان دان بە ناسنامەی هەمووان‌دا بنرێت.

❖ دەسەڵاتدارانی AKP رایانگەیاندووە کەوا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن بە کەرنەڤاڵێک بۆ گۆڕینی دەستوور. ئایا دەتوانین بڵێین لەدوای هەڵبژاردنی داهاتوو لە تورکیا دەستورێکی نوێ و سیستەمێکی کۆماریی نوێ دێتە ئاراوە؟

– لە هەڵبژاردنی رابردوودا، AKP بەڵێنی دەستورێکی دیموکراتی دا. تا ئێستا نەیتوانیووە ئەو بەڵێنەی خۆی بەشێوەیەکی تەواو بەجێبێنێت. ناتوانێن پێشبینی ئەوە بکەین کە دوای هەڵبژاردنی داهاتوو چی روودەدات. پێویستە گرنگی بە ئێستا بدەین، نەک بە داهاتوویێکی خەیاڵاوی. لێدوانەکانی دەسەڵاتدارنی AKP سەبارەت بە دوای هەڵبژاردن ئەوەندە مانادار نییە و هەروەها هێندەش شایەنی سەرنجدان نییە لەکاتی ئێستادا.

❖ ئێمە هەمیشە هەست بەوە دەکەین کە ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان بۆچوونی تورک و بۆچوونی BDP و PKK هەیە بەرامبەر بە پرسی کورد، بەتایبەتی لەبارەی سروشتی چۆنیەتی پێکەوە ژیان و پەیوەندیەکانی نێوان کورد و تورک. بۆنمونە، زۆربەی تورک PKK بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنێن لەکاتێکدا کوردەکان بە بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردیی دەزانن یاخود بەلاینی کەمەوە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی نازانن. لەنێ، ئەم بۆچوونانەدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا AKP بە ئەبستراکتێکی تورکانەوە سەیری پرسی کورد دەکات و خەڵکی خۆشی هەر بەو شێوەیە جۆش دەدات. ئایا تۆ پێتوایە دابەزینی کێرڤی دەنگەکانی AKP لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە ناوچە کوردیەکان پەیوەندی بەو سیاسەت و پێرسپێکتیڤەوە هەبێت؟

– تورک و کورد بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە سەبارەت بە پرسی کورد. رای تورکیا لەبارەی پرسی کورد دابەش بووە. جیاوازیە بنچینەییەکانی نێوان رای گشتی تورک و رای گشتی کورد وایکردووە ئاساییکردنەوەی (نۆرمالیزەکردنی) کێشەی کورد زۆر زەحمەت بێت. ئاشتبوونەوەی رای گشتی تورک و کورد یەکێکە لە گەورەترین تەحەددییەکانی بەردەم تورکیا. تائێستاش AKP لە سروشتی راستەقینەی کێشەی کورد تێناگات. زۆر گرنگە بۆ AKP کە بەشێوەیەکی راستەقینە گەشە بە لایەنی دیموکراتی و لیبرالی و پلورایزم بدات لەبەرامبەر پرسی کورد هەروەها پێویستە راستیی پرسی کورد بۆ کۆمەڵگای تورکیا روون بکاتەوە.

ئەمڕۆ، دوو پارت لە تورکیا شایەنی ئەوەن پێیان بگوترێت پارتی کوردی، ئەوانیش BDP و AKP. دوای ئۆپەراسیۆنەکانی KCK، کاردانەوەیەکی توند لەلایەن کوردەکانەوە دژی AKP هاتەکایەوە. زۆرێک لە کوردەکان گەیشتنە ئەوەی کە بڵێن AKP پارتێکی کوردی نییە، بەڵکو پارتێکی سەر بە دەوڵەتە کە پرسی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت.

❖ چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کەوا AKP کێشەی کورد وەکو کێشەی ناسنامە سەیر ناکات، بەڵکو وەکو کێشەیەکی ئەمنی، ئابووری، و ئایینی سەیر دەکات. ئەگەر ئەوە ستراتیژییەتی AKP بێت، ئایا لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت؟

– لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی رابردوودا AKP بڕیاریدا خزمەتگوزارییەکانی شار و ناوچە کوردنیشەکان باشتر بکات. بەڵام رێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردن دابەزی. AKP دەیەوێت کێشەی کورد لە کێشەی ئابووری و خزمەتگوزاری گشتی و ئاییندا سنووردار بکات. بەڵام لەراستیدا کێشەی کورد لەمانە گەورەترە. کێشەی کورد بریتیە لە کێشەی ناسنامە. بەبێ داننان بە ناسنامەی کورددا، هیچ چارەسەرێک سوودی نییە. پێویستە AKP لەوە تێبگات کە کێشەی کورد کێشەی داننانە بە ناسنامەی کورد. بەبێ ئەو تێگەیشتنە، ستراتیژییەتی هێنانە پێشەوەی مەسەلەی ئایین سەرکەوتوو نابێت.

❖ ئێستا پەیوەندییەکی باش لەنێوان ئەنقەرەو هەولێردا هەیە، هەروەها بەداوەتێکی فەرمی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیای کرد. داهاتووی بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو هەولێر چۆن دەبینی؟

– دەکرێت سەردانەکانی ئەمدواییەی هەردوولا بە پێشچەچوونی ئومێدبەخش دابنرێن لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرەو هەولێر بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندیەکانی رابردوو. بەڵام پەیوەندی نێوان دوو پایتەخت ئەوە نییە کە پێویستە هەبێت، بەڵکو پێویستە هەردوولا بە جیددی کاربکەن بۆئەوەی پەیوەندیەکان بگەنە بەرزترین ئاست. بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندیەکان پێویستە هەردوولا بەچاوی دۆست و هاوبەش سەیری یەکتر بکەن نەک بە چاوی دوژمن.

❖ زۆربەی ئەو کۆمپانیا وەبەرهێنەرانەی لە کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن بریتین لە کۆمپانیا تورکیەکان. پێتوایە پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان هەردوولا کاریگەری هەبێت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیە سیاسیەکانیش؟

– هەمیشە کۆمەڵگەی تورکی لەپێش دەوڵەت و حکومەتەوە هەنگاودەنێت. سەرەتا کۆمەڵگا هەنگاو دەنێت ئینجا دەوڵەت بەدوایدا دەچێت. کۆمەڵگەی تورکیا کێشەی نییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بازرگانانی تورکیا وەکو هاوبەشێکی ئابوری نوێ سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن. لەئەنجامی ئەو لەیەکتر گەیشتنەشدا بەرادەیەکی باش وەبەرهێنان دەکەن لە هەرێمی کوردستان. بێگومان بوونی پەیوندیەکی بەهێزی ئابووری هەمیشە هۆکارێک دەبێت بۆ بوونی پەیوەندیەکی ئاشتیانە لەنێوان وڵاتاندا. بەدڵنیاییەوە پەیوەندیە ئابوریەکان کاریگەری ئەرێنیان دەبێت لە بنیادنانی پەیوەندیە دیپلۆماسی و سیاسیەکان لەنێوان ئەنقەرەو هەولێر.

>>> پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی ئەوە پیشان دەدات کەوا یەکدەنگیەکی جەماوەریی نییە دەربارەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد. کوردەکان پێیانوایە ئەجێندایەکی شاراوە هەیە لەپشت پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی

>>> کۆمەڵگەی تورکیا کێشەی نییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بازرگانانی تورکیا وەکو هاوبەشێکی ئابووری نوێ سەیری کوردستان دەکەن

هەواڵنامەی کتێب




ئا: تورکیاناسی

## هەرێمی کوردستان دەبێتە پردی گواستنەوەی وزە بـــۆ تورکیا و ئەورووپا

# هێڵی نابوکو..پڕۆژەیەک بۆ لێدانی ڕووسیا و ئێران

لەڕێککەوتـــی ٢٠٠٩/٧/١٣ لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا لەنێـــو ٧ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایـــی ڕێککەوتنێک بۆ دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی لە ناوچەی حەوزی قەزویـــن بۆ چەند وڵاتیکـــی ئەورووپای ڕۆژهەڵات واژۆکـــرا. ڕێککەوتنەکە بەناوی (نابوکو) ناونراوە کە ناوی قارەمانێکی ئۆپێـــرای جیهانە، ئەم ناونانـــە ئاماژەیەکی دیکەیە لەســـەر گرنگی وزە و ئابـــووری لە ژیانی گەلان و ڕۆلیان لە نزیکردنەوەی وڵاتان، هەروەکو چۆن ڕۆلیشـــیان لە دروستکردنی شەڕو ململانێکاندا هەیە.

دروســـتکردنی هێڵـــی (نابوکو) دووەم پـــڕۆژەی گرنگی جیهانە، تورکیا بووەتە سەنتەر و هاوکاری واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنە. پڕۆژەی یەکەمی جیهانی هێڵی (باکۆ- جیهان)ە، کە لە ســـەرەتای نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردوو بیری لێکرایەوە و لە ســـاڵانی ڕابردوو جێبەجێکرا، ئەرکەکەشی گواســـتنەوەی نەوتـــە لـــە ئازەربایجان، کازاخســـتان و تورکمانســـتان بۆ بەندەری جیهانی تورکی لەسەر دەریایی ســـپی ناوەڕاســـت. وادیارە پڕۆژەی هێڵـــی باکۆ- جیهان بایەخەکـــەی لەپڕۆژەی (نابوکـــو) کەمترە، چونکە هێڵی باکـــۆ- جیهان لەڕووی جوگرافییەوە ٣ وڵات لەخۆ دەگرێ، ئەوانیش (تورکیا، ئازەربایجان، گورجســـتان)ە. هەرچی هێڵی نابوکۆ-یە، هەریەک لەوڵاتانی (تورکیا، ئازەربایجان، تورکمانستان، هەنگاریا، بولگاریا و ڕۆمانیا و نەمسا) لەخۆ دەگـــرێ، واتە ئابووری هێڵی (باکۆ- جیهان) دابینکردنی هێڵێکی پارێزراوە بۆ گواستنەوەی نەوت لەڕێگەی تورکیا لەجیاتی ڕووسیا، بەڵام واتا ستراتیژیەکەی لاوازکردنی ڕۆڵ و پێگەی ڕوسیایە، کە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بووەتە ڕکابەرێکی بەهێزی ئەمریکا.

ئێســـتاکەش هەمان ســـیناریۆ لەگەڵ دروستکردنی هێڵی (نابوکو) دووبارە دەبێتەوە، چونکە پشتبەستنی ئەورووپا بـــە غازی ڕووســـی، وایکردبوو ئەورووپا لەڕووی سیاســـی ببێتە بارمتەی مۆسکۆ، بەتایبەتیش دوای بەرز بوونەوەی نرخی غازی سروشتی، ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ساڵانێکە لە ژوورە تاریکەکان خەریکی گەڕان و توێژینەوەن بۆ دۆزینەوەی هێڵێکی گواستنەوەی غازی سروشـــتی کە ڕکابەریەتی هێڵی غازی روسی بکات، یان بەلایەنی کەم لە لـــە قۆناخی یەکەمدا کاریگەریەکانی کـــەم بکاتەوە، لـــە قۆناغی دواتریش بەتـــەواوی جێگەی بگرێتـــەوە و دەســـتەبەرداری ببـــن. جگـــە لە ڕووســـیا دروســـتکردنی هێڵی (نابوکو) گورزێکە لە ئێران دەدرێ، چونکە ئەم هێڵە دەبێتە ڕێگر لەگواستنەوەی غازی ئێران بۆ وڵاتانی ئەورووپا، نوێنەری تایبەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاهەنگی واژۆکـــردن ڕێککەوتننامەی (نابوکو) لە ئەنقەرە ئامـــاژەی بەوەدا کە گرنـــگ ئەوەیە ئێران لـــە دەرەوەی ڕێککەوتنەکە بهێڵدرێتەوە. بێگومان تورکیا ســـوودمەندی یەکەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەیە، تێچووی دروســـتکردنی هێڵەکـــە کـــە ٦ ملیـــارد دۆلارە، کە زۆربەی لـــە تورکیا خەرجدەکـــرێ، چونکە درێژی هێلەکە ٣ هەزار کیلۆمەترە،

# پشتبەستنی ئەورووپا بە غازی رووسی، وایکردووە ئەورووپا لەرووی سیاسییەوە ببێتە بارمتەی مۆسکۆ، بەتایبەتیش دوای بەرزبوونەوەی نرخی غازی سروشتی

## کۆمیساری ئەورووپا پاڵپشتی پرۆژەکە دەکات

پرۆژەی (نابوکو) پـــرۆژەی وەچەرخاندنی بازرگانی غازی سروشتیە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا بێ ئەوەی بە رووسیا تێپەڕ ببێت، ئەم پرۆژەیە بەرەزامەندی کۆمیسیۆنی ئەورووپـــا ئەنجامدەدرێت و ئامادەیـــە ٥٠٪ی خەرجیەکانی لەئەستۆ بگرێ. بەپێی ئەو توێژینەوانەی لە رووی تەکنیکی و ئابووری و دارایی بۆ پرۆژەکە کراون دەرکەوتووە لەرووی تەکنیکـــی و ئابووری پرۆژەیەکی بەســـوودە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار لەپێش هەمووشیانەوە گەمەی بەرژەوەندیە باڵاکان لە نێوان جوگرافیا و سیاســـەت و وزە بوونە رێگر لەوەی تا ســـاڵی ٢٠٠٩ رێککەوتنەکە ئەنجامنەدرێ، دوای ئـــەوەی لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٩ رێککەوتنەکە لە ئەنقەرە واژۆکرا، چاوەڕێ دەکرێ لە ٢٠١١ دەســـت بە دامەزراندنی هێڵی نابوکو بکرێ، پێشبینی دەکرێ توانای رەوانەکردنی پرۆژەکـــە تا ســـاڵی ٢٠٢٠ بگاتە ٣١ ملیار مەتر ســـێجا، کـــە دەکاتە ٥- ١٠٪ی پێداویســـتیەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، کە لەجیهاندا بـــە گەورەترین بازاڕی بەکاربەری غازی سروشـــتی دادەنرێت، ساڵانە بڕی بەکاربەری دەگاتە ٦٠٠ ملیار مەتر ســـێجا، چاوەڕێ دەکرێ لەســـاڵی ٢٠١٤ یەکەم پرۆسەی گواســـتنەوەی غاز لەرێگەی هێڵی نابوکو ئەنجام بدرێ، کە توانای ساڵانەی لە گەیاندنی غاز دەگاتە ٨- ١٠ ملیار مەتر سێجا.

کـــە ٢ هەزار کیلۆمەتری دەکەوێتە نـــاو خاکی ئەو وڵاتە، ئەمە جگە لەوەی کە بەشـــی ساڵانەی تورکیا لە رسوماتی تێپەڕبوونـــی هێڵەکە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن دۆلارە، بێگومان لە رووی سیاسیشـــەوە تورکیا دەبێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزتر لەجاران، چونکە تورکیا لە رووی ئابووری دەبێتە هاوبەشی (شـــریک)ی ئەورووپا بەتایبەتیش لە ماددەیەکی ژیانیـــی وەک غازی سروشـــتی، بەتەواوبوونـــی پرۆژەی هێڵـــی (نابوکو) تورکیا دەبێتە ســـەنتەری گواســـتنەوە و دابەشـــکردنی نەوت و گاز لە جیهانـــدا، لە کاتێکدا کە بەخۆی بڕێکی کەم نەوتی هەیە.

## بیرۆکەی پرۆژەی نابوکو

بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە لە ســـەرەتای ئەم سەدەیە دەستی پێکـــرد، یەکەم هەنگـــاوی کرداریش لە ســـەرەتای ٢٠٠٢ هاوێشترا، کاتێ پرۆتۆکۆڵێک بۆ بەشداریکردن لەو پرۆژەیە لە نێوان کۆمپانیای OMVی نەمساوی، بۆتاشی تورکیا، MOLی هەنـــگاوی، ترانس غـــازی رۆمانی، بلگار غازی بولـــگاری واژۆکرا. ئامانج لە پرۆژەکـــە لە رێگەی دەریای قەزوین بەســـتنەوەی یەدەگی غازی سروشـــتی ئاســـیای ناوەڕاســـت بوو بـــە ئەورووپا بەبێ ئەوەی بە رووســـیا دا بڕوات، بەپێی توێژینەوەکانی پرۆژەکە ســـەرەتا پشت بە هەناردەکردنی غازی سروشتی تورکمانستان دەبەستێ کە چوارەم یەدەگی غازی لە جیهاندا هەیە، ئەمەش لە رێگەی تێپەڕاندنـــی هێڵێکی بۆری لەرێگەی حـــەوزی قەزوین کە غازی تورکمانستان بگەیەنێتە ئازەربایجان بەبێ ئەوەی بە خاکی رووسیا تێپەڕ ببێت، لەوێشەوە بۆ شاری ئەرزەرومی تورکیا، لە تورکیاشـــەوە (دوو لەسەر سێی هێڵەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت) دەگەیەنرێتە بولگاریا و رۆمانیا و هەنگاریا، دواجار لە وێســـتگەیەکی گەورەی عەمبارکردن لە نەمســـا کۆدەکرێتەوە.

## رووسیا دژی پرۆژەی (نابوکو)یە

رووســـیا لەســـەرەتای ٢٠٠٩ بەهـــۆی دووبەرەکی لەگەڵ ئۆکرانیـــا، هەناردەکردنـــی غازی سروشـــتی بـــۆ وڵاتانی ئەورووپا راگـــرت، لەکاتێکدا وڵاتانی یەکێتـــی ئەورووپا بۆ دابینکردنی ٢٥٪ی پێداویستیان بە غازی سروشتی پشت بە رووسیا دەبەستن، ئەم هەڵوێستەی رووسیا بە راگرتنی هەناردەکردنی غازی سروســـتی بـــووە هۆی ئەوەی کە بە هـــەزاران کەس لـــە ئەورووپا لە هۆیەکانـــی گەرمکردنەوە بێبەش بن، ئەم باروودۆخە زیاتر وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوای هاندا کە بەدوای ســـەرچاوەیەکی دیکەی گازی سروشتیدا بگەڕێـــن، ئەویش راکێشـــانی هێڵی (نابوکو)یە، لەســـەر ئـــەم بنەمایە رووســـیا دژی پرۆژەکەیە و رەخنەی توندی ئاراســـتەی ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی پێشووی یەکێتی سـۆڤیەت کرد کە پشـــتگیری لەهێڵی (نابوکو) دەکەن،



لەبەرامبەردا هەوڵی دامەزراندنی پرۆژەی (ساوس ستریم) دەدات.

روسیا بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی تورکیا دادەنرێت، لەو وڵاتانەی کە پشت بە غازی رووسیا دەبەستن، تورکیا لە پلەی سێیەم دێت.

## غازی کوردستان دەگاتە ئەورووپا

حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان لـــە ٢٨ی یولیۆی ٢٠٠٨ رایگەیانـــد کـــە زەویەکی (٤٦١) ملیۆن پـــێ دووجای بۆ دروســـتکردنی (شاری گازی کوردستان) تەرخان کردووە، کۆمپانیـــای (دانا غاز)ی ئیماراتی پەرە بەو شـــارە غازیە دەدات.

کۆمپانیای دان گاز گەورەترین کۆمپانیای تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لەبواری گازی سروشتیدا کار دەکات.

لەلایەکـــی دیکـــەوە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٧ دوو کۆمپانیـــای ئەورووپی و دوو کۆمپانیای ئیماراتی گەورەترین هاوپەیمانیان بۆ هەناردەکردنی گازی هەرێمی کوردستان پێکهێنا، بەپێی رێککەوتنەکـــە غازی سروشـــتی بۆ پـــرۆژەی هێڵی غازی سروشـــتی (نابوکو) بە مەبەســـتی گەیاندنی بۆ ئەورووپا دابین دەکرێت.

کێشەی سەرەکی کە رووبەڕووی (نابوکو) ببۆوە نەبوونی غازی پێویست بوو بۆ پڕکردنی هێڵەکە.

کۆمپانیای (نەوتی هیلال)ی سعودیە و هاوبەشەکەی (دانا غاز) لەو بڕوایەدان بڕی پێویســـت لە غازی سروشتی لەو کێڵگانەدا هەیە کە لەهەرێمی کوردستان کاریان لێدەکەن، ئەو بڕەش بەسە بۆ وەگەڕخستنی (نابوکو).

کۆمپانیای OMVی نەمساوی و MOLی هەنگاری کە بەشداران لەدروستکردنی هێڵی (نابوکو) لەبەیاننامەیەکی هاوبەشـــدا کە هەردوو کۆمپانیاکە بەهاوبەشی لەگەڵ دانا غـــاز و نەوتی هیلال بەشـــداران لە دەســـتپێکردنی پلانی گەشەپێدانی گازی هەرێمی کوردستان و ٨ ملیار دۆلاریان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

بەپێی بەیاننامەی هەردوو کۆمپانیا بڕە گازەکەی هەرێمی کوردســـتان بەشـــی قۆناغی یەکەمی وەگەڕخستنی هێڵی (نابوکو) دەکات، رۆژانە ئەو هێڵە پێویســـتی ١, ٥ ملیارد پێ سێجا گاز هەیە، بۆ قۆناغی یەکەم گونجاوە، دەکرێت ١ ملیارد پێ سێجا بدرێتە تورکیا.

لەلایەن خۆشـــیەوە هیڵمۆت لانگەنگر جێگری ســـەرۆکی کۆمپانیای OMV رایگەیاند ئەو بڕە گازە سروشـــتیەی لـــە هەرێمی کوردســـتاندا هەیـــە جگە لـــە پڕکردنەوەی پێویستی ناوخۆی عێراق، بەشی ئەوەش دەکات لەرێگەی هێڵـــی (نابوکو) پێداویســـتی بازاڕەکانی تورکیا و ئەورووپا پڕبکرێتەوە.

سەبارەت بەهەمان بابەت، کۆمپانیای هێڵەکانی بۆرییەکانی تورکیـــا (بوتاش) جەختی کردووە بەهاتنی ســـاڵی ٢٠١٤ گواســـتنەوەی گازی سروشـــتی لەهەرێمـــی کوردســـتان دەرفەت دەداتە پرۆژەکانی بۆرییەکانی هێڵی (نابوکو) بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی بۆ ئەورووپا.

پرۆژەی (نابوکو) تائێســـتا ســـەرچاوەی گازی سروشتی گەرەنتیکراوی دەستنەکەوتووە، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی دواکەوتنی دەســـتپێکردنی پرۆژەکە، هەرێمی کەردستان دەتوانێ رۆژانە ١, ٥ ملیارد پێ ســـێجا غازی سروشـــتی بۆ پـــرۆژەی نابوکـــو دابین بـــکات، ئەم بڕەش بەشـــی دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە دەکات.

## چاوەڕوانی و میوانکانی تورکیا

تورکیـــا بڕێکی کەم نـــەوت و گازی هەیە، بەتەمایە ببێتە ســـەنتەری ســـەرەکی پێکـــەوە بەســـتنەوەی رۆژهەڵاتی دەوڵەمەند بـــە وزە و بازاڕەکانی رۆژئاوا، وەها ســـەیری پرۆژەی نابوکـــو دەکات وەکو ئەوەی ئامرازێکە تا پێگەی خۆی لەئەورووپـــا لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی بوونە ئەندام لەیەکێتـــی ئەورووپـــا بەهێز بکات. کۆمپانیـــای هێڵەکانی بۆرییەکانی تورکیا (بوتـــاش) داوادەکات لـــەو غازەی بە بۆرییەکانـــی تێپەڕدەکات ١٥٪ی بۆخۆی دەســـتەبەر بکات، ئەمەش لەلایـــەن کۆمپانیا هاوبەشـــەکانی نابوکو رەتدەکرێتەوە.

بوتاش لە هەوڵی ئەوەدایە گازی سروشـــتی ئازەربایجان، ئێران، عێـــراق و وڵاتانی عەرەبی لە ئەنقەرە کۆبکاتەوە و دواتر بیگوازێتەوە بۆ ئەورووپا.

# ئەو بڕە گازە سروشتیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە جگە لە پڕکردنەوەی پێویستی ناوخۆی عێراق، بەشی ئەوەش دەکات لەرێگەی هێڵی (نابوکو) پێداویستی بازاڕەکانی تورکیا و ئەورووپا پڕبکرێتەوە



سیاسی
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

# نەوتی دەریای قەزوین.. گرفتەکانی بەرهەمـــهێنان و هەناردەکردن




دەریـــای قەزوین، دەریایەکی داخـــراوە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و ڕووبەرەکەی دەگاتە ٣٧١ هەزار کیلۆمەتر دووجا، بە گەورەترین دەریـــای داخراو لە جیهان دادەنرێت، درێژی دەریای قەزوین نزیکەی ١٢٠٠ کیلۆمەتر و پانیەکەشی ٣٠٠ کیلۆمەتـــر دەبێ، قوڵترین شـــوێنی دەریاکەش نزیکەی ١٠٢٣ مەتر دەبێ، لەلایەن پێنج وڵاتەوە دەوردراوە، ڕووســـیا لـــە باکـــوور و باکووری ڕۆژئـــاوا، ئازەربایجان لـــە ڕۆژئاوا، ئێران لە باشوور، تورکمانســـتان و کازاخستان لەڕۆژهەڵات. لەئەنجامی بە هەڵەمبوون و کەمبوونی ئاستی ئەو ڕووبارانەی دەڕێژنـــە دەریاکە، بـــەردەوام ڕووبەرەکەی کـــەم دەبێتەوە، پێشتر ڕووبەرەکەی دەگەیشـــتە (٤٢٤٣٠٠) کیلۆمەتر دوجا، بەڵام دوای ٥٠ ســـاڵ دوو مەتر ئاستی دەریاکە کەمی کرد و ڕووبەرەکـــەی کەمبۆوە بۆ ٣٧١ مەتر هەزار کیلۆمەتر دووجا، قەبارەی ئاوی دەریـــای قەزوین نزیکەی ٧٦ هەزار کیلۆمەتر سێجا دەبێت.

بەو پێیەی کە دەریـــای قەزوین یەدەگێکی زۆری نەوتی خاو و غازی سروشـــتی لەخـــۆ دەگرێ، بۆیە ئـــەو پێنج وڵاتەی دەوریانداوە لە ململانێدان بۆ دابەشکردنی خێر و بێری دەریاکە. تا ئێســـتا یەکلا نەبۆتەوە کە قەزوین دەریایە، یان دەریاچە، ئەگەر دەریـــا بێ، ئەوا بەپێی درێژی کەناری هەر دەوڵەتێک دابەش دەکرێ، هەرچی دەریاچەیە ئەوا ســـامانەکەی بەپێی درێژی کەناری هەر دەوڵەتێک دابەشـــدەکرێ، بەپێی یاسای دەریاچـــەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەبەردەم کەناری ئازەربایجان نەوت بەرهەمهێنرا، ئەوا ڕوسیا مافی هەیە داوای بەشی خۆی بکات.

## ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر ناوچەی دەریای قەزوین

دوای هەڵوەشـــانەوەی یەکێتی ســـۆڤیەتی جاران لە سەرەتای نەوەدەکانـــی ســـەدەی ڕابردوو، ناوچەی دەریـــای قەزوین بووە گۆڕەپانی ململانێی جیۆسیاســـی. بەرادەی کشانەوەی ڕوسیا بۆ سنووری ڕاستەقینەی خۆی، یاریزانی نوێ لە ناوچەکە پەیدابوون لە پێش هەمووشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (USA) کاتێـــک ڕایگەیاند کـــە دەریای قەزوین دەکەوێتـــە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نیشـــتمانییەکانی و پەرەی بەئامادەگی ئابووری و سیاســـی خۆیدا لەناوچەکە. هاوکات چەنـــد دەوڵەتێکی ئەوروپا و تورکیا و ئێرانیش کەوتنەخۆ بۆ ســـوود وەرگرتن لەو ڕەوشـــە نوێیـــەی دوای ڕووخانـــی یەکێتی ســـۆڤیەت لەناوچەی دەریای قەزوین هاتە کایەوە کە بە (دەریای زێڕ) ناو دەبرێ، چاودێرانیش لەناوەڕاستی ئاسیا بە (کێکی زێڕ)ی پێناسە دەکەن.

بەپێی مەزەندەی ئاژانســـی وزەی نێودەوڵەتی، سامانی نەوتی دەریـــای قەزوین بە (١٥-٤٠) ملیار بەرمیـــل مەزەندە دەکرێ، کە ئەمەش دەکاتە (١،٥-٤٪) یەدەگی نەوتی جیهان، هەروەها یەدەگی غازی سروشتی دەریاکە بە (٦،٧-٩،٢) تریلیۆن مەتری ســـێجا مەزەندە دەکرێ، ئـــەوەش دەکاتە ٦-٧٪ یەدەگی غازی سروشـــتی جیهـــان. گرنگـــی ناوچەکە زۆر زیاتـــر دەبێ ئەگەر مەزندەکانـــی ئەمەریـــکای تایبەت بە یەدەگـــی نەوتی دەریاکە لەبەرچـــاو بگریـــن کە زۆر لـــەو قەبارەیە زیاترە کە ئاژانســـی وزەی نێودەوڵەتـــی بـــڵاوی کردۆتـــەوە، بەپێـــی لێکدانەوەی ئەمەریکییەکان یەدەگی دەریـــای قەزوین نزیکەی (٢٠٠) ملیار بەرمیل دەبێ، لەم ڕوانگەیەوە ئەمەریکا دوای کارەســـاتی ١١ی ئەیلولـــی ٢٠٠١ بایەخێکـــی هێجگار زۆر بـــەو ناوچەیە دەدات.

<<<

**بەپێی لێکدانەوەی ئەمەریکییەکان یەدەگی دەریای قەزوین نزیکەی (٢٠٠) ملیار بەرمیل دەبێ، لەم ڕوانگەیەوە ئەمەریکا دوای کارەساتی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ بایەخێکی هێجگار زۆر بەو ناوچەیە دەدات**

شانبەشـــانی ئەو پێنج دەوڵەتە (ڕووسیا، ئێران، ئازەربایجان، تورکمانستان، کازاخستان) کە دەیانەوێ بەرژەوەندییە ئابووری و سیاســـییەکانیان لەدەریای قەزوین بپارێزن، چەند دەوڵەتێکی دیکەش لـــە دەرەوەی ناوچەکە هەڵپەیانە تا زۆرترین قازانج لە خێروبێری ناوچەی دەرای قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز بەدەســـت بێنن کە USA و تورکیا لە ڕیزی پێشـــەوەی ئەو دەوڵەتانە دێن.

## گرفتەکانی بەردەم بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غازی قەزوین

سەرەڕای جیاوازی لە مەزەندەکردنی قەبارەی ئەو نەوت و گازە سروشتییەی لە ناوچەی دەریای قەزوین دا هەیە، کەچی بەهۆی چەندین کێشـــەی سیاسییەوە پرۆسەی گەیاندنی نەوت و غازی دەریاکـــە بۆ بازاڕەکانی جیهان پەکی کەوتووە. گرفتەکان بەوە دەســـت پێدەکات ئەو پێنج دەوڵەتەی دەوری دەریای قەزوین یان داوە تا ئێستاش لەسەر چەمکێکی یاسایی بۆ دابەشکردنی سامانەکانی دەریاکە نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک، ئەمەش وا دەکات دەوڵەمەندی ناوچەکە لەچاو ناوچە پترۆڵییەکانی وەک (ڤەنزۆیلا، دەریای باکوور، کەنداو) بایەخەکەی کەمدەبێتەوە و توانای کێبەرکێی نەبێ.

## کام هێڵی گواستنەوەی نەوتی قەزوین چانسی باشترە

زۆربەی ئـــەو هێڵ (ڕێڕەو)انەی باس دەکرێن بۆ گواســـتنەوەی نەوت و غازی سروشـــتی دەریای قەزوین بـــۆ بازاڕەکانی جیهان کۆســـپ و تەگەرەی لەبەردەم دایە، ئەمەش وا دەکات پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەگاتە ئەو ئاستەی کە کێبرکێ لەگەڵ (ڤەنزۆیلا، دەریای باکوور، کەنداو)دا بکات.

### هێڵ (ڕێڕەو)ی باشوور:

شـــارەزایانی بواری وزە لە سەر ئەوە کۆکن کە ئێران لە ڕووی بازرگانی باشترین شـــوێنی هەیە بۆ ڕاکێشانی هێڵەکانی بۆری گواســـتنەوەی نەوت و غازی سروشتی بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا، ئەویـــش لەبەر کورتی ماوەکە و هەلی هەناردەکردنی لە ڕێگەی کەنارەکانی کەنداو، بەڵام ســـزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران، وا دەکات ئەم پلانـــە تەنیا بیرۆکە بێت، چونکـــە وەبەرهێنەران ئامـــادە نین پارە لە پرۆژەیەکـــی زەبەلاحدا خەرج بکەن کە بە ئێراندا تێپـــەڕ بێت کە بە وڵاتێکی تەواو ســـەقامگیر لەقەڵەم نـــادرێ و لەوانەیـــە لە داهاتـــوو بەهۆی دۆســـیەی ئەتۆمی و کێشـــە ناوخۆییەکانـــی ڕووبەری شـــلەژانی ئەمنـــی ببێتەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە دەوڵەتانی حەوزی قەزوین لەبەرژەوەندی خۆیاندا نابینن کە ئێران دەســـت بگرێ بەسەر هێڵی سەرەکی هەناردەکردنی وزەی دەریای قەزوین.

### هێڵی باکوور:

تۆڕی بۆڕییەکانی ڕوســـیا بە بژارێکی باش دادەنرێ بەڵام ئەو کەموکوڕیانەی لە بۆڕییەکانی ڕوســـیادا هەیە، وا لە دەوڵەتانی حەوزەی قەزوین دەکات بەدوای ئەلتەرناتیڤی نوێ دا بگەڕێن.

### هێڵی ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاوا:

ئەمەش خۆی لەهێڵی باکۆ (ئازەربایجان) و جیهانی (تورکیا)دا دەبینێتەوە، بەڵام لەنێوان بژارە پێشنیارەکراوەکاندا پێویستی بەزۆرترین خەرجی هەیە و بەپێی مەزندەکان پێویستی بە ٢-٦ ملیار دۆلار هەیە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران ڕشـــت بن لەســـەر خەرجکردنـــی ئەو پارە زۆرە دەبێ بەلایەنی کەم ســـاڵانە ئەو هێڵە توانای گواســـتنەوەی ٢ ملیار مەتر سێ جا نەوتی هەبێ، بـــەڵام کێڵگەکانی ئازەربایجان توانـــای دابینکردنی ئەو بڕەیان نییە، لەســـەرێکی دیکەشـــەوە ململانێی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ و قەرەباخ ڕێگرە لەبەردەم ڕاکێشانی ئەو هێڵە.

## ئازەربایجان و تورکیا و هەناردەکردنی غازی سروشتی

لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتـــوو تورکیا و ئازەربایجان ڕێککەوتنی غازی سروشـــتی واژۆ بکەن کە ماوەیەکی زۆرە هەردوولا کاری لەســـەر دەکەن، بەهۆی هەوڵەکانی تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنســـتان بەستنی ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنی غازی سروشتی ئازەربایجان لەڕێگەی هێڵی باکۆ-جیهان بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆوە، چونکە لەبەر کێشـــەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەســـەر هەرێمی کێشە لەسەری قەرەباخ، ئازەربایجان نیگەران بوو لەوەی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەرنســـتان پەرە پێبـــدات، بەڵام لـــە مانگی ٢٠١٠/٤ لە ســـاڵیادی کۆمەڵکوژی ئەرمەنـــەکان لەســـاڵی ١٩١٤ لەلایـــەن دەوڵەتی عوســـمانی، ســـەرلەنوێ ئاڵـــۆزی کەوتە نێـــوان تورکیا و ئەمەرنســـتان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان کۆسپ و تەگەرەی تێکەوت. لەمبارەوە وەزیری وزەی ئازەربایجان ناتق عەلییف بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند: کە ئازەربایجان و تورکیا وەکو پرەنسیپ لەسەر قەبارەی ئەو گازە ڕێککەوتن کە تورکیا لە ئازەربایجانی بکڕێت کە ساڵانە دەگاتە ٥-٦ ملیار مەتر سێجا، بەڵام تا ئێستا لەسەر نرخەکەی نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک.

<<<

**لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتوو تورکیا و ئازەربایجان ڕێککەوتنی غازی سروشتی واژۆ بکەن کە ماوەیەکی زۆرە هەردوولا کاری لەسەر دەکەن. هەناردەکردنی غازی سروشتی ئازەربایجان لەڕێگەی هێڵی باکۆ–جیهان بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا**

# داود ئۆغلۆ .. ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا



خاڵی هەرە بەرچاو لە وتارەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەمیانەی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی تایبەت بە هەموارکردنی کابینەی وەزارەتەکەی، دانانی راوێژکارە نزیکەکەی پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلو بوو لەپۆستی وەزیری دەرەوە لە جیاتی عەلی باباجان کەوەزارەتی ئابووری پێسپێردرا. دانانی ئەحمەد داود ئۆغلو لەو پۆستە، پێویستی بەخوێندنەوەیەکی ورد هەیە، ئەمە رووداوێکی کەم وێنەیە لە مێژووی سیاسی تورکیا، چونکە وەزیرێکە لە دەرەوەی پەرلەمان هاتووە، هەروەها بەئەندازیاری گەڕانەوەی تورکیا بۆ گۆڕەپانی دیپلۆماسی و بەهێزکردنی رۆڵە هەرێمایەتییەکەی و دانانی لە سەنتەری پەیوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوین دادەنرێت.

ناکرێ گرنگی ئەو پیاوە لەدانانی دیدەگایەکی نوێ و ستراتیژی بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانی تورکیا بەکەم بزانرێ، لەوەتەی ئاک پارتی لە پایزی ٢٠٠٢دەسەڵاتی تورکیای گرتۆتە دەست، سیماو روخسارەکانی ئەو دیدەگایەی داود ئۆغلو لە پەرتوکەکەی بەناوی (قوڵایی ستراتیژی: پێگەی نێودەوڵەتی تورکیا)دەکەوێتە روو کە لە پایزی ٢٠٠١ دەرچوو، پێش ئەوەی ئاک پارتی دەسەڵات بگرێتە دەست. لەمبارەیەوە دکتۆر محەمەد نورەدین مامۆستای زمان و مێژووی توکیا لە زانکۆی لوبنان دەڵێ (ئەگەر لەسیاسەتی ئاک پارتی دوای ئەوەی گەیشتە دەسەڵات بەرامبەر سەرجەم پرسە هەستیارەکان وردبینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین جێبەجێکردنی ئەو تیۆریانەیە کە لە پەرتووکەدا هاتووە).

ئۆغلو لەپەرتوکەکەیدا ئەو سیاسەتە راڤە دەکات کە دەبێ تورکیا لەسەدەی ٢١پشتی پێببەستێ تا ببێتە دەوڵەتێکی نوێی خاوەن رۆڵ و کاریگەری لە بەلقان تا ئاسیای ناوەڕاست.

**قوڵایی ستراتیژی**

ئۆغلو لەسەرەتای باسکردنی تیۆرە تایبەتەکەی بەپەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان جەخت دەکاتەوە کەتورکیا سەرکەوتوو بووە لە گرتنەخۆی ئەو ئاستەنگە سیاسیانەی وەک (کردەوە تیرۆریستیەکان، نەبوونی سەقامگیری سیاسی، قەیرانی ئابووری) کەلە دوای رووداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١هاتنەکایەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتێکی دەرەکی کاریگەر و زیندوو و فرە رەهەندی پەیرەو کردوە و لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی گرنگی بەدەستهێناوە، لەو بروایەشدایە ئەم ستراتیژە نوێیە لەناوخۆو لەسەرئاستی سیاسی و سەربازی کۆدەنگیەکی لەسەر هەیە، سەرکەوتنی ئەو ستراتیژیەتەش لەبنەڕەتەوە بەندە بەسەرکەوتنی تورکیا لەبەردەوامیدان بەکاروانەکە لەنێو ئەو هەمو ناکۆکییەی کەلە چوار دەوری و جیهاندا هەیە.

ئەحمەد داود ئۆغلو لە باسکردنی (قوڵایی ستراتیژی)باس لە دوو رەهەند دەکات، یەکەمیان: رەهەندی جوگرافییە، ئاماژە بەوە دەکات تورکیا پێگەیەکی جوگرافی نایابی هەیە، لەیەک کاتدا هەڵگری ناسنامەی ئەورووپی و ئاسیاییە، هەڵکەوتە جوگرافیەکەی وای لێدەکات بکەوێتە ناوجەرگەی رووداوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.رەهەندی دووەمیش رەهەندی مێژووییە، مەبەستیش لەمە رەنگدانەوەی نەریتی عوسمانییە بەسەر واقیعی کۆماری تورکیا، لەبەر ئەوەی دانیشتووانەکەی تێکەڵێکی هەمەرەنگی نەتەوە و ئەتنیکەکانە و لەژێر چەتری دەوڵەتی تورکیا کۆبوونەتەوە، دەرئەنجام بەپێی لێکدانەوەکانی ئۆغلو، تورکیا جوگرافیا و قوڵایی مێژوویی پێکەوە کۆ دەکاتەوە، بەمجۆرە تورکیا جیاوازە لەسەرجەم وڵاتانی جیهان، بەو پێیەی کە ئینتیمای بۆ چەندین ناوچەی جوگرافی هەمەرەنگ هەیە وەک (رۆژهەڵاتی ناوین، بەلقان، قەوقاز و ئاسیای ناوین، هەروەها دەریای قەزوین، دەریای رەش، دەریای سپی) واتە تورکیا خاوەن ناسنامەی هەرێمایەتی هەمەجۆرە و ناکرێ لەیەک ناسنامەدا سنووردار بکرێ، لێرەوە داود ئۆغلو پێیوایە کە دابەزاندنی ناکۆکیەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ تا ئاستی سفر گرنگترین پێویستی رۆڵی هەرێمایەتی تورکیایە، لەسەر ئەو بنەمایە کە سیاسەتێکی کارا پێویستی بە ژینگەیەکی تەندروست هەیە

<<<

**سەرەڕای هەوڵەکانی تورکیا بۆ گێڕانی رۆڵێکی هەرێمایەتی گرنگ لەناوچەکە، بەڵام سەرکەوتنی ئەنقەرە بە ئاسانی بەدینایەت، چونکە تواناکانی تورکیا لەرووی ئابووری سەربازی و هاوپەیمانێتیە نێو دەوڵەتییەکانی رێگای پێنادەن ئەم جۆرە رۆڵە لەرۆژهەڵاتی ناوین، دەریای رەش، دەریای سپی، بەلقان و قەوقاز دا بگێڕێت**

**ئەحمەد داود ئۆغلو لە پەرتووکەکەی دەڵێ»نابێ وەکو پردی نێوان دوو خاڵ سەیری تورکیا بکرێ، هەروەها نابێ وەکو دەوڵەتێکی کەنار، یان وەکو دەوڵەتێکی نۆرماڵ لەسەر سنووری جیهانی ئیسلام، یان ڕۆژئاوا تەماشای تورکیا بکرێ**

که پاڵپشتی له دەستپێشـخەرییەکانی بکات و لەئامانجەکانــی نەترسـێت، بەرژەوەندیەکانــی مســۆگەر بکات بێئەوەی کاریگەری بکاتەســەر بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانــی لایەنەکانی دیکە، ئەمەش تورکیا لەو بازنەیە دەهێنێتە دەرەوە کە کێشەی لەگەڵ دراوســێکانیدا هەبێت. باشترین نموونە بۆ سیاسەتەش شێوازی چارەسەرکردنی دۆسیەی ئەرمەنیە لەسیاسەتی تورکیا.

دەکرێ بگوترێ تورکیا بڕوای بەگرنگی هاوکاری نێودەوڵەتی و پێویسـتی دەستگرتن بەفاکتەری ئابوری و دانانی لەڕیزی پێشەوەی فاکتەرەکانی دیکە هەیە، بۆ ئەوەی زاڵ بێ بەسەر جیاوازی و ملمڵانێی سیاسیەکان، بەواتایەکی دیکە زاڵکردنی بەرژەوەندیـە ئابوورییـەکان بەسـەر ناکۆکی سیاسیەکان، ئەمەش پێویستی بەباڵادەستکردنی دیالۆگە بۆ چارەسـەر کردنی کێشـەکان،هەموو ئەمانـەش وەکـو ئۆغلـو باسـیدەکات لەژێر ناوی»گەڕان لەسیسـتەمێکی هەرێمایەتی نوێ و پیادەکرنی دیپلۆماسـیەتی میانڕەو «و دوور کەوتنەوە لە توندوتیژی.

## تورکیا سەنتەرە نەک کەنار

سەبارەت بەڕۆڵی تورکیا لەچارەسەر کردنی کێشە هەرێمایەتـی و نێو دەوڵەتییەکان، ئەحمەد داود ئۆغلو لە پەرتووکەکەی دەڵێ»نابێ وەکو پردی نێوان دوو خاڵ سـەیری تورکیا بکرێ، هەروەها نابێ وەکو دەوڵەتێکی کەنار، یان وەکو دەوڵەتێکی نۆرماڵ لەسـەر سـنووری جیهانی ئیسلام، یان ڕۆژئاوا تەماشـای تورکیا بکرێ؛، ئۆغلو جەخت دەکاتەوە کەدەبێ تورکیا لە سەقامگیری سیستەم لەناوچەکانی (بەلقـان، ڕۆژهەڵاتی ناوین،قەوقاز) ڕۆڵی سـەرەکی هەبێت، وەکو جاران نابێ تەنیا لەئاست قەیران و تەنگژەکان کاردانەوەی هەبێت، بەڵکو دەبێ بەرلەوەی قەیرانەکان سەرهەڵبدەن بەدواداچوونیـان بۆ بکات و بەشـێوەیەکی کارا دەسـتیان تێوەر بدات و شـێوە بەسیسـتەمی ناوچەکەی دەورووبەری بدات.

سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئۆغلو ئاماژە بـەوە دەدات تورکیـا بە ناوچەکـە نامۆ نییە، بەڵکو لەڕووی دیموگرافی و کەلتووری بەشـێکە لە ناوچەکە، ناکرێ مێـژووی تورکی و عەرەبی و کوردی و فارسـی لێک جیابکرێنەوە، چونکە هەمان سیاسـەت و چارەنـووس و ئایندەیان هەیـە، لەچوارچێـوەی تیۆریەکانـی ئەحمەد داود ئۆغلـو پەیوەندییەکانـی تورکیـا لەگەڵ دراوسـێکانی (ئێران، سـووریا، یۆنان، ڕوسیا) پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆ بینوە.

لە هەمـان بابەتـدا ئۆغلو گرنگی سـتراتیژی تورکیا بۆ واشـنتۆن دەخاتە ڕوو، بەرژەوەندییە نیشـتمانیەکانی تورکیـا و بەرژەوەندیەکانـی ئەمریکا لەئاسـیای ناوین و قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بەو واتایەی کاتێک تورکیا بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکانی دابینـدەکات، ئەمریـکاش بەرژەوەندیەکانی لەو ناوچانە مسۆگەر دەکات.

ئەوەی لە سیاسەتی گشتی تورکیا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە دەیەوێ لەگەڵ سـەنتەری باڵادەسـتی جیهانی کەلەبنەمادا لە زلهێزەکان پێکدێت خۆی یەکبخات، ئۆغلو دوای ئەوەی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگـرت ڕایگەیاند»یەکێتی ئەورووپا و پەیمانی باکووری ئەتلەسـی گرنگترین ستوونی سیاسەتی دانانی هاوسـەنگین لەنێوان ئاسایش وئازادی دا«

## سیاسەتێکی فرە ڕەهەند

شانبەشـانی ژینگەیەکـی جیو-سـتراتیژی بۆ دەرکەوتنـی ڕۆڵـی تورکـی و بەردەوامبوونی، سیاسـەتی تورکیا پەیوەندییەکـی فرە ڕەهەند و هاوسـەنگ لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان و زیاتر لـە ناوچەیەکـی جوگرافی بەنبەمـا دەگرێت. ئەحمەد داود ئۆغلـو پێیوایە نابێ هیچ لایەنێک ڕەتبکرێتـەوە، داوا لـە هیچ لایەنێـک نەکرێ دەقـاو دەق وەکـو دەیانـەوێ ڕەفتـار بکات، لـەم چوارچێوەیـەدا و پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هـەر لایەنێک ئەلتەرناتیفـی پەیوەندی لەگـەڵ لایەنێکـی دیکـە نییە، بۆیە ئامانجە سـتراتیژیەکانی تورکیا بەسـتنی پەیوەندیەکی باشـە لەگەڵ هـەر یـەک لە (ڕوسـیا،ژاپۆن، چین، مالیزیا، جیهانـی عەرەبی و ئێران)هەموو ئەمانەش بەپرەنسیپی»دیپلۆماسـیەتێکی کارا یان چالاک«.

یەکێک لەنموونە پرشنگدارەکانی ئەم سیاسەتە، دەستپێشـخەری تورکیا بوو بۆ ناوبژیوانی نێوان سـوریا و ئیسـرائیل، لەسـاڵی ٢٠٠٨ لەشاری ئیسـتانبوڵ چـوار خولـی دانوستاندن لەنێوان دیپلۆماتە سووری ئیسرائیلەکان سازکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوو وڵات. هەروەها لەکاتی شەڕی غەزە، تورکیا لەنێوان ئیسـرائیل و بزووتنـەوەی حەمـاس جموجۆڵی هەبوو، بەهەماهەنشـێوە لەگەڵ حزب الله.

ئەندازیـاری سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا، دوای ئەوەی پۆسـتی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت لەیەکەم ڕاگەیاندنیدا دووپاتـی کردەوە کە تورکیا بەرامبـەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەلقـان و قەوقاز ئێسـتا دیدێکی بەهێزی سیاسـەتی دەرەوەی هەیـە، هەروەهـا وڵاتەکـەی دەیەوێـت ڕۆڵی زیاتری لەو ناوچانە هەبێت، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەر بەردەوام دەبێت، چونکـە ڕۆژئـاوا تـەوەری سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە.

سـەرەڕای هەوڵەکانـی تورکیا بـۆ گێڕانی ڕۆڵێکی هەرێمایەتی گرنگ لەناوچەکە، بەڵام سـەرکەوتنی ئەنقەرە بـە ئاسـانی بەدینایـەت، چونکـە تواناکانـی تورکیا لەڕووی ئابووری سـەربازی و هاوپەیمانێتیـە نێـو دەوڵەتییەکانـی ڕێـگای پێنـادەن ئەم جـۆرە ڕۆڵە لەڕۆژهەڵاتی ناوین، دەریای ڕەش، دەریای سپی، بەلقان و قەوقاز دا بگێڕێت، چونکە جگە لـە زلهێـزەکان هیچ هێزێکی دیکـە ناتوانی بەو ڕۆڵە هەڵسێت.



هەواڵنامەی کتێب



# تورکیا - ئێران
# مێژوویەک لە ناکۆکی و هـــەماهەنگی





پەیوەندییەکانـــی ئێـــران و تورکیا وەکـــو دوو زلهێزی ناوچەکە گرنگییەکی تایبەتی بەســـەر ئێستاو ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوین دا هەیە، چونکە وەکو چۆن لە مێژوودا، کاریگەری راســـتەوخۆیان بەســـەر جیهانی ئیسلامیدا هەبـــووە، ئەمڕۆکەش کاریگەری سیاســـی و ئابووری و کولتووریان تەنیا بە ســـنوورەکانی خۆیان ســـنووردار نییـــە، بەڵکو ئەو دوو وڵاتە گەورەیەی رۆژهەڵاتی ناوین جێ دەستیان بەســـەر رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و بەلقان و ئاســـیای ناوەڕاست دیارە و ناکرێ حیسابیان بۆ نەکرێ.

### مێژووی پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران

تورکیا و ئێران کە ســـنوورێکی (٤٩٩) کم بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ســـەرەڕای ئەوەی بە درێژایی ٥٠٠ ساڵ پەیوەندییەکانیان هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە دیوە، بـــەڵام بەردەوامی هەبووەو نەپچـــڕاوە، جوگرافیا رۆڵی سەرەکی لەم هەڵکشان و داکشانەدا هەبووە، هەروەکو چۆن جوگرافیـــا لـــە ئاراســـتەکردنی پەیوەندییەکان ئامادەگـــی هەبووە، ئەوا مێژووش شـــاهیدی ململانێی پرۆژەی (ســـەفەوی ئێرانی- عوســـمانی تورکی) بووە. شا ئیسماعیلی ســـەوفەوی بۆ نیشاندانی ناسنامەیەکی جیاوازی دژ بە ســـەڵتەنەتی عوســـمانی، ئێرانی وەکو دەوڵەتێکی شـــیعەگەرا راگەیاند، تـــا بەهۆی جیاوازی مەزهەبییـــەوە بتوانێ هێزی رکابەری خـــۆی بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بکات، دواتر بەهۆی جیاوازی مەزهەبی شەڕی خوێناوی لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا، ئێـــران لە شـــەڕی «چالدێران» لەبەرامبـــەر دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٤ ئەنادۆڵی دۆڕاند، ئەمەش بووە سەرەتای دەرکەوتنی کێشـــەی کورد، چونکە لە دوای شـــەڕی «چاڵدێران» خاکی کوردستان بەسەر ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرا.

دواتر چەندین پەیماننامە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت بەســـتراوە و دانیـــان پێدانراوە، ئێران وەکو پارێزەری شیعەکان و دەوڵەتی عوسمانیش وەکو پارێزەری ســـونەکان، یەکێک لـــەو رێککەوتنە گرنگانە رێککەوتننامەی «زەهاب»ی ســـاڵی ١٦٣٩، دوای ئەو رێککەوتننامەیە ململانێی ئێـــران و تورکیا رەهەندێکی بیروباوەڕی وەرگرتووە.

لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رووخا و لەسەر پاشماوەکەی کۆماری تورکیا دامەزرێنرا، لە ئێرانیش تەختی پاشـــایەتی لەدەســـت بنەماڵـــەی «قاجارییـــەکان» دەرخراو کەوتەدەســـت رەزاشـــا، لـــە ١٩٢٦/٤/٢٢ تورکیا و ئێـــران لە تاران پەیماننامەی دۆستایەتیان واژۆ کرد، کە جەختی لەسەر دۆستایەتی و هێرش نەکردنە ســـەر یەکتر دەکردەوە، هەروەهـــا پەیماننامەکـــە ئەوەشـــی لەخۆگرتبـــوو کە



هەردوولا چالاکی سەربازی هاوبەش دژی ئەو گروپانە ئەنجام بدەن کە دەیانەوێ سیستەمی حوکمڕانی لە هەردو وڵات بگۆڕن، ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کورد بوو لە هەردوو وڵات. لە ١٩٣٢/١/٢٣ هەردوو وڵات لە تاران پەیماننامەی دیاریکردنی سنووریان واژۆ کرد، لە کاتێکدا لە شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤ ەوە سنووری نێوان هەردوو وڵات گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. نموونەیەکی دیکەی نزیکبوونەوەی هەردوولا ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕ بووە کە لە نێوان ڕەزاشا و دامەزرێنەری کۆماری تورکیا مستەفاکەمال دا هەبوو، لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو. لە ١٩٣٤/٦/١٦ لەسەر بانگهێشتی ئەتاتورک ڕەزاشا بە یاوەری شاندێکی پایەبەرزی سەربازی سەردانی تورکیای کرد و دوو هەفتە مایەوە. ئەویش هەوڵیدا سوود لە ئەزموونی تازەگەری و چاکسازییەکانی مستەفا کەمال وەربگرێ کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣ پەیڕەوی کرد، هەروەها ئەو دروشمەی ئەو کاتە تورکیا بەرزی کردبۆوە «ئاشتی لە نیشتمان، ئاشتی لە جیهان» کاریگەری پۆزەتیڤانەی کردە سەر ئێران و زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات.

## هاوپەیمانێتی بەغدا ١٩٥٥

دامەزراندنی هاوپەیمانێتی بەغدا لە مانگی ١٩٥٥/٨ ئاماژەیەکی دیکەیە لەسەر نزیکبوونەوەی ئێران و تورکیا لە ژێر سایەی چەتری نێودەوڵەتی و دارشتنی سیاسەتێکی هەرێمایەتی بەپێی خواستەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا. هاوپەیمانێتی بەغدا جگە لە تورکیا و ئێران، عێراق و پاکستانیشی لەخۆگرتبوو، لەژێر سایەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدی هات، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەناوچەکە، بەڵام دوای ٣ ساڵ، لەسەردەستی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە عێراق کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی عێراق هێنراو سیستەمی کۆماری دامەزرێنرا، کۆماری عێراق لە هاوپەیمانێتی بەغدا کشایەوە.

لەمانگی ١٩٦٤/٧ بە ئامانجی سازکردنی پرۆژەی ئابووری هاوبەش لە نێوان تورکیا، ئێران و پاکستان ڕێکخراوی «هاوکاری هەرێمایەتی بۆ بوژاندنەوە» لە نێوان هەر سێ وڵات دامەزرێنرا، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و سیاسەتی دژ بەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی، سەرلەنوێ ساردی خستە نێوان ئەنقەرە و تاران، بەو کودەتایەی کە لەسەردەستی کەنعان ئێڤرن لە ١٩٨٠ لە تورکیا ڕێکخرا، هەردوو وڵات زیاتر لێک دوورکەوتنەوە، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی عێراق- ئێران لە پایزی ١٩٨٠ سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی (ئەنقەرە- تاران)ی خستەوە سەر سکە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی تورگوت ئۆزال حکومەتی پێک هێنا، تورکیا لە ئەنتی پروپاگەندەی دژ بە ئێران بەشداری نەکرد، بەڵکو هەوڵیدا سوود لەو ڕەوشە وەربگرێ کە شەڕ دروستی کرد تا بازاڕ بۆ ئابووریە تازە گەشەکردووەکەی بدۆزێتەوە، هاوکات ئێرانیش سیاسەتێکی هاوشێوەی بە بنەما گرت و خۆی لەو جۆرە گوتار و ڕەفتارانە بەدوورگرت کە تورکیا نیگەران بکات، بۆیە پەیوەندی هەردوو وڵات لەسەردەمی تورگوت ئۆزال لێک تێگەیشتنی ئابووری بەدوا داهات، لە ساڵانی (١٩٩٥-١٩٩٦) لەسەردەمی نەجمەدین ئەربەکان و حکومەتەکەی پارتی ڕەفا گەشەکردنێکی ڕێژەیی بەخۆوە دیت، هەر لەو ساڵەدا ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنی گازی ئێران لە ڕێگەی تورکیا بە بڕی ٢٣ ملیار دۆلار واژۆ کرا کە ئەوەش لە مێژوودا بە گەورەترین سەفقەی نێوان هەردوو وڵات دادەنرێ. سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە ڕێژەییە، بەڵام بەهۆی لەکارلادانی ئەربەکان و بەستنی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی ئەنقەرە- تاران ئاڵۆزی تێکەوت، چونکە ئێران هاوپەیمانییەتی ستراتیژی (ئەنقەرە- تەلئەبیب)ی بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەزانی.

## کاریگەرییەکانی ١١ی سێپتەمبەر بەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران

دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان و پلان دانان بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، دووبارە پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران گەرموگوڕی تێکەوت، چونکە تورکیا گەورەترین مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا دەبینی، لەو دۆستایەتی و هەماهەنگییەی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان نیگەران بوو، ئەمەش هانیدا زیان بە بەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بهێنێتەوە، چونکە هەردوولا هەمان ترس و نیگەرانیان لە پەیوەندی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستاندا هەبوو، بە گەورەترین هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر یەک پارچەیی وڵاتەکانیان.




پارتی داد و گەشەپێدانی خاوەن مەیلی ئیسلامیانە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠٠٢/١٠/٣ سەرکەوتنی بەرچاوی بەدی هێنا و بەتەنیا توانی حکومەت دابمەزرێنێ، ئەمەش لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە پۆزەتیڤی هەڵسەنگێنرا و لە شەقامەکانی ئێران شیرینی دابەشکرا، سەرەڕای ڕکابەری و ململانێی مێژوویی لە نێوان ئەنقەرە- تاران، بەڵام دەکرێ بگوترێ کە سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر ئێران پشت بە سێ کۆڵەکە دەبەستێ:

١- دابینکردنی وزە.

٢- هاوکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی ئاسایش و ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەیە.

٣- ئێران بە ڕێگەی گەیشتنی تورکیا بە ناوەڕاست و باشووری ئاسیا دادەنرێ.

سەبارەت بە ئێرانیش، هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی حکومەتەکانی تاران لەبەرامبەر تورکیا هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیکیانی تێپەڕاندووە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنقەرە پاراستووە، بەردەوام ئەوەیان لەبەرچاو بووە کە تورکیا تاکە پردی گەیشتنە بە ڕۆژئاوا، بۆیە کێشەکانی سنوور و گرفتە هەڵواسراوەکان و ئەوەی پێی دەگوترا ( هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی ئێران) کاریگەری نەکردۆتە سەر پەیوەندییەکانی هەردوولا، ساڵانە بە دەیان هەزار گەشتیاری ئێرانی سەردانی تورکیا دەکەن، هەروەها بە هەزاران خوێندکاری ئێرانی لە زانکۆکانی تورکیا دەخوێنن، تا ئێستاش هیچ لێدوانێکی تورکی نەدراوە کە ڕەخنە لە ڕەفتاری خوێندکارە ئێرانییەکان بگرێت، دوای ئەوەی جۆرج بوش هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئەمەریکا فشاری زۆر خستە سەر حکومەتەکەی AKP کە ڕێگە بدات بەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا بەخاکی تورکیا بەرەو عێراق تێپەڕ بن، حکومەت و سوپای تورکیا لەمبارەوە نەرمیان نەنواند، هەروەها پەرلەمانیش ئەمەی ڕەتکردەوە، ئەم هەڵوێستەی ئەنقەرە لەلایەن تاران بەگەرمی پێشوازی لێکرا، ئەمە جگە لەوەی لە بواری ئەمنی بەتایبەتیش لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی PKK هاوکاری و هەماهەنگییەکی باش لەنێوان هەردوولادا بەدیهاتووە.

## تورکیا و ئێران لەدوای ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣

پەیوەندییەکانی تورکیا- ئێران دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ پێی نایە دووڕیانێکی یەکلاکەرەوە، چونکە هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و هەوڵی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی و فیدراڵی، تای تەرازووی هێزی لە هەرێمەکە لە بەرژەوەندی ئێراندا شکاندەوە، بەهۆی چەسپاندنی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان و پەسەند کردنی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پەسەندکردنی سیستەمی فیدراڵیزم لە عێراق بە زیانی تورکیا شکایەوە. ئەو ڕەوشەی لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ لە عێراق بەرپابوو و سەرلەنوێ هاوکێشەی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و تورکیا و ئێران بەتایبەتی دارشتەوە. بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق (حزبە شیعییەکان) دەستیان بەسەر پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراق داگرت، کوردەکانیش بوونە خاوەن پەرلەمان و حکومەتێکی هەرێمی دانپێنراو لە دەستوور و لەلایەن ئەمەریکا و ڕۆژئاوا، ئەمە ڕۆڵی ئێرانی لە عێراق زۆر بەهێزتر کرد، لە بەرامبەردا هەڕەشەی نوێ بۆ سەر سەر تورکیا چەکەرەی کرد، ئێران و ئەمەریکا بوونە دوو لایەنی دەرەکی هەرە بەهێز لەسەر گۆڕەپانی عێراق، ئەمەریکا بەهێزی سەربازی عێراقی داگیرکرد، ئێرانش لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی دەستی بەسەر پەرلەمان و حکومەتی نوێی بەغدا داگرت. هەرچەندە ئەمەریکا لە ڕووی سەربازی بەسەر عێراقدا باڵادەست بوو، بەڵام نەیتوانی ڕۆڵی ئێران لە گۆڕەپانی عێراق کەم بکاتەوە و بێ کاریگەری

هەواڵنامەی کتێب



ساڵی یەکەم ● ژمارە (٥) ● حوزەیرانی ٢٠١٠



بکات، لەبەرامبەریشدا تارادەیەکی زۆر تورکیا و وڵاتانی دراوسێی عێراق، بێ ڕۆڵ و کاریگەری مانەوە، هاوکات هەرێمی کوردستان بووە بەربەستێک لەبەردەم تورکیا کە ڕاستەوخۆ دەستی بە عێراق بگات، چونکە کوردەکان بەسەر تەواوی سنووری نێوان عێراق و تورکیادا باڵادەستن و ئەزموونە حوکمڕانییەکەشیان لەلایەن ئەمەریکاوە پارێزگاری لێدەکرێ، تورکیا جگەلە کارتی کەمینەی تورکمان، کارتێکی دیکەی بەدەستەوە نەما، تورکمانەکانیش لەبەر کەمی ژمارە و لاوازی پێگەیان لە هاوکێشەی عێراق ناتوانن شتێکی ئەوتۆ بۆ تورکیا ئەنجام بدەن.

بەرژەوەندی ئێران لەوەدایە کە عێراقێکی بەهێز و یەکپارچە سەرلەنوێ دروست نەبێتەوە، بەوپێیەی کە شیعەکانی عێراق دۆست و هاوپەیمانی ئێرانن لەباشووری عێراق، کوردەکانیش لە باکوور پەیوەندییەکی لەمێژینەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، بۆیە بە فیدراڵیکردنی عێراق لەبەرژەوەندی کورد وشیعە و ئێرانیشدایە، لەسەر ئەو بنەمایە بە فیدراڵیکردنی عێراق سوودی زۆری بۆ ئێران دەبێ، تاران پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکات، ئەمەش دەقاو دەق دژ بە خواستەکانی تورکیایە، چونکە تورکیا گەشەکردن و پێشکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانێ و هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێی ئەوە دایە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان کوردەکانی کوردستانی باکوور (تورکیا) هانبدات کە ئەوانیش داوای فیدراڵیزم و پەرلەمان و حکومەتی تایبەت بەخۆیان بکەن، لەسەر ئەو بنەمایە تورکیا دژی بە فیدراڵیکردنی عێراقە و بۆ ئەو مەبەستەش پشتگیری لە سوننەکانی عێراق دەکات، شانبەشانی وڵاتانی عەرەبی دەیەوێ سوننەکان بەهێز بکات و بیانگێڕێتەوە سەر شانۆی سیاسی بەغدا، بەڵام چانسی سەرکەوتنی لاوازە، چونکە سوننەکان لەبەرامبەر شیعە وکورد کەمینەن و ناتوانن وەکو ڕابردوو حکومی عێراق بکەن، تورکیا لە ٢٠٠٣-٢٠٠٩ سیاسەتەکانی لە عێراق ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، هەر ئەمەش وایکرد ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا بەشێوازێکی تازە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی عێراقدا بکات، لەلایەک هەوڵیدا بەرووی شیعەکاندا بکرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لە مانگی ٢٠٠٩/١٠ داود ئۆغلۆ کونسولخانەی تورکیای لە بەسرە کردەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیدار و کۆبوونەوەی سازکرد و ڕەزامەندیشی نیشان دا کە کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەولێر بکاتەوە، ئەو بزاڤە ژیرانەی داود ئۆغلۆ لە عێراق لە بەرامبەر کورد و شیعەو سوننەکان تورکیا هێنایەوە سەر سکەیەکی ڕاست و دەتوانێ لەسەر عێراق قسەی زیاتری هەبێت، بەڵام زەحمەتە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئێران لە عێراق بەدەستی هێناوە.

هەواڵنامەی کتێب





**ترس و نیگەرانییەکانی تاران و ئەنقەرە**

سەرەڕای ئەو لێک تێگەیشتن و دۆستایەتییەی لەم ساڵانەی دوایی لە نێوان تورکیا و ئێران بەدیهاتووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی، وەبەرهێنان و گەشتوگوزار گەشەی کردووە، هەردوو وڵات لەسەر گەورەترین دوو کێشەی ئەمنی لە ناوچەکە (پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بزووتنەوەی کوردی) کۆکن، بەسەردانەکەی سەرۆک وەزیری تورکیا لە مانگی ٢٠٠٩/١٠ پەیوەندییەکانی تاران-ئەنقەرە مەودایەکی باشی بڕی، دوای ئەو سەردانەش ئێران ڕایگەیاند کە تورکیا بڕی ٤ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کێڵگەی گازی باشووری فارس دا دەکات، بەڵام هێشتا لەسەر چەندین مەسەلەی چارەنووسساز بەرژەوەندییەکانیان یەکتر دەبڕن و ململانێکان درێژەیان دەبێ، بۆ نموونە پرسی هەناردەکردنی گازی ئێران بۆ ئەورووپا لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە، ئەم پرسە واتایەکی ستراتیژی قوڵی هەیە، لەوە زیاتر تەنیا وەک هەناردەکردنی کاڵا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە سەیری بکرێ، چونکە هێلی نابوکو کە گازی دەریای قەزوین لە ڕێگەی خاکی تورکیا بۆ ئەورووپا دەگوازێتەوە، لەسەر نەخشەی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێگەیەکی باشتر بە تورکیا دەبەخشێ، لە بەرامبەریشدا تورکیا هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدا نییە ئێران ببێتە هێزێکی ناوکی لە ناوچەکە،چونکە ململانێی هەرێمایەتی بەلای «تاران» دا دەکشێتەوە. هەروەها تورکیا هیچ بەرژەوەندی لەوەشدا نییە کە گورزێکی سەربازی لەلایەن ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە ئێران بدرێ، چونکە بەرژەوەندییەکانی لە ئێران دەکەونە بەر هەڕەشە، ئەمە جگە لەوەی هەر شلەژان و گۆڕانێک لە بارودۆخی ئێران ڕەنگە هاوشێوەی عێراق هەلێکی زێڕین بۆ کوردەکانی ئێران دروست بکات.

ئەوکاتە سەرباری کێشەی کوردەکانی عێراق، ئەوا کێشەی کوردەکانی ئێران و خەونەکانیان بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی نیگەرانی و ترسەکانی ئەنقەرە چەندین قات زیاد دەکات، لەبەر ئەم هۆیانە تورکیا سیاسەتەکانی خۆی لەناوچەکە، بەتایبەتیش پەیوەندیەیکانی لەگەڵ ئێران بەپێی هاوکێشەی زۆر ورد دادەڕێژێ، تورکیا سەرەڕای هەموو ڕەگەزەکانی هاوکاری بەشێوەیەکی بابەتی لەناوچەکە پێشبڕکێ لەگەڵ پرۆژەی ئێراندا دەکات، وەکو دیارە جیاوازییەکی زۆر لە ڕووی شێوە و کەرەستەکانی پرۆژەی تورکیا و ئێراندا هەیە، ئێران ئاڵای ڕەتکردنەوەی ئەمەریکا و ئیسرائیل بەرز دەکاتەوە و لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە هاوپەیمانێتی دەبەستێ کە دژایەتی واشنتۆن و تەلئەبیب دەکەن، لەبەرامبەردا تورکیا بەهاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەمەریکا و کرانەوەی بەرووی وڵاتانی ناوچەکە ئاڵای «تازەگەری و کرانەوە» بەرز دەکاتەوە. تورکیا داوای لە ئێران کرد کە گفتوگۆکانی تایبەت بە دۆسیەی ئەتۆمی لە نێوان ڕۆژئاوا و ئێران لە تورکیا ئەنجام بدرێ، بەڵام ئێران یەکسەر ئەو پێشنیازەی تورکیای ڕەتکردەوە و پێی باشتر بوو بچێتە (جنیڤ و ڤییەنا)، ئەم ناڕازیبوونەوەی تاران بە پێشنیارەکەی ئەنقەرە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەم: ئێران دەرک بە توندی پێشبڕکێیەکەی لەگەڵ تورکیا دەکات و نایەوێ هیچ خاڵێکی دیپلۆماسی پێ بدات، دووەم: ئەنجامدانی گفتوگۆکان لە جنیڤ کە پێشتر دانوستاندنی نێودەوڵەتی زۆر گرنگی لێ ئەنجامدراوە، هاوشێوەی دانوستانەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا، لەسەر ئاستی جیهان ڕوویەکی باشی بە ئێران دەبەخشێ و دەیکاتە گەورەترین هێزی هەرێمایەتی، کەچی ئەگەر تورکیا میوانداری دانوستانەکان بکات، بە واتای ئەوەی دێت کە تورکیا بووەتە مەرجەعی هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەوەش لەلایەن تاران شیاوی پەسەند کردن نییە، دیارە ململانێ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئارەزووی پەلهاویشتن بووەتە چارەنووسی بەردەوامی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران، ئەمەش وا دەکات ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە نەتوانن هاوپەیمانیەتێکی دوو لایەنە ببەستن.

**ئەورووپا لە نزیکبوونەوەی تاران و ئەنقەرە نیگەرانە**

لە یەکتر نزیکبوونەوەی ئەنقەرە و تاران و باشتربوونی پەیوەندییەکانیان ترس و نیگەرانی لای چەند وڵاتێکی ئەورووپایی دروستکردوە، لەوانەشە لەلایەن بەرهەڵستکارانی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا وەکو پاساوێک بەکار بهێنرێ، سەرەڕای ئەوەی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا لە ڕیزی پێشەوەی کارەکانی ئەنقەرە دادەنرێ، بەڵام پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) خاوەن ڕەگ و ڕیشەیی ئیسلامیانە پەرۆشە بۆ زیادکردنی ڕۆڵ و نفوزی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێ وڵاتی ئەورووپی لەو بڕوایەدان کە باشبوونی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ تاران لەوانەیە ببێتە پاڵپشتێک بۆ سیاسەتەکانی یەکێتی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەروەها هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بەهێزتر دەکات بۆ ڕێگرتن لە ئێران کە بۆمبای ئەتۆمی دروست بکات، بەڵام هەندێ وڵاتی دیکەش ترسیان هەیە کە ئەنقەرە پشت لە ئەورووپا بکات و باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، گۆشەگیری لەسەر تاران کەم دەکاتەوە، ئەمەش کۆسپ دەخاتە بەردەم هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەمارۆدانی ئێران تا واز لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی بهێنێ. لەلایەن خۆشیەوە ئەنقەرە ڕایدەگەیەنێت کە هەبوونی پەیوەندی باش لەگەڵ تاران دژ بە هەوڵەکانی چوونە نێو یەکێتی ئەورووپا نییە.



# گرژییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل
## ڕەوشێکی چاوەڕوان نەکراوە، یان هەڵـــوێستێکی ستراتیژیە؟

**جولەکەکان بۆ دەیان ساڵ لە کەشێکی ئۆقرە و ئارام لەسایەی خەلافەتی عوسمانی ژیانیان بردەسەر**

جیاکردنەوەی پێشکەوتنە ناوخۆییەکانی هەردەوڵەتێک لەئاراستـــەی سیاسەتەکانی دەرەوە کارێکی سەختە. هەندێ لەشـــیکرەوە و چاودێران پێیانوایە ئاراستەی سیاســـەتی دەرەوەی هـــەر دەوڵەتێک راســـتەوخۆ گرێـــدراوی پێداویســـتیەکانی سیاســـەتی ناوخۆیە، بەم پێودانگە بۆ شـــیکردنەوەی ئـــەو گۆڕانکاریانەی لەپەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیل ڕوودەدات، دەبێ باروودۆخی ناوخۆی هەردوو وڵات و پێشکەوتنی هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان هەڵبسەنگێنین. لەلایەکی دیکەوە، دوای ئەوەی پارتی دادو گەشـــەپێدان (AKP)، کە مەیلێکی ئیسلامیانەی هەیە لەساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە جڵـــەوی فەرمانڕەوایـــی تورکیای گرتۆتە دەســـت.

پرســـیارێک هەمیشـــە ڕووبەڕومان دەبێتەوە، بۆچی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیســـرائیل ناپچڕێنێ؟ ســـەرەڕای گرژی نێوان هەردوو وڵات، بەڵام هاوکاری ســـەربازی و هەواڵگری بەردەوامە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە دەبـــێ بۆ ڕەگوڕیشـــەی پەیوەندی و هاوکاری تورکیا و ئیسرائیل بگەڕێینەوە.

### دەوڵەتی عوسمانی و جولەکەکانی ئیسپانیا

خەلافەتی عوســـمانی وەکو خەلافەتێکی ئیســـلامی بۆ زیاتر لە ٣٠٠ ســـاڵ یەکێک بوو لـــە زلهێزەکانی ئـــەو ســـەردەمە، لەوکاتـــەی خەلافەتی عوســـمانی لـــە لوتکەی هێزدابوو، لەســـاڵی ١٤٩٢ دوای ئەوەی



ئەندەلـــوس (ئیســـپانیا) لەژێر دەســـتی خەلافەتی ئیســـلامی دەرهێنـــرا، ژمارەیەکـــی زۆر جولەکـــەی ئـــەو وڵاتە پەنایـــان بۆ خەلافەتی عوســـمانی هێنا، بەبڕیاری خەلافەت لەشاری (سالۆنیک)ی یۆنانی کە (گرێدراوی خەلافەتی عەسمانی بوو) نیشتەجێکران. جولەکەکان بۆ دەیان ساڵ لە کەشێکی ئۆقرە و ئارام لەســـایەی خەلافەتی عوســـمانی ژیانیان بردەسەر، ژمارەیەکـــی زۆری جولەکـــە ئیســـلامبوونی خۆیان ڕاگەیاندو هەندێکیشیان لەدەوڵەتی عوسمانی پۆستی باڵایان وەرگرت، بەڵام لەژێـــرەوە پەیوەندیان لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنســـا هەبوو و بۆ ڕوخانی خەلافەتی عوســـمانی کاریـــان دەکـــرد، ئەمەش لەســـەردەمی

ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەســـاڵانی (١٨٧٦ - ١٩٠٩)، جگە لەوەش جولەکـــەکان کۆمەڵەیەکیان بەناوی (تورکیـــای لاو) دامەزراند، کە بانگەشـــەی بـــۆ بیروباوەڕی نەتەوەیـــی و عەلمانی دەکرد، دواتر ژمارەیەکـــی بەرچاوی پلەدارانی ســـوپا پەیوەندیان بەو کۆمەڵەیە کـــرد و حزبێکیان بەناوی (ئیتیحاد و تەرەقی) دامەزراند. حزبی ئیتیحاد و تەرەقی لەساڵی ١٩٠٩ کودەتایان لەسوڵتان عەبدولحەمید کردو خەلیفە (محەمەد ڕەشـــاد) ناســـراو بە (محەمەدی پێنجەم) یـــان کردە خەلیفە و لەژێر پەردەوە حوکمی تورکیان دەکرد و بەردەوام بوون لەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی عەلمانی.




### ئەتاتورک و سڕینەوەی ناسنامەی ئیسلامی

مســـتەفا کەمال ئەتاتورک کە لەســـەر پاشماوەکانی دەوڵەتی عوســـمانی، کۆماری تورکیـــای دامەزراند، لەدەستووردا بەئاشکرا ڕایگەیاند کەتورکیا دەوڵەتێکی عەلمانیەو هیچ ئایینێک بەبنەما ناگرێ، شـــەریعەتی ئیســـلامی پشتگوێخســـت و بۆ دارشتنی دەستوور و قانوونەکانی تورکیا پشـــتی بەدەســـتووری سویسرا و ئیتاڵیا بەســـت، جگە لـــەوەش بەکارهێنانی پیتی عەرەبـــی قەدەغەکرد و پیتی لاتینی بۆ زمانی تورکیا بەکارهێنا، هەروەها لەمزگەوتەکان بانگدانی بەزمانی عەرەبی قەدەغەکـــرد، ئەمە جگـــە لەقەدەغەکردنی پۆشینی حیجاب لەقوتابخانە و زانکۆکان، بەو پێیەی کە مستەفا کەماڵ یەکێک بوو لەسەرکردەکانی سوپا، دەســـتڕۆیی زۆری بەسوپا بەخشی، هەروەها لەچەند ماددەیەکی دەســـتووردا ڕێگەی بەسوپا داوە بەرگری لە عەلمانیەکی کۆماری تورکیا بکات.

**ئەتاتورک کە لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کۆماری تورکیای دامەزراند، لەدەستووردا بەئاشکرا ڕایگەیاند کەتورکیا دەوڵەتێکی عەلمانیەو هیچ ئایینێک بەبنەما ناگرێ**

### پەیوەندی گەرموگوڕ لەگەڵ ئیسرائیل

لەساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیســـرائیل دامەزرا، تورکیا وەکو دەوڵەتێکی زۆرینە موسڵمان یەکەم دەوڵەت بوو لەســـاڵی ١٩٤٩ دانی بەئیسرائیل دانا و پەیوەندیەکی گەرموگوڕی لەگەڵدا دروســـتکرد. بەتێپەڕبوونی کات پەیوەندی نێـــوان تورکیا و ئیســـرائیل پتەوتر بوو، بەتایبەتیش لەبواری ســـەربازی، ئـــەم پەیوەندیانە لەســـاڵی ١٩٩٧ بەواژۆکردنی ڕێککەوتنێکی سەربازی و ئەمنی لەنێوان هەردوولا گەیشـــتە لوتکە، دواتریش ڕێککەوتنێکی هاوبەشـــی (تورک - ئیســـرائیل)یان بەست.

ئیســـرائیل بـــۆ پاڵپشـــتیکردنی هەڵوێســـت و سیاســـەتەکانی لەناوچەکـــە پێویســـتی بەهاوکاری بەردەوام و بـــێ مەرجی تورکیا هەبـــوو، تورکیاش

>>> **تورکیا ئیسرائیلی بەدەروازەی گەیشتنە ئەوروپا دادەنا، دەسەڵاتدارانی تورکیا چەندین ساڵ لەسەر ئەو بنەمایە گرنگی زۆری بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل دەدا**



لەلای خۆیەوە بەمەبەستی بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئیسرائیل پێویستی بەپەیوەندی بەهێز هەبوو، چونکە ئیسرائیل لەوڵاتانی ڕۆژئاوا خاوەن ڕۆڵ و پێگەیەکی تایبەتە، تورکیا ئیسرائیلی بەدەروازەی گەیشتنە ئەوروپا دادەنا، دەسەڵاتدارانی تورکیا چەندین ساڵ لەسەر ئەو بنەمایە گرنگی زۆری بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل دەدا، لەبەرامبەریشدا تاڕادەیەک وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی پشتگوێ خستبوو. سەرەڕای ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە ئەنقەرە لەبواری سیاسی و سەربازی پێشکەش بەوڵاتانی ڕۆژئاوای کرد، بەڵام بە زبری مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، لەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی تورکیا بوونەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری دوژمنەکانی تورکیایان کرد، ئەمەش لەکێشەی قوبرس بەڕوونی کەوتە بەرچاو. وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەبابەتی ئەندامبوونی تورکیا بەردەوام ئەم پرسەیان بەهەڵواسراوەیی دەهێشتەوە و ئەم دەست و ئەو دەستیان بەتورکیا دەکرد، ئەمەش وایکرد لەتورکیا مەیلی گەڕانەوەی بۆ باوەشی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی گەشە بکات.

**عوسمانیە هاوچەرخەکان بۆ مێژوو دەگەڕێنەوە**

دوای ئەوەی AKP تەختی فەرمانڕەوای تورکیای گرتە دەست لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ستراتیژی و درێژخایەن، بەهێزکردنی توانای دانوساندنی لەگەڵ ڕۆژئاوا سیاسەتی کرانەوەی بەڕووی دراوسێکان و وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی دەستپێکرد. لەم سۆنگەیەوە، تورکیا هەستی کرد کە ناوچەی عەرەبی لەناوچەکانی دیکە لەبارترە بۆ ئەنجامدانی قەڵەمبازێکی نوێی سیاسی، بێگومان بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەم هەنگاوە پێویست بوو تورکیا تۆمارە ڕەشەکەی کە پەیوەست بەهاوپەیمانیەتی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل سپی بکاتەوە، هەلیکی لەباریش بۆ ئەنجامدانی ئەو وەرچەرخانە، دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە لەمانگی ٢٠٠٩/١ بەدیهات، کاتێک ئیسرائیل چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا و تورکیاش هەڵوێستێکی توندی نیشاندا، هەر لەوکاتەدا سەرۆکوەزیرانی تورکیا داوایکرد لەنەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەندامێتی ئیسرائیل ڕابگرێ، ئەمەش لەبەر پشتگوێخستنی داواکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی هێرش بۆسەر کەرتی غەزە، ئەردۆگان دەپرسێ: «چۆن دەکرێ دەوڵەتێک سەرجەم بڕیارەکانی UN ڕەت بکاتەوە، ڕێگەی پێبدرێ لەدەرگاکانی UN بچێتە ژوورەوە». ئەردۆگان ئاماژەی بەوەشدا کە بزوتنەوەی (حەماس) لەغەزە بارەگای سەرکردایەتی و سەربازی نییە وەکو ئیسرائیل بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو خەڵکی مەدەنی بوونەتە قوربانی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل کە مزگەوت و نەخۆشخانەکانی گرتۆتەوە.

نارەزایەکانی تورکیا لەسیاسەتەکانی ئیسرائیل لەکۆڕبەندی ئابووری داڤۆس لە ٢٠/ ١/ ٢٠٠٩ گەیشتە لوتکە کاتێک سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئیسرائیلی بەکوشتنی منداڵەکانی غەزە تۆمەتبار کرد و لەکۆنگرەکە کشایەوە، ئەمەش بووە مایەی پەرەسەندنی جەماوەری ئەردۆگان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، هەرئەمەش وایکرد بەم دواییە زانکۆی ئیسلامی لەغەزە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەسەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ببەخشێت، ئەردۆگان لەڕێوڕەسمێکدا کە لەبارەگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا سازکرا ڕوونیکردەوە کە زانکۆی ئیسلامی لەغەزە ٣٢ ساڵە لەژێر هەلومەرجێکی سەختدا درێژە بەکاروانی زانستی دەدات. ئەردۆگان ئاماژەی بەوەشدا کە چەندین جار بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە، بەڵام دکتۆراکەی زانکۆی ئیسلامی لەغەزە واتایەکی تەواو جیاوازی هەیە، هاوسۆزی گەلی تورکیاشی لەگەڵ خەڵکی فەڵەستین دووپاتکردەوە، گوتی «هەروەکو لەمێژوودا چۆن بووە، ئەوا ئازارەکانی گەلی فەڵەستین ئازاری ئێمەیە، هیچ جیاوازیەک لەنێوان چارەنووسی تورکیا و فەڵەستیندا نییە».

لەبەرامبەریشدا نیگەرانیەکانی ئیسرائیلی زیاتر کرد و ترسی ئەوەی لێنیشت کە شەراکەتە ئابووری و ئاسایشییەکەی لەگەڵ تورکیا تووشی وەچەرخانی چاوەڕوان نەکراوبێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٣١ لە ئەنجامی هێرشی سەربازانی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتی ئازادی کە یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەزە دەبرد چەند هاووڵاتییەکی تورک کوژران و برینداربوون، ئەمەش اە تورکیا لە ئاستی حکومی و جەماوەری کاردانەوەیەکی توندی لێکەوتەوە و پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیلی دووچاری ئاڵۆزی زیاتر کرد، سەرۆک وەزیرانی تورکیا هێرشەکەی بە « تیرۆری دەوڵەت» لە قەڵەم دا و ڕایگەیاند کە ئیسرائیل قانوونی نێو دەوڵەتی پێشێلکردووە و هەڕەشە لە ئاشتی جیهان دەکات، ئەردۆگان لە وتەیەکدا لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢ ئاماژەی بەوەشدا کە ئیسرائیل کۆسپ دەخاتە بەردەم هەولەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستە ڕێگەی پێنەدرێ بەمجۆرە ڕەفتار بکات و دەبێ باجی ئەو هەڵوێستانی بدات.

هەر لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا پێشکەوتنی خێرای بەخۆوە بینی و گەیشتە ئاستی هاوکاری ستراتیژی، کە بێگومان ئیسرائیل لەم دۆخە ناڕازییە. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەهەڵوێستەکانی تورکیا بەرامبەر ئیسرائیل ئەوەبوو کە ڕازی نەبوو ئیسرائیل لەو مانۆڕە سەربازییە بەشداری بکات کە ساڵانە تورکیا لەگەڵ پەیمانی ناتۆ ئەنجامیدەدات، ئەمەش مقۆمقۆیەکی زۆری لەئیسرائیل دروستکرد، چونکە بەشداری ئیسرائیل لەو مانۆڕە لەئاسمانی تورکیا لەبواری ڕاهێنانی فڕۆکەوانان زەمینەیەکی باشی بۆ هێزە ئاسمانییەکانی ئسرائیل دروستدەکرد. دواجار ئەو پرسیارەی خۆی قوت دەکاتەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تورکیا - ئیسرائیل ئەوەیە، هەڵوێستەکانی تورکیا گۆڕانکارییەکی ستراتیژیە، یان تاکتیکیە؟

>>> **لەساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، تورکیا وەکو دەوڵەتێکی زۆرینە موسڵمان یەکەم دەوڵەت بوو لەساڵی ١٩٤٩ دانی بەئیسرائیل دانا و پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵدا دروستکرد**



# تورکیا و سوریا
# دوژمنێتی دوێنێ.. دۆستایەتی ستراتیژی ئەمڕۆ

لەوکاتـــەی پارتی دادو گەشـــەپێدان لەتورکیا لەســـاڵی ٢٠٠٢ ەوە بۆ ســـەر تەختی فەرمانڕەوایی تورکیا هاتووە، دەستی بەکرانەوەیەکی هەمەگیر و فراوان کردووە بەرامبەر وڵاتانی دەرودراوســـێ و ڕەوشـــێکی تازە لەپێوەندی نێوان ئەو وڵاتە بەدراوسێکانی هاتۆتە کایەوە. لەگرنگترین هەنگاودا حکومەتی تورکیا بڕیاریدا ســـنوورەکانی لەگەڵ سوریا بخاتە سەر پشت و دووبارە نرخ بۆ بەرژەوەندی و ئایندە دابنێت.

لەســـەردەمی شەڕی ســـارد بەو پێیەی کە ســـوریا دۆستێکی ســـتراتیژی یەکێتی ســـۆڤیەت بوو، تورکیـــاش ئەندامی پەیمانی ناتۆو هاوپەیمانی ســـتراتیژی ئەمریکا بوو. بۆیـــە پەیوەندی هەردوو وڵات پەیوەندیەکی نێگەتیف بوو، بەدەســـتپێکردنی شـــەڕی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دژ بە دەوڵەتی تورکیا تا ســـاڵی ١٩٩٩ پەیوەندی نێوان هـــەردوولا ئاڵۆزی و گرژی زۆری تێکەوت، چونکە بەردەوام تورکیا ســـوریای بە داڵدەدانی سەرۆکی (پەکەکە)و هاوکاریکردن تۆمەتبار دەکرد، ئەم ڕەوشـــە لە ئەیلولی ١٩٩٩ خەریک بوو بگاتە ئاســـتی بەرپابوونی شەڕ ئەگەر سەرۆکی (پەکەکە) سوریای بەجێ نەهێشتبا، بەڵام لەدوای ٢٠٠٢ بەتایبەتیش بەهاتنی ئاک پارتی بۆ سەر تەختی حوکمڕانی تورکیا هەردوولا هەوڵیاندا لاپەڕەکانی ڕابردوو بپێچنەوە و ئاسۆیەکی نوێ لەپەیوەندی هەردوولا بکەنەوە. پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لەســـەرجەم ئاستەکان (ئاســـایش، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری) پێشـــکەوتنی بەخۆوە بینـــی، ئەم پەیوەندیـــە بەئەنجامدانی مانۆڕێکی ســـەربازی لەنێوان سوپای تورکیاو سوپای سوریا گەیشتە لوتکە بەشـــێوەیەک کە لەتوانایدایە پاشماوەکانی سەردەمی دژایەتـــی پەردەپۆش بکات، ســـەرۆکوەزیرانی تورکیا لەکاتی ســـەردانەکەی بۆ ســـوریا لەمانگـــی ٢٠٠٩/١٢ ڕایگەیاند کە ســـوریا دەروازەی تورکیایە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین، تورکیاش دەروازەی سوریایە بۆ ئەوروپا.

ڕەنگە بەشـــێک لەسیاسەتەکانی حکومەتی ئاک پارتی کە جێی بایەخی لایەنی عەرەبی و ئیسلامیە، ئەوەیە کە دەیەوێ تورکیا لەبازنەی ڕۆژئاواو ئیســـرائیل دەربهێنێ و بکاتـــە هێزێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـت، هەرچەندە لەناوخۆی تورکیـــا و لەدەرەوەش ڕەخنەی تونـــد ئاڕاســـتەی کرانـــەوەی تورکیا بـــەرووی وڵاتی دراوســـێ، بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکرێ، بـــەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاســـتییە ناگۆڕێ کە ئاک پارتی توانیویەتی فاکتەری ئاییـــن و کولتووری ڕۆژهەڵات بۆ بەرژەوەنـــدی تورکیا بەکاربێنێ، بەشـــێوەیەکی باش گۆرانکاریانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی ڕەچاوکردووە و تورکیـــای کردۆتە هێزێک کە ســـەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لێکدانەوەی بۆ بکەن.

### سوریاو تورکیا پەیوەندییەکی نموونەی خاوەن ٥٠ ڕێککەوتننامە

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٣ لەگوتەیەکدا لەبەردەم کۆڕبەندی پیاوانی کاری سوریا لە دیمەشقی پایتەختی ســـوریا ڕایگەیاند کە لێکنزیکبوونەوەیان لەگەڵ ســـوریا بەتەنیا بە پێدانی ڤیزا کۆتایی نایەت، بەڵکو چەندین ڕێکەتننامەی هاوبەشی (شـــراکە) واژۆ دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانیان ببێتە باشترین پەیوەندی نموونەیی لە جیهاندا.

ســـەرۆکوەزیرانی تورکیا لەچوارچێوەی ســـەردانەکەی بۆ ســـوریا ئاماژەی بەوشـــدا کە وڵاتەکەی پەرۆشە ئەو هاوبەشیە ستراتیژیەی لەگەڵ سوریا ســـاز کردووە ســـەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بگرێتەوە و ئاشـــتی و خۆشـــگوزەرانی باڵ بەســـەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـتدا بکێشێت.

ســـەبارەت بەو ڕێکەوتننامەی کە حکومەتەکەی ئاک پارتی لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی واژۆی کردوە، لەناوخۆو لەدەرەوە ڕووبـــەڕووی ڕەخنەیەکی توند بۆتـــەوە، پێیانوایە کە تورکیا ڕووی لەڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات وەردەگێڕێ، لەمبارەوە ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە تورکیا لەپێناو گەشەپێدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕۆژهـــەڵات قوربانی بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا نادات، بەڵکو بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکاندا دەکات بەشـــێوەیەک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان دابێت. لە کۆبوونەوەی (ئەنجومەنی هاوکاری ستراتیژی باڵا) کە بۆ یەکەمجار دەبەســـترێ ســـوریا و تورکیا ٥٠ ڕێککەوتن و یاداشتی لێکتێگەیشـــتنیان لە بواری (تەندروستی، پیشەسازی، کشـــتوکاڵ، ئاودێری، گواستنەوە، پۆلیس، خوێندنی باڵا، گومرگ، بیناسازی، کولتوور و گەشتوگوزار) واژۆ کرد.

### تورکیا لەنێوان سوریا و ئیسرائیل ئامادەیە بۆ ناوبژیوانیکردن

ئـــەردۆگان لە ســـەردانەکەی بۆ ســـوریا جگە لـــە واژۆکردنی ٥٠ ڕێکەوتننامـــە لەگـــەڵ هاوتـــا ســـوریەکەی باســـیان لەناوبژیوانی تورکیا کرد بۆ دەســـتپێکردنەوەی پرۆســـەی ئاشتی نێوان سوریا و ئیســـرائیل بۆ ســـەر کەرتی غەزە، کە لە ٢٠٠٨/١٢/٢٧ تووشی چەقبەســـتن هات. بەهۆی ئەو هاوســـۆزیەی کە حکومەت و گەلی تورکیا بەرامبەر کەرتی غەزە نواندی، حکومەتی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە «تورکیا ناوبژیوانێکی بێلایەن و دروســـت نییە» لەپرۆســـەی ئاشـــتی، بۆیە داوایکرد لەجیاتی تورکیا، فەڕەنسا ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینێت. لەبەرامبەریشدا بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا لەمیانەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی لەگەڵ ئەردۆگان پشـــتگیری وڵاتەکەی بۆ ناوبژیوانی تورکیا دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند کە تورکیا نابژیوانێکی دادپـــەروەرو بابەتی بووە، بە کورتیەکەی ســـەرکەتوو بووە، گوتی «ئەمە واتـــای ڕەتکردنەوەی هاوکاری هیچ وڵاتێک نییە». لەلایەن خۆشـــیەوە ئەردۆگان ئامادەباشـــی وڵاتەکەی بۆ دەســـتپێکردنی ناوبژیوانـــی وڵاتەکەی ڕایگەیاند بەو مەرجەی کـــە هەردوولا–واتە سوریا و ئیسرائیل– بەمە ڕازی بن.



هەواڵنامەی کتێب

سالی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠


# تورکیا - یۆنان.. دوژمنایەتییەک ڕەگەکانی بە مێژوودا ڕۆچووە





هەواڵنامەی کتێب

تورکیـــا و یۆنـــان لەگـــەڵ ئـــەوەی هـــەردوو وڵات ئەندامی پەیمانی (ناتۆ)ن و پەیوەندی ستراتیژیان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بەڵام دوو وڵاتی نەیاری یەکترن، ســـەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەســـەرجیهاندا هاتووە و زۆرێک لەکێشـــەی نێوان دەوڵەتان چارەسەر کراون، بەڵام هێشتا ململانێ و بۆسە بۆ یەکتردانان شوێنی بۆ هاوکاری و دۆستایەتی نێوان یۆنان و تورکیا چۆڵ نەکردووە. ململانێکانی نێوان ئەودوو ئەندامەی ناتۆ ڕەهەندی ئایینی، مێژوویی و جیوسیاســـی هەیـــە، ململانێیەک کەڕەگو ریشـــەکەی بۆ زیاتر لە٧٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە سەختە بەچەند مانگ و ساڵێک چارەسەر بکرێت.

### دەسەڵاتی عوسمانیەکان لەیۆنان

لەســـەدەی ١٤ تورکە عوســـمانیەکان توانیـــان یۆنان بخەنە ژێـــر قەڵەمڕەوی خۆیـــان، یۆنان ئەوکاتە لەژێر دەســـەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتیدابوو، ســـاڵی ١٤٥٢ز عوســـمانیەکان قوستەنتینیە (ئەستەمبوڵی ئێســـتا)ی بێزەنتیان داگیرکردو کردیـــان بەپایتەختی خۆیان، یۆنانیەکان کە پەیڕەوی ئایینی مەسیحیان دەکرد، ئازادی بیرو باوەڕیان پێ دراو لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە. لەساڵی ١٨٢٤ز بازرگانێکی یۆنانی نیشتەجێی ڕوسیا کۆمەڵەیەکی دۆســـتایەتی دامەزراندو زەمینەی خۆش کرد بۆ هەڵگیرساندنی شـــۆرش دژی عوسمانیەکان، لەساڵی ١٨٢١ز شەڕی سەربەخۆی دەستی پێکرد یۆنانیەکان توانیان زۆربـــەی ناوچەکانی وڵاتەکەیان لەدەســـەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوســـمانی ڕزگار بکەن، بـــەڵام لەســـاڵی ١٨٢٥ز تورکەکان بەهاوکاری هێزی میســـر لەباکوور دەچوونـــە ناوخاکی یۆنان و ســـەرلەنوێ توانیان ناوچە ئازادکراوەکان بەدەست بێننەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دامرکاندنەوەی شۆڕشـــی یۆنانیەکان. لەساڵی ١٨٢٧ز فەرەنسا، ڕوسیا و بەریتانیا ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی هێز بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی عوسمانیەکان لەیۆنان، ساڵی ١٨٢٨ز ڕوسیا شەڕی دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، تورکەکان بۆ بەگژداچونەووەی سوپای ڕوسیا لەیۆنان کشانەوە، دوای کشانەوەی میسریەکان لەساڵی ١٨٢٩، یۆنان بـــووە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ، لەســـاڵی ١٨٣٠ز هەریەک لە فەرنسا، ڕوسیا، بەریتانیا دانیان بەدەوڵەتی سەربەخۆی یۆنان دانا و بەڵێنیان دا کە پارێزگاریشی لێبکەن. ئەوکاتەی ژمارەی دانیشـــتووانی یۆنان نزیکەی هەشت سەد هەزار کەس دەبوو، رووبەری خاکەکەشـــی نیوەی ئێســـتای یۆنـــان دەبوو، بەڵام نزیکەی ٣ ملیۆن یۆنانی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی تورکەکان مانەوە، هەروەها دووســـەد هـــەزار یۆنانیـــش لەدورگەکانی ژێردەسەڵاتی بەریتانیا دەژیان، گێڕانەوی ئەم ناوچانەش بووە خەون و ئامانجێکی سەرەکی یۆنانیەکان.

### شەڕی یەکەمی جیهان

شەڕی یەکەمی جیهان لەساڵی ١٩١٤ دەستی پێکرد، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی یۆنان (فنیزلوس) داوایکرد شـــان بەشانی وڵاتانی هاوپەیمانی شەڕی ئەڵمانیا بکات، بەڵام قوستەنتینی پاشـــای یۆنان دەیویست یۆنان بێلایەن بێ و خۆی لەو شەڕە نەگلێنێ، دواتر بەهاوکاری هاوپەیمانی فنیزلوس شۆڕشـــێکی دژی پاشا هەڵگیرســـاند و ناچاری کرد تەختی پاشایەتی بۆ کوڕەکەی (ئەلیکســـەندەری یەکەم) چۆڵ بـــکات و یۆنان لە ١٩١٧/٦/٢ تـــا مانگی ٩/ ١٩١٨ شانبەشـــانی هاوپەیمانان چووە ناو شـــەڕەکەوە. دوای کۆتایی هاتنی شـــەڕی یەکەمی جیهـــان بەپێی ڕێککەوتنێکی ئاشـــتیانە ئـــەو ناوچانەی کە یۆنان خەونیان پێـــوە دەبینی پێیان درایـــەوە، کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تراقیا و بەشێک لەدورگەی (ئیجە)یان لەتورکەکان وەرگرتەوە، ناوچەی ڕۆژئاوای هەرێمی (تراقیا)شیان لە بولگاریا وەرگرتەوە. ئەلیکسەندەری پاشای ساڵی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کرد، قوســـتەنتین دووبارە هاتەوە ســـەر تەختی پاشایەتی و لەساڵی١٩٢١ شەڕی دژی تورکەکان ڕایگەیاند، بەڵام لەساڵی ١٩٢٢ شـــەڕەکە بەتێکشانی یۆنان کۆتایی هات، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شۆرشێکی ســـەربازی دژی پاشاو ناچارکرا تەختەکەی بۆ کوڕەکەی (جۆرجی دووەم) چۆڵ بکات، هاوکات لەســـاڵی ١٩٢٢ دەوڵەتی عوســـمانی ڕووخا و دوای ســـاڵێک کۆماری تورکیا لەسەر دەستی (مستەفا کەمال) دامەزرێنرا. ســـاڵی ١٩٢٣ بەپێی پەیماننامەی لۆزان، یۆنان ئەو ناوچانەی وەرگرتـــەوە کە تورکـــەکان لەدوای شـــەڕی یەکەمی جیهان داگیریان کردبـــوو، لەپەیماننامەکە داواکرابوو تورکیا و یۆنان کۆتایی بەململانێکانیان بێنن و بۆ ئەوەش دەبوو (١،٢٥٠،٠٠٠) یۆنانی نیشتەجێی تورکیا بگەڕێنەوە یۆنان، ٤٠٠ هەزار تورکی نیشـــتەجێی یۆنان بگەڕێنەوە تورکیـــا، دوای کۆچی گەورەی یۆنانیـــەکان، بەڵام بەهـــەزاران یۆنانی لەباکـــووری ئەبیروس لەئەلبانیا مانەوە، هەروەها لە قوبرســـیش کە لەژێردەسەڵاتی بەریتانیا دابوو بەهەزاران یۆنانی تێدا مایەوە.

### قوبرس دوژمنایەتی تورکیا و یۆنان قوڵتر دەکات

دورگەی قوبرس پێگەیەکی ســـتراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی حەوزی دەریای ســـپی ناوەڕاست دا هەیە، لەلایەک کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشـــوەری ئەوروپا، لەلایەکی دیکەشەوە کەوتۆتە باشـــووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاســـیا، تەنیا ٤٠٠ کیلۆمەتر لەکەنارەکانی میسر (کیشـــوەری ئەفریقیا) دوورە، لەســـاڵی ١٩٧٤ بەچوونی ســـوپای تورکیا و داگیرکردنی بەشێکی ئەو دورگەیە ململانێیـــە مێژوویەکەی نێوان تورکیا و یۆنان قوڵتر بۆوە، یەکێکە لەو کۆســـپانەی کە ڕێگرە لەئاســـایی بوونەوە پەیوەندی هەردوو وڵات.

**لەساڵی ١٩٦٠ لەژێر فشاری ئەمریکا، بەریتانیا سەربەخۆیی بەقوبرس بەخشی و سیستەمێکی سیاسی لەرزۆکی پێک هێنا و دەسەڵات لەنێو تورکە موسڵمانەکان و یۆنانیە مەسیحیەکان دابەشکرا، ئەویش بەرێژەی ٤٠٪ بۆ موسڵمانەکان و ٦٠٪ بۆ مەسیحیەکان، بەمەرجێک کە دوو بنکەی سەربازی بەریتانی لەدورگە بمێنێتەوە**

### ئیسلام و قوبرس

لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان لەساڵی ٢٨ی کۆچی بەسەرکردایەتی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دورگەی قوبرس (فەتح) کراوە و ١٢ هەزار سەربازی موسڵمان تێدا نیشتەجێکرا، بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەوکاتەی شاری (بەعلەبەگ) ڕوویان تێکرد و ئیسلامیان بڵاوکردەوە و دەیان مزگەوتیان بنیاتنا، لەساڵی ٧٥ کۆچی لەئەنجامی هەبوونی ناکۆکی لەنێوان ئیبن ئەلزوبێر و عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بیزەنتینیەکان توانیان دەست بەسەر دوور دورگە دا بگرن. لەساڵی ٩٧٩ کۆچی عوسمانیەکان توانیان سەرلەنوێ قوبرس بخەنەژێر قەڵەمڕەوی خەلافەتی ئیسلام و بەهەزاران موسڵمان تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڕادەیەک ژمارەی موسڵمانان ٣ بەقەد ژمارەی مەسیحیەکان دەبوو، بەڵام دواتر لەئەنجامی لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و بەهێزبوونی وڵاتانی ئەورپا دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو ڕێککەوتنێکی ئاشتیانە لەساڵی ١٢٩٦ کۆچی پەسند بکات، بەپێی ڕێککەوتنەکە دورگەکە کەوتە ژێر پاراستنی بەریتانیا. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان قوبرسیان داگیرکرد مەسیحیەکانی یۆنانیان هاندەدا بچنە دورگەکە. لەبەرامبەریشدا فشاریان دەخستە سەر موسڵمانەکان بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەم سیاسەتەی ئینگلیزەکان تا شەڕی یەکەمی جیهان درێژەی کێشا.

### قوبرس و دەستێوەردانی یۆنان

لەسایەی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بەهەزاران یۆنانی لەدورگەی قوبرس نیشتەجێبوون، بەشێوەیەک کەزۆرینەی دانیشتوانی دورگەکەیان پێک دەهێنا، بۆیە یۆنان دورگەی قوبرسی بەدرێژکراوەی خۆی دەبینی و هەوڵیدا لەگەڵ یۆنان یەک بگرێ، بۆ ئەمەش لەساڵی ١٩٢٢ بزوتنەوەی ئەنیوسیت (کە بەواتای یەکگرتن لەگەڵ یۆنان)ی دامەزاند و زۆربەی قەشەکانی ئەو دورگەیە چوونە پاڵ ئەو بزوتنەوەیە، یۆنان، قوبرسییەکانی هاندەدات دژی دەسەڵاتی بەریتانیا شۆڕش بەرپابکەن و داوای سەربەخۆیی بکەن.

### سەربەخۆیی قوبرس

لەساڵی ١٩٦٠ لەژێر فشاری ئەمریکا، بەریتانیا سەربەخۆیی بەقوبرس بەخشی و سیستەمێکی سیاسی لەرزۆکی پێک هێنا و دەسەڵات لەنێو تورکە موسڵمانەکان و یۆنانیە مەسیحیەکان دابەشکرا، ئەویش بەرێژەی ٤٠٪ بۆ موسڵمانەکان و ٦٠٪ بۆ مەسیحیەکان، بەمەرجێک کە دوو بنکەی سەربازی بەریتانی لەدورگە بمێنێتەوە، ئەمە جگە لەبەڕێوبردنی فڕۆکەخانەی پایتەخت، بەڵام دواتر ململانێی ئەمریکا و بەریتانیا لەسەر دورگەکە دژوارتربوو، ئەمریکا هەوڵیدا بەریتانیا لەدورگە سەربازیەکان دەربکات و هێزەکانی خۆی جێگەی بگرێتەوە، لەبەرامبەریش بەریتانیا هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی دا، دەرنجام بۆماوەی دە ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی هەڵگیرسا و زیاتر لە ٧٠ هەزار تورکی قوبرسی بوونە قوربانی، ئەمەش تورکیای هاندا بەشێوەیەکی سەربازی بێتە ناو کێشەکە و لەساڵی ١٩٧٤ سوپای تورکیا باکوری دورگەی قوبرسی داگیرکرد، ئەو دەستوەردانە سەربازیەی تورکیا بەکرداری دورگەکەی کردە دووبەش، بەشی باشوور کە گەورەتر و دەوڵەمەنترە لە ژێر دەستی یۆنانیەکان مایەوە، بەشی باکوریش کەوتە ژێر دەستی تورکەکان و کۆماری (قوبرسی تورکی)یان ڕاگەیاند، بەڵام جگە لەتورکیا هیچ دەوڵەتێک دانی پێدانەنا و گەمارۆی بەسەردا سەپێنرا. ئەمریکا هەوڵی زۆریدا کە ئامانجەکانی لەو دورگەیە بەدیبێنێ، بەڵام لەبەرامبەر سیاسەتەکانی بەریتانیا شکستی هێنا، بەریتانیەکان ململانێیەکی درێژخایەنیان لەنێوان تورک و یۆنان دروست و ئەمەش هەبوونی سەربازی بەریتانیای لەقوبرس پتەوترکرد، لەم بارەوە سەردار دەنکتاش وەزیری دەرەوەی قوبرسی تورکی دەڵێ (کەس ناتوانێ دەست بۆ دۆسیەی بنکە سەربازیەکانی بەریتانیا لەدورگەکە بدات، چونکە دەزانێ ئەگەر ئەمە بکات پاڵپشتی بەریتانیا لەدەست دەدات، بگرە دەبێتە دوژمنی)، هەروەها دەڵێ (بەریتانیا باش دەزانێ ئەگەر چارەسەریەک بۆکێشەی قوبرس دۆزرایەوە، ئەوا دۆسیەی هەبوونی سەربازی بەریتانیا دەکرێتەوە، ئەمەش تووشی گیروگرفتی زۆریان دەکات، من وەکو هاووڵاتیەک ئەو سەروەریەم نییە کە بەریتانیەکان و بنکە سەربازیەکان لێرە هەیانە).

### پێشنیارەکەی کۆفی ئەنان

ئەمریکا لەرێگەی دەستپێشخەریەکی ئەمینداری گشتی UN کۆفی ئەنان هەوڵیدا سەرلەنوێ پێگەی خۆی لەقوبرس بەهێزتر بکات، کۆفی ئەنان لەدەستپێشخەریەکەیدا داوای کرد هەردوو قوبرسی (باکور و باشوور) یەک بگرنەوە، بەڵام ڕەوشێکی چاوەڕوان نەکراو لەقوبرسیە یۆنانییەکان ڕوویدا کاتێک لەساڵی ٢٠٠٤ لەو ڕاپرسیەی ئەنجامدرا بەرێژەی ٧٥٪ پێشنیارەکەی کۆفی ئەنانیان ڕەتکردەوە،هۆکاری ئەم هەڵوێستەی قوبرسە یۆنانییەکانیش بۆئەو دەگەڕێتەوە کە یەکێتی ئەورویا وەکو دەوڵەتێکی شەرعی دورگەکە، دانی بەقوبرسی باشوور (قوبرسی یۆنان) دانا و ئامادەیی خۆشی بۆ ئەندامێتی قوبرسی یۆنان لەیەکێتیەکە خستەڕوو بێ ئەوەی چاوەڕێی چارەسەری کێشەی قوبرس و ئەنجامی پێشنیارەکەی کۆفی ئەنان بکات.

دوای ئەوەی یەکێتی ئەورویا ئامێزی بۆ قوبرسی یۆنانی کردەوە، پێشنیارەکەی سکرتێری UN بۆ قوبرسی یۆنانی وەکو تەنازولێک لەبەرامبەر تورکە قوبرسەکان دەهاتە بەرچاو، چونکە بەپێی پێشنیارەکەی کۆفی ئەنان دەبوو قوبرسە یۆنانیەکان دەستبەرداری کۆماری سەرکەوتووی قوبرسی یۆنانی بن و لەگەڵ تورکە قوبرسیەکان کۆمارێکی هاوبەش دابمەزرێنن و دەسەڵات و سامان و داهاتەکانیش دابەش بکەن، بێگومان ئاسایی بوو کەئەم پێشنیارە ڕەت بکەنەوە، چونکە یەکێتی ئەوروپا کۆماری قوبرسی یۆنانی وەکو دەوڵەتی شەرعی دورگەکە پەسندکرد. داهاتی نەتەوەیی بەش یۆنانیەکەی قوبرس (قوبرسی باشوور) دوای ئەندام بوونی لەیەکێتی ئەوروپا گەیشتە ٤،٩ ملیار دۆلار واتە بەتێکڕای ١٢٥٠٠ دۆلاری ئەمریکی بۆهەر تاکێک، ئابووری قوبرسی باشوور بەباشترین ئابووری لەنێو ئەو وڵاتانە دەژمێردرێ کەلە ٢٠٠٤ بوونەتە ئەندامی یەکێتی ئەورڕپا، لەبەرامبەریشدا بەشە تورکیەکەی قوبرس لەسایەی گەمارۆیەکی کوشندەدا لەبارێکی زۆر خراپ دایەو بێکاری و هەژاری باڵی بەسەر ئەو بەشەدا کێشاوە. ڕەئووف دەنکتاشی پێشەوای قوبرسیە تورکەکان داوای لە وڵاتە زلهێزەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆنگرەی ئیسلامی کرد گەمارۆی سەر باکوری قوبرس هەڵبگرن، بەتایبەتیش داوای ئەوەی قوبرسیە تورکیەکان بەپێشنیارەکەی کۆفی ئەنان ڕازیبوون، بەڵام ئەو بەڵێنانەی پێی درابوون هیچی بەدی نەهات، هەرچی دەوڵەتی تورکیاشە کە تاکە دەوڵەتە دانی بەقوبرسی باکور داناوە، لەئەنجامی پەرۆشی خۆی بۆ چوونە ناو ئەوروپا پێگە و قورسایی خۆی لەدەست داوە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا قوبرسیە تورکیەکانی بێ ئومێد کردوە لەوەی تورکیا لەڕووی سیاسی و ئابووری بارودۆخی بەشە تورکیەکەی باش بکات. وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا داوا لەتورکیا دەکەن بەر لەوەی ببێتە ئەندام لەو یەکێتیە دەبێ وەکو نوێنەری شەرعی دورگەکە دان بەقوبرسی باشوور دابنێت، لە ٢٠٠٥/٩/٢١ ڕاگەیاندنێکی ئەوروپی دەرچوو کە جەخت دەکاتە سەر (دانان بەسەرجەم دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ڕەگەزی سەرەکیە لەپرۆسەی ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتیەکە) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا ناچار دەکەن پێش ئەوەی ببێتە ئەندام لەو یەکێتیە دان بەکۆماری قوبرسی یۆنانی دابنێت. قوبرسی یۆنانی وەک دەوڵەتێکی ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا بۆی هەیە کۆسپ بخاتە بەردەم ئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، ئەمەش ڕادەی دەستەوەستانی تورکیا دەخاتە ڕوو. لێرەوە دەبینین کە بەریتانیا توانیویەتی کێشەی قوبرس بکاتە کێشەی ئەوروپا و دەستی لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتیش دەستی ئەمریکا دوور بخاتەوە. لێرەوە بەدیار دەکەوێ کە کێشەی قوبرس لەنێوان ئەوروپا و ئەمریکا ون بووە، هەروەها زەرەرمەندی یەکەمیش لەو ململانێیە هاووڵاتیەکانی بەشە تورکیەکەی قوبرسن، تورکیا دەستە و ئەژنۆ وەستاوە و ناتوانێ هیچ بکات. قوبرسیە یۆنانیەکان لەڕەوشێکی باشدا گوزەران بەسەر دەبەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەکو نوێنەری شەرعی دورگەکە دانی پێداناون، لەبەرامبەریشدا هاووڵاتیانی بەشە تورکیەکە لەڕەوشێکی فەرامۆشکراو گەمارۆدراو، لەبێکاری و هەژاریدا دەژین، تەنیا ئەوەیان بۆ ماوەتەوە لەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە (ئەوروپا، تورکیا) بەدوای هەلی کاردا بگەڕێن، هەرچی بەریتانیاشە سەرکەتوو بووە لەوەی پارێزگاری بنکە سەربازیەکان بکات لەو دورگەیە.

### دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی باشووری قوبرس

لەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەی کەلە ٢٠١٠/٤/١٨ لەبەشە تورکیەکەی قوبرس (باکوری قوبرس) سازکرد سەرۆکی پارتی یەکێتی نیشتمانی دەروێش ئیروغلۆ بە بەدەست هێنانی ٥٠،٣٨٪ بەسەر ڕکابەریەکەی مەحەمەد عەلی تەڵعەت (سەرۆکی ماوە تەوابوو) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەیەکەم کاردانەوەشی سەبارەت بەپرۆسەی ئاشتی، دەروێش ئیروغلۆ کەبە کەسێکی نەتەوەیی ناسراوە ڕایگەیاند کە ئەوان بەردەوام دەبن لەدانوستانەکانی نێوان هەردوو بەشەکەی قوبرس، گوتی (خەونەکانم بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانی قوبرس بەردەوام دەبێ)، هەروەها گوتیشی (لەسەر مێزی گفتوگۆ بەردەوام دەبین تا دەگەینە ڕێگە چارەیەک کە مانەوەی گەلەکەمان لەسەر ئەم خاکە بەرێز و ئابڕووەوە دابین بکات).

### ئەردۆگان چارەسەریەکەی بەپەلەی دەوێ

لەلایەن خۆشیەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا دووپاتیکردەوە کە تورکیا ئارەزووی هەیە تا کۆتایی ئەمساڵ (٢٠١٠) کێشەی قوبرس چارەسەر ببێ، ئەم قسانەی ئەردۆگان دوای سەرکەوتنی دەروێش ئیرروغلۆ هات کە بەیەکێک لەلایەنگرانی سەربەخۆیی قوبرسی تورکی دادەنرێت، بردنەوەشی لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ٤/١٨ وەکو کۆسپێک دەبینرێ لەبەردەم هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هەردوو بەشەکەی قوبرس. تورکیا تاکە دەوڵەتە کەدانی بەدەوڵەتی باکوری قوبرس ناوە و زۆرترن کاریگەری بەسەر قوبرسیە تورکەکاندا هەیە، هەروەها ئەنقەرە ساڵانە بەبڕی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری قوبرسی باکوور دەکات و زیاتر لە ٣٠ هەزار سەربازی لەوێ هەیە. تورکیا لەساڵی ٢٠٠٨ پشتگیری لەعەلی تەڵعەتی سەرۆکی قوبرسی تورکی کرد کە سەرکردایەتی دانوستانەکانی دەکرد لەگەڵ قوبرسە یۆنانیەکان بۆ یەکخستنەوەی دورگەکە کەلە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ هەردوو بەشەکە بەمەرجێک لەژێر سەرکردایەتیەکەی بەهێزی حکومەتی ناوەندیدابێت.

دەروێش ئیروغلۆ لەچوارچێوەی هەردوو بەشەکەی قوبرس داوای ئۆتۆنۆمیەکەی بەرفراوان بۆ قوبرسیە تورکەکان دەکات، ئەمەش لەلایەن قوبرسیە یۆنانیەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە.

### پێشکەوتنی نێگەتیڤ

لەبەشە یۆنانیەکەی دورگەی قوبرس، قوبرسیە یۆنانیەکان سەرکەوتنی (ئیروغلۆ)یان بە پێشکەوتنێکی نێگەتیڤ وەسفکرد، ستیڤانوس ستیڤانو گوتەبێژی حکومەتی قوبرس کەلەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە ڕایگەیاند (ئەوەی ئێستا گرنگە چۆنیەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە، هەروەها دیاریکردنی شێوازی مامەڵە کردنمانە بۆئەوەی بگەینە ڕێگە چارەیەکی گونجاو).

### دوور لەکێشەی قەبرس، تورکیا و یۆنان هەوڵی باشکردنی پەیوەندیەکانیان دەدەن

دوژمنە دێرینەکان (تورکیا و یۆنان) ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٨ ڕێککەوتن لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان سوپای هەردوولا بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەلی بەرپابوونی ململانێی لەنێوان هەردوو وڵات. ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ دیمتریس دروتساتسی جێبەجێکاری کارەکانی وەزیری دەرەوەی یۆنان لەو گفتوگۆیانەی کەلە ٢٠١٠/٤/٧ لەئەنقەرە سازیان کرد گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ ڕاهێنانی هاوبەش لەنێوان سوپای هەردوولا و ئاڵوگۆڕپکردنی سەردانە سەربازیەکان.

**ئەمریکا هەوڵی زۆریدا کە ئامانجەکانی لەو دورگەیە بەدیبێنێ، بەڵام لەبەرامبەر سیاسەتەکانی بەریتانیا شکستی هێنا، بەریتانیەکان ململانێیەکی درێژخایەنیان لەنێوان تورک و یۆنان دروست و ئەمەش هەبوونی سەربازی بەریتانیای لەقوبرس پەتوترکرد**

# کێشەی قوبرس
# سەرهەڵدان و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی

ئا: بەکر شوانی

کێشەی قوبرس، کێشەیەکی سیاسییە لە نێوان کۆماری قوبرس و تورکیادا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یەکێکە لە تەگەرە گەورەکانی سەر ڕێگەی تورکیا بەرەو بە ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئەوروپادا و لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا گرفتی زۆری بۆ سیاسەتی دەرەکی و دیپلۆماسیی تورکیا خوڵقاندووە. هۆکارێکیشە بۆ گۆشەگیربوون و دابڕانی بەشی تورکنشینی قوبرس لە جیهان و بێبەشبوونی هاوڵاتیانی بەڕەچەڵە تورک لەو هەلانەی کە ئەندامەتیی بەشی یۆنانیشینی ئەو دوورگەیە بۆ هاوڵاتیانی ڕەخساندووە.

مێژوونووسان و شارەزایانی کێشەی قوبرس سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە دەگەڕێننەوە بۆ چارەکی کۆتاییی سەدەی نۆزدە، واتا بۆ ئەو سەردەمەی کە بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە خۆ کۆکردنەوەدا بوون بۆ پەلکێشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و دەستگرتن بەسەر سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا.

شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) و دەوڵەتی عوسمانی لە ٤ حوزەیران تا ١ تەمووزی ١٨٧٨ لە کۆنفرانسێکدا کە لە بەرلین ساز کرا، «پەیماننامەی قوبرس»یان واژۆ کرد. بەپێی ئەو پەیماننامەیە، دەوڵەتی عوسمانی ڕازی بوو بەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دوورگەی قوبرس بەشێوەیەکی کاتی بدات بە بەریتانیا و لە بەرامبەر ئەوەشدا پێویست بوو بەریتانیا پشتیوانی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی بکات. لەو مێژووە بەدواوە شەڕ و ئاژاوە لە نێوان پێکهاتەکانی قوبرسدا دەستی پێ کرد. دانیشتووانی بەڕەچەڵەک یۆنانی خوازیار بوون دوورگەکە بخەنە سەر یۆنان، بەڵام دانیشتووانی تورک خوازیاری دابەشکردن بوون. کێشە و شەڕ و پێکادان و لە یەک نەگەیشتنی پێکهاتەکانی دوورگەی قوبرس لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەریتانیادا نزیکەی ٧٠ ساڵ درێژەیان خایەند تا قوبرس لە ١٦ ئابی ١٩٦٠ سەربەخۆییی بەدەست هێنا. بەڵام لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش شەڕ و پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان بەکۆتا نەهات. تورکەکان ساڵی ١٩٦٣ لە حکوومەتی قوبرس کشانەوە. ساڵی ١٩٧٤ ناکۆکیی










نێوان یۆنان و تورکەکانی دوورگەی قوبرس گەیشتە خاڵی تەقینەوە. یۆنانەکانی قوبرس بە پشتیوانیی حکوومەتی سەربازیی یۆنانستان کودەتای سەربازییان کرد و داوایان کرد قوبرس بخرێتە سەر یۆنانستان. لە بەرامبەر ئەوەشدا تورکیا هێزی سوپای خستە گەڕ و لەو ساڵەدا باکوری دوورگەی قوبرسی داگیر کرد. دەستتێوەردانی تورکیا بوو بە هۆی پێکهاتنی سیستەمێکی سیاسی بە ڕێبەرایەتیی تورکەکان لە باکوری قوبرس. ئەو سیستەمە لە ساڵی ١٩٨٣دا یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند و ناوی لە خۆی نا «کۆماری تورکی باکوری قوبرس»، بەڵام ئەو کۆمارە تەنیا لەلایەن تورکیاوە بەفەرمی ناسراوە. ئەنجوومەنی تەناهیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٣ ئایاری ١٩٨٤دا بڕیاری ژمارە ٥٥٠ی دەرکرد و تیایدا ڕاگەیاندنی «کۆماری تورکی باکوری قوبرس»ی وەک جیاخوازی ناساند. نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئەورووپاش هێزەکانی تورکیا لە باکوری قوبرس بە هێزی داگیرکار لە قەڵەم دەدەن.

ئێستا دوورگەی قوبرس لە دوو دەوڵەت پێک دێت؛ یەکەمیان کۆماری قوبرسە، ٦٥٪ی ڕووبەری دوورگەکەی لە ژێر دەستدایە، پایتەختەکەی نیکۆسیایە، دەوڵەتێکی ددان پێدانراوە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئەورووپایە. دووەمیشیان، وەک لە سەرەوە باس کرا، کۆماری تورکی باکوری قوبرسە، ٣٥٪ی ڕووبەری دوورگەکەی لە ژێر دەستدایە، پایتەختەکەی لەفکۆشایە و تەنیا لەلایەن تورکیا بەفەرمی ناسراوە.

### پێگە و ڕووبەر و دانیشتووان و بایەخی ستراتیجی

دوورگەی قوبرس، پاش هەردوو دوورگەی ساردینیا و سیسیلیای ئیتاڵی، سێیەم گەورەترین دوورگەی دەریای سپیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاکەوە. لە باکورەوە ٦٥ کم لە تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە ١١٢ کم لە سووریا و ٢٦٧ کم لە ئیسرائیل و ١٦٢ کم لە لوبنان، لە باشوورەوە ٤١٨ کم لە میسر و لە باکوری ڕۆژئاواوە ٩٦٥ کم لە یۆنانستان دوورە. ڕووبەری دوورگەی قوبرس نزیکەی ٩٢٥١ کم چوارگۆشەیە و ٣٣٥٥ کم چوارگۆشە لەو ڕووبەرە لە ژێر دەسەڵاتی «کۆماری تورکی باکوری قوبرس»دایە. فراوانترین مەودای قوبرس ٢٢٥ کم و بەرتەسکترین مەودایشی ٤٣ کیلۆمەترە. بەرزترین خاڵی دوورگەکەش زنجیرە چیای ترۆدۆسە کە ١٩٥٣ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

بەپێی خەمڵاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی دانیشتووانی قوبرس لە ساڵی ٢٠٠٧دا نزیکەی ٨٥٥ هەزار کەس بووە و زۆرینەی دانیشتووان بەڕەگەز یۆنانین، بەڵام دیاریکردنی ڕێژەی تەواویان قسەی زۆری لەسەرە، چونکە هەر لایەنێک هەوڵ دەدات ژمارەی خۆی زیاد پێشان بدات و ژمارەی لایەنەکەی دی کەم بکاتەوە. دانیشتووانی بەڕەچەڵەک یۆنان جەخت دەکەن کە ٨٠٪ی دانیشتووان پێک دەهێنن و ڕێژەی تورکەکان بە کەمتر لە ٢٠٪ دادەنێن. بەڵام تورکەکان پێ لەسەر ڕێژەی ٢٥٪ دادەگرن و دەڵێن هاوڵاتیانی بەڕەچەڵەک یۆنان ٧٠٪ی ڕێژەی دانیشتووان پێک دەهێنن. ٥٪یش دەهێڵنەوە بۆ پێکهاتەکانی تر.

هاوڵاتیانی قوبرس، ئەوانەی بەڕەچەڵەک یۆنانین، کرستیانن و سەر بە کێڵسای ئۆرتۆدۆکسی یۆنانین و بەزمانی یۆنانی دەدوێن. زمانی ئینگلیزیش زمانی دووەمی هەموو پێکهاتەکانی گەلی قوبرسە.

ئەگەرچی دوورگەی قوبرس سێ سەدەی تەواو (١٥٧١-١٨٧٨) لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بوو، بەڵام هەردوو گەلی یۆنان و تورک بەهۆی جیاوازیی زمان و ئاین و داب و نەریتەوە ئاوێتەی یەکدی نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ماوە درێژە لە جۆرێک لە ئارامی و هێمنیدا ژیانیان بەسەر برد تا ئەو کاتەی ڕێبەرانی کڵێسای ئۆرتۆدۆکس کەوتنە خۆ بۆ لکاندنی قوبرس بە یۆنانستانەوە و ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی کۆمەڵایەتی و دواتر سیاسی و دابەشبوونی دوورگەکە.

لە ڕووی پێگەی جوگرافیشەوە دوورگەی قوبرس خاوەن گرنگییەکی ستراتیجییە، چونکە ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی سێ پارزەمین و سێ کولتووری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقایە. ئەم دۆخەش بەدرێژاییی مێژوو بووە بەهۆی دەوڵەمەندبوونی شارستانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بووژاندنەوەی ئابووری و ئاوێتەبوونی کولتوورەکان لەسەر خاکی ئەو دوورگەیە. بەڵام هەمان پێگەی جوگرافیی قوبرس سەرچاوەی گرفت و کێشەی زۆر بووە و هەمیشە هۆکارێک بووە بۆ کێشەی سیاسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ئەو دوورگەیە. قوبرس بەدرێژاییی مێژووی کۆن و نوێ کەوتووەتە بەر هێرش و داگیرکاریی فیرعەونی، حیتی،

هەواڵنامەی کتێب

ئەکادی، ڤینیسیایی، ئاشووری، فارسی، قرتاجی، ڕۆمانی، بێزانتی، ئیسلامی، خاچپەرستان، عوسمانی و ئینگلیزی. بەریتانیا بەپێی ناوەڕۆکی پەیماننامەی قوبرس لە ساڵی ١٨٧٨دا دەستی بەسەر دوورگەکەدا گرت و ساڵی ١٩٢٥ وەک کۆلۆنیی خۆی ڕای گەیاند. لە سەرەتای ساڵانی دەیەی چوارەمی سەدەی ڕابردووشدا کردی بە بنکەی پەیوەندی و باربووکردنی کۆلۆنی و هێزەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا. بەریتانیا هەر لەو سەردەمەدا دوو بنکەی سەربازیی لە دوورگەی قوبرس دامەزراند کە تا ئەمرۆش کاران و لە کاردان.

## پەیوەندیی قوبرس بە تورکیاوە

دوورگەی قوبرس تەنیا ٦٥ کم لە باشووری تورکیاوە دوورە و ئەم وڵاتە مێژوویەکی درێژی لەگەڵیدا هەیە. سوڵتانی عوسمانی سوڵتان سەلیمی دووەم لە ساڵی ١٥٧١دا بە خۆی و سوپاپەکەوە چووە قوبرسەوە و ڤینیسیاییەکانی دەرپەڕاند. لە گۆشە نیگای عوسمانییەکانەوە، ڤینیسیاییەکان مایەی هەڕەشەی بەردەوام بوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و هەمان کات تەگەرەیان بۆ کاروانەکانی حەج و ڕێگەکانی بازرگانی دروست دەکرد. لەو مێژووە بەدواوە دوورگەی قوبرس ماوەی سێ سەدە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا مایەوە و ماوەیەک ئارامی و بووژانەوە و سەردەمانێکیش کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولەمەرگی بەخۆیەوە دی. ئەو ماوەیەی کە قوبرس لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بوو، کۆچی تورکەکان بۆ ئەو دوورگەیە زیادی کرد و هەمان کاتیش بوو بە تاراوگەی ئەو سیاسەتمەدار و کەسایەتییانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بە مەترسی دادەنان بۆ سەر «بابی عالی» و بۆ ئەوێ دووریانی دەخستەوە.

## لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر قوبرس

بەهۆی دوژمنایەتیی مێژوویی و هەڵپەی یۆنانستان و تورکیا بۆ دەستگرتن بەسەر داهاتە ستراتیجییەکاندا و لەبەر پەیوەندیی بەتینی ئاینی و ڕەگەزی لە نێوان دەوڵەتی یۆنانستان و هاوڵاتیانی قوبرسیی بەڕەچەڵەک یۆناندا، تورکیا هەمیشە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی خۆی لە قوبرسی ڕوانیوە و دەڕوانێت. لە تورکیا بۆچوونێکی وا هەیە دەڵێت ئەگەر قوبرس بخرێتە سەر یۆنانستان و هێزی سەربازیی ئەو وڵاتە لە دوورگەکە جێگیر بکرێت، ئەوا ئەسینا دەتوانێت بەهۆی نزیکیی قوبرس لە تورکیاوە گەمارۆی دەریایی بخاتە سەر تورکیا و هەموو بەندەرەکانی تورکیا هەر لە ئیستانبوڵەوە تا ئەسکەندوورنە دابخات. ئەگەرچی ئێستا داخوازیی لکاندنی دوورگەی قوبرس بە یۆنانستانەوە وەک جاران باوی نەماوە و تورکیا و یۆنانستان هەردووکیان ئەندامی ناتۆن، بەڵام تورکیا حسێبی زۆر ورد بۆ ئەو ئەگەر و هەڕەشانە دەکات و سوپا و سیاسەتی تورکیا هەمیشە چاوێکیان لەسەر قوبرس بووە.

ساڵی ١٩٧٤ ئەفسەرانی بەڕەچەڵەک یۆنانی لە قوبرس کودەتایەکی سەربازییان ئەنجام دا و سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵات قەشە مکاریۆسیان لە دەسەڵات دەرپەڕاند. دەوڵەتی تورکیا باری شێواوی قوبرسی قۆستەوە و هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەستتێوەردانی سەربازی دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی درێژخایەنی نێوان تورک و هاوڵاتیانی بەڕەچەڵەک یۆنانیی قوبرس. حکوومەتی ئەو سەردەمەی تورکیا بە سەرۆکایەتیی بولەند ئەجەوید بڕیاری دا هێزی سوپا بخاتە گەڕ و ئەوە بوو سوپای تورکیا ڕۆژی ٢٠ تەمووزی ساڵی ١٩٧٤ چووە دوورگەی قوبرسەوە و ئەگەرچی سوپای ئەو وڵاتە زۆر بەتوندی بەرەنگاری بووە و شەڕێکی قورس و خوێناوی لە نێوان هەردوو وڵاتدا ڕووی دا، بەڵام سوپای تورک پێشڕەویی باشی کرد و ڕووبەرێکی فراوانی لە باکوری دوورگەکە خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە ئاکامدا هاوڵاتیانی بەڕەچەڵەک یۆنانی لە باکورەوە بەرەو باشوور و هاوڵاتیانی تورکیش لە باشوورەوە بەرەو باکور هەڵهاتن و ئەوەش کێشەیەکی گەورەی پەنابەریی لێ کەوتەوە کە تا ئەم ڕۆژگارەش درێژەی هەیە.

## هەوڵەکانی یەکگرتنەوە

نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٢ نەخشەیەکی خستە بەردەست بەمەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی تورکنشین و یۆناننشینی قوبرس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی قوبرسی. ئەو نەخشەیە لەبەر ئەوەی لەلایەن سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنانەوە خرایە ڕوو، ناوی لێ نرا نەخشەی ئەنان. لەو نەخشەیەدا داوا کرابوو هەرێمی بنکە سەربازییەکانی بەریتانیای لێ دەربچێت، لەسەر پاشماوەکەی تری خاکی دوورگەی قوبرس دەوڵەتێکی سەربەخۆ و فیدراڵی بێتە دامەزراندن. بەپێی هەمان نەخشە، یەک لەسەر سێی پۆستە وەزارییەکانی دەوڵەتی نوێ دەدرا بە تورکەکان و سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی وەزیرانیش هەر دە مانگێک جارێک لە نێوان تورکەکان و قوبرسییە یۆنانەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا. نەخشەی ئەنان لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٤دا خرایە دەنگدانی گشتییەوە و ٦٥٪ی لایەنی تورکی پەسەندی کرد، بەڵام ٧٦٪ی لایەنی بەرامبەر، واتا قوبرسییە یۆنانەکان ڕەتیان کردەوە.

سەرنەکەوتنی نەخشەی ئەنان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی دوورگەی قوبرس نەبووە بەربەست لەبەردەم هەوڵەکانی یەکگرتنەوەدا. سەرۆکی کۆماری قوبرس دیمیتریس هرستۆفیاس و سەرۆکی «کۆماری تورکی باکوری قوبرس» محەمەد عەلی تەلعەت بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی قوبرس زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوەیان ئەنجام دا و لە ئەیلوولی ٢٠٠٨ تا کانوونی دووەمی ٢٠١٠ سەرجەم ٦٠ جار چاویان بەیەک کەوتووە. دیمانە و کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی گشتی لە بارەگای هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەکەوێتە سەر هێڵی سەوزی نێوان هەردوو بەشەکەی قوبرس، ئەنجام دران. هەوڵەکانی چارەسەرکردنی پرسی قوبرس درێژەیان هەیە و ئێستا لە سایەی ئەو سیاسەتە نوێیەی کە حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و وەزیری دەرەوە ئەحمەد داودئۆغلۆ لە بەرامبەر وڵاتانی دراوسێ پەیڕەوی دەکات، ئومێدی چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس لە هەموو کاتێک زۆرترە.



بەپێی خەملاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی دانیشتووانی قوبرس لە ساڵی ٢٠٠٧دا نیزیکەی ٨٥٥ هەزار کەس بووە و زۆرینەی دانیشتووان بەرەگەز یۆنانین



ئەگەرچی دوورگەی قوبرس سێ سەدەی تەواو (١٥٧١-١٨٧٨) لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بوو، بەڵام هەردوو گەلی یۆنان و تورک بەهۆی جیاوازیی زمان و ئاین و داب و نەریتەوە ئاوێتەی یەکدی نەبوون

# خەونی تورکیا بۆ ئەندامەتی لە یـــەکیەتیی ئەوروپا لە نێوان بەدیهاتن و نـــەهاتندا





لەو کاتەوەی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣دا لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک دامەزراوە، بە ڕۆژئاواییبوون خەون و خولیای توێژێکی بەرفراوانی سیاســەتوانانی ئەو وڵاتە بووە. هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ســەرەتا بە دارشــتنی سیســتەمێکی عیلمانی و گۆڕینی شـێوای نووســین لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی و دانانی پاشــناو بــۆ هاوڵاتیان و ئەنجامدانی چەندیــن گۆڕانکاریی تر لە بوارەکانی ژیانی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و کولتووری و ئابووریی دەوڵەتدا دەســتی پێ کرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپادا لە ســاڵی ١٩٥٧، تورکیا هەنگاوێکی گەورەی نا بەرەو ئەوروپا و دوو ساڵ دواتر بە فەرمی داوای کرد بە ئەندام لەو کۆمەڵەیە وەربگیرێت. ماوەی چەند ســاڵێکە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بە ڕۆژئاوایی-ئەوروپاییبوون ناوێکــی تری وەرگرتووە کە ئەویش پرۆســەی ئەندامەتیی تورکیایە لە یەکیەتیی ئەوروپا. ئەم پرۆســەیە ســاڵی ١٩٦٣ بە مۆرکردنی پەیمانی لەیەک گەیشــتنی نێــوان کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا و تورکیا دەستی پێ کرد و ساڵی ١٩٨٧یش، کاتێک تورکیا داوای ئەندامەتیی تەواوی کرد، ڕەوتی ئەم پرۆســەیە خێرابوونی بەخۆیەوە بینــی. وڵاتەکانی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپا ســاڵی ١٩٩٩ تورکیان پاڵاوت بۆ ئەندامەتی و ســاڵی ٢٠٠٥یش دەست کرا بە دانوستاندنەکانی ئەندامەتیی تەواوی ئەو وڵاتە لە یەکیەتیی ئەوروپادا. پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ١٩٥٩، چونکە ئەنقەرە لە ٣١ تەمووزی ئەو ساڵەدا بە شـێوەیەکی فەرمی داوای لە کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا کــرد وەک هاوبەش وەربگیرێت. پاش ئەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا ئەو داوایەی تورکیای پەســەند کرد، ڕۆژی ١٢ ئەیلوولی ســاڵی ١٩٦٣ پەیماننامەی ئەنقەرە لە نێوان هەردوولادا واژۆ کرا و ئەم پەیماننامەیە جۆرێک لە هاوکاری و هاوبەشی لە نێوان تورکیا و کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپادا هێنایە ئاراوە. بەدوای ئەوەشــدا ســاڵی ١٩٧٠ پرۆتۆکۆڵی ئاوێتەبوون واژۆ کرا. بەپێی ئەو دوو بەڵگەنامەیە پەیوەندیــی تورکیا لەگەڵ کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا پێش بە ئەندامبوونی هەندێک لە وڵاتانی ئەو کۆمەڵەیە دەستی پێ کردووە و هەردوو بەڵگەنامەکە بە ستوونی یاساییی پەیوەندیی نێوان تورکیا و یەکیەتیی ئەوروپا دادەنرێن، چونکە وەک دەزانرێت کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا بەردی بناغەی یەکیەتیی ئەوروپای ئەمڕۆیە.

### لە دایکبوونی کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا

ڕۆژی ٢٥ ئــاداری ســاڵی ١٩٥٧ بە مۆرکردنی پەیماننامەی ڕۆمــا کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا، یان وەک لە میدیای کوردی و عەرەبیدا باوە، بازاڕی هاوبەشــی ئەوروپا لە دایک بوو. وڵاتانی دامەزرێنــەر و ئەنــدام بریتی بوون لە بەلجیکا، کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی، فەرەنســا، ئیتاڵیا، لوکســەمبورگ و هۆڵەندا. تورکیا لە ســاڵی ١٩٥٩دا داواخوازینامەیەکی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بەرز کــردووە و داوای کرد بە ئەندام وەربگیرێت. پــاش ئەوەی لە ١٢ ئەیلوولی ١٩٦٣ پەیماننامەی ئەنقەرە مۆر کرا، چەترێکی هاوکاری و هاوبەشــیکردن لە نێــوان تورکیا و کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپادا هاتە دامەزراندن و پەیوەندیی نێوان هەردوولا لە ١٢ کانوونی یەکەمی ســاڵی ١٩٦٤دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. کودەتای ١٢ ئەیلوولی ١٩٨٠ لە تورکیا بووە هۆی هەڵپەساردنی پێوەندییەکانــی نێــوان تورکیا و کۆمەڵەی ئابووریــی ئەوروپا. بەڵام ســاڵی ١٩٨٣ لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە بەشــداری چەند پارتێک لە تورکیــا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و برۆکســێل دیسان بوژانەوە. پاشان تورکیا لە ١٤ نیســانی ١٩٨٧ بەفەرمی داوای کرد ببێت بــە ئەندامی تەواو لە یەکیەتیی ئەوروپا و وەک هەنــگاوی یەکەمیش بۆ ئاوێتەبوونی تەواو لەو یەکیەتیەدا، ئەنقەرە لە ١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ بوو بە ئەندامی یەکیەتیی گومرکی ئەوروپا. لە ســاڵی ٢٠٠٠ بەدواوە ڕەوتی ئەندامەتیی تورکیا لە یەکیەتیی ئەوروپا جۆرێک لە خێرابوونی بە خۆیەوە دی و ئەنقەرە بەشــێک لەو چاکســازییانەی ئەنجام دا کە یەکیەتیی ئەوروپا وەک مەرجــی ئەندامەتی بۆی دانابوو. وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیــی ئەوروپا لە ١٧ کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ بڕیاریان دا ٣ تشــرینی یەکەمی ســاڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ ئەنقەرەدا دەست بکرێت بە گفتوگۆ و دانوســتاندنەکانی ئەندامەتیــی تەواوی تورکیا لە یەکیەتییەکەدا. بــەڵام هیچ بڕیارێک نەدرا ســەبارەت بەوەی داخۆ دەبێت ماوەی دانوستاندنەکان چەند ساڵ بخایەنێت. لەم کاتەدا ساڵی ٢٠١٣ وەک نێزیکتریــن مێژوو بــۆ وەرگرتنی تورکیا لە یەکیەتیی ئەوروپــا لەبەر چاو گیراوە. بەڵام بڕێک لە چاودێرانی سیاســی و سیاســەتوانانی تورکیا وای بۆ دەچن دانوستاندنەکان تا ساڵی ٢٠١٠ درێژە بخایەنن. هۆکاری درێژەخایەندنی گفتوگۆکانیش دەگەڕێندرێتەوە بۆ هەبوونی چەندین کێشەی زەق لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکیەتیی ئەوروپادا.

ئا: بەکر شوانی

<<< کێشەی کەمینە نەتەوەکان و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا هەمیشە مایەی بایەخپێدانی وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپایە

## کێشەی ئابووری و زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان

ئەگەرچی گەشەی ئابووریی تورکیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە لە سەرووی تێکڕای گەشەی ئابووریی وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپاوە بوو، بەڵام بەهۆی کراوەیی بودجە و قەرزی دەرەوە و ڕێژەی بەرزی بێکاری لە وڵاتدا، تورکیا هێشتا زۆر لە خوار هێڵی تێکڕای گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپاوەیە. هەندێک لە وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپا بۆچوونیان وایە تورکیا لەو ڕووەوە هێشتا ئامادە نییە بۆ ئەوەی بە ئەندام وەربگیرێت. هەندێک لە وڵاتانی تری یەکیەتییەکەش زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووانی تورکیا بە کێشەیەکی گەورە دادەنێن. ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی تورکیا بەم ڕێژە خێراییەی ئێستا زیاد بکات، ئەوا ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی دانیشتووانی تورکیا ژمارەی دانیشتووانی ئەڵمانیا تێ دەپەڕێنێت و ئەگەر تا ئەو کاتە تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت لە یەکیەتیی ئەوروپا، ئەوا دەبێت بە خاوەنی زۆرترین ژمارەی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی ئەوروپا. ئەم پێشبینیکردنانە مایەی نیگەرانییە بۆ هەندێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپا.

## پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا

پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی دراوسێدا پەیتاپەیتا لە پەیوەندیی نێوان ئەنقەرە و برۆکسێلدا دێتە ئاراوە. کێشەکانی تورکیا لەگەڵ یۆنانستان و ئەرمەنستان هێشتا بە نیوە چارەسەرکراوی و کێشەی قوبرس بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. ناکۆکی تورکیا لەگەڵ یۆنان سەبارەت بە دوورگەی قوبرس، یان دەریای ئەگە (ئیجە) و ناکۆکییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ یەریڤان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهاندا و سەبارەت بە کێشەی ناگۆرنۆقەرەباغ لە گەورەترین تەگەرەکانی بەردەم تورکیان لەسەر ڕێی هەنگاونانی بەرەو یەکیەتیی ئەوروپا. پەرلەمانەکانی چەندین وڵاتی ئەورووپی بە کۆمەڵکوشتنی ئەرمەنییەکانیان بە فەرمی پەسەند کردووە و داوا لە تورکیا دەکەن ددانی پێدا بنێت. زۆر جاران وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپا ئەم کێشانە دەهێننە پێشەوە و وەک مەرجی بە ئەندامبوون دەیخەنە بەردەم تورکیا. بەڵام تورکەکان پێیان وایە ئەو بابەتانە لەبەر هەستیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژووییان شکۆی تورکیا دەڕووشێنێت و لای خۆیانەوە ڕەتیان دەکەنەوە. دیارترین نموونە کێشەی قوبرسە. تورکیا و یۆنانستان ئەگەرچی هەردووکیان ئەندامی ناتۆن، بەڵام تورکیا ئامادە نییە بەندەر و فڕۆکەخانەکانی بەڕووی کەشتی و باڵەفڕەکانی یۆنانستاندا بکاتەوە. یەکیەتیی ئەوروپا داوا لە تورکیا دەکات لەم هەڵوێستەی پاشگەز بێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەرێک بۆ کێشەی قوبرس بدۆزرێتەوە. بەڵام تورکیا داوا دەکات بەر لە هەموو شتێک چارەسەرێک بۆ کێشەی دوورگەی قوبرس بدۆزرێتەوە و هەردوو بەشەکەی یەک بخرێتەوە و ئەوسا بە ئەندام لە یەکیەتیی ئەوروپا وەربگیرێت، نەک وەک ئێستا کە تەنیا بەشی باشووری یۆنانشینی دوورگەکە بە ئەندام وەرگیراوە.

## ناسنامەی کولتووری و مێژوویی تورکیا

هەندێک لە وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپا پێیان وایە ناسنامەی کولتووری و مێژوویی و پێگەی جوگرافیی تورکیا وا لەو وڵاتە دەکات دەست نەدات بۆ وەرگرتنی بە ئەندام لە یەکیەتیی ئەوروپا. زۆرینەی ڕەهای ژمارەی دانیشتووانی هەر ٢٧ وڵاتەکەی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپا کرستیانن. ئەگەر تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت، لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە دەبێت بە گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی لە یەکیەتیی ئەوروپادا. بۆچوونی دژبەری ئەم بۆچوونەش لە یەکیەتیی ئەوروپادا پێشاندانی یەکیەتیی ئەوروپا وەک یانەیەکی مەسیحی بە بۆچوونێکی هەڵە دادەنێت.

ناو بەناویش باس لەوە دەکرێت کە تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە ناکەوێتە پارزەمینی ئەوروپاوە. لە ڕاستیشدا بەشی زۆری ڕووبەری تورکیا دەکەوێتە پارزەمینی ئاسیاوە. هەندێک لە سیاسەتوانانی ئەوروپا لەو باوەڕەدان ئەگەر تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت، ئەوا چەند وڵاتێکی لە ڕووی جوگرافیاوە لە یەکیەتیی ئەوروپا نێزیک، وەک شانەنشینی مەغریب، داوا دەکەن بە ئەندام وەربگیرێن. بەڵام هەندێک بۆچوونی تر لە ناو یەکیەتیی ئەوروپادا پێی وایە ڕووبەرەی ئەو بەشەی تورکیا کە دەکەوێتە پارزەمینی ئەوروپاوە، لە ڕووبەری هەندێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئەوروپا گەورەترە و داوا دەکەن ئەو مەسەلەیە نەکرێت بە تەگەرە لە بەردەم تورکیادا.



## کێشەی کەمینە نەتەوەکان و پرسی کورد

کێشەی کەمینە نەتەوەکان و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا هەمیشە مایەی بایەخپێدانی وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپایە و لە ڕاپۆرتی ساڵانەی یەکیەتیی ئەوروپادا سەبارەت بە ڕەوتی دانوستاندنەکانی نێوان ئەنقەرە و برۆکسێل بەردەوام ئەو بابەتە دێتە ئاراوە. وەک دەزانرێت تورکیا ددان نانێت بە هەبوونی کەمینە نەتەوەی موسڵمان لە تورکیا و ڕێک نەکەوتنی تورکیا و یەکیەتیی ئەوروپا لەسەر پێناسەی «کەمینە» جۆرێک لە بارگرژیی بەردەوامی لە نێوان هەردوولادا دروست کردووە. ئاشکرایە سەرەتای ڕەتکردنەوەی هەبوونی کەمینەی موسڵمان لە تورکیا لەلایەن دەوڵەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیمانی لۆزان (٢٤ تەمووز ١٩٢٣) و هەوڵێک بووە و هەوڵێکە بۆ نکۆڵیکردن لە هەبوونی گەلی کورد لە تورکیا. ئاخر وەک چۆن ئەوروپا بە زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووانی تورکیا نیگەرانە و دەترسێت ئەو ڕێژەی زیادبوونە لە ئەگەری وەرگرتنی تورکیادا پێکهاتەی دیموگرافی ئەوروپا بگۆڕێت، ئەنقەرەش ترسی ئەوەی هەیە زیادبوونی ژمارەی کورد باری دیموگرافی تورکیا بگۆڕێت، چونکە ڕێژەی هەرەبەرزی منداڵخستنەوە لە هەرێمە کوردنشینەکانی تورکیا تۆمار کراوە و دەکرێت. لایەنی کوردی لە تورکیا بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی ئەوە لە یەکیەتیی ئەوروپا دەگرێت کە وەک پێویست گوشار ناخاتە سەر تورکیا بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی هەوکردووی کورد لەو وڵاتە و کوردەکان پێیان وایە وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەنقەرەدا لەبەر چاو دەگرن و بەرنامەیەکی بەرجەستە و تۆکمەیان نییە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا. تەنانەت هەندێک لە سیاسەتمەداران و چاودێرانی کوردستانی تورکیا و بەشێکیش لە تورکەکان باوەڕیان وایە کە خەمساردیی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرامبەر پرسی کورد لە تورکیا و هەوڵ نەدانیان بۆ هاوکاریکردن لە چارەسەرکردنیدا، بەمەبەستی ئەوەیە تورکیا ماوەیەکی درێژ بە نائارامی و لە دۆخێکی شەڕدا بمێنێتەوە و ئەمەش خزمەت بە سیاسەت و بۆچوونەکانی دژبەرانی تورکیا دەکات لە ناو وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپادا.



## کۆمیسیۆنی بیرمەندان

لەگەڵ زیادبوونی بەها و بژاردەکانی تورکیادا، یەکیەتیی ئەوروپا دەستەیەکی بەناوی کۆمیسیۆنی بیرمەندان پێک هێنا کە ئەندامەکانی بریتین لە گەورە سیاسەتمەدارانی ئەوروپا و ئەرکیان ئەوەیە لە هەنگاوەکانی ڕەوتی تورکیا بەرەو ئەندامەتیی یەکیەتیی ئەوروپا بکۆڵنەوە. ئەم کۆمیسیۆنە لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا، کورد گوتەنی، هەوڵی داوە نە شیش بسووتێ و نە کەباب، چونکە لەلایەک سەرانی هەندێک لە وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپا بە پاشگەزبوونەوە لە پەیماننامەی ساڵی ٢٠٠٥ تۆمەتبار دەکات کە تیایدا هاتووە لەگەڵ تورکیادا دەست بکرێت بە گفتوگۆ بەمەبەستی وەرگرتنی وەک ئەندامی تەواو لە یەکیەتیی ئەوروپادا و لەبری ئەوە پێشنیازی هاوبەشییەک لە جۆرێک تایبەت دەخەنە بەردەم تورکیا و لەلایەکی تر، ئەندامانی کۆمیسیۆنی بیرمەندان ڕەخنەی ئەوە لە تورکیا دەگرن کە وەک پێویست لە بوارەکانی سیاسی و دەستووریدا چاکسازیی ئەنجام نەداوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە ڕەوتی چاکسازییەکان لە تورکیا پاشەکشەی کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەیەکی کورتیش کراوە بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی تورکیا لە بواری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییی کورد و کێشەی ئاینیی عەلەویدا.

## ڕێگەکانی بەردەم تورکیا

تورکیا لە بەرامبەر گشت ئەو داخواز و مەرجانەی یەکیەتیی ئەوروپادا کە ئەنقەرە خۆی بە 'تەگەرە' ناویان دەبات، دوو ڕێی لە بەردەمدایە. ڕێگەی یەکەم ئەوەیە تورکیا سەرباری هەموو مەرج و داخوازییەکان بەردەوام بێت لەسەر ڕێی بە ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئەوروپا. توێژێک لە سیاسەتمەدارانی تورکیا پێیان وایە جگە لە ئەندامەتیی یەکیەتیی ئەوروپا هیچ ڕێیەکی تر لە بەردەم تورکیادا نییە و ئەو توێژە پێی وایە دەستهەڵگرتن لەو ئامانجە بەواتای بەفیڕۆدانی سەدەیەکی تەواوە لە مێژووی سیاسیی نوێی تورکیا لەو ئەزموونە عیلمانییەی کە دامەزرێنەری کۆمار مستەفا کەمال ئەتاتورک بناغەکەی داڕشت. لایەنگرانی یەکیەتیی ئەوروپا لە تورکیا وای بۆ دەچن ئەنقەرە دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات 'تەگەرەکان' تەخت بکات و کارتی بەهێزی بەدەستەوەیە بۆی ئەوەی لە ئاکامدا بگات بە ئامانج و ببێت بە ئەندام لە یەکیەتیی ئەوروپا. ڕەنگە پێگەی جوگرافیی تورکیا و گرنگی و بایەخی بۆ سیاسەتی ئەوروپا لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوین و سەرچاوەکانی نەوت لەو دوو هەرێمەی جیهان و گوشاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئەوروپا بۆ وەرگرتنی تورکیا بە ئەندام لەو کارتە بەهێزانە بن کە ئەنقەرە بتوانێت لەو پێناوەدا بەکاریان بهێنێت.

ڕێگەی دووەم لە بەردەم ئەنقەرەدا هەوڵدانە بۆ گۆڕینی تورکیا بۆ دەوڵەتێکی ناوەندی لە بازنەی شارستانیی ئیسلامیدا ئەویش لە ڕێی بەهێزکردنی پەیوەدییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئێران و ئاسیای ناوین و ئەمەش واتای کزبوونی مەیلی مێژوویی تورکیا بەلای ئەوروپادا دەگەیەنێت. لەگەڵ هاتنە سەر کاری پارتی داد و گەشەپێدان AKPدا بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەم ڕێگەیە گرینگیی زیاتری پەیدا کردووە. وەک چاودێری دەکرێت دوای چەندین دەیە لە هەوڵی بە ڕۆژئاواییکردن تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی AKPدا لەسەر ئاستی ناوخۆ گۆڕانکاریی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت لە بواری بە ئیسلامیکردنی جومگەکانی دەوڵەتدا و لەسەر ئاستی ناوچەکەش کرانەوەیەکی گەورە هەیە بە ڕووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا. هەندێک لە چاودێرانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی تورکیا پێیان وایە ئەم ڕێگەی دووەمەش لە ئاکامدا هەر بەرەو برۆکسێل پێچ دەکاتەوە، چونکە تورکیایەکی بەهێز و کاریگەر لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێت خۆی لای یەکیەتیی ئەوروپا سەرنجڕاکێشتر بکات و دواجار برۆکسێل زۆر پێویستی بە ڕۆڵی تورکیا دەبێت بۆ جێگیرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقازی سەرچاوەی وزە و بالکانی گوزەرگەی وزە.

<<< لایەنگرانی یەکیەتیی ئەوروپا لە تورکیا وای بۆ دەچن ئەنقەرە دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات 'تەگەرەکان' تەخت بکات

# کلّچدار ئۆغلۆ دەتوانێ ببێتە غاندی تورکیا؟

کەمال بورقای:
مەسەلەکە تەنیا ڕۆیشتنی دەنیز بایکاڵ و هاتنی کلّچدار ئۆغلۆ نییە، ئەوەی گرنگە پێویستە زهنیەتی سیاسەتی CHP گۆڕانی بەسەردا بێت



دوای چەند ڕۆژێک لە بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە سێکسـیـەی کە بە کامێرایەکی شـاراوە وێنـەی گیرابوو، دەنیز بایکال سـەرۆکی پارتـی کۆمـاری گـەل CHP لەتورکیا وەکو سەرۆکی ئەو پارتە دەسـتـی لەکارکێشایەوە و لە جێگەی ئـەودا کەمال کلّچدارئۆغلۆ وەکو سـەرۆکی تازەی CHP دەستنیشانکرا.

دەنیز بایکال تەمەن ٧٠ سـاڵ بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لەنێو کاری سیاسـیدا کار دەکات و ٢٤ ساڵ دەبێت لە نێو پارتی گەلی کۆماری پۆستی بەرزی وەرگرتووە. بایکال پێش دەست لە کارکێشانەوەی گلەیی ئەوەی لێدەکرا لەبەر ئەوەی وەکو پێویست کاری ئۆپۆزسـیۆن ناکات بەردەوام پارتی داد و گەشەپێدان لە بەهێز بووندایە، ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لەلای کەمالیسـت و نەژادپەرسـتەکان کۆکردبۆوە، زۆرجاریش باس لەوە دەکرا پارتی گەلی کۆماری پێویستی بە سیاسـەتێکی تازە هەیە، ئـەو کاتەی مرۆڤ ئەو جۆرە بیروڕایانە تاوتوێ دەکات دەگاتە ئەو دەرەئەنجامەی پلانی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتە سێکسـییە مەبەسـتـی سەرەکی لێدانی کەسـایەتی بایکال بووە، بەمشـێوەیە دەخوازن لە بەرامبەر ئاک پارتیدا هیوایەک بە CHPی داهاتوو ببێتن.

ئـەوەی لەم ڕووداوە بەدیدەکرێت ڕووی سیاسـەتـی تورک ئاشکرا دەبێت، کە هێزە ستاتۆپارێزەکان سەرجەم پێوەرە ئەخلاقـی و مرۆڤایەتییـەکان ژێر پێ دەخـەن، هاوکات دەنیـز بایکال لە دوای نیشـاندانی ئەوگرتە سێکسـیـە لە هەندێک ماڵپـەڕەوە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند وێنەگرتنی ئەو دیمەنە تایبەتانە ڕێگەیان پێنادرێت ئەگەر بـە ئاگاداری حکومەت نەبێت و وتیشـی ئەمە گەورەترین پلانگێڕییـە بۆ من و پارتەکەم، لەبەرامبەردا هەندێ کەس دەڵێـن دیمەنی ئەو گرتە سێکسـییە مێژووەکەی بۆ ٨ تا ١٢ سـاڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە، ئەو کارە، کاری ئاک پارتی و بەرەی سیاسـی ئێستای تورکیا نییە، بەڵکو زۆربەی ئەوکەسانە لەو بڕوایەدان ئەو کارە بە دەستی کەسە زۆر نزیکەکانی بایکاڵەوە کرابێت، هەرچەندە گرتە سێکسـییەکە کۆنە، بـەڵام ڕۆژەڤـی تورکیای زۆر گەرمکرد بەتایبەتی کۆنگرەی (٣٣)ی پارتی گەلی کۆماری نزیککردەوە و کۆتایی بەژیانی سیاسی بایکاڵ هێنا.

**ناکۆکییەکانی نێو CHP**

تەنیا یەک ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە سێکسـییە بەرپرسـانی پارتی گەلـی کۆمـاری CHP کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسـیان سـازکرد، هەرکـەس چاوەڕێی دەکرد هەڵوێسـتـی ئەو پارتـە ڕوونبکرێتەوە، بـەڵام ئەوانە بە پێچەوانە لەگەڵ ئەوەی هیچ باسـی ئەو بابەتەیان نەکرد، وتیان بـە گوێرەی ئـەو زانیاریانەی لەلایەن ئاسایشـی ئیسـتـانبۆڵەوە بەدەستمان گەیشـتووە، لەمانگی نیسانی ئەمساڵ سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانخوازی تورکیا مستەفا ساری گول نزیکەی ٣٠٠ هەزار لیرەی تورکی وەکو پێشەکی داوە بە کەسـێک بۆ ئەوەی دەنیز بایکال بخاتە سەر چۆک و بریندار بکات، دوای تەواوکردنی کارەکەشی ٤٥٠ هەزار لیرەی دیکە دەداتە ئەوکەسە.

مستەفا ساری گول پێشتر لە نێو ریزەکانی CHP یەکێک بوو لە رکابەرە هەرە سەر سەختەکانی دەنیز بایکال، بەڵام دەنیز بایکال ئەوی پاکتاوکرد، ئێستا بزووتنەوەیەکی بەناوی بزووتنەوەی گۆڕانـکاری تورکیا دامەزرانـدووە. بێگومان مسـتـەفا ساری گول ڕەتیکردەوە کاری لەمجۆرەی کردبێت و گوتی ئەوانەی کاری سێکسـی بـە بەرچاوی خەڵکەوە دەکەن، چاوەڕێ دەکرێت بوختانی لەمجۆرە هەڵبەستن.

**سەرکردایەتی CHP گوتی بەسە بایکال**

لەدوای ئاشـکرابوونی گرتە سێکسـیـەکەی دەنیز بایکال و دەست لەکارکێشـانەوەی لە ٥/١٨ سـەرۆکی لقەکانی CHP کـە ژمارەیـان (٨١) لقە و لەزۆربەی شـارەکانی تورکیا ڕێکخسـتـنیان هەیە، لەئەنقـەرە کۆبوونەوەیەکیان سـازکرد. لەئەنجامی ئـەو کۆبوونەوەیەدا ٧٧ سـەرۆکی لقـەکان پشـتـگیریان لەهەڵبژاردنی کەمـاڵ کلّچدارئۆغلۆ کـرد بۆ ئەوەی ببێتە سـەرۆکی تازەی CHP، ئەو بڕیارە لەلایەن سـەرۆکی لقی ئەنقەرەی CHP عەلی یڵدز ئاشکرا کرا. ئەوانەی پشتگیریان لە کلّچدارئۆغلۆ نەکرد سەرۆکی لقەکانی ئەنتالیا، ئاگری، ئیزمیر و سامسون بوون.

دوای ئـەوەی کەمـاڵ کلّچدارئۆغلـۆ خۆکاندیدکردنی بۆ کۆمیتەی ناوەنـدی ئەو پارتە ڕاگەیانـد، دواوای لە دەنیز بایکال کرد بگەڕێتەوە سەر پۆستەکەی، لەم چوارچێوەیەدا دیدارێکیان سازکرد.

لـەدوای ئاشـکراکردنی ئەنجامی کۆبوونەوەی سـەرۆکی لقەکانی سـەر بە CHP، کەمال کلّچدارئۆغلو شـادومانی خۆی دەربـڕی و ڕایگەیاند ئـەوان لەهەڵبژاردنی داهاتوو ٤٧٪ی دەنگەکانـی پەرلەمـان بەدەسـتدەهێنن. لە دوا کۆبوونەوەی سەرۆکی لقەکانی پارتی گەلی کۆماری CHP ڕۆژی ٥/٢٢ (٣٣)مین کۆنگرەی CHP دەسـتـی پێکرد و کەمال کلّچدار ئۆغلو بە کۆی دەنگ بە (٧)مین سەرۆکی CHP دەستنیشانکرا.

کەمـاڵ کلّچدار ئۆغلو، بە ڕەچەڵەک کـوردی عەلەوییە و خەڵکی شاری دێرسیمە، لەساڵی ١٩٣٨ لەدایکبووە. ئەمیش وەکو ڕەجـەب تەیب ئەردۆگانی سـەرۆک وەزیران، چۆن ئەردۆگان لە گەڕەکی هەژارانی شاری ئەستەموڵەوە هاتوە، کلیچدار ئۆغلوش ڕەگوریشـەی دەچێتەوەسـەر خێزانێکی فرەئەندام، بنەماڵەیەکی هەژاری کوردی عەلەوی.

بنەماڵەکـەی بەشـێکە لە هـۆزی قورەیش. بـە ڕێچکە دەچێتەوە سـەر عەلی (ئیمام عەلـی) خزمی محەمەدی پێغەمبەر (د.خ)، ئەو عەلییەی باوکی هەرەگەورەی شیعە و عەلەویەکانە. قیلیچدار ئۆغلو لە کولتووری سینگ فراوانی عەلەویەکانـدا پەروەردەبـووە، ئـەگەرچی بۆخۆی نایەوێت شـێوەی سیاسەتکردنەکەی بەئاراسـتـەی ئاین و باوەڕیان سـەر بەئێتنیکی میللەتێک پێناسـە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا کەس ناتوانێت کاریگەریی عەلەوییوون بەسەر شـێوەو هەیکەلی ئەوەوە نەبینێت. هەربۆیەشە لایەنگرانی لەخۆڕا ناوی (گاندی تورکیا) یان لێناوە.

<<<
**سەلاحەددین دەمیرتاش سەرۆکی BDP: گەرچی کلّچدارئۆغلو بەرەچەڵەک کوردە، بەڵام پرسی کورد وەکو پرسی بێکاری و بیمەی خێزان سەیر دەکات، ئەمەش سیاسەتێکی کلاسیکی CHP یە**



رابوون
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

**لەمانگی نیسانی ئەمساڵ سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانخوازی تورکیا مستەفا ساری گول نزیکەی ٣٠٠ هەزار لیرەی تورکی وەکو پێشەکی داوە بە کەسێک بۆ ئەوەی دەنیز بایکال بخاتە سەر جۆک و بریندار بکات**

کڵچـدار ئۆغلۆ لەســـەرەتادا فەرمانبەرێکی دەوڵەت بووە، دواتر بەڕێوەبـــەری دەزگای بیمە (دەســـتەبەر)ی خێزان بووە. لەبەرئەمەش ٩٠٪ی وتارەکەی تەرخانکرد بۆ پرسی کرێـــکار و بێـــکاری و بیمەی خێزان، هـــاوکات میدیاکانی تورکیـــا چاوەڕێیان دەکرد کەمال کڵچدار ئۆغلۆ ســـەرۆکی تازەی CHP لەبارەی پرسەکانی یەکێتی ئەوروپا و پرسی کورد و پرســـی عەلەوییەکان قســـە بکات، بەتایبەتی ئەو پرسانە لەسەردەمی دەنیز بایکال کەمتر قسەیان لەبارەیەوە دەکرا.

## باسی کورد و عەلەوییەکانی نەکرد

کەمـــال کڵچدار ۆغلـــۆ لەکاتی پێشکەشـــکردنی یەکەمین وتاریدا دوای دەســـتبەکاربوونی وەکو ســـەرۆکی CHP بە یەک وشـــەش باسی پرسی کورد و پرســـی عەلەوییەکانی نەکـــرد، ئەمەش لـــە نێوەندە سیاســـی و راگەیاندنەکاندا رەخنەی توندی ئاراســـتەکرا، هەروەکو نووسەر، فیکرەت بیلا نووســـیویەتی کڵچدار ئۆغلو تەنیا یەک جاریش وشەی کوردی بەکارنەهێنا، لەبەرامبەر کڵچدار ئۆغلۆ دەڵێت ئەگەر بەکارهێنانی وشـــەی کورد لێهاتووییەک نیشانبدات، منیش بەکاریدەهێنـــم، کەمال کڵچـــدار ئۆغلو دەڵێت من نەمگوت کوردنیـــم، بـــەڵام نەشـــمگوتووە تورکم، مـــن نەمگوتووە چەرکەزم، من بەگونجاوی نابینم مرۆڤ ناسنامەی ئەتنیکی خۆی لەناوەندە سیاسییەکاندا زۆر زەق بکاتەوە، من دەڵێم ناسنامەی ئەتنیکی شەرەفە، سیاسەتمەدار ئەرکی ئەوەیە سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات.

لە ئاخاوتنەکانـــی کڵچدار ئۆغلو ئـــەوە روون نەبۆوە ئایا CHP دەگۆڕێت یان نا، ئایا بەڕێوەبەرایەتی تازەی CHP هەڵوێســـتێکی چۆن لەبەرامبەر پرســـەکانی وەک (پرسی کورد و عەلەوییەکان و ئەرمەنییەکان) نیشاندەدات؟

## کەمال کڵچدارئۆغلۆ هێزی گۆڕانکاری هەیە

کەمال کڵچدار ئۆغلۆ لەلایەن گەلێک لە هەژاردۆســـتەکانی (چەپـــەکان) پارتەکەیـــەوە بـــووە جەســـتەیەکی رابەر، فیگورێک کە توانای یەکخستنەوەی هێزە پەرشوبڵاوبوەکانی ئۆپۆزیســـیۆنی هەیـــە و دەتوانی جارێکی تر سۆســـیال-دیموکراتی لەتورکیادا بەجۆرێک ســـازبکاتەوە کە شایانی ناوی پارتی سۆســـیال-دیموکرات بێت. ئەگەرچی نموونەی ســـەرکردەی سۆسیال-دیموکراتی بەهێزی تورکیا- بولەنت ئەجەویدە- بەڵام کلچدارئۆغلو بەکەســـێکی بێفیز و خاوەن تەوازوع و سادە ناسراوە. لەدوای هەڵبژێرانی لەناوەڕاستی مانگـــی مایـــس دا ژنەکـــەی گوتـــی: هیـــوادارم بەهۆی چاوەڕوانلێکرانی، مێردەکـــەم نەکەوێتەژێر بارێکی گران و گوشارێکی مەزنەوە.

بەڵام ئەوەی جێی ســـەرنج و تێڕامانی چاودێرانی سیاسی تورکیایە، کڵچدار ئۆغلۆ لەوکاتەی بۆتە ســـەرۆک تائێستا خۆی لەناوهێنانی سەرجەم کێشە سیاسییەکانی وڵاتەکەی بە دوور گرتووە و ئەو رایگەیاند تەنیا یەک کێشـــە بەرۆکی وڵاتی تورکیای گرتووە ئەویش کێشەی بێکارییە.




هەواڵنامەی کتێب



تێڕوانینی بەشێک لەسیاسەتمەدار و چاودێرە سیاسییەکان بـــۆ کەمـــال کڵچدار ئۆغڵـــو ئەوەیە، کە ئـــەو ناتوانێت و هێـــزی ئەوەی نییە هەنگاو هەڵبگرێت و ژیانی خۆی بخاتە ریســـکەوە، هەروەکـــو ئەحمەد تورک ســـەرۆکی داخراوی پارتی DTP گوتی «ئەگەر کەمال کڵچدار ئۆغلو نەتوانێت پەیڤی کوردی بەکاربهێنێ کەواتە رەوشەکە مەترسیدارە»، هەروەها ئەحمەد تورک لەبارەی لێکچوواندنی کڵچدار ئۆغڵو بـــە «غاندی»، گوتی «کڵچدار ئۆغلو لە کوێ و غاندی لە کوێ!».

ئەحمەد تورک، لەو بڕوایەدایە پرسی کورد پرسێکی دژواری تورکیایە، ئەگەر پارتێک خۆی بە سۆسیال دیموکرات ناو دەبـــات، نەتوانێت پەیڤی کوردی بـــەکار بهێنێت، ئەوکات رەوشەکە زۆر مەترسیدارە، ئایا بۆچی کڵچدار ئۆغلو باسی پرســـی کوردی نەکرد؟ ئەمە کاری سیاسەتمەداران نییە. هەروەها سیاســـەتمەدار و نووسەرو ســـەرۆکی پێشووی پارتی سۆسیالیستی کوردستان (PSK) کەمال بورقای کە ئەویش بەرەچەڵەک خەڵکی شـــاری دێرسیمە، لەدیدارێکی لەگەڵ رۆژنامەی ئاکشام پرسیاری ئاراستە کراوە. بورقای لەبارەی کەمال کڵچدار ئۆغلو، گوتی «مەســـەلەکە تەنیا رۆیشـــتنی دەنیز بایـــکاڵ و هاتنی کڵچـــدار ئۆغڵو نییە، ئەوەی گرنگە پێویستە زهنیەتی سیاسەتی CHP گۆڕانی بەســـەردا بێت، من هیوام بە CHP نییە، کڵچدار ۆغلو بە بەرزکردنەوەی ئاڵای گۆڕانکاری نابێتە ســـەرۆک، هاوکات گۆڕانکاری لە پارتێکی وەکو CHP شـــتێکی زۆر ئاســـان نییە».

لە وەڵامی پرســـیاری: ئایا کڵچدار ئۆغلو دەتوانێت دەنگی عەلەوی و کوردەکانی دەرســـیم بۆخۆی و بۆ CHP قازانج بـــکات؟ کەمال بورقای دەڵێت: «تائێســـتا کڵچدار ئۆغلو هیـــچ پەیامێکی لەمجۆرەی نـــەداوە، کورد و عەلەوییەکان هیچ بڕوایان بە پارتە ســـتاتۆپارێز و ئەو پارتانە نییە کە باس لە چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەن».

هـــەر لەبارەی هیـــوای کورد بە کەمال کڵچـــدار ئۆغلو بۆ چارەسەری پرسی کورد، سەڵاحەددین دەمیرتاش سەرۆکی BDP (پارتـــی ئاشـــتی و دیموکراتـــی) رایگەیاند ئێمە چـــاوەڕێ دەکەین، پێش هەموو شـــتێک CHP زهنیەتی خـــۆی بگۆڕێـــت. دەمیرتاش هیـــوای خواســـت بەهاتنی کەمـــال کڵچدار ئۆغڵو CHP بێتە ریزی پارتە سۆســـیال دیموکراتەکان، بـــەڵام گوتی: «لێدوانە ســـەرەتاییەکانی کەمال کڵچدار ئۆغلو هیوابەخـــش نین، بۆ نموونە کەمال کڵچدارئۆغلو پرســـی کورد وەکو پرسی بێکاری و بیمەی خێزان ســـەیر دەکات، دەڵێت پرســـی کورد نییە و پرسی باشووری رۆژهەڵات هەیە، مەبەستی کڵچدار ئۆغلو ئەوەیە ئەگەر پارەیان پێبدەین دەســـت لە سیاســـەت و ناسنامە کولتوور بەردەدەن، ئەمەش سیاسەتێکی کلاسیکی CHP ەیە، ئەمەش بێڕێزییە لە بەرامبەر گەلی کورد، بۆیە کورد تەحەمولی ئەو بێڕێزیەی CHP ناکات».

**کەمال کڵچدار ئۆغلو دەڵێت من نەمگوت کوردنیم، بەڵام نەشمگوتووە تورکم، من نەمگوتووە چەرکەزم، من بەگونجاوی نابینم مرۆڤ ناسنامەی ئەتنیکی خۆی لەناوەندە سیاسییەکاندا زۆر زەق بکاتەوە**



# ئەرگەنەکۆن
# پیاوانی سێبەر.. شەڕ و ململانێی پشت پەردە

## ئەرگەنەکۆن. دەوڵەتی ئاڵتەرناتیڤ/ دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتدا



نووسەری گەورەی تورک (ئەحمەد تان) دەڵێت: «نە ئیسلامی و نە سوپا مەترسییەکی ئەوتۆ نین لەسەر داهاتووی دەوڵەتی تورکیا و سیستەمە دیموکراسییەکە، بەڵکو مەترسی هەقیقی و دوژمنایەتی راستەقینە لەو هێزە شاراوە نادیارە سەرچاوە دەگرێ کە لە سێبەردا کار دەکەن».

«ئەرگەنەکۆن» ئەو رێکخستنە نهێنییە تورکییەی کە هەندێک بە دەسەڵاتی «دەوڵەتێک لەنێو دەوڵەتدا» دەیشوبهێنن و پێیانوایە تورکیا لەسەر دەستی ئەو رێکخستنە نهێنییەدا دەبێتە ئەو دۆزەخەی کە گروپی نهێنی (پروپاگەندە) لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە ئیتاڵیا دروستی کردبوو.

### ئەرگەنەکۆن.. دۆڵی ئینقلابچییەکان

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێک و دروست لە ئامانج و شێوەی کاری «ئەرگەنەکۆن» تێبگەین واباشە چاوێک بە پێکهاتە و ئامانجی کۆمەڵەی نهێنی «پروپاگەندە» بخشێنین.

«پروپاگەندە» یان (P2) ئەو رێکخستنە نهێنییە تیرۆریستیەی کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە ئیتاڵیا دامەزرا و لە هەشتا و نەوەدەکاندا بە پشتیوانی چەند کەسایەتی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئەکادیمی ئیتاڵیا بەشداری چەندین کاری تیرۆریستی و هەوڵی کودەتای سەربازیداو بەهۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک و رێکخراو و نێوەند بوونە قوربانی.

زۆر لە لێکۆڵەرەوان، رێکخستنە نهێنییەکەی تورکیا (ئەرگەنەکۆن) لەرووی ئالیەتی کارکردن و ئامانجەوە بە رێکخراوی (پروپاگەندە) دەشوبهێنن، ئێستا (ئەرگەنەکۆن) رەفتار و شێوەی کاری گروپەکەی (پروپاگەندە)ی گرتۆتەبەر، (ئەرگەنەکۆن) ناوی ئەو دۆڵە ئەفسانەیەیە کە تورکەکان لەکاتی هەڵاتنیان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە پەنایان بۆ بردووە و تێیدا گیرساونەتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتی تورکیا (ئەرگەنەکۆن) دەیان کەسایەتی ناودار لە پلەدارانی سوپا و موخابەرات و پیاوانی راگەیاندن و سلکی ئیداری و ئەکادیمی لەخۆدەگرێت کە بە روخسار و شێوەی جیاواز هەوڵی ئیستیفزازکردنی عەسکەریان داوە تا کودەتایەکی سەربازی دژی دەوڵەت ئەنجامبدات.

لەگەڵ ئەوەی لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتییەوە، کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دەستیانپێکردووە تا ئێستا (٨٠) کەس لە ئەندامانی ئەو گروپە دەستگیرکراون بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی (ئەرگەنەکۆن) ئازادن و بەردەوامن لەکاری رێکخستن.

### دووبارە کردنەوەی ئەمجی (گلادیۆ)

میدیای تورکی لێکچوون و شوبهاندن لە نێوان ئەرگەنەکۆن و گروپە نهێنییەکەی (گلادیۆ) دەکات، (گلادیۆ) ئەو رێکخستنە نهێنییە بوو کە دەرەنجامی شەڕی سارد لەنێوان بلۆکی رۆژهەڵات و بلۆکی رۆژئاوا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا، (گلادیۆ) رێکخستنێکی نهێنی نیمچە سەربازی بوو راستەوخۆ لەلایەن موخابەراتی

ئەمەریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانییەتی (ناتۆ)وە ئاراستە دەکرا، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ تێکدانی رەوشی ئەمنی و ئابووری ئەو وڵاتانە دامەزرابوو، کە سەر بە بلۆکی سۆشیالیستی بوون، میحوەری کارەکانی (گلادیۆ) بریتی بوو لە ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی جا لەرێگەی کوشتنی کەسایەتییە ناودارەکان بێ یان تەقاندنەوەو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی تۆقێنەر، میدیای تورکی پێیوایە ئامانج و شێوەی کاری (ئەرگەنەکۆن) زۆر نزیکە لە (گلادیۆ) یان کتومت لاسایکەرەوە و شوێن و رێچکەی (گلادیۆ)یە.

ئەرگەنەکۆن خۆی لەبنەڕەتدا بەمەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی ئاڵتەرناتیڤ یان دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتدا دامەزرابوو، بەڵام پاشان بە بەسەرچوونی کات ئاراستەو ئامانجەکانی گۆڕی و خۆی وەک رێکخستنێکی نەتەوەیی دژایەتیکار بەرامبەر رۆژئاوا و بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەتورکیا و ئەو رۆشنبیر و میدیاکارانە راگەیاند، کە گوایە پشتگیری لەدوژمنانی تورکیا دەکەن. هەندێک مێژووی لەدایکبوونی (ئەرگەنەکۆن) بە ستایلە نەتەوەییەکەی بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێننەوە، کاتێک کوردەکانی باکووری کوردستان (تورکیا) خەباتی چەکداریان دژی دەوڵەت راگەیاند و روویان لەچیاکان کرد، لەو کاتەوە (ئەرگەنەکۆن) وەک رێکخستنێکی نهێنی یان دەوڵەتێکی شاراوە لەنێو دەوڵەتی تورکیا دژایەتی کوردان دەکات، میدیای تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەمیانی لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتی دەوڵەتدا لەگەڵ ئەندامە دەستگیرکراوەکانی ئەو گروپە ژمارەیەک لە پلانی سەرسوڕهێنەر ئاشکرابوونە کە دەستی چەند کەسایەتییەکی سەربازی و سیاسیان تێدایە، بەڵام تا ئێستا ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە ئاشکرا نەکراون، لە هەمانکاتدا نێوەندی رۆشنبیری و ئیعلامی تورکیا (ئەرگەنەکۆن) بە کوشتنی رۆژنامەنووسی ئەرمەنی (هرانت دینک) و دوو بانگخوازی کریستیانی تۆمەتبار دەکەن، هەروەها هێرشکردنە سەر رۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکیش دەخەنە ئەستۆی ئەوەوە.

## هەوڵی تیرۆرکردنی پاموک و لەیلا زانا

داواکاری گشتی تورکیا لەمیانەی لێکۆڵینەوەکاندا گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە (ئەرگەنەکۆن) پلانی تیرۆرکردنی نووسەری ناوداری تورک (ئۆرهان پاموک) خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ و چەند گەورە سیاسەتمەدارێکی کورد دارشتووە لەوانە، (ئەحمەد تورک) و (عوسمان بایدەمیر) و (لەیلا زانا) لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووسی ناودار (فەهمی کۆڕۆ) هەر لە لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتی دەوڵەتدا باس لەدەستکەوتنی چەند سەرەداوێک کراوە کە تێوەگلانی (ئەرگەنەکۆن) لە بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان ئاشکرا دەکەن، ئامانجی سەرەکی کاری (ئەرگەنەکۆن) جەخت کردنە لەسەر هێشتنەوەی باڵادەستی ژەنراڵە عەسکەرەکان لە ژیانی سیاسی و ئیداری دەوڵەتدا، چونکە ئەوان پێیانوایە دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا لەسەر دەستی عەسکەرەوە هاتۆتە دامەزراندن و دەبێ هەر ئەوانیش خاوەنی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکان بن، بۆیە شتێکی سەیر نییە کاتێک (ئەرگەنەکۆن) کار بۆ هەڵگەڕاندنەوەی سیستمی دیموکراسی بکات و سوپا هانبدات تا کودەتای سەربازی ئەنجامبدەن، (ئەرگەنەکۆن) لە زۆر لە هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا نیگەرانە بۆ ئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپا و پێیانوایە ئەندامبوون لەو یەکێتییە مەترسییە لەسەر شکۆ و باڵادەستی سوپا لە ژیانی سیاسی تورکیادا.

لەسەرەتاکانی هەزارەی سێیەمەوە پارتی داد و گەشەپێدان رۆژ لەدوای رۆژ لەگەشەکردن دایە، دوای کۆنترۆڵکردنی شارەوانییەکان، ئەو پارتە توانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیش قۆرخ بکات، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی




میدیای تورکی پێیوایە ئامانج و شێوەی کاری (ئەرگەنەکۆن) زۆر نزیکە لە (گلادیۆ) یان کتومت لاسایکەرەوە و شوێن و رێچکەی (گلادیۆ)یە





کێرڤی ئیسلامی سیاسی لەتورکیا، بازاڕی دراو و بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانیش کەوتە دەست چەند بازرگان و سەرمایەدارێکی تازە پێگەیشتوو و موحافیزکارەوە، ئەو بازرگانانە لە بنەڕتدا نزیکن لەپارتی داد و گەشەپێدان، بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ ریفۆرم و بەهێزکردنی سیستمی دیموکراسی و نزیکبوونەوە بوو لەیەکێتی ئەوروپا، باڵی سەربازەکان زۆر بەوردی و نیگەرانییەوە چاودێری جوڵە و نەشونمای ئەو سەرمایەدارانەی دەکرد، (ئەرگەنەکۆن)یش لەلای خۆیەوە هانی عەسکەری دەدا دەستەوەستان نەوەستێ و کارێک دژ بەحکومەتی داد و گەشەپێدان بکات، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٨ پاش دەستگیرکردنی چەند ئەندامێکی رێکخستنە نهێنییەکانی (ئەرگەنەکۆن) سەرەداو و پلانەکان لە سێبەر و تاریکیدا هاتنە رووناکی و دەرەنجامی نەخشە هەنووکەییەکانی (ئەرگەنەکۆن) لەبارچوو.

## هەڵوێستی ئەمەریکا و ئەوروپا

دوای هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵات و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هاوکێشەی ململانێ جیهانییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، شەڕی سارد بەرەو نەمان چوو، تورکیا کە پێکهاتەیەکی سەرەکی هاوپەیمانییەتی (ناتۆ) بوو، رۆڵێکی میحوەری لە شەڕی سارددا دەبینی، ئەو رۆڵەی جارانی نەما، لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا پێگە و کاریگەری عەسکەر بەرەو لێژی چوو، پشتگیری رەهای ئەمەریکا و ئەوروپا لە باڵی عەسکەر وەک جاران نەما، رۆژئاوا لە بەرژەوەندیدا بوو ئیتر هەوڵ بۆ چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی و کەمکردنەوەی باڵادەستی ژەنراڵەکانی بدات، ژەنراڵە سەربازییەکانی نێو گروپی (ئەرگەنەکۆن) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی وەرگرتنی گلۆپی سەوزیان لە کۆشکی سپی دەکرد تا کودەتای سەربازی ئەنجامبدەن، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا بە دەنگ ئەو داوایانە نەهات دەرەنجام باڵی سەربازی تورکیا پشتگیری نێودەوڵەتی لەدەستدا.

## دوا نسکۆی عەسکەر و عەلمانییەکان

لەدوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا پارتی داد و گەشەپێدان توانی ٤٧٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێ، عسەکەر و عەلمانییەکانی تورکیا ئەو سەرکەوتنە نوێیەی ئیسلامی سیاسی بە هەڕەشە و گەفێکی جیدی لەسەر پایەکانی کۆمارە عیلمانییەکەی تورکیا دەزانن، راستە تورکیا و ناوچەکە و جیهان هەنووکە لە بار و زروفێکدایە کە ئەنجامدانی کودەتا لەسەر حکومەتی ئەردۆگان شتێکی زەحمەتە، بەڵام عەسکەر و هێزە عەلمانییەکان لەرێگەی دادگای دەستوورییەوە هەوڵی پەکخستنی ئەو ریفۆرمانە دەدەن کە پارتی ناوبراو خوازیارە بیانکاتە واقیع، هەنوکە لە شانۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیادا زۆرینەی خەڵک لەگەڵ لاساییکردنەوەی مۆدێلی دیموکراسییەتی ئەوروپان، لەگەڵ ئەوەش رووەو یەکێتی ئەوروپا هەنگاو بنێن، بەڵام بێئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لاسایی ئەوروپییەکان بکەنەوە، ئەو رەوتە لەلایەن ئیسلامی سیاسی و پیاوانی ئایینی و سەرمایەدارە کۆنزێرڤاتیڤەکانەوە رابەرایەتی دەکرێ، لەبەرامبەردا عەسکەر و عەلمانییەکان بە پێچەوانەوە حەز دەکەن میللەتی تورک لە مۆدە و جلوبەرگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی ئافرەتدا شێوەی ئەوروپییەکان بژین، بەڵام دوور لە دیموکراسیەتی ئەوان نەبێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا.

بە گەڕانەوە بۆ رێکخستنی نهێنی (ئەرگەنەکۆن) دەتوانین بڵێین، سەرباری دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی، کەچی هێشتا لە جوڵە و چالاکیدایە، گەورە بەرپرس و رابەرانی ئازادن، ژێراوژێر لەتاریکیدا کار لە سەرهەڵگەڕاندنەوەی سیستمی دیموکراسی دەکات و هاوشێوەی دەوڵەتی سێبەر یان دەوڵەتێک لەنێودەوڵەتدا خەریکە گەرای خۆی دادەنێت.



سەرباری دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی ئەرگەنەکۆن، کەچی هێشتا لە جوڵە و چالاکیدایە، گەورە بەرپرس و رابەرانی ئازادن، ژێراوژێر لەتاریکیدا کار لە سەرهەڵگەڕاندنەوەی سیستمی دیموکراسی دەکات و هاوشێوەی دەوڵەتی سێبەر یان دەوڵەتێک لەنێودەوڵەتدا خەریکە گەرای خۆی دادەنێت

# کەمینەکان لە تورکیا.. دێوەزمە تۆقێنەرەکەی دەوڵەت



مەسەلەی کەمینەکان لە تورکیا پەیوەندی و وابەستەیەکی راستەوخۆی بە پەیمانی (لۆزان) ەوە هەیە، تورکیا تا ئێستا دان بەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینیانە نانێت کە ساڵی ١٩٢٣ ناویان لە پەیماننامەی ناوبراودا هاتووە.
ئەمڕۆ چارەسەرنەکردنی ئەو مەسەلەیە کێشەیەکی جیدی و خەتەرناکە لەسەر داهاتووی کۆماری تورکیا، زۆر لە سیاسەتوان و شرۆڤەکاران چارەسەرنەکردنی کێشەی کەمینەکان و داننەنان بە مافە ئینسانی و کولتوورییەکانیان بە بۆمبێکی تەوقیتکراو دادەنێن و پێیانوایە پێویستە دەوڵەتی تورکیا هەرچی زووە چارەسەری ئەو پرسە بکات، کە کلیلەکەی لە هەموارکردنی دەستووردایە. لەدەستووری تورکیا دان بە سێ کەمینەی غەیرە موسڵمان نراوە، ئەوانیش (یۆنانی و یەهود و ئەرمەنن)، بەڵام کورد کە هاونیشتمانیانی رەسەنی دۆڵی ئەنادۆلن و دیرۆکێکی کۆنیان هەیە لەناوچەکە لەدەستووری تورکیادا وەک نەتەوە دان بە مافە کولتوورییەکانیان نەندراوە و تا چەند ساڵێک بەر لەئێستا قسەکردن بە زمانی کوردی بڤە و حەرام بوو، سەرپێچیکارانی رووبەڕووی سزای یاسایی دەکردەوە.
شۆڤێنیستی تورکی و عیلمانییەکان کە دامەزرێنەری کۆماری تورکیان، پێیانوایە قسەکردن بەهەر زمانێکی دیکەی غەیرە تورکی گەف و هەڕەشە لەسەر یەکگرتوویی دەوڵەتی تورکیا و هۆکارێکە بۆ پارچەپارچەبوونی دەوڵەت.
(گونترۆزویفت)، لێکۆڵەری زانستە ئیسلامییەکان لەدوا کتێبیدا کە دەربارەی تورکیا نووسیویەتی دەڵێت: «جەخت کردن لەسەر بەکارهێنانی زمانی تورکی وەک تاکە زمانی دەوڵەتی تورکیا و قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەکانی دیکە لە گرنگی زمان لە پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ، تورکیا ئەم مەسەلەیە وەک پارێزێک لەبەردەم هزری جوداخوازیدا بەکاردێنێت».

## سیاسەتی بە تورک کردن

دەوڵەتی تورکیا لە (٨٠) ساڵەی رابردوودا بە ئامانجی باڵادەستکردنی زمانی تورکی و سڕینەوەی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە سیاسەتی بە تورک کردنی گرتەبەر، لەماوەی رابردوودا کوردبوون حەرام بوو، لێپێچینەوەی یاسایی بەدوادا دەهات، لەسەردەمی حکومەتی (تانسۆ چیللەر)دا بە ئاشکرا کورد وەک هاوڵاتی پلە دوو حیساب دەکران.
وەنەبێ سیاسەتی بە تورک کردن و رەتکردنەوەی زمان و کولتووری کەمینەکان تەنیا سیاسەت و هزری نەتەوەپەرست و سیاسەتوانە تورکەکان بێ، بەڵکو لەگەڵ ئەواندا نوخبەی تورکیا لە رۆژنامەوان و نووسەر و ئەکادیمیست و هونەرمەندانیش دەهۆڵیان بۆ ئاوازەکەی دەوڵەت لێداوە و بەشداریان لە سڕینەوەی مۆرک و تایبەتمەندی کەمینەکان کردووە، لەڕاستیدا باسکردن لە هەبوونی مافی کەمینەکان لە تورکیا وەک ئەوەی ئێستا دەوڵەت بانگەشەی بۆ دەکات، شتێکی سەیر و پێکەنیناوییە.
نوخبەی رۆشنبیری تورکیا هاوشێوەی نەتەوەپەرست و علمانییەکان بەشێک لە تاوانی جینوسایدکردنی زمان و کولتووری کەمینەکانی لە ئەستۆدایە. چەند تۆێژەرێک لە زانکۆی (سابانجی) باس لەوە دەکەن هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە نەتەوەپەرستەکان بە شێوەیەکی نادروست مێژووی تورکیایان بۆ بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی کەمینەکان بەتایبەت کورد و تورک بەکارهێناوە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ ترسی تورکان لە فەرهەنگ و زمانی کەمینەکان هەر بەردەوامە و بە چاوی گومان و ترسەوە سەیری تایبەتمەندی و جیاوازی ئەوان دەکەن.
جیا لە کەمینە نەتەوەییەکان، لە تورکیا کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکانیش رووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەتەوە، عەلەوییەکان کە نزیکەی (١٤) ملیۆنن و ١/٤ یان کوردن، هاوشێوەی کوردان وەک هاوڵاتی پلە هیچ سەیر دەکرێن، هەڵوێستی رەسمی سیستمی سیاسی بەرامبەر عەلەوییەکان هەڵوێستێکی نەرێنییە، دەوڵەت وەک لادەر لە ئایینی ئیسلام تەماشایان دەکات، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەو هەڵوێستە وردە وردە بەرەو نەرمی چوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەکەمجار حکومەت رێگەی بە دامەزراندنی ئەنجومەنێک دا بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری عەلەوییەکان.
سەبارەت بە مەسیحییەکانیش، ئەوانیش حاڵیان لە کەمینەکانی دیکە باشتر نییە، دەوڵەت رێگەی کردنەوەی قوتابخانەو بونیادنانی پەرستگایانی پێنادات، زۆربەی مەسیحییەکانی تورکیا لەماوەی (٨٠) ساڵەی رابردوودا بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، لەساڵی ١٩١٨ دا ٢٥٪ی دانیشتوانی تورکیایان پێکدەهێنا، کەچی ئێستا رێژەیان تەنیا ١٪ە.
لەتورکیا لەسەربنەمای نەتەوە مافی هیچ کەمینەیەک نەسەلمێندراوە (پەسند نەکراوە)، ئەرمەن و یۆنانییەکان وەک کەمینە هەندێ مافی کولتووریان لە دەستووردا بۆ چەسپاوە.
بەهەرحاڵ دژایەتی و پەراوێزخستنی کەمینەکان شتێکی نوێ نییە، مێژوویەکی دووری هەیە، لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە تا ئیمڕۆ بەردەوامە، بەڵام دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا شەکڵ و شێوازی توندتری وەرگرت و تا رادەی توانەوەی کولتوور و زمانی کەمینەکان لە بۆتەی نەتەوەی تورکدا و سزادانی ئەوانەی بە زمانی دایک قسە دەکەن یان بانگەشە بۆ قووتکردنەوەی تایبەتمەندییەکان و مافە کولتوورییەکان دەکەن، بەهێزی هەموو دەوڵەتێک لەمۆزائیک و هەمەڕەنگی دایە، تورکیا گەر بیەوێ بەهێزتر بێ، رۆڵی میحوەری تر لەئاستی ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا بگێڕێ، پێویستە ئیتر واز لە سیاسەتی پەراوێزخستنی کەمینەکان بێنێ و دان بە مافە کولتووری و سیاسییەکانیان بنێت.

## لە مەراسیمی کردنەوەی فرۆکەخانەی نوێی هەولێردا کۆنسێرتێک بەڕێوە دەبات

# تاتلیسەس: یارمەتی کرانەوە بە رووی کورد دەدەم

ئیبراهیم تاتلیســـەس، گۆرانیبێژی ناودار لـــە هەولێر وێڕای ئاماژە بـــەوەی کە یارمەتی کرانەوە بە رووی کورد دەدات، گوتی «کرانەوە شتێکی راست و باشە».

تاتلیسەس لە مەراســیمی دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ٧٠ هەزار یەکەی نیشـــتەجێبووندا لە هەولێر کە تێیدا شەریکە بەشداری کرد. تاتلیســـەس وێڕای ئاماژە بەوەی کە سەدا ٥٠ی تێچووی خانووەکان لـــە لایەن حکوومەتەوە دەدرێــت، رووی لە خەڵکی دەوروبەری کرد و بە کوردی و تورکییەکی تێکەڵ پرسی «دۆغرویە، راستــە؟»، خەڵکەکەش بە «راستــە» وەڵامیان دایەوە. دواتــر لەو هۆتێلەی هەولێر کە لێی دەمێنێتەوە لە وەڵامی پرســیاری رۆژنامەنووســاندا لەبارەی کرانەوە بە رووی کورددا ئاماژەی بەوە دا کە شتێکی راست و باشە.

**«چەکەکان بێدەنگ بن، خوێن بوەستێت»**

ئیبراهیم تاتلیسەس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەو کێشەیەی بوونی هەیە چارەسەر بکرێت و رۆونی کردەوە کە داواکارە چەکەکان بێدەنگ بکرێن و ئەو خوێنەی دەڕژێت، بوەستێنرێت.

تاتلیســـەس گوتی «ئەو هەنگاوانەی لە پێــوان کرانەوەدا دەنرێن، شتێکی راست و باشــن، پێمان خۆشە چەکەکان بێدەنگ بن و ئەو خوێنەی دەڕژێت، بوەســتێنرێت، ٣٠ ســاڵە ئەم راستییە هەیە، پێویستە ئەو کێشەیەی هەیە لەناو ببرێت، ئەمە بە خوێن ناکرێت، بە گفتوگۆ و دانوستانەوە دەکرێت». ئەو گۆرانیبێژە بەناوبانگە وێڕای ئاماژە بەوەی کە «ئـــەوە بە زمانی خۆش و جوانییەوە دەکرێت»، گوتی «دەڵێن بە زمانی خۆش مار لە کون دەردەکێشـــێت، هەموو شـــتێک بە جوانییـــەوە دەکرێت، ئاگر بە ئاگر وەڵام نادرێتـــەوە، ئەگەر ئاگر بورووژێنیت، تەشـــەنە دەستێنێت، بە بڕوای من دەبێ واز لە ئاگر بهێنیت تا



هەوالنامەی کتێب

لە شـــوێنی خۆی ببێتە خۆڵەمێش. دواتریش وا دیارە گەورەکانمان شـــتێک دەزانن کە چی لە خۆڵەمێشەکە بکەن. بە بڕوای من دەبێ یارمەتی سەرۆک وەزیران و حکوومەت بدرێت. واتە لە نێوان یارمەتی و ئاستەنگدا، دەبێ ئێمە یارمەتیی پرۆژەکە بدەین».

تاتلیســـەس وەک هاووڵاتییـــەک روونی کـــردەوە کە هیوادارە حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن یەک رایان هەبێت و لە هەندێـــک بابەتدا پێکـــەوە کار بکەن. دواتریش تاتلیسەس و رۆژنامەنووسەکان سەردانی قەڵای دێرینی هەولێریان کرد و لە لایەن هاووڵاتیانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا.

تاتلیسەس ئاماژەی بەوە دا کە بێ ئاگاداری هاتووەتە ناوچەکـــە و گوتـــی «ئەگەرنا ناچارن لێـــرە لەگەڵ سوپایەک بسووڕێنەوە».

**«سەرکردە کوردەکان، دۆستی تورکیان»**

ئیبراهیم تاتلیســـەس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە بڕوای ئەو سەرکردەکانی ناوچەکە دۆستی تورکیان و گوتـــی «لەم ناوچەیەدا هەر شـــتێک لە جێی خۆی و گەرموگوڕە. هیچ کێشـــەیەک لێـــرە نییە. وەزیری دەرەوەمان هات و کاربەدەســـتەکانی بینی. بە بڕوای من، سەرکردەکانی ناوچەکە، دۆستی تورکیا و سەرۆک وەزیران و ســـەرۆک کۆمارن. منیشیان خۆش دەوێت. کاتێک کە جاری پێشـــوو هاتم بۆ ئێـــرە، یەکێک لە لایەنگرەکانـــم هاتە لام، لەســـەر قۆڵـــی وێنەی منی کوتابوو. لە راستیدا من بەرگەی ئەو ئازارە ناگرم».

**«هەولێر زۆر پێش کەوتووە»**

تاتلیسەس هەروەها ئاماژەی بە پێشکەوتن و جیاوازیی هەولێر دا و گوتی «من پێشـــتریش هاتم بۆ هەولێر و ئاهەنگم گێڕا، بەڵام هەولێری ئێستا زۆر جیاوازە، سەدا هەزار گۆڕاوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە چەند ســـاڵی داهاتوودا ئێرە دەبێت بە دوبەی نەک هەولێر».

**«ئەم هەرێمە، هەرێمی ئێمەیە»**

لە وەڵامی پرســـیاری رۆژنامەنووســـێکدا کە «بۆچی هاتیتە ئـــەم هەرێمە؟»، تاتلیســـەس وەڵامی دایەوە «ئەم هەرێمـــە، هەرێمی ئێمەیە». ئـــەو گۆرانیبێژە ناوبراو درێژەی بە قسەکانی دا «هەر مرۆڤێک، لە هەر ناوچەیەک دەتوانێ بـــژی. هەرێمەکان بۆ مرۆڤەکان، خاکـــەکان بۆ مرۆڤەکان. خەڵکـــی ئێمە لێرە دەژین. چوون بـــۆ لای ئەوان و خزمەتکردنیان، شـــەرەفێکی گەورەیە. هیچ کاتێک لووتمان بەرز نەبوو و هەمیشـــە لەســـەر زەویـــن. هەرچەندە مرۆڤێکی ئاســـایی بیت، ئەوەندە گەورە دەبیت».

**تاتلیسەس دەچێتە دنیای پیترۆڵەوە**

تاتلیســـەس کە پرســـیاری ئـــەوەی لێ کـــرا کە ئایا شـــوێنی کراسفرۆشـــتن و کولێرە بە قیمە دەکاتەوە،





گوتی «بـــژی دامەزراندنی بناغە، جارێ واز لە کراس و کولێـــرە بە قیمە بێنە». لە درێژەی قســـەکانیدا لە بارەی بازرگانی ئاماژەی بەو ئاستەنگانە دا کە تووشی بوونە و گوتی «پێغەمبەرمان بازرگانیی خۆش دەوێت و ئەنجامدەرەکەشی خۆش دەوێت. درێژە بە رێگەکەی ئـــەو دەدەیـــن. بازرگانی فەرزە و مەرجـــە. بازرگانی گوناح نییە. لە رێگـــەی بازرگانییە کە مرۆڤەکان نان دەخۆن».

تاتلیســـەس هەروەهـــا ئەوەشـــی روون کـــردەوە کە بڕیـــارە بکەوێتە ناو کاروباری پیترۆڵەوە و گوتی «لە داهاتوویەکی نزیکدا لە نێوان ئێران-مێرسین بازرگانی پیتـــرۆڵ دەکـــەم. ئەمە لە ماوەی ١٠ ســـاڵدا ئەنجام دەدرێت».

گۆرانیبێـــژی نـــاودار، ئیبراهیم تاتلیســـەس وەک دوا گوتـــەی روونیکـــردەوە کە لە مەراســـیمی کردنەوەی فرۆکەخانەی نوێی هەولێردا کـــە بەم نزیکانە بەڕێوە دەچێت، کۆنسێرتێک بەڕێوە دەبات.

**عەلیخان حەسەنئۆغلو**



# غازی عەنتاب.. شارە مرواریيەکە

**دیرۆکی بونیادنانی ئەو شارە بۆ ٣٠٠ ساڵ پ. ز دەگەڕێتەوە، کاتێک یەکێ لە ژەنراڵە سەربازییەکانی ئەسکەندەری گەورە شارێکی بەنێوی (زیۆگما) لەکەناری دەریاچەی (بیرچیک) بونیادنا**

غازی عەنتاب شارێکی جوان و دڵڕفێنی کوردستانی باکوورە، بەهۆی قەشەنگی و جوانییەوە لە تورکیا بە مرواری باشووری رۆژهەڵاتی ئەنـادۆڵ ناودەبرێت، زۆرینەی دانیشـتوانەکەی کـوردن، بەڵام لـە رووی مەزهەب و ئایینـەوە تا رادەیەک رەنگاورەنگ و جۆراوجۆرە.

غازی عەنتاب، یەکێک لە شـارە پیشەسـازییە گرنگەکانی تورکیایە، لەرووی کولتووری و ئایینی و گەشتیارییەوە پێگە و تایبەتمەنـدی خۆی هەیە، جگە لەرووەوە پیشەسـازی و بازرگانییەکـەی، دەوڵەمەندی غـازی عەنتاب لەهەڵکەوتەی جوگرافـی و جۆری خواردەمەنی و گەشـتیارییەوە هێندەی دیکە گرنگـی و جوانیان پێبەخشـیوە. دیرۆکی بونیادنانی ئەو شـارە بۆ ٣٠٠ سـاڵ پ. ز دەگەڕێتـەوە، کاتێک یەکێ لە ژەنراڵە سـەربازییەکانی ئەسـکەندەری گەورە شارێکی بەنێوی (زیۆگما) لەکەناری دەریاچەی (بیرچیک) بونیادنا، لەسـەردەمی حوکمڕانی رۆمانییەکاندا (زیۆگما) جووڵەیەکی بیناسـازی بەرچاوی بەخۆوە بینی، چەندین خانوو و تەلاری گەورە لەسـەر شـێوازی ئەندازەی رۆمانی تێدا دروستکرا، هەروەها بزاڤێکی بەرچاوی بازرگانیشی بەخۆوە بینی.

(زێوگما) لەسەردەمی حوکمڕانی رۆمانییەکاندا یەک لە شارە گەورەکانی دونیا بوو، نەک لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی خۆی لە (٨٠) هەزار کەس دەدا. بەڵکو بەهۆی ئەوەی ببووە سـەنتەرێکی بازرگانی گەورەو رایەڵەی بەستنەوەی چەندین هەرێمی بازرگانی بەیەکتری، هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو شارە سـیفەت و وەزیفەی (پرد)ی پێبەخشبوو، هەر لەبەرئەوەش دەبینین کە بەناوی ( زێوگما) ناو دەبرێت، کە واتای (پرد) دەگەیەنێ.

کاتێک باس لە گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی (زێوگما) دەکەین دەبینیـن وێڕای ئەوەی دەکەوێتە سـەر کەناری دەریاچەی (بیرچیـک) لەهەمانکاتیشـدا رێگـە مێژوویيـە کۆنەکەی بازرگانی کە بەرێگای (حەریـر) ناودەبرێت، هەر بەنێو ئەو شارەدا تێپەڕ دەبێ، هاتووچۆ و تێکەڵاوی بازرگانانی شاری غـازی عەنتاب لەگەڵ بازرگانانی دیکـە و گەرمی ئاڵوێری بازرگانی لە شارەکە وایکردووە دانیشتوانەکەی لەپیشەسازی و کارگەوە بەرهەمهێنانیشـدا بە توانا و لێهاتوو بن و فێری دروسـتکردن و بەرهەمهێنانـی کەلوپەلـی جۆراوجۆر بن و هەناردەی هەرێمەکانی دیکە و وڵاتانی دەرەوەش بکەن.

وەک ئاماژەمـان پێدا غـازی عەنتاب نـەک تەنیا لەرووی بازرگانی و گەشـتیارییەوە جیاوازە، بەڵکـو لەرووی تەلار و باڵەخانـە و لایەنی بیناسـازییەوە تایبەتمەندە، قەڵاکەی جوانی و بوهدوجێکی سـەیری پێبەخشیوە، هەنووکە قەڵای غازی عەنتاب بەیەک لە قەڵا سەرکەش و زیندووەکانی تورکیا هەژمار دەکرێت، بەشێوازێکی ئەندازەیی سەرنجراکێش بونیاد نراوە و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو گەشتیار بۆ شارەکە کێش دەکات، لەگەڵ ئەوەی تائێسـتا مێژوونـووس و لێکۆڵەرانی شـوێنەوار نەگەیشـتوونەتە راسـتی مێژووی بونیادنان و لایەنـی بونیادنـەری قەڵاکە، بـەڵام وا مەزەنـدە دەکرێ سـەرەتا رۆمانییەکان وەک بورجێکی ئاسایی چاودێریکردن دروسـتیانکردبێ، بەڵام پاشـان بە تێپەربوونی کات گەورە کراوە تا ئەو رووخسـار و قەبارەیەی ئێسـتای وەرگرتووە، بەشێک لەمێژوونووسانیش پێیانوایە راستەوخۆ لەسەردەمی ئیمپراتـۆری بێزەنتی بەناوبانگ (جونسیتینسـۆن) بەردی بناغەی داندراوە.





غازی عەنتاب لەڕووی کولتووری و فەرهەنگییەوە شـارێکی دەوڵەمەنـدە، ئەوەی غـازی عەنتاب لە شـارەکانی دیکە جیادەکاتەوە مۆزەخانە جوان و فراوانەکەیەتی، مۆزەخانەی (زێوگما) لەڕووی جۆراوجـۆری کەلوپەلەکانییەوە بەیەکێک لە گەورەتریـن مۆزەخانەکانی تورکیـا دادەنرێت، هەروەها لەئاستی نێودەوڵەتیشـدا بەدووەم مۆزەخانە دێت لە بواری خسـتنەرووی دەگمەنی و دانسـقەیی ئەو کەلوپەلانەی کە لەرێگەی تەنقیباتی شوێنەوارییەوە دۆزراونەتەوە.

رووبـەری مۆزەخانـەی (زێوگمـا) ٣٥٠٠ م٢ یـە، جگـە لەخسـتنەڕووی کەلوپەلی شـوێنەواری و چەند هەیکەل و لەوحی قورپینـی، مۆزەخانەکە ژمارەیـەک لە مۆری کۆن و گرانبەهای سەردەمی بێزنتییەکان لەخۆ دەگرێت، کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تایبەتیش بەکەلوپەلی ئارکۆلۆژی لەسـاڵی ٢٠٠٥ هێندەی دیکە بایەخی گەشـتیاری و فەرهەنگی غازی عەنتابی زیاتر کرد و گواستیەوە نێو بازنەی شارە بەناوبانگ و تایبەتمەندەکان لەبواری هونەری مۆزەخانەوە.

هونەری بیناسـازی غازی عەنتـاب تایبەتمەند و جیاوازە لە دشـارەکانی دیکە، خانووەکانی بەشێوەیەکی سەیرو جیاواز دروسـتکراون، هەر خانوویەک بە دیوارێکـی گەورەی بڵند لـە خانووەکانی دیکە جیـا دەکرێتـەوە. هەروەها بەهۆی گەرمـی ناوچەکـە لـە وەرزی هاویندا حەوشـێکی فراوان لەگەڵ حەوزێکی گەورەی ئاو لەناوەڕاسـتی حەوشەکەدا بۆ خانووەکان دروستکراوە، زۆربەی خانووەکانیش دوو نهۆمین و نهۆمی دووەم بە (کۆشک) ناو دەبرێت.

ناوچەیەکـی جوان و سەرنجراکێشـی گەشـتیاری لەغازی عەنتـاب، هەرێمـی (سـاهیرە)یە، کە خەڵکی شـارەکە و ناوچەکانی دیکە بەهۆی کەشـوهەوا فێنکەکەیەوە لەهاوینان سەردانی دەکەن.

خواردن و شـیرنەمەنی غازی عەنتاب لەسـەر ئاستی تورکیا و ناوچەکە ناو و ناوبانگی خـۆی هەیە، هەروەها بەخواردنە تەقلیدیە میللییەکان ناوداره، کەباب و فستق و پاقلاوەی غازی عەنتاب لەخواردن و شـیرنەمەنییە ناودارەکانی شـارەکەن، ئەوەی سـەردانی ئەو شـارە بکات پێویسـتە لەو پاقلاوەیە بخوات یان بە دیاری پێشکەشی خزم و کەسانی بکات، ئێستا جۆری ئەو پاقلاوەیە لە بەشـی هەرە زۆری شارە گەورەکانی تورکیا و وڵاتانی وەک عێراق و سوریاش لقی هەیە.

لەلایەکـی دیکـەوە هەنـدێ لە دانیشـتوانی شـارەکە بە دروستکردنی کەلوپەلی دەستی بەتایبەت ئەوانەی لە مس و زیو و چەرمی ئاژەڵ دروستدەکرێن خەریکن.

ماوە بڵێین، غازی عەنتاب، (زێوگما)ی جاران، گوزارشتکەرێکی راسـتەقینەی کولتـوور و شارسـتانییەتی کوردانە لەدۆڵی ئەنـادۆڵ، هەڵکەوتـەی جوگرافـی و جوانی سروشـتی و مێژووەکەی جیاوازی و مۆرکێکی تایبەتی پێبەخشیوە و بۆتە شارێکی گرنگی گەشتیاری و پیشەسازی.

**قەڵای غازی عەنتاب بەیەک لە قەڵا سەرکەش و زیندووەکانی تورکیا هەژمار دەکرێت، بەشێوازێکی ئەندازەیی سەرنجراکێش بونیاد نراوە و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو گەشتیار بۆ شارەکە کێش دەکات**

# هاوینێکی گەرمی هونەری لە تورکیا

تورکیا جیا لەپێگەی سیاسی و جیوگرافییەکەی لە رووی گەشتیاری و هونەریشـەوە خاوەن پێگە و خەسڵەتێکی تایبەتە، سـاڵانە ملیۆنەها گەشتیار لەمسەر و ئەوسەری دنیا سـەردانی دەکەن و بەمـەش داهاتێکی مەعنەوی و ماددەی گـەورە دەرژێتە نێو کولتـوور و خەزێنەی ئەو وڵاتە.

دیاریکردنـی تورکیا وەک گرنگترین وڵاتانی گەشـتیاری لەسـەر ئاستی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا تەنیا لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە سەرجەم توخمەکانی جوانی سروشت لە چیاو دەریا و ئاو و هەوای گونجاو لەو وڵاتەدا کۆبۆتەوە بەڵکو بەهۆی ئەو بزاف و چالاکی و فیستیڤاڵە هونەری و تەرفیهیانەشـەوەیە کە هاوینی هەموو ساڵێک سازدەکرێت.

هاوینی تورکیا هاوینێکی خۆش و سەرنجراکێشـە، هیچ ساڵێک نییە لە مانگی حوزەیران یان تەمموز کەرنەڤاڵ یان فیستیڤاڵێکی جیهانی سازنەکرێت، فیستیڤاڵی مۆسیقای نێودەوڵەتی، یەکێک لەو بزاڤە هاوینییە باڵکێشانەیە کە لە ٤ی حوزەیرانەوە تا ٢٥ هەمان مانگ شاری ئیستانبوڵ لـە ئامێزی دەگرێ و گـەورە موزیکژەن و هونەرمەندانی دنیا بەشداری تێدا دەکەن.

گرێدانی ئەو فیسـتیڤاڵە جیهانییە هـاوکات بوو لەگەڵ یادی (٢٥٠) ساڵەی لەدایکبوونی گەورە موزیکژەنی دونیا (موزارت). (موزارت) لەتورکیا خودانی بەها و پێگەیەکی هونەری بەرزە، خەڵکی بە تاسەوە گوێ لە سەمفۆنیاکانی دەگرن، سەمفۆنیای (ئۆپێرا کچێک لە کۆشک دەرفێنێ) دیارترین ئەو بەرهەمە مۆسـیقییە ناوازانەی مۆزارتە کە نزیکەی (٧) سـاڵە بە بەردەوامی لەسەر تەختی شانۆی کۆشکی (تۆپ قاپی) نمایش دەکرێ.

پسـپۆرانی واری گەشتیاری پێشـبینی دەکەن هاوینی ئەمساڵ سـاڵێکی گەشـتیاری جیاوازتر بێ بۆ تورکیا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیسـتانبوڵ وەک لەباوەشگری فیستیڤاڵی مۆسیقای جیهانی دەستنیشانکرا.

## چەند کەرنەڤاڵێکی دیکەی هونەری

وەنەبێ فیسـتیڤاڵ مۆسـیقای نێودەوڵەتی تاکە بزاڤی هونەری بێ کە ئەمسـاڵ ئەنجامـدەدرێ، بەڵکە هاوینی ئەمسـاڵ لەتورکیـا هاوینێکـی فرە بـزاف و چالاکی هونەرییە، میتینگ و کەرنەڤاڵە مۆسـیقییەکان پشـکی شێریان بەردەکەوێ.

٢٠ی حوزەیرانـی ئەمسـاڵ، ئیسـتانبۆڵی پایتەختـی کولتووری ئەوروپـا، لە ژوانی گـەورە موزیکژەنی دنیا (رۆجێـر تەرز) دایـە، خەڵک لە وڵاتـی تورکیا لەمێژە چاوەڕێـی گردبوونەوەیەکی لەو جۆرەن، بەهەمانشـێوە خەڵکێکی زۆر لە سەرانسـەری جیهـان چاوەڕێی ٢٠ی حوزەیران تا لە نزیکەوە بە بەرهەمە نوێیەکانی (رۆجێز) ئاشنا بن.

هەر لەمانگی حوزەیراندا شاری ئەنتاڵیا میوانداری هەردوو فیستیڤاڵی (کەمەر) و (رالی) دەکات.

میهرەجانی (ئیزمیـر)ی نێودەوڵەتیش بزاڤێکی هونەری دیکەی هاوینی ئەمسـاڵە، (ئیزمیر) لەو فیسـتیڤاڵەدا میوانداری دەیان تیپی مۆسیقی و موزیکژەن و گۆرانیبێژ دەکات، چاوەڕێ دەکرێت بەهۆی ئەو بزاڤەوە گەشتیارێکی زۆر روو لەو شارە بکەن.





هونەری
ساڵی یەکەم • ژمارە (٥) • حوزەیرانی ٢٠١٠

# ئەستەنبوڵ.. نیشتمانی ریتمە مۆسیقییە جیاوازەکان

## ئەستەنبوڵ. پایتەختی مۆسیقای رۆژهەڵات



ئەمرۆ ئەستەنبوڵ هاوشێوەی جاران رۆڵێکی ئەکتیڤ لە تێکەڵکردنی کولتوور و فەرهەنگە جیاوازەکان دەبینێ، ئەستەنبوڵ رایەڵەی گەیاندنی رۆشنبیری و شارستانییەت و هونەری گەلانی رۆژهەڵاتە بە رۆژئاوا، لە هەمانکاتدا پردی گواستنەوەی پێشکەوتنە مۆسیقی و رۆشنبیری و فەرهەنگییەکانیشە بۆ رۆژهەڵات.

ئەستەنبوڵ بەهۆی ئەو پاشخانە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەی کە هەیەتی، (نەخاسمە چەند سەدەیەک، پایتەختی سیاسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە) لەئاستە جیاجیاکاندا کاریگەری لەسەر ئەوروپا بەگشتی و گەلانی رۆژهەڵات بەتایبەتی تا ئیمرۆشی لەگەڵ بێ هەر ماوە.

کولتووری کۆمەڵایەتی و مۆسیقا و فەرهەنگی ئەستەنبۆڵ فرە جیاواز و تایبەتە، لەلایەکەوە توانیویەتی پارێزگاری لە رەسەنایەتی خۆی بکات لەلایەکی دیکەشەوە سوودی لە رەوشی نوێخوازی ئەوروپا و جیهانگەرایی بینیوە، ئەم حاڵەتەش ئەمرۆ جیا لەهەموو لایەنەکانی دیکە بەسەر سینەما و مۆسیقای شارەکە دەبیندرێ.

### پایتەختی مۆسیقای رۆژهەڵات

گەورە نووسەری ئەوروپی (ستیڤان فرانزت) ئەستەنبوڵ بە پێشەنگ و پایتەختی مۆسیقای رۆژهەڵات ناو دەبات. (ستیڤان) پێیوایە هیچ شارێکی دیکەی رۆژهەڵاتی هاوشێوەی ئەستەنبوڵ بە باوەشێکی کراوەی پڕ لە باوەڕ بەخۆبوونەوە ئامێری بۆ نوێخوازی و مۆسیقا و هونەری ئەوروپا کراوە نییە.

لە دیدی (ریتشارد هامەر)ی رۆژنامەنووسیش جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ئەستەنبوڵ و ئەنقەرەدا هەیە، ئەو رۆژنامەنووسە دەڵێت «ئەنقەرە پایتەختی سیاسی تورکیایە، زۆر لە واشینگتۆنی پایتەختی ئەمەریکا دەچێت، بەڵام ئەستەنبوڵ پایتەختی کولتوور و فەرهەنگە، زۆربەی گەورە نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندان لەو شارەدا دەژین بە پێچەوانەی ئەنقەرە کە شاری سیاسەتوانان و هەندێ لە نووسەر و هونەرمەندە بێ ئەزموونەکانە».

هەنووکە مۆسیقای تورکی لە بازادانێکی نەوعی سەرسوڕهێنەر دایە، زۆربەی ئەو کارە مۆسیقیانەی لە ئەستەنبوڵ پێشکەش دەکرێن رەچاوی دوو لایەنی هونەری پێویست دەکەن، یەکێکیان رەسەنایەتییە و پارێزگاریکردنە لێی، ئەوی دیکەشیان سوود وەرگرتنە لە مۆسیقای هاوچەرخ بەتایبەتی لەرووی تەکنەلۆژیای مۆسیقاوە.

### تێکەڵکردنی دوو ریتیم

(یەڵدن)، ئاوازدانەر و موزیکژەنێکی دیاری تورکیایە، نزیکەی (٢٠) ساڵە کار لەسەر تێکەڵکردنی ریتمە مۆسیقییە جیاوازەکان دەکات، لەکارەکانیدا هەردەم هەوڵی تێکەڵکردنی مۆسیقای سۆفی تورک بە مۆسیقای رۆژئاوا دەکات، (یەڵدن) توانیویەتی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبێنێ و کارە مۆسیقییەکانی رەواجێکی میللی زۆریان لەسەرە.

(یەڵدن) کە لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێیە، پێیوایە پێکاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هونەری ئەستەنبوڵ رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەسەر روئیای مۆسیقی و ئاوازەکانی ئەودا هەیە، ئەو دەڵێت «گەر یەڵدز لە ئیستانبۆڵ نەژیابا، لەوانە نەبوو ئەو موزیکژەنەی ئێستای لێ پەیدا ببا، گەر لە ئەنقەرە نیشتەجێ بوومایە بێگومان پێکهاتەی کەسایەتیم سەد دەر سەد جیاوازتر دەبوو».

ئەمرۆ تێکەڵکردنی مۆسیقای سۆفی (کلاسیکی) بە مۆسیقای هاوچەرخ (ئەووروپی) مۆدێلێکی هونەری پەرە سەندووە و سەنتێزێکی هونەری لێ پێکدێت، کۆنتاک و هەماهەنگی بەرچاو لە نێوان مۆسیقارە تورک و مۆسیقارە ئەوروپییەکان تێبینی دەکرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئاژانسێکی مۆسیقی تایبەتمەند دامەزراوە، ناودارترینیان ئاژانسی double moon کە لەشێوەی شانەی هەنگ کار دەکا و لە زۆربەی گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵ لقی هەیە، هەروەها پێوەندی و کۆنتاکی لەگەڵ چەندین موزیکژەن و گۆرانیبێژی ئەڵمانی و ئینگلیزدا دروستکردووە و (ئەحمەد ئولۆغ) کە خاوەنداری ئاژانسی Donble Hoom دەکات، دەڵێت «ئێمە بەقەدەر ئەوەی زەمینەسازی بۆ دروستکردنی کەشوهەوای ئاڵوگۆڕی کولتووری و مۆسیقی دەکەین نیو ئەوەندە لایەنی ماددی لەبەرچاو ناگرین، ئامانجی سەرەکیمان نیشاندانی ئەستەنبوڵە وەک پایتەختی مۆسیقای رۆژهەڵات و نیشتمانی ئاڵوگۆڕی کولتوورە جیاوازەکان»

بورهان ئۆجال، ساڵانێکی زۆر لە زیوریخی پایتەختی سویسرا ژیاوە، ماوەیەکە گەڕاوەتەوە زێدی باب و باپیرانی لەئەستەنبوڵ. ئۆجال هەنووکە سەرقاڵی دامەزراندنی پرۆژەیەکی مۆسیقییە بەناوی پرۆژەی سوڵتانی کە کار لەسەر زیندووکردنەوەی ئاواز و مۆسیقا باوەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات و (٤٠) ئەلبومی ئامادەکراوی لەو شێوە مۆسیقایە خستۆتە بازاڕ، (ئۆجال) دەربارەی شارەکەی دەڵێت: «ئەمرۆ دەوڵەمەندە نوێیەکانی

<<<
**ئەستەنبوڵ نیشتمانی مۆسیقا جیاوازەکان و شاری تێکەڵکردنی مۆسیقای ئەلیکترۆنی رۆژئاوایە بە مۆسیقای کلاسیکی رۆژهەڵاتی**

هەواڵنامەی کتێب



تورکیا بەتایبەت ئەوانەی لەشارەکانی سەر دەریای ئێجە و ئەنادۆڵەوە دێن مەترسییەکی جیددین لەسەر فەرهەنگ و کولتووری شـــارەکە، ئەوان بەو شێوازە نوێیەی بیناسازی ڕۆحی ئەستەنبوڵ و تایبەتمەندی شارەکە دەکوژن».

**«ڕاپ و مۆسیقای سۆفی»**

ئەو بزاڤ و مۆدە نوێیەی مۆسـیقا لە ئەستەنبوڵ بەخۆیەوە دەبینی تەنیا بــەرە ئەورووپییەکەی ئەو شــارەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەرەکەی دیکەش کە بە ڕۆژهەڵات ناو دەبرێــت هەمان بزاڤی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ یەکەمینجار لەســەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەرەی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بزاڤێکی بەرچاوی شێوە گۆرانی (ڕاپ)ی بەخۆوە بینی، کە لەسەردەستی چەند گۆرانیبێژێکی کاریگەر بە ڕاپی ئەمەریکی داهێنرا.

ئەمڕۆ (ڕاپ) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بڵاوبوونەوە دایە، گەنجانــی تورکیا پێشـــوازییەکی گەرمی لێدەکەن بەتایبەت ئەو شــێوەیەی کە بــە (ڕاپ)ی تورکی نـــاو دەبرێت، گەنجانی ئیســـتانبوڵ هـــەر بەوەندە نەوەســـتاون، بەڵکە ئێستگەی ئەلیکترۆنی و گۆڤار و ســـایتی ئینتەرنێتی تایبەت کــە ڕاپی تورکیان دامەزرانـــدووە، لەلایەکی دیکەوە جۆرە مۆســـیقای کلاســـیکی (مۆســـیقای ســـۆفی) لە هەرێمەکە لە ڕەواجدایـــە، بەتایبەتـــی لەنێو گەنجانـــی گەڕەکە میللییەکان.

ئێرکین ئیلیجالی، موزیکژەنێکی تورکی تەمەن (٤٠) ساڵانە، ماوەیەکی زۆر لەشاری مۆنتریاڵ ی کەنەدا ژیاوە ئێستا گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵ. ئیلیجالی کار لەســـەر تێکەڵکردنی هەردوو مۆســـیقای ڕۆژئاوایی و ســـۆفی دەکات، بــە بۆچوونـــی (ئیلیجالی) ئەو شـــێوە کارکردنـــە خزمەتێکی فرە بە مۆســـیقا و هونەری تورکیـــا دەکات، لەهەمانکاتدا هەماهەنگی و هاوســـەنگی لەنێوان دوو ڕیتمدا دێنێتە کایەوە، بەکورتـــی ڕیتمێکـــی موعتەدلی مۆســـیقا دەخاتە بەردەستی گەنجانی تورکیا.

ئەمـــڕۆ مەرجـــان دادە، کــە نـــاوە خوازراوەکەی (ئێرکین ئیلیجالی-ە)، دەنگێکی بەرزی مۆســـیقای ئەستەنبوڵیە نەک تەنیا لە تورکیا بەڵکو لەسنووری ئـــەو گردبوونـــەوە ئیقلیمییـــەی کە بـــە (یەکێتی ئەورووپا) ناودەبرێت.

لەدوماهیـــدا ماوە بڵێین، ئەســـتەنبوڵ نیشـــتمانی مۆسیقا جیاوازەکان و شاری تێکەڵکردنی مۆسیقای ئەلیکترۆنـــی ڕۆژئاوایە بە مۆســـیقای کلاســـیکی ڕۆژهەڵاتی.



هەواڵنامەی کتێب



# یەکەمین نمایشی شانۆگەری بەدیالۆگی کوردی لەتورکیا



شـــانۆ ئەو هونەرەیە کە زۆربەی هونەرەکان لەخۆ دەگرێت، وەکو (موزیک، شێوەکاری، ئەدەب و...تد) هەربۆیە بەباوکی هونەر ناوزەند کراوە، شـــانۆ هونەرێکە بەشێوەیەکی زیندوو ڕووبەڕووی بینەران پێشـــکەش دەکرێـــت، لەبەرامبەر ئەوە کاریگەری لەسەر وەرگر زیاتر دەبێت، هەربۆیەش وایکردووە لەهەمـــوو ســـەردەمێک و شـــوێنێک لەلایەن دەســـەڵاتەوە گرنگی زۆر بەشـــانۆ بدرێت بۆئەوەی جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشـــێت، ئەوەی مەبەســـتمە لەو بابەتە ئـــەو کرانەوەی دەوڵەتـــی تورکیایـــە بەرامبەر بـــەدۆزی کورد لەنێویشـــدا لایەنی هونەر بەگشـــتی و شـــانۆش بەتایبەتی هیوای باشتر و زۆرترە.

ئەگەرچـــی لەســـەرەتای ســـاڵانی ١٩٩١ هەنـــدێ چالاکی شـــانۆیی لەڕێگەی ناوەندی کولتووری میزۆپۆتامیا لەشاری ئەســـتەنبوڵ پێشکەشکرا بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی بوون، هەربۆیە بەهۆی سیاسەتی ئەو سەردەمەی وڵاتی تورکیا ئەم چالاکیانە زوو دامرکانەوە.

لەســـەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لەســـەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک لەم دواییەشدا لەشاری دیاربەکر بۆ یەکەمینجار شانۆگەرییەک بەزمانی کوردی نمایشکرا، نمایشەکە پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا، لەهەمانکاتیشدا کاردانەوەیەی باشـــی لەنێوان ڕەخنەگران و بینەرانی لێکەوتەوە. ئەگەرچی دەرهێنەرەکـــە ڕەتیکردەوە ناوی شـــانۆگەرییەکەی (مردنی زیندوو) بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا شانۆگەرییەکە لەهەندێ ئاماژە و هێمای سیاسی بەدوور نەبوو.

دەرهێنەری شانۆگەرییەکە هاوڵاتیەکی تورکە، ناوی (ئۆرگۆن گوڵسن)ە، لەلێداوانێکدا گوتی: «شانۆگەرییەکە ناوەڕۆکەکەی دووره لەسیاســـەت، هیچ پەیامێکی سیاســـی بۆ هیچ لایەک نییە، بەڵکو بەشـــێوەیەکی هونـــەری گرفتێکی کۆمەڵایەتی لەسەر شەرەف چارەسەردەکات».

جێگەی باســـە شـــانۆگەرییەکەی بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی نووســـراوە، لەلایەن تیپی شـــانۆی وڵات لەدیاربەکر پێشکەشـــکرا، ئەکتەرەکان لەکورد و تـــورک پێکهاتبوون، شایەنی باسە، یەکەم دەقی شانۆیی لەمێژووی شانۆی کورد لەلایەن نوســـەری گەورەی کورد (عەبدولرەحیمی ڕەحیمی هەکاری) لەساڵی ١٩١٩ بەناوی (مەم و زین) بڵاوکراوەتەوە، گرنگی ئەم هەنگاوەش لەدوای کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی بەزمانی کـــوردی و مۆڵەتدان بەخوێندنەوەی وتاری ئایینـــی لەمزگەوتەکان بەزمانی کوردی لەو شـــوێنانەی کە دانیشـــتوانی زۆربەیان کوردن دێت، هەنگاوێکە بەو هیوایەی کاری باشتر لەهەموو ڕوویێکەوە بەدوا دابێت.

کامەران حاجی ئەلیاس

هەرجارەی فیلمێک

# «لەبەری ئەوبەر» چیرۆکێکی بزوێنەر و بەهێزی سینەمایە

سیروان ڕەحیم




دوای ئـەوەی فاتیــح ئاکین بە فیلمـی «دژ بە دیوار» خەڵاتی ورچی زێرینی فێسـتیڤاڵی بەرلیناڵەی «سـاڵی ٢٠٠٤» وەرگـرت، بەرەو ڕووبەری نێونەتەوەیی سـینەما هەنـگاوی نـاو و دەرگای دنیایەکـی فراوانـی بۆ خۆی کردەوە. بە دوا بەرهەمیشـی «لەبـەری ئەوبەر» توانی خەڵاتی باشـترین سیناریۆ لە فێسـتیڤاڵی کانی ساڵی ٢٠٠٧ بە دەستبهێنێت. پاشان ئەم فیلمە بۆ ئەوە پاڵێورا تا بە نێوی دەوڵەتی ئەڵمانیاوە بەشـداری پێشـبرکێی فێستیڤاڵی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٠٨ بکات.

فاتیح ئاکین ڕووداوەکانی ئەم فیلمەی «لەبەری ئەوبەر» لە سێگۆشەیەکدا دەجوڵێنێت و هەر لەو سێگۆشەیەیشدا گەشـەیان پێـدەکات و لێزانانە چنینـی ڕووداوەکان و هەڵکشـانی بابەتـەکان دەچنێـت. ئەو لە سێگۆشـەی «خۆشەویسـتی، مەرگ و شـەیتان»دا دێت و دەچێت. دەرهێنــەر لەم بــەر ڕووبەرێکمان دەخاتــە بەر دیدە کە ڕووبــەری خۆشەویســتی و کارکردنە بۆ خۆشەویســتی. لەوبەریش ڕووبەرێکمان پێشان دەدات ڕووبەری تێکشاندنی خۆشەویسـتەکانە، خۆشەویسـتەکان و ئەوانەی کار بۆ خۆشەویستی دەکەن سەریان تێدا دەچێت.

فاتیــح لــە دایکبــووی شــاری هامبورگــی ئەڵمانیایە (٢٥, ٨, ١٩٧٣)، ئــەو لە نــەوەی دووەمی ئەو کرێکارە تورکانەیە کە وەکو کرێکاری میوان لە ئەڵمانیا گیرساونەوە. بۆیە ئەو لەپــاڵ کولتووری یەکەمی خۆیدا کە ئەڵمانییە، شــارەزای کولتوور و ژیانی سیاسی تورکیایشە. ئەو لەم فیلمەدا بەراوردێکی یەکجار ورد و شــارەزایانەی لەنێوان ئەڵمانیــا و تورکیادا کــردووە، نەک هەر لە ڕووی وڵات و گەشــەکردنی دوو دنیا جیاوازەکەی هەر دوو لاوە، بەڵکو لە ڕووی هزر و تێگەیشــتن لە خۆشەویســتی، کۆمەڵگەو ژینگەیشەوە. تەنانەت ئەو تورکانەیش لە ئەڵمانیا دەژین وەکو خۆیان پێشــان دەدا کە هەن. بــەو جۆرەی چۆن چەشــنی کۆمەڵگایەکی جیاواز لــە دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانیــا دەژین و نایەنەوێت هیچ شــتێکی ئەو وڵاتە نە پەسەند بکەن نە ڕێزی لێبگرن.

دەرهێنەر لە دیدی ئەم فیلمەوە زۆر شــتمان پێ دەڵێت، بــەڵام بە بێ ئــەوەی بە گوێماندا بچرپێنێت، تا ئەو بە هێمنییــەک کــە زۆرجار بەشــێکە لە سروشــتی کامێرا و بەشــێکە لە هەســتی وێنــە گرێی شــتەکان بۆ بینەر شیدەکاتەوە. ئەو دەیەوێ ئێمەیش لەو سێگۆشەیەدا بێین و بچین، لە سێگۆشەی (خۆشەویستی، مەرگ و شەیتان) بەشدار بین و بیرکردنەوەمان بخەینە کار.

دەرهێنەر لە دوو دنیای ئەڵمانیا و تورکیادا چارەنوســی شــەش کەســمان بۆ دەکاتە ســتونگەلی چیرۆکێکی بە هێز و بزوێنەری سـینەما. شــەش کەس دەبن بە چاوگی چنینێکی ســەرنجڕاکێش. دایک و بــاوک و منداڵ، ژیان و مەرگ، دڵنیایی لێــرە و ناڵدنیایی لەوێ. بەڵام هەموو ئەمانە لە ڕوانگەی گێڕانەوەیەک دەرهێنەر حیکایەتخوانی



ناوی فیلم:
لەبەری ئەوبەر
ناوی ئۆرژیناڵ:
Auf der anderen seite
سیناریۆ و دەرهێنان:
فاتیح ئاکین*
کامێرا:
ڕاینەر کلاوسمان
مۆنتاژ:
ئەندرێف بیرد
بەرهەمهێنەر:
بەرهەمــی هاوبەشــی (فاتیح ئاکین و NDR TV)
شــوێنی وێنەگرتــن:
ئەڵمانیا، تورکیا 122
خولــەک، 35 ملــم،
ڕەنگاورەنگ
زمان:
ئەڵمانــی، ئینگلیزی و
تورکی
هەڵگــری کۆمەڵــێ
خــەڵات، لــە ناویاندا
خەڵاتــی فێســتیڤاڵی
کان 2007 بــۆ
باشترین سیناریۆ.

ناڕاستەوخۆیەتی.

پیاوێکی خانەنشینی تورک «عەلی»، تەنهایی ژیانی تاڵ کردووە، لە یەکێک لە گانخانەکانی شاری «هامبۆرگ»ی ئەڵمانیا دا ژنێکی لەشفرۆشــی تورک «یەتەر» دەناسێت و لەســەر ئــەوە ڕێکدەکەون ئەو پارەیــەی ئەوخانمە لە لەشفرۆشــتندا دەســتی دەکەوێت ئەم بیداتێ و پێکەوە بژین.

«نەژاد»ی کوڕی «عەلی» پرۆفیســۆری گیرمانیستیکە لە زانکۆی هامبورگ، ســەرەتا ســەری لەم کارەی باوکی ســوور دەمێنێت، کاتێک باوکی دەبینێت دەیەوێت لەگەڵ لەشفرۆشێکدا بژی، بەڵام دواتر کە بەوە دەزانێ ئەم خانمە زۆرینەی ئەو داهاتەی دەســتی دەکەوێت بۆ «ئایتەن»ی کچی لە ئەستەنبوڵ دەنێرێت تا خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، ڕێزی لێدەگرێت. ئەو کاتەیشــی بە شــێوەیەکی دڵتەزێن «عەلــی» کۆتایی بە ژیانــی «یەتەر» دێنێت و ئەو تێ دەکوژێت، «نەژاد» شــوێن پێی «ئایتەن» هەڵدەگرێت و لەپای کۆمەککردن بەو کەنیشــکە بەرەو ئەســتەنبوڵ دەڕوات. هاوکات ئەو کچە لە سۆنگەی چالاکی سیاسیەوە تورکیــا بــە جێدەهێڵێت و لە ئەڵمانیــا داوای پەنابەری دەکات. ئــەو کچە لە ئەڵمانیا «لۆتە» دەناســێت و لە کن ئەو و «سوزانە»ی دایکە بێوەژنەکەی دەگیرسێتەوە. شوێنیش هەمان شارە کە «یەتەر»ی دایکی لێدەژی. لە کاتێکدا ئەم دەگاتە ئەڵمانیا و ماوەیەکی کورتی پەنابەری لێ بەســەر دەبات، زۆرجاران ئەو کاراکتەرانە هاوشــانی یەک دەڕۆن و زۆر نزیکــی یەکتر دەبنەوە. بەڵام هەرگیز بە یەک ناگەن و ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە. هەرگیز نە لە نزیکەوە و نە لە دوور جارێکی دی یەکناگرنەوە.

ســەربارێ ئەوەی ململانێیەکی زۆر ســەخت لەم فیلمەدا هەیــە، بــەڵام بە شــێوەیەکی هێمــن و پــڕ وردەکاری ڕووداوەکان هەڵدەکشــێن و ســەرجەم بەشەکانی کارەکە بــە ناســکییەکی تایبەت چندراون. شــێوازی دەربڕین و خستنەبەردەســتی وەها کەمتر بــە ململانێی لەم جۆرە دراوە. هــەر دەرهێنەرێکــی دیکە بوایە لــە بری فاتیح ئاکیــن لە ناو ئەو هەمــوو وردەکارییەی چیرۆکێکی وەها فرە ڕوخســاردا سەری لێدەشێوا، شتەکانی تێکەڵ دەکرد و خۆیشی بزر دەکرد. دەرهێنەر زۆر شتمان دەخاتە بەر دیــدە و هێزی بیرکردنەوەمان بۆ زۆر ڕووبەری جۆراوجۆر بــە کێش دەکات، وەکو نموونە: بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا، یان هەڵسوکەوتی پڕ زەبر و زەنگی پۆلیســی تورکیا لەگەڵ چالاکڤانانی سیاســی وڵاتەکەدا. یاخود کوشــتن بەو شێوە ئاسـان و سادەیە لە تورکیا و لە کن مرۆڤی تورک، دەرهێنەر هەموو ئەمانەمان پێشـان دەدات بێ ئەوەی ئاماژەی دەست و پەنجەی بەکاربهێنێت. ئەو هەموو شــتگەل تایبەت و بابەتە ناسکانەمان بە فیلم پێشاندەدات. وێنە و دیمەن لەم بەرهەمەدا بە چەشنی چیرۆکەکە هێمن

هەواڵنامەی کتێب


دیمەنی ئایتەن و لۆتە لە ئەڵمانیا

**دەرهێنەر لە دوو دنیای ئەڵمانیا تەنانەت کیلداری چلوونییوێژ شەوش پیرەکەرمان پێشان هەکاکەستونگانی چیرۆکێکی بەهێز و بزوێنەرەوی سینەما**

و لەسەر خۆ بەردەوام دەبن و بێ ئەوەی دەرهێنەر بە زۆر رایانبکشێت، خۆڕسکانە بە دووی یەکدا دەکشێن. راینەر کلاوسمان ئەو کامێرامانەیە پێشتر لە هەردوو فیلمی فاتیح دا (سۆلینۆ و دژ بە دیوار)دا وەکو کامێرامان بەشداربووە و هەروەها کامێرامانی فیلمی «ئاوابوون»**یش بووە. پۆزیسیۆنی کامێرا***، لە لای ئەم کامێرامانە زۆر دیدەکێشکەرە، ئەو هەمیشە لە کارەکاندا پۆزیسیۆنی پێویست و شیاو دەدۆزێتەوە. بەردەوام لەو کارانەدا ئەم کامێرامان بووە زانیویەتی چ پۆزیسیۆنێک بەکار دەهێنێت. کاتێک دیمەنکاری ئەو کامێرامانە دەبینین، دەزانین لێک تێگەیشتنێکی پێویست لە نێوان ئەو و دەرهێنەردا هەیە. دیمەنەکانی ئەم فیلمە، دیمەنگەلێکی هێمنن، بەڵام تابڵێی دیمەنی زیندوون. بە شێوەیەکی زۆر سروشتیانە و یەکانگیر لەگەڵ چیرۆکەکەدا رێکدەکەون و یەکتر تەواو دەکەن. دەرهێنەر، کامێرامان و مۆنتاژ جۆرێک لە چوونەناو یەک و شێویەک ئاهەنگیان پێکهێناوە وا لە بینەر دەکەن بە چێژەوە تەماشا بکات و بە بیریش لەگەڵیاندا بەردەوام بێت. بەردەوام دەرهێنەر ئارامی دەدات بە بینەر، لە ناو رووبەرێکی ئاڵۆزدا ئارامی بە بینەر دەبەخشێت، نەک بە خولەک بەڵکو بە چرکە ئەو ئارامییە ناشێوێنێت.

ماندووبوونی فاتیح ئاکین بۆ ئەم کارە، ماندوبوونێکی گەورەیە، بەڵام ماندووبونێک رەنجی بە فیرۆ نەبردووە و بەرهەمەکەی لە ئاستی خواست و مەبەستیدایە. ئەو لە دیدارێکدا دەڵێت: من هەموو شتێکم لە «دژ بە دیوار»دا جێگەکردەوە، هەموو شت. بەجۆرێک، پاش ئەوە بیرم دەکردەوە چ شتێک وەکو بەرهەمی داهاتوو پێشکەش بکەم؟ لە خۆم دەپرسی. هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو بۆ بەرهەمی داهاتوو. دەستەوەستانانە بەرانبەر بە هیچ وەستابووم. بەڵام هەمیشە دەمویست شتی باشتر بکەم، باشتر لە «دژە دیوار». من نەمدەویست وەکو هەڵبژاردەی تۆپی پێی فەرەنسام لێبێت و وەکو ئەوان بکەم. هەڵبژاردەی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٨ دا بوو بە پاڵەوانی تۆپی پێی جیهان، بەڵام پاش چوار ساڵ و لە پێشبڕکێی جامی جیهانی تۆپی پێی ساڵی ٢٠٠٢ دا لە خولی یەکەمی یارییەکان بێ هیچ بەرهەمێک دەرکرایە دەرەوە، فاتیح ئاکین دەڵێ. من دەمویست پەرە بە هونەرەکەی خۆم بدەم، ئامانجم بوو خۆم پێش بخەم. دەمەویست فیلمساز بم. دەمەویست «دژ بە دیوار» تێپەڕێنم. ئەمە ئامانجی من بوو.

فاتیح ئاکین وەکو هەڵبژاردەی تۆپی پێی فەرنسای بەسەر نەهات. ئەو چووە «بەری ئەوبەر» و بێ دوو دڵی پاش «دژ بە دیوار» فیلمێکی سەرکەوتووی پێشکەش کرد.

فاتیح ئاکین، لە فیلمی «لەبەری ئەوبەر» دا، قوربانی بە دوو ژن دەدات، بە دوو کاراکتەر لەوانەی حەز لە ژیان دەکەن و دەیانەوێ بۆ خۆیان و بۆ جوانکردنی ژیان بژین، دوو ژن دەیانەوێ لە گەشەکردنی ئەوانی دیکەدا هاوکاری چالاک بن و بێ سڵەمینەوە دەستی ئەوانی دی بگرن کە پێویستیان بە دەستگرتنە. ئەو قوربانی بەم دوو کاراکتەرە دەدات، بە هیوای ئەوەی «بەری ئەوبەر»یش دنیایەکی جوان، دوور لە زەبر و زەنگ، مرۆڤدۆستی و ژینگەحەزی تێدا ئاوابێت. دنیایەک منداڵەکان نەبن بە کەرەستەی کوشتن و وێرانکردن. ئەو رەوشەی ئێستا

هەواڵنامەی کتێب




ئایتەن و لۆتە لە کامپی پەنابەران لە ئەڵمانیا

تورکیای تێدا دەژی و گەرەکیەتی بەوحاڵەوە بەرەو ئەوروپا بەرێ کەوێ.

ئاکین دەرهێنەرێکە سەرباری توانایەکی هونەریی پتەو، راستگۆییەکی گەورەیشی تێدایە، راستگۆییەکی وەها مایەی تێڕامان و لێوە فێربوونە. دیمەنێکی دڵبزوێن، فرە دڵکێش لە دوو دیودا لەم فیلمەدا هەیە: لە لایەن «عەلی»ەوە «یەتەر»ی لەشفرۆش دەکوژرێت، تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە بەرەو تورکیا بەرێ دەکرێت، لە تابوتێکدا لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ دادەگیرێت. بە شێوەیەکی سەیر ئەو تەرمە لە هەناوی فڕۆکەیەکەوە دێتە خوارەوە. پاش ئەوەی لە لایەن منداڵە بێ کار و بێ فێرگەکانەوە لە ئەستەنبوڵ ساکەکەی «لۆتە» دەدزرێت، ساکەکەیش دەمانچەیەکی تێدایە کە لەسەر خواستی»ئایتەن» دەبێ لە شوێنی حەشاردانییەوە بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دی، کاتێک لە لایەن ئەو منداڵە بێ کار و بێ فێرگە و ئاوارانەوە ساکەکە لە «لۆتە» دەدزرێت. کە «لۆتە» دوایان دەکەوێت و دەیاندۆزێتەوە، لەبری ئەوەی ساکەکەی بدەنەوە، تەقەی لێدەکەن و بەو دەمانچەیە کە بڕیار بوو بیباتە شوێنی مەبەست دەیکوژن. لە دیمەنێکی هاوشێوەدا تەرمەکەی «لۆتە» بە تابوتێکی هاوشێوە بەمەبەستی گواستنەوەی بەرەو ئەڵمانیا بەرەو هەناوی فڕۆکەیەک دەچێت. تابوتێک لە ئەڵمانیا و تابوتێک بەرەو ئەڵمانیا. کوژراوەکان دوو ژنن، تورک و ئەڵمان، بەڵام بکوژەکان پیاوێک و منداڵگەلێکن بەرهەمی ئەو زەبر و زەنگەی دەوڵەتی تورکن. فاتیح لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو دیمەنە بەراستگۆییەوە دەڵێت: من زۆر تەماشای فیلم دەکەم. زۆر جار دیمەنە جوانەکان لە نەستی مندا دەمێننەوە و جێگیر دەبن، مرۆڤ دواتر ئەو شتانە بەجۆرێکی دی بەکار دەهێنێتەوە یان دەیانکات بە هەوێنی بەرهەمێکی هاوشێوە. فاتیح دەڵێت: ئەوە دیمەنێکە پێشتر لە فیلمی (میسینگ-ی کۆستا گاڤراس، بەرهەمی ساڵی ١٩٨٢)دا بینیوومە و بەکارم هێناوەتەوە.

فاتیح ئاکین بەم فیلمەی کە حەوتەمین بەرهەمییەتی، چووە ئاستێکی دیکەی کاری فیلمسازییەوە. ئەو لە بردنەوەی خەڵاتی برۆنزی فێستیڤاڵی لۆکارنۆی سینەمایی ساڵی (١٩٩٨ )ەوە، تاکو بەدەستخستنی باشترین خەڵاتی فیلمی بایەرن و تا دەگاتە ئەوەی لەنێوان خەڵات وەرگرانی فێستیڤاڵی کاندا (٢٠٠٧) ئەم خەڵاتی باشترین سیناریۆ وەربگرێت، و لە لایەن مارتین سکۆرسەس «١٩٤٢» فیلمساز و بەهەمهێنەری ئەمەریکی بە رەسەن ئیتاڵییەوە بانگهێشتی ئێوارەخوان بکرێت و خوانی بۆ ساز بکەن.

لە وڵاتی ئەڵمان زۆربەی رەخنەگران و سینەماناسان بێ چەندوچوون لەسەر ئەوە تەبان فیلمی «لەبەری ئەوبەر» یەکێک لە باشترین فیلمگەلی دیرۆکی سینەمای ئەڵمانیایە.

**هەر دەرهێنەرێکی دیکە بووایە لە بری فاتیح ئاکین لە ناو ئەو هەموو وردەکارییەی چیرۆکێکی وەها فرە روخساردا سەری لێدەشێوا، شتەکانی تێکەڵ دەکرد و خۆیشی بزر دەکرد**

*** راستییەکەی ئاکن، بەڵام لە ئەڵمانیدا بووە بە ئاکین.**
**** ئاوابوون (Untergang) ، بەرهەمی ساڵی 2004 دەرهێنانی ئۆلیڤەر هیرشبیگەل-ە.**
*****گۆشەی کامێرا، شتێکی وەها نییە و ئەمە دەستەواژەیەکە لە عەرەب وەرگیراوە. کامێرا گۆشەی نییە، پۆزیسیۆنی هەیە.**

# ئۆرهان کەمال
# نووسەری هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی تورکیا

بەکر شوانی



ئەدەبیاتی نوێی تورکی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە تاقیکردنەوەی جۆرە نوێیەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە پێی ناوەتە قۆناغێکی هاوچەرخ و لەو سەردەمەدا بە گرتنبەری ڕێبازی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا، ئاڕاستەی خۆی گۆڕی. ڕۆشنبیران و نووسەرانی سەدەی بیستەمیش لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشتن و بەردەوام بوون لەسەر بەخشینی ناوەڕۆکێکی نوێ بە دەبیاتی تورکی. نووسەری ناوداری تورک ئۆرهان کەمال بە کۆمەڵێک ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و شانۆنامەوە پایەیەکی بەرز و گرینگی هەیە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیدا و یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکی و گرینگەکانی ئەو ئەدەبیاتە. ئەم نووسەرە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی تورکیای بەشێوەیەکی ڕاستبینانە و بێ زیاد پێوەنان لە بەرهەمەکانی خۆیدا هێناوەتە ژیان. لە ڕوانگەی ڕووناک و ڕاستبینانەی خۆیەوە کارامە و لێهاتووانە گوزارەی لە پەیوەندیی مرۆڤ-کۆمەڵ کردووە. بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا ژیانی ڕۆژانە و بێچارەیی و خەیاڵی کرێکاران دەخاتە ڕوو. زۆربەی پاڵەوانەکانی خۆی لە ناو کەسانی چەوسێندراوە و هەژاراندا هەڵبژاردووە. لەبەر ئەوەی خۆی لە سەردەمی منداڵییەوە ناچار بووە ڕوو لە بازاڕ و کارگەکان بکات و چەندین جۆری کار تاقی بکاتەوە، زۆر شارەزای ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران و خەڵکی دەستکورت و نەداری ئەو سەردەمەی تورکیا بووە و ژیانی ئەوانی وەک خۆی بۆ ناو بەرهەمەکانی گواستووەتەوە. لە دوای ساڵانی ١٩٥٠ تورکیا دەگۆڕێت و ئۆرهان کەمال وەک چاودێرێکی چاوتیژی ئەو گۆڕانکارییانە بە پێنووسەکەی خۆی ڕووی گۆڕاوی تورکیا و گۆڕانکارییەکانی مرۆگەلی ئەو سەردەمەی تورکیا دەئاخنێتە کارە ئەدەبییەکانییەوە. ئابووریی بازاڕی ڕەش و فەرمانبەرانی بەرتیلخۆر و گەندەڵی لە دیاردە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا بوون و گشت ئەوانە بە ڕوونی لە چیرۆک و شانۆنامە و ڕۆمانەکانی نووسەردا دەبیندرێن. هەوڵی کرێکارانی بێبەش لە هەستی چینایەتی و هەوڵدانیان بۆ دەوڵەمەندبوون بەگرتنەبەری ڕێگەی کورت، بەشوودانی کچان بە پیاوانی بەتەمەن، بەڵام دەوڵەمەند و هەوڵی کوڕان بۆ لە خشتەبردنی کچانی پیاوە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان، لەو خەیاڵانەن کە نووسەر بناغەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی خۆی لەسەریان هەڵچنیوە. بۆ نموونە، بەسەرهاتەکانی ڕۆمانی «مەلی دەوڵەت» لەسەر بنەمای ئەو خەیاڵانە داڕێژراون. ئەو ڕۆمانە ئەگەرچی لە ساڵانی ١٩٤٠دا نووسراوە، بەڵام کاراکتەرەکانی هێندە ڕاستەقینەن، کاتێک خوێنەر ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، لەم ڕۆژگارەشدا بەئاسانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## ژیانی ئۆرهان کەمال

ناوی ڕاستەقینەی محەمەد ڕاشید ئۆغوتچووە و ١٥ ئەیلوولی ساڵی ١٩١٤ لە ناوچەی جەیهانی سەر بە پارێزگای ئەدەنە لە دایک بووە. عەبدول قادر کەمالی بەگی باوکی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٣ ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی تورکیا دەبێت و ٢٦ ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ لە ئەدەنە پارتی «ئەهالی جمهورییەت فیرقەسی-کۆمەڵی کۆماریی جەماوەر»ی دادەمەزرێنێت. ئۆرهان کەمال لە ڕۆمانی «ماڵە باوان، ١٩٤٩»دا بەم جۆرە باس لە یادگارییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکات:

«.. بەڵام من باوکم لە میانەی خەبات و تێکۆشانی 'فیرقە'دا ناسی. ئەو سەردەمە ڕۆژگارێکی وا بوو کۆڵان و شەقامەکان پڕ دەبوون لە ئاپۆڕەی قین لە دڵ و بارگاویکراو بە هەورەبرووسکەی جێنو و زۆربەی جار نەیاندەزانی بۆچی چەپڵە بۆ وتارخوێنان دەکوتن. جەنجاڵ، جەنجاڵ و هەمیشە جەنجاڵ. ئاپۆڕەی سەرسووڕهێنەر و جۆشدەری مرۆڤ و جەنجاڵیی مرۆگەلی پێڵاوی ئیسکارپین لە پێ و گوندنشیان و پێخاوسان بوو بەسەر هەمان ڕووبەردا دەڕۆیشتن و ڕۆژی قیامەتیان دەهێنایەوە بیری مرۆڤ. دوو باڵەخانەی بەرامبەر بەیەکی ناو کۆڵانێکی تەنگم بیر دێت. ئەو باڵەخانانە بە شانەنشین و قەفەسی پەنجەرە و چەپەری نیوکەونەیی و گوێسوانەی تەختەیی خەملێندراوی وەک دامێنی پەردە لەو باڵەخانانە دەچوون کە قوتابیانیی لێهاتووی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە کاغەزی ئەستوور دروستیان دەکرد و یەکێکیان هی ئێمە بوو. نهۆمی خوارەوە بە بەردی سپی و گەورە داپۆشراو. من لەو نهۆمەی خوارەوە زۆر دەترسام.»

پارتەکەی باوکی ئۆرهان کەمال ساڵی ١٩٣١ قەدەخە کرا و کەمالی بەگ بۆ سووریا هەڵهات. پاشان ئەندامانی خێزان گەیشتنە کنی و ئۆرهان کەمال دوایین پۆلی قۆناغیی ناوەندیی لە نیوەدا بەجێ هێشت. دواتر بە خێزانەوە لە بەیرووت گیرسانەوە: «ماڵمان لە کەناری پڕ لە داری فستقی بەیرووت بوو. لەبەر ئەوەی هاوڵاتیی لوبنان نەبووین، نەیاندەهێشت باوکم وەک پارێزەر کار بکات. باوکیشم بازنگەکانی دایکمی فرۆشت و بە سەرمایەی ١٠ لیرەی زێڕ لە ژێر باڵەخانەیەکی بەرزی سەر مەیدانی بورج چێشتخانەیەکی بچووکی کردەوە. باوکم خۆی هێندە سەری لە چێشتخانەکە نەدەدا. پەنابەرێکی تورک بەناوی سوورەیا چێشتەکانی لێ دەنا و من و نیازیش شاگردیمان دەکرد و قاپمان دەشۆری. حەڤدە ساڵان بووم و زۆر ڕازی بووم لەو شێوازەی ژیانم.»

ئۆرهان کەمال پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک وەک کرێکار لە یەکێک لە چاپخانەکانی بەیرووت دەست بەکار دەبێت: «ئەرکی من بریتی بوو لە بادانی قۆڵی ئامێری کاغەز بڕین. وەستام هەمیشە فێسی ڕەنگ وەک ڕەنگی گێلاسی گەنیوی بەلای برۆی چەپیدا لار دەکردەوە و مرۆڤێکی لاواز، باڵابەرز و تا بڵێیت گاڵتەچی و خۆشمەزە بوو. پەیتاپەیتا قاقای لێ دەدا. پێش هەموو کەسێک دەگەیشتمە شوێنی کار، لە پاڵ ئامێرەکەدا دادەنیشتم و ئەو نانە بۆرەی لە ماڵەوە لەگەڵ خۆمدا دەمهێنا، بە چەند دەنکێک زەیتوونەوە دەمخوارد. هێندەی نەدەبرد وەستا و کرێکارەکانی تریش دەهاتن و دەست دەکرا بە کار.»

ئۆرهان کەمال نێزیکەی ساڵێک لە سووریا و لوبنان دەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٣٢، پاش گەڕانەوەی بۆ تورکیا، لە کارگەی پاککردنەوەی پەموو لە ئەدەنە وەک کرێکار، وەستای چنین و ڕستن، نووسیار و لێپرسراوی کۆگە کار دەکات. ڕۆژی ٥ مایسی ١٩٣٧ ژیانی هاوسەریی پێکەوە دەنێت و ساڵێک دواتر لە نیغدە دەست دەکات بە خزمەتی سەربازی. لەوێ بەتۆمەتی «پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕێژیمەکانی بیانی و بزوێنەری یاخیبوون» دەدرێتە دادگە، ڕۆژی ٢٧ کانوونی ١٩٣٩ سزای ٥ ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەبڕدرێتەوە و ماوەی زیندانیبوونی لە گرتووخانەکانی قەیسەری و ئەدەنە و بورسا بەسەر دەبات. زستانی ساڵی ١٩٤٠ لە گرتووخانەی بورسا لەگەڵ نازم حیکمەت (١٩٠٢-١٩٦٣)دا دەبێت بە ئاشنا و ئەو یەکترناسینە ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە گەشەکردنی توانای ئەدەبیی ئۆرهان کەمالدا. سێ ساڵ و نیو لە گرتووخانە لەگەڵ نازم حیکمەتدا پێکەوە دەبن و دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ کتێبێک بە ناوونیشانی «سێ ساڵ و نیو لەگەڵ نازم حیکمەت»دا دەنووسێت و تیایدا بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ حیکمەتدا دەگێڕێتەوە.

نووسەر ساڵی ١٩٤٥ لە زیندان ئازاد دەکرێت و لە ئەدەنە سەرقاڵی کاری سەوزەفرۆشی و نووسیاری دەبێت. ساڵی ١٩٥١ بە خێزانەوە لە ئەستەنبوڵ دەگیرسێتەوە. ئۆرهان کەمال لە کاتێکدا لەسەر بانگهێشتی یەکیەتی نووسەرانی بولگارستان لە نەخۆشخانەیەکی سۆفیای پایتەختی ئەو وڵاتە تیمار دەکرا، ڕۆژی ٢ حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا گیانی لە دەست دا.

## ژیانی ئەدەبیی ئۆرهان کەمال

ژیانی ئەدەبیی ئۆرهان کەمال لە میانەی خزمەتی سەربازیدا دەست پێ دەکات. سەرەتا دوو کتێبی شیعری بە ناوەکانی «حەوت ڕۆژ» و «کۆمەڵەی نوێ» بە چاپ دەگەیەنێت. ئەمانە کۆمەڵە شیعرێک بوون ئەو ساڵانەی کە لە گرتووخانە بوو، لە گۆڤارەکانی «یەنی سەس-دەنگی نوێ، سەس-دەنگ، یورویوش-ڕێپێوان»دا بڵاوی کردبوونەوە. «ماسی» کە یەکەم بەشی یەکەم ڕۆمانیەتی بەناوی «ماڵە باوان»، ساڵی ١٩٤٠ لە گۆڤاری «یەنی ئەدەبیات-ئەدەبیاتی نوێ»دا بڵاو کراوەتەوە. نۆبەرەی کورتە چیرۆکەکانیشی بە واژۆی ڕاشید کەمالی و ئۆرهان ڕاشیدەوە لە هەمان گۆڤاردا بڵاو کردووەتەوە. نووسەر و شاعیر ئۆرهان کەمال ئەگەرچی شیعریشی دەنووسی، بەڵام گرانی خستبووە سەر نووسین و بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک. ساڵی ١٩٥٨ لە پای کتێبی «برابەش» و ساڵی ١٩٦٩ لە پای کتێبی «لە پێشدا نان»، خەڵاتی فایەق سەعید بۆ چیرۆک وەردەگرێت. هەر لە هەمان ساڵدا و لە پای کتێبی «لە پێشدا نان» خەڵاتی دامەزراوەی زمانی تورکی وەردەگرێت.

ئۆرهان کەمال لە پاڵ نووسینی شیعر و ڕۆماندا خۆی لە قەرەی نووسینی شانۆنامەش داوە و چەند شانۆنامەیەکی بە ناوەکانی «قاوشی ژمارە ٧٢، مورتەزا، دووکانی کۆنەفرۆش و برابەش» نووسیوە و شانۆنامەکانی دواتر لەسەر شانۆ نمایش کراون. بیرۆکەی هەندێک لە شانۆنامەکانیشی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانەکانی خۆیەوە وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦٧ کۆمەڵەی هونەرپەروەرانی ئەنقەرە لە پای شانۆنامەی «قاوشی حەفتا و دووەمین» ناوونیشانی باشترین نووسەری شانۆنامەی بە ئۆرهان کەمال بەخشی.

## بەرهەمەکانی ئۆرهان کەمال

ئۆرهان کەمال، دوای شیعر، توانای ئەدەبیی خۆی لە سێ ژانری چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامەدا تاقی کردووەتەوە و کۆمەڵێک بەرهەمی بەپێزی لەو بوارانەدا پێشکێش بە دنیای ئەدەبیاتی نوێی تورکی کردووە.

### چیرۆک

شەڕی نان – ١٩٤٩، سەرخۆشەکان – ١٩٥١، کچی ژنی جلشۆر – ١٩٥٢، قاوشی حەفتا و دووەمین – ١٩٥٤، مانگرتن – ١٩٥٤، کۆڵانی پشتەوە – ١٩٦٥، برابەش – ١٩٥٧، قوولەی بابل – ١٩٥٧، لە جیهاندا شەڕ هەبوو – ١٩٦٣، شەڕی کۆڵان – ١٩٦٣، بێکار – ١٩٦٦، لە پێشدا نان – ١٩٦٨، بچووکەکان و گەورەکان – ١٩٧١.» دوای مردنیشی ئەم کۆمەڵە چیرۆکانەی بڵاو کرانەوە: «هەورەکانی هەڵگری باران – ١٩٧٤، گوارە سوورەکان – ١٩٧٤، ژنە ئەکتەر – ١٩٧٥، ملیۆنێری سەرسەری – ١٩٧٦، دوو دڵۆپ فرمێسکی چاو – ١٩٧٦، ئەرسەلان تۆمسۆن – ١٩٧٦، سەرچڵییەکانی ئینجی – ١٩٧٩.




### ڕۆمان

ماڵە باوان – ١٩٤٩، ساڵانی ئاوارەیی – ١٩٥٠، مورتەزا – ١٩٥٢، جەمیلە – ١٩٥٢، لەسەر خاکی بەپیت – ١٩٥٤، تاوانبار – ١٩٥٧، مەلی دەوڵەت – ١٩٥٨، ڕووداو هەیە – ١٩٥٨، کچی یارۆی گاور – ١٩٥٩، بچکۆلانە – ١٩٦٠، ماڵی دنیا – ١٩٦٩، کچی خەڵکی – ١٩٦٠، کێڵگەکەی خانم – ١٩٦١، کۆنەفرۆش و کوڕەکانی – ١٩٦٢، (چاپی دووەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٠٧٠دا کراوە بە دووکانی کۆنەفرۆش)، باڵندەکانی نامۆیی – ١٩٦٢، منداڵی کۆڵەکان – ١٩٦٣، خاکە خوێناوییەکان – ١٩٦٣، فلزێک هەبوو – ١٩٦٨، پشکێنەری پشکێنەران – ١٩٦٦، دنیای درۆزن – ١٩٦٦، ماڵێک لە ماڵان – ١٩٦٦، شاورە هاوڕێیەکان – ١٩٦٨، کچێک لە کۆڵانەکانەوە – ١٩٦٨، قۆڵبڕ – ١٩٦٩، ڕێی خراپ – ١٩٦٩، قاچاخ – ١٩٧٠، دنیای پێچەوانە – ١٩٨٦ (دوای مردنی نووسەر بڵاو کراوەتەوە.)

### شانۆنامە

چۆلەکەکان – ١٩٦٥، قاوشی ژمارە ٧٢ – ١٩٦٧.

خەڵاتی ئۆرهان کەمال بۆ ڕۆمان

خەڵاتی ئۆرهان کەمال بۆ ڕۆمان هەموو ساڵێک لە یادی کۆچی دوایی نووسەردا لە ٢ حوزەیران دەدرێت بە باشترین ڕۆمانی پێش ساڵێک چاپکراو و تێچوونی خەڵاتەکەش لە ئەستۆی بنەماڵەی ئۆرهان کەمالە. یەکەم خەڵاتی ئۆرهان کەمال بۆ ڕۆمان ساڵی ١٩٧٢ درا بە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری ناوداری کورد یڵماز گونەی لە پای ڕۆمانی «بەسەردانەواوی مردن». نووسەری ناودار یەشار کەمال ساڵی ١٩٨٦ لە پای ڕۆمانی «دەرگای قەڵا» و نووسەری هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات ئۆرهان پاموک ساڵی ساڵی ١٩٨٣ هەمان خەڵاتی لە پای ڕۆمانی «جەودەت بەگ و کوڕەکانی» وەرگرت. ساڵی ٢٠٠٩ ئەو خەڵاتە درا بە نووسەر و هونەرمەند زولفوو لیوانەلی لە پای ڕۆمانی «دوایین دوورگە».

هەواڵنامەی کتێب

# لەو دیو دەرگا داخراوەکانەوە




**نوسەر:** ئاریز عەبدوڵلا
**بابەت:** ڕۆمان
**زمان:** کوردی
**چاپ و بڵاوکردنەوە:** چاپی سێیەم ٢٠٠٩

لەو دیو دەرگا داخراوەکانەوە، یان داستانێکی زیندانی دیار بەکر ساڵی ڕابردوو لەلایەن نووسەر زیا ئاوچی کراوەتە پیتی لاتینی و محەمەد ئەمین ئەرەنی نووسەر و وەرگێڕیش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی و لە ئاداری ٢٠١٠ لە دەزگای ( ) لە شاری ئەستانبوڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ئەم داستانە خۆی ڕووداوێکە، یان گێرانەوە و تێکهەڵکێشکردنی چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و بە تەکنیکی ڕۆمان و بە شێوازێکی ئەدەبی دارێژراوە. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە هەڵوومەرجی ناو زیندانی دیاربەکر لە ساڵانی ٨٨-٨٩ دەکا.
لەو سەردەمەو لە سەروبەندی پرۆسیسە بەدناوەکانی ئەنفالی ڕژێمی سەدام حوسێن دژ بەگەلی کورد پۆلێک پێشمەرگە کە ژمارەیان پێنج کەس لەسنورەکانی عیراق و تورکیا و ئێران بەدەستی هێزەکانی تورکیا دەگیرێن و ڕەوانی زیندانەکانی شەمزینان، هەکاری، دیار بەکر دەکرێن دیارە ئەو پۆلە پێشمەرگەیە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ سوپای تورکیا نەبووەو مەبەستیان نەبووە بچنە ناو خاکی تورکیا بەڵام لەوێ لە سنورێکی بێنیشانە لە هەلوومەرجێکی نالەباردا ڕوو بەڕووی هێزێکی گەورەی تورک دەبنەوە و ئەوان لە ناچاری یان بۆ دروست نەبوونی کێشە لەگەڵ تورکیا خۆیان بەدەستەوە دەدەن، بەڵام سوپای تورکیا بەو شێوەیە هەلسوکەوتیان لەگەڵ ناکا، بەڵکو وەکو دیل مامەلەیان لەگەڵ دەکا و ڕوو بەڕووی دادگای ئاسایشی دەوڵەت (D. G. M) یان دەکاتەوە. ئەو پێشمەرگانە پتر لە ساڵێک لە زیندانەکانی تورکیا دەبەنە سەر نوسەری ئەم کتێبەش یەکێکە لەو پێشمەرگانە و دوای ئازاد بوونی و ڕێک دوای دە ساڵ کەلکەلەی نورسیتەوەی ئەو ڕووداوەی دەکەوێتە سەرو بڵاویدەکاتەوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە هەر تەنیا گێڕانەوەی بەسەرهاتی ناو زیندانی دیاربەکر و هەکاری و. نیە بەڵکو بە فلاش پاک و تەکنیکی ئەدەبی باس لە زیندانەکانی عێراق و پێشمەرگایەتی و بارودۆخی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکا...
ئەم کتێبە وەلامی دەیان پرسیار سەبارەت بە زیندان و بارودۆخی دادگاکانی تورکیا و پێشمەرگایەتی دەداتەوە...
ماوەتەوە بڵێین کە:

- چاپی دووەمی کتێبەکە وەرگێردراوە، نەک سێیەم، چونکە چاپی سێیەمی کوردی دەستکاری کراوە بەشێکی بۆ زیادکراوە.
- لەبەر هەندێ هۆکار لە چاپە تورکیەکە هەندێ پەرەگرافی لێ لابراوە.
- وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوەی لەسەر ئەرکی کەسایەتی کوردی مرۆڤ دۆست و ناسراوی شاری وان ئەسلان بایرامە.

# رۆهات ئالاکۆم







رۆهات ئالاکۆم لەساڵی ١٩٥٥ لەقەزای (کاخیزمان) سەر بەپارێزگای سەرحەد لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لەوێدا تەواو کردوە. دواتر لەئەنقەرە خوێندنی زانکۆی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٨ تەواوکرد. لەنێوان ١٩٧٨- ١٩٨٠ لەبولگاریا و لەنێوان ١٩٨٠- ١٩٨٢ لەئەڵمانیا، لەشاری فرانکفۆرت ژیاوە، دواتر لەساڵی ١٩٨٤ کۆچبەری سوید بووە، تائێستاش هەر لەستۆکهۆڵم دەژیی. نزیکەی پازدە پەرتووکی بەزمانی کوردی و تورکی و سویدی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
شوکر مستەفا کتێبەکەی بەناوی ڕێکخستنی خۆیبوون و سەرهەڵدانی ئاگری لەساڵی ٢٠٠٠ وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و زاراوەی سۆرانی.

**بەرهەمەکانی رووهات ئالاکۆم**

- دووسەد ساڵەی کوردان. ١٩٨٧
- لەنێو ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکان، سێیەری کوردان. ١٩٨٩
- لەسەرچاوەکانی سویدەوە مۆتیڤی کوردی. ١٩٩١
- بەسەرهاتی ئەزبەرەکراوی سەعیدی کوردی. ١٩٩١
- لەبەرهەمەکانی یەشار کەمال سێبەری کوردان. ١٩٩٢
- ئازارێکی زیا گۆلەلپ: کوردی. ١٩٩٢
- لەکوردستاندا هێزێکی تازە، ژنانی کورد. ١٩٩٥
- لەفۆلکلۆری کوردان، باڵادەستی ژنان. ١٩٩٤
- کوردەکانی ئەستەنبوڵی کۆن. ١٩٩٨
- ڕێکخستنی خۆیبوون و سەرهەڵدانی ئەرارات. ١٩٩٨
- ژەنەراڵ شەریف پاشا. ١٩٩٨
- پەیوەندی سویدەکان و کوردەکان لەهەزار ساڵدا. (٢٠٠٠)
- کوردەکانی ئەنادۆلیای ناوین. ٢٠٠٣
- ئەرستۆکراتەکانی کورد. ٢٠٠٣
- کوردەکانی سوید. ٢٠٠٤
- ڕووناکی مێژوو- ٢٠٠٨
- کوردەکانی قارس. ٢٠٠٩
- تۆرن: ئەرستۆکراتەکانی سەرحەد- ٢٠١٠